سروە

ئەدەبی ـ فەرهەنگی

١

ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەیووبی

ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی


گۆواری ئەدەبی ـ فەرهەنگی سروە ـ ساڵی یەکەم ـ ژمارە ١ ـ بەهاری ١٣٦٤










هەرچەن مەولاچان فارسی شەکەرەن
کوردی جەلای من بەس شیرین تەرەن
مەعلومەن جە دەورو دنیای پەر ئەندێش
دلشادن هەرکەس بە زوانی وێش
ای قوبادی

نێوەرۆک









گوواری ئەدەبی ـ فەرهەنگی
سروە
لە ژێر چاودێری دەستەی نووسەران
ناونیشان = ارومیە خیابان شهید
باکری ، نبش کوی ساعد ، انتشارات
صلاح الدین ایوبی .
تلفن : ۳۵۸۰۰



بسم الله الرحمن الرحیم

سخنی با خوانندگان :

در شرایطی دست به قلم می‌بریم و نوشتن آغاز می‌کنیم که روزانه هزاران و میلیونها قلم بر صفحات میلیاردها کاغذ می‌لغزد و مقالات،کتابها نشریات و جزوات فراوانی وارد جامعه می‌گردد. بدیهی است که اینهمه کتاب و مقاله و ... اگر برای خدمت به انسانیت و برای اعتلای راستین جامعهٔ بشری به رشتهٔ تحریر درمی‌آمد شاید و بلکه البته وضع جامعه آنچنان که هست نبود و این همه ستم و زور و تبعیض و... وجود نمی‌داشت در این مختصر فرصت آن نیست که ابعاد گستردهٔ نقش قلم و نوشته‌ها را برشماریم و اصولا این کار به جهت ریشه داشتن در تاریخ گذشتهٔ حیات انسانی و تاثیر در اکثر شئون زندگی به سادگی قابل جمعبندی نمی‌باشد. و در این راستا کتب و مقالات فراوانی نوشته شده‌اند و از این پس نیز باید نوشته شوند. همینقدر بگوئیم که اگر تمامی قلمها در جهت ایجاد هماهنگی و یگانگی و دعوت به درستی و اخوت و کنار گذاشتن منیت و غرور و نفی ارزشهای کاذب و اثبات و تبلیغ ارزشهای راستین و واقعی بر روی کاغذ می‌آمدند، جهان با زدوده شدن از تصاویر فقر و گرسنگی، جنایت و خیانت، فحشا و فساد، تهدید و تطمیع و تبعیض، و... بسیار زیباتر مینمود.

آری قلم همچون تیغی است که هم میتواند در پاره کردن کالبد سرد و بی‌روح جهان و اخراج غدد چرکینش مورد استفاده قرار گیردوهم اعضا و جوارح سالم را مضروب و مجروح و چرکین سازد و روشن است که اگر این تیغ در کف زنگی مست باشد چه میشود ؟

این است که نویسندگان باید از جمله متعهدترین افراد باشند که در مقام قضاوت و تحلیل وتحقیق آگاهانه و منصفانه عمل کنند وهرگز شرف و تعهد نسبت به قلم را به هیچ قیمت نفروشند و همواره حقایق و واقعیتها را بر

دوستیهای فردی و جمعی خود ترجیح داده و مرتکب جنایت بزرگ (قلب حقیقت) نشوند . که در آن صورت با عملی ساده آغازگر راه انحراف و مبلغ تفکر ناصحیحی میشوند که برای همیشه سرمایه‌ها و استعدادها را به بیراهه کشانده و بشریت را از دستیابی به شاهراه ترقی و سعادت ابدی محروم میسازد .

بریده باد دستهایی که اصالت را رنگ میکنند

چرا اقدام به انتشار این نشریه کردیم

بیشک باید هدف کلی خود را از انتشار نشریه باطلاع خوانندگان گرامی رسانده باشیم لیکن در پاسخ به این سوال که انتشار یک نشریه فرهنگی و ادبی بزبان کردی چه ضرورتی دارد ؟

برای روشن تر شدن موضوع خوبست که ابتدا در مورد فرهنگی و ادبی بودن نشریه و ضرورت آن اشاره کنیم و آنگاه در مورد چاپ آن بزبان کردی به بحث بنشینیم . و اما :

ضرورت فرهنگی و ادبی بودن نشریّه:

هر نشریه‌ای میتواند بطور انحصاری در هر یک از ابعاد سیاسی ، اجتماعی ، اقتصادی ، ادبی ، فرهنگی ، مذهبی ، علمی ، تاریخی و ... و یا بطور اشتراکی دردویاچند موضوع طبع شود. آنچه که هست نیاز جامعه و انتخاب روشی است که با آگاهی از نیاز جامعه می تواند در ارائه پیشنهادات و نقطه نظرات مثبت و سازنده موفق باشد. در این رابطه ظرافت هنر و مایه فرهنگ و ادب ، ضمن ارتقا توان ما در تنفیذ هر چه بیشتر حقایق و ارتقا هر چه زیاد سطح آگاهی و شناخت و دانش حتی ساده‌ترین مردم روستانشیمان میتواند بصورتی گسترده ، طیف وسیعتری از اقشار مردم شریف و مظلوممان مفید واقع گردد. انتخاب هر یک از عناوین فوق امکان بحثهای فراوانی بلحاظ ضرورتها و نیازهای منطقه محروممان بما میدهد و کار در هر یک از زمینه‌های مذکور نشریات جامع و کامل و مفیدی را بهمراه خواهد داشت امااینکه چه مقدار از مردم ما از آن بهره خواهند برد ؟ و آیا اصولا چه میزان از عناصر جامعه از آن استقبال خواهند کرد برای ما روشن نیست . لیکن همینقدر میدانیم که بیان موارد لازم و ضروری از طریق آثار فرهنگی ، ادبی ، ودر قالب شعر و سرود و هنر و فولکلور میتواند نقد صحیح و تحلیل صحیح و تحقیق جامع را تا دورافتاده‌ترین روستاهای سرزمین سرسبز و حاصلخیز کردستان عزیزمان برده و بعنوان جاذبترین و موثرترین حرکت در رشد همگان موثر افتد .

از این رو باید یادآور شویم که فرهنگی و ادبی بودن نشریه بمعنی تحدید تمامی محتوی به بحثهای ادبی و .... نخواهد بود بلکه ما از طرح مسائل سیاسی اجتماعی و بیان مشکلات و گرفتاریهای مردم و ارائه راه حلهایی در حد امکان خود استقبال خواهیم نمود . نکته‌ای که در پایان این قسمت از بحث باید مورد توجه قرار گیرد ضرورت موضوعی بحث پیرامون فرهنگ و ادبیات هر قوم و ملتی است . کسب شناخت صحیح و کافی از جامعه بشری هر چند که محتاج بحث و تحقیق پیرامون تمامی ابعاد و شئون زندگی انسان است . لیکن تفحص و تحقیق در فرهنگ و ادبیات و بویژه ادبیات عامیانه و مردمی میتواند در این راه به عنوان گامی بلند تلقی شود ، زیرا ادبیات و فرهنگ هر قوم و ملتی انعکاسی از روحیات ، تفکرات و شخصیت آن مردم است و نیز از آنجا که زبان و ادبیات وسیله نقل علوم و دانشها و تجربیات و حوادث و رویدادهای تاریخی است ، بر ضرورت بازشناسی فرهنگ و ادبمان نقطه ابهامی باقی نمیگذارد .

ضرورت کردی بودن نشریّه:

بی شک میتوان در بسیاری از ابعاد ، مقالات و کتب و نشریات فراوانی را بهر زبان دلخواه نوشت و چاپ کرد اما پاره‌ای از ابعاد هستند که قابلیت انتقال به زبانهای دیگر را نداشته و گاهاً عبارات و مفاهیم معادلی در جهت قبول بار این انتقال در زبان دوم وجود ندارد. از طرف دیگر مفاهیم سمبلیک که آمیختگی شدیدی با روحیات افکار و تاریخ هر ملتی دارد چنان منحصر به فرد است که ترجمه آن هرگز نمی‌تواند بار فرهنگی آنرا با خود داشته باشد. همچنانکه شرح و بسط و تفسیر آن نیز ضمن نفی ایجاز، ظرافت و زیبایی، قدرت ترسیم چند بعدی آن در زمان واحد را ندارد. این معنی نه فقط در انتقال به زبان دیگر بلکه حتی در تغییر شکل آن در یک زبان واحد نیز محسوس است . مثلا اگر بخواهیم بیتی از ابیات دلنشین حافظ و مولوی و..... را به زبان فارسی معنی و تفسیر کنیم . هر چند که بروشنی و وضوح با استفاده از مفاهیم معادل و..... شرحی کامل بر آن ارائه کنیم ، زیبایی و ظرافت آنرا ازمیان برداشته‌ایم . بر این اساس در یک نشریه فرهنگی و ادبی و لو آنکه عده‌ای از برادران و خواهران در خواندن متون کردی تسلط نداشته باشند استفاده از زبان کردی ضروری است . گذشته از این وقتی بحث از ضرورت شناخت فرهنگ میکنیم رابطه‌ای مستقیم با زبان دارد . در شرایطی که اکثر میراثهای فرهنگی ما در صندوق سینه‌ها حبس است که کلیدی جز زبان وجودندارد .

ما در بحثهای متنوع نشریه از زبان رسمی کشورمان نیز بهره خواهیم گرفت ، زیرا همچنانکه اعتقاد داریم هر گونه حرکتهای نژاد پرستانه که زبان و ادبیات قومی را بر قوم دیگر تحمیل‌نماید و مردمی را بجرم داشتن زبان و فرهنگ متفاوت مطرود سازد ، محکوم است ، از حرکتهای کور نژاد پرستانه و ناسیونالیستی غربی نیز به شدت متنزجریم . زبان برای ما وسیله است و نه هدف.

بر همین اساس با نوشتن سرمقاله به زبان فارسی ستونی را برای درج مقالات تحقیقی به زبان رسمی کشور میگشائیم تا اساتید و محققینی که احیانا به خواندن و نوشتن کردی تسلط ندارند بتوانند نتایج تحقیقات خود در زمینه‌های مختلف علمی ، فرهنگی ، تاریخی و.... را برای ما ارسال

مفاهیم سمبلیک که آمیختگی شدیدی با روحیات ، افکار و تاریخ هر ملتی دارد چنان منحصر به فرد است که ترجمه آن هرگز نمی‌تواند بار فرهنگی آنرا با خود داشته باشد. همچنانکه شرح و بسط و تفسیر آن نیز ضمن نفی ایجاز ،ظرافت و زیبایی ، قدرت ترسیم چند بعدی آن در یک زبان واحد نیز محسوس است. مثلا اگر بخواهیم بیتی از ابیات دلنشین حافظ و مولوی و....را به زبان فارسی معنی و تفسیر کنیم. هر چند که بروشنی و وضوح با استفاده از مفاهیم معادل و....شرحی کامل بر آن ارئه کنیم، زیبایی و ظرافت آنرا برداشته‌ایم . بر این اساس در یک نشریه فرهنگی و ادبی و لو آنکه عده‌ای از برادران در خواندن متون کردی تسلط نداشته باشند استفاده از زبان کردی ضروری است .

بسم الله الرحمن الرحیم

ستایشی خوا

حاجی قادری کۆیی

ئەی بێ نەزیر و هەمتا ، هەر تۆی کە بەرقەراری
بێدار و بێدیاری ، بێدارو پایەداری

بۆ باغی مەردی باغی ، سەرمایەکەی خەزانی
بۆ مەزرەعی فەقیران ، سەرمایەکەی بەهاری

بۆ پادشا نیشانی ، بۆ هەر سەوادی ئەعزەم
بێسەدر و شانشینی ، بێپەردە و پەردە داری

جەبباری بێ فتووری ، سولتانی بێ قسووری
رەززاقی مار و مووری ، ئاودێری دێمەکاری

فەیرووزە تەختی گەردوون، مەسنووعی نەقشی تۆیە
یاقووت و لەعلی رۆژە ، ئەستێرەکان دوراری

جێ و مەکانی تۆیە ، بێ جێ و بێ مەکانی
لەیل و نەهاری تۆیە ، بێ لەیل و بێ نەهاری

هەر ئەمری تۆ مەدارە بۆ کار و باری عالەم
هەر چەندە بێ وەزیر و بێ سەدر و کار و باری

سەحرا نەوەردی ئەوقت خورشید و ماهی تابان
دوو جاریەن شەو و رۆژ بێ مەحمەل و عەماری

مەعلوومە بۆچی حاجی مەدحت دەکا بە کوردی
تا کەس نەڵێ بە کوردی نەکراوە مەدحی باری

و جایی برای درج آنها در نشریه یافته باشند .

امروز چاپ نشریه و کتاب بزبان مادریمان برای مردم مظلوم و محروم این خطه مفهوم دیگری هم دارد و آن احساس ارزش و احترامی است که سالیان درازی در نتیجهٔ حکومت جابران وستمگران از آن خبری نبوده است اما اینک در نتیجهٔ خونهای سرخی که ریخته شده و انقلاب شکوهمند اسلامی ایران را به پیروزی رساند قانون اساسی بعنوان چهارچوب پاسداری از دستاوردهای آن به تصویب رسید . انتشار چنین نشریاتی نه تنها در کردستان ، بلکه در هر جای دیگر کشور آزاد است . و ما که سالیان درازی از این نعمت محروم بوده‌ایم باید از این فرصت نهایت بهره را برده‌و در این مقطع نقش خود را در خدمت به مردم عزیز و محروم و مظلوممان ایفا نمائیم و در این باره از تمامی صاحبنظران و دست اندرکاران محترم دعوت میکنیم تا با همکاریهای خود ما را در ایفای رسالت و انجام وظیفه مدد فرمایند .

آخرین سخن :

نشریه‌ای که اینک در دست عزیزان است حاصل تلاش برادرانی است که با استفاده از مقالات ارسالی از سوی عزیزان شرکت کننده در مسابقهٔ بزرگ علمی و ادبی انتشارات صلاح الدین ایوبی و دیگر مطالب در ابعاد مختلف تهیه و پرداخته شده است . بی شک تلاش ما این خواهد بود که در شماره‌های آینده نشریاتی با محتوای بیشتر ومفید تقدیم خوانندگان گرامی نمائیم . بدیهی است پیشنهادات و انتقادات شما در مورد شکل ، قطع ، و نوع مطالب نشریات بعدی چراغی فرا راه آیندهٔ ماست . تا با آگاهی بیشتر در ارائهٔ کیفیت برتر توان خود را بیافزائیم .

در اینجا مجددا از همهٔ هنرمندان ، شعرا ، ادبا ، نویسندگان و.... جهت همکاری با انتشارات صلاح الدین ایوبی و هیئت تحریریه مجلهٔ " سروه " دعوت میشودتا ضمن مراجعه حضوری و یا مکاتبه با آدرس : ارومیه . صندوق پستی ۷۱۷ . خیابان شهید باکری . نبش کوی ساعد . انتشارات و کتابفروشی صلاح الدین ایوبی ما را مورد لطف قرار دهند .

توفیق همگان را از خداوند بزرگ مسئلت مینمائیم .

هیئت تحریریه

پەیامی مامۆستا مەلا محمدی ڕبیعی «ئیمام جومعەی ئەهلی سوننەتی باختەران»...

لەسەر بڵاوکردنەوەی گۆواری «سروە»

سوپاس بۆ ئەو خودایە کە بە هۆی قەڵەمەوە زانستی پیشانی ئینسان‌دا و ئەوەی نەیزانیوە فێری کردووە دروود و سەلام بۆ گیانی پاکی پەیغەمبەری خاتەم کە فەرموویەتی (لە لانکەوە تا گۆڕ لە دوای زانست بگەڕێ) وە هەر وا سەلام لە بنەماڵە و یارانی بەڕێزی ئەو سەروەرە گەورەیە کە سەرچاوەی ئەدەب و زانیاری وپاکی بوون .

زۆر خۆم بە بەختیار دەزانم کە بۆ یەکەم جار ئەرکێکی پڕ لە شانازیم پێ سپێردراوە سەبارەت بە فەرهەنگی گەلەکەمان .

لەپێشدا سوپاسی مامۆستا هێمن دەکەم کە ئەم خزمەتەی پێ سپاردووم ئەگەر بەکەلکی خزمەت بێم ، ئەنجا بە پێویستی دەزانم کە لە کاربەدەستانی فەرهەنگی کۆماری ئیسلامی ئێران،سوپاس بکەم کە لەمبارەوە یارمەتی‌یان داوین هیوادارم هەموو موسوڵمانان پێکەوە لە تەواوی قۆناخەکانی ژیاندا بە تایبەت لەباری فەرهەنگی‌یەوە سەرکەون تا لەهەموو شوێنێکدا فەرهەنگی بێگانە ریشەکەن بکرێ و فەرهەنگ‌ئەدەبی ئیسلامی ونەتەوایەتی جێگای خۆی بگرێتەوە .

ئەم گۆوارە (سروە) سەرەتای بەهارێکی سەوزە بۆ گوڵاڵەجۆربەجۆرەکانی گوڵزاری ئەدەبی کوردستان کە لە درێژایی مێژوودا ستەمکاران زۆر حەولیان داوە بۆ ژاکاندن بەڵکە بۆ خنکاندنی! ژاکا بەڵام نەخنکا سەرئەنجام گەشەی کرد و خۆی نواند و پیلانی دوژمنی تاساند و لە مەیدانی ئەدەبی جیهانیدا خۆی ناساندەوە .

خوای گەورە بە چەشنێک ڕێزوحورمەت بۆ زبان دادەنێ کە لە ئایەتی ۴ سوورەتی ۱۴ دا دەفەرمێ (ئێمە نەمان ناردووە هیچ پێغەمبەرێک مەگەر بە زبانی گەلەکەی خۆی هەتاسپاردەکانی ئێمەیان.بە زبانی خۆیان پێ ڕاگەیەنێ).

فەرهەنگی کوردی لەگەڵ خواپەرەستی و ئینسان وبیستی دا ئاوێتەیە وەکوو عەتر و ڕەنگی گوڵ.ومانای (کلمه‌طیبه) وتەی خاوێن و جوان.ی بەسەردا ڕاست دێ ، هەر وا خوای گەورە دەفەرمێ: (نموونەی وتەی جوان و خاوێن وەکوو دارێکی پاک و ساغە کە ریشوەکەی لە ئەوپەڕی دامەزراویدا بێ و لق و پۆی چووبێتە ئاسماندا و لەهەموو کاتێکدا (چوار فەسڵە) میوەی خۆی دەدا بە یارمەتی خوا) ئایەتی $\frac{۲۳}{۱۴}$ هیوادارم ئەم گۆوارە هەموو کاتێک بە بەر بێ و هەموو تەبعێکی ڕاست و ڕەوان لەبەرو بووی بحەسێتەوە و گەشەی پێ بکا .

گەلی کورد فەرهەنگێکی داراو بەر-بڵاوی هەیەبەڵام لە درێژایی مێژوودا پژ و بڵاو بوەتەوە پێویستە کە زانیا-ران و هۆنەران و لێ کۆڵەوان و هەستیاران و فەرهەنگ ویستان تێکوشن بۆ کۆکردنەوەی . سەرەنج نەدان وبایەخ دانەنان بۆ ئەم زبانە گەوهەر پەروەرە لە لایەن دوژمنانی فەرهەنگ و ئەدەبی نەتەوایەتی یەوە ، بوە هۆی ئەوە کە شوێنەوارە گرانبایی و کەم-وێنەکانی زۆربەی نووسەران وهۆنەرانی کورد بخرێنە لاوە و لە نێو خۆڵ وخاکی ژیانی دەردناکی خاوەنەکانیاندا بشاردرێنەوە یا لەگەڵ دەربەدەرییاندا لاپەڕەیەکی کەوتبێتە توون و یەکێکی بە تەبەس و ڕەنجیان بێ وەربێ .

ئەوەی شایانی باس بێ ئەمەیە : خەم و خەفەتی ڕۆژگاری ڕابوردوو دەردی ڕۆژگاری ئێستا دەرمان ناکا و چاوی فرمێسکین ڕێگا نادۆزێتەوە . غیرەت و تێکۆشان لەڕێگای دۆزینەوەی،شوێنەواری بایەخداری ئەم گەلە و هەروا بەکار-هێنانی بیر و مێشک و قەڵەم بۆزیندوو

راگرتنی ئەم فەرهەنگە درەوشەر و پاک و خاوێنە و بۆ گەشاندنەوەی هەر چی زیاتری ، رێگای چارەسەری دەردە ، باب و دایک و گەورەی هەر منداڵێکی کورد بەڕاستی دەبێ هەستی لێ پرسراوی بکا و هەڵێ بنێ لە سەر فێر بوونی زبانی گەلەکەی و ناسینی فەرهەنگ و ئەدەبی باوباپیری کە سەرانسەر شەرەف و رێز و جوانمێری و شانازییە و هەروا راسپێری و وەسیەتیشی پێبکا کە ئەم ئەمانەتە بداتە دەستی چینی داهاتوو ، ئەگەر نە خەیانەتی کردوە بە گەل و نیشتمان و فەرهەنگ و ئەدەب و نەتەوەکەی و تاوانبارێکی تەواوە ، وەکوو ئەو خۆ فرۆشانە کە لە نێو لانکەوە منداڵەکانیان ئەدەنە باوشی فەرهەنگی بێگانەوە تەنانەت نایێلن کە بڵێن: " بابە ، دایە " بە " پاپی ، مامی" زبانی ئەو بەستەزبانە دەکەنەوە ! و لە جێگای ناوی خوا و پێغەمبەر ودوعا و سەلام، فێری " گود بای"و" تانکیۆ"و " هەلاو"ی دەکەن !!!

بە راستی ژیانی هەرگەلێک بریتی‌یە لە فەرهەنگەکەی ، ئەگەر سەرەنجی مێژوو بدەین ئەم راستەقینەمان بۆ دەردەکەوێ کە هێزە داگیرکەرەکان لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا ، پێش لە هەموو شتێک فەرهەنگی خۆیان بەسەر ئەواندا دادەسەپێنن و کەم کەم نەتەوایەتی و فەرهەنگی ناوخۆیی‌یان لێ دەدزن و لە بیریان دەبەنەوە و ئەمەش بە هۆی بەرز و پێشکەوتوو پیشاندانی فەرهەنگی داسەپاو و بێ بایەخ و دواکەوتوو پیشاندانی فەرهەنگی نەتەوایەتی ئەو گەلەوە سەری گرتوە ! واتە :گەوهەریان لێ دەستێنن و خلێرەیان دەدەنێ ،باری منەتیشیان لەسەر دادەنێن و بۆڵەشیان بەسەردا دەکەن کە فێری تەمەددونی جەدیدیان کردوون !!!

لە پێشدا زبانەکەیان لە پێش چاو ختوە و ئەمجار جل و بەرگەکەیان لەبەرداکەندوە و ئانجا ئەڵقەی خولامی‌یان کردوەتە گوێ و کۆتی دیلی‌یان ختوەتە پێ و تەوقی لەعنەتیان بردوەتە مل و ختوویانەتە پۆتڵ ! هەر بۆ پێشەوە ، پێشکەوتوو هەی پێشکەوتوو .

ئەو چینە بزان و نەزان چوونەتە ژێر باری بێگانە ، بەڵام چینی داهاتوو بە ناوی میراتی باوباپیریان گرتوو - یانەتە باوەشەوە ، ئەوا فەوتان و تەواو بوو ، مەگەر وا نیە ؟؟؟...

کاتێک گەلێک فەرهەنگی نەتەوایەتی خۆی لە دەستدا مێژووی را دەوەستێ، بەڵکە مێژوویەکی نیە وهەتنا ئەمەو کارەساتە درێژەی هەبێ بێ مێژوویی درێژەی هەیە و ئەو گەلە مردوون،کاتێک داچڵەکان و دەستیان دا تێکۆشان بۆ بەدەست هێنانی فەرهەنگەکەیان ، تازە گیانیان کەوتووەتە بەر ، و مێژووی پەک کەوتوویان دەکەوێتەوە جم و جۆڵ و ئەو راپەڕینە سەرەتای مێژووی ژیانی نوێی ئەو گەلەیە .

لەم بارەوە زۆرمان وت ، پێویستە ئاشیرە بکەین بە دەرمانی دەود یا رەمزی رزگاری : رزگاری لە بێگانە : بێگانە لە نیشتمان ، بێگانە لە ئایین ، بێگانە لە ژین .

رەمزی رزگاری خوێندەوارییە رێگای سەرکەوتن ئاگادارییە

چەکت قەڵەم بێ قەڵخانت کتێو خوێندنگەت سەنگەر هیوات هەواپێو ئەگەر بە هیوای سەر نەخەوێنی ئەبێ تێکۆشی زۆر چاک بخوێنی

لە چەرخی بیستەم نومرەی کەملەبیست هۆی دواکەوتنە وهەست ئەکاتە نیست قەت رازی مەبە بە کاری خراو بە کەم تەرخەمی و دەرسی ناتەواو ئەزانی چۆنە دەرسی ناتەواو ؟ شایانە بێژین کە لاوی رخاو

قوتابی تەمەڵ دایم سەرکزە کەلاوەی رخاو رێبازی دزە کەلەوەر مەخە قەڵای خوێندنت رێبلز ساز مەکە بۆرێی دوژمنت چەوسێنەر وەک دز بۆ شوێن ئەگەڕێ شوێنی نەدەیتێ ، لە دوور ئەوەڕێ

بەڵێ ، با هەموو بزانن رێگای سەرکەوتن زانیارییە و خوێندن هاوڕێ لەگەڵ هیوا و ئیمان بە خودا ، چەک و کەرەسەی سەرکەوتنیشمان راگەیاند قەڵەم و کتێب و قوتابخانە و زانکۆ و زانستگە . برای کوردم تێکۆشە زانیار بیت هەتا کەسەرۆک و سەردار بیتە تێکۆشە مافی خۆت و دیگەرانیش بناسی هەتاکە مافت ژێر پێ نەبێ و مافی دیگەرانیش ژێرپێ نەکەی ، تێکۆشە بە مەحەکی زانست دۆست و دوژمنت بناسی هەتاکە دۆست لێت نەتەواسێتەو دوژمن نەت تاسێنێ ، هەرچەند، بۆ خۆت خۆتت تاساندوە و نیازی بە دوژمن نیە بت تاسێنێ ، چونکە نەخوێندەواری بێ سەر و دەری لە دەرمانخانەی ژیانی جیهانیدا لە باتی شەوبەتی سینە زەهری هەلاهیل پێ دەفرۆشن و لەباتی دەرمانی ژانەسەر، مەرگەموشت دەخەنە کۆش ، یا لە نێو زەهری هەلاهەل و مەرگی مشکدا دەتکەنە سەر پشک ،بەڵام

 ل ٦٢

تەشریفی نەوبەهار

تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ
دڵ چونکە میسلی غونچەیە بۆیە دەپشکوێ

لەم وەعدە خۆشەدا گوڵ و گوڵ چیهرە تێکەڵن
یەکڕەنگ و موتتەحید بە دڵ ، ئەمما بەتەن جوێ

عەرعەر عەدیلی قەددەیە ، یەعنی بەرابەرن
سونبول شەبیهی زوڵفیە ، فەرقی نیە موێ

لەم خۆشیە کە هێزمی مەتبەخ سەوز بوە
ماوم عەجەب لە دیدەیی سۆفی کە ناڕوێ

تیپی شکۆفە خەیمەیی داوە لە هەرتەرەف
یا شاهی نەوبەهارە ، هەڵی داوە هوردوێ

دنیا کە گوڵگوڵی بووە ، قوربان ئەتۆش وەرە
تالیب بە گوڵ بە ، قەیدی چیە گوڵ گوڵی بوێ

بولبول کە گەرمە نەغمەیی ، ئاگر دەکاتەوە
غونچە حەزینە ، جەرگ و دڵی بۆ دەکا توێ

"نالی" زوبانەکەی تەڕ و پاراوی سۆسەنت
حەیرانی چاوی نێرگسە ، وەک لالە نادوێ

نالی



کورتە باسێک لەسەر رێنوسی کوردی

بەشی یەکەم

ئەوەی لێرەدا دەیخەینە بەر باس، لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی زانستی لە سەر رێنووسی زمانی کوردی نیە، بەڵکوو کردنەوەی دەرگایەکە بۆ ئەوەی مامۆستایان و شارەزایانیزمان وئەدەبی کوردی لەم رێگایەوە بۆچوون و بیر و ڕای خۆیان لە سەر ئەم مەسەلە گرینگە دەرببڕن، و هیوادارین لەدوای راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی بۆچوونە جۆراوجۆرەکان دەرەتانی ئەوەمان بۆ پێک بێ لە باشترین و بەکەلکترین و زانستیترین رەخنە و پێشنیارەکان بۆ لابردنی کەم و کووڕی ئێستای رێنووسی کوردی بەهرە وەرگرین، و نووسەران و خوێنەرانی کورد لەو گێژاوە رزگار بکەین کە هەر یەکە و یا خۆ هەر دەستەیەک لە نووسەران بۆ خۆی رێنووسێکی هەڵبژاردوە و بەرێگایدڵخوازی خۆیدا دەڕوا، و بە داخەوە پاشاگەردانییەکی ئەوتۆ پەیدا بوە کە خوێنەر سەری لێ دەشێوێ.

ئەگەر ئێمەش لەگۆوار و بڵاوکراوەکانی خۆماندا رێنووسێکی دەست نیشانکراومان نەبێ و هەر مەقالەیەک، هەر شیعرێک، هەر نووسراوە و کتێبێک بەپێی رێنووسی هەڵبژێردراوی نووسەرەکەی بڵاو بکەینەوە دیارە بێگومان سەرلێشێواوییەکی زیاتر بۆ خوێنەر پێک دێ. کەوابێ دەستەی نووسەرانی گۆوار هاتە سەر ئەوبڕوایە کە بۆ دەست پێ کردن و درێژەدان بەکاری خۆی رێنووسێکی تاقانە لەبەرچاو بگرێ و لەهەموو بڵاوکراوەیەکی خۆیدا چ کتێب بێ و چ گۆوار یا رۆژنامە و ... و شتیتر لەو نەزمە لانەدا. ئەوەش بەومانایە نیە کە دەمانەوێ رێنووسێکی تایبەتی بەسەر زمانی کوردیدا بسەپێنین و هەموان ناچار بە پەیڕەوی لەو نەزمە بکەین، بەڵکوو هەروەک پێشتر گوتمان تەنیا مەبەستمان ئەوەیە لانی کەم لە گۆوارێکدا چەند شێوەنووسینی جۆراوجۆرمان بڵاو نەکردبێتەوە کە بەداخەوە زۆر نموونەی وامان دیوە. ئەوەش لە لایەکەوە نیشانەی بێسەرە و بەرەیی کارەکەمان دەبێ و، لە لایتریشەوە سەرلەخوێنەران دەشێوێنێ

هەروەک لە دیاری کردنی زمانی یەکگرتووی کوردیدا هەست بەو پێویستییە گرینگە دەکرێ وسەرەڕای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر کە تا ئێستا لە لایەن زۆرێک لە ئەدیب و نووسەرو شارەزایانی زمانی کوردییەوە دراوە، هێشتا ئەو مەسەلە جێگای باسە و دەبێ زیاتر شی بکرێتەوەولە پاشان کۆڕێک لە شارەزایان و خوبرەکانی زمان ناسی بڕیاری دوایی لەسەر بدەن، بۆ هەڵبژاردنی رێنووسی یەکگرتووی کوردیش رێگایەکی دوور و درێژمان لەپێشدایە. لە سەر زۆر شت مامۆستا و ئەدیب و نووسەرەکانمان بۆچوونی وەک یەکیان نیەو رەنگبێ زۆر بەتوندیش نەزەری یەکتر رەت بکەنەوە. هەربۆیەش بەبڕوای ئێمە باشترین رێگای چارەسەر کردنی ئەم گیروگرفتە کردنەوەی مەیدانێکە بۆ باس و لێکۆڵینەوەی زانستی، و چ مەیدانێکیش

لە گۆوارێکی ئەدەبی ـ فەرهەنگی باشترە ؟

هەر چەند دەقی نووسراوەکان شێوە رێنووسی هەڵبژێردراوی ئێمەتان بۆ روون دەکاتەوە بەڵام بە پێویستمان زانی مەسەلەکە زیاتر شی بکەینەوە . و لەسەر هێندێک خاڵی تایبەتی لە بۆچوونی نووسەرانی دیکەش بکۆڵینەوە و دەلیلی پێویست بۆ رەت کردنەوەی برێک لەو نەزەرانە رابگەیەنین.

دووپاتی دەکەینەوە کە نامانەوێ ئەم رێنووسە بەسەر زمانی کوردیدا بسەپێنین چاوەڕوانیمان لە هەموو شارەزایانی زمان و ئەدەبی کوردی ئەوەیە کە، رەخنە و ئامۆژگاری ـ یەکانی خۆیانمان بۆ بنووسن و رێنوێنیمان بکەن بەڵام داوەری بە خوێنەرانە و ئێمە درێژە بەم شێوە نووسینە دەدەین تا زانایانی کورد شێوەیەکی دیکە پەسەند کەن .

ئەلف و بێی کوردی :

لە ئەلف و بێی کوردیدا وەک هەر زمانێکی‌تر دووچەشنە پیت هەن : "دەنگ" و "دەنگ بزوێن" .

یەکەم: دەنگ ، کە لەفارسیدا " حروف بیصدا " لەعەرەبیدا "صامت" و لە ئینگلیسیدا " Consonants " ی پێ دەڵێن و بریتین لەم ٢٩ پیتە : ئ،ب،پ،ت،ج، چ،ح،خ،د،ر،ڕ،ز،ژ،س،ش،ع،غ،ف،ڤ،ق،ک،گ،ل،ڵ،م،ن،و، هـ،ی،: و ئەگەر "ڕێ" ("ر" و "ڕ") بە یەک پیت و "لام" ("ل" و "ڵ")یش بە یەک پیت دابنێین‌ژمارەی دەنگەکانی ئەلف و بێی کوردی دەبن بە ٢٧ پیت .

تێبینی ١ : پیتی "ڤ" زیاتر لە لەهجەی کوردی شیمالدا هەیە ، بۆ پترروون کردنەوە دەبێ بڵێین لە زمانی ئینگلیسیدا دوو پیتی " v " و " w " هەن کە بۆگوتنی " v = ڤی " ددانی سەروو لەسەر لێوی خواروو دادەنرێ ، بەڵام بۆگوتنی‌پیتی" w =دا بڵێوو" ئەوکارە ناکرێ و هەر دوولێو کۆدەبنەوە و شکڵی ئاڵقەیەک پێک دێنن . پیتی "و" لەزمانی عەرەبی و کوردی جنووبی و ناوەندیدا وەک " w " دابڵێووی ئینگلیسی تەلەفوز دەکرێ ، جگە لەچەند وشەیەکی وەک "گڤە" و "بڤە" و ....و لە فارسی و لە لەهجەی کوردی شیمالدا وەک " v "، بۆ وێنە وشەی " واوان " لە کوردیدا وەک " Wawan " و لە فارسیدا وەک " Vavan " دەخوێندرێتەوە. ئەوەیە کە ئەو کورد زمانانەی لە فارسی قسەکردنندا لەهجەیان هەیە و هەروەها ئەوفارسی زمانانەی کە کوردی و عەرەبی باش فێر نەبوونلە خوێندنەوە و تەلەفوز کردنی پیتی " و "دا دوچاری هەڵە دەبن .

بەڵام بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی کە لە وشە و زاراوەی هەموو ناوچەکان کەلک وەردەگیرێ هەر دوو پیتی " W " و " V " بەکار دەبرێن کە بۆ پیتی یەکەم لە دەنگی "و" و بەجێگای پیتی " V " لە پیتی " ڤ " ئیستیفادە دەکەین ، وەک " مرۆڤ " " گڤە " ، " بڤە " ، ....

تێبینی ٢: زۆربەی ئەو وشانەی کە لە کوردی و فارسیدا هاوبەشن و پیتی "و"یان تێدایە هەر بە شکڵێک دەنووسرێن بەڵام لە خوێندنەوەدا جیاوازن بۆ وێنە " دیوار " هەم لە کوردیدا و هەم لە فارسیدا بە " و " دەنووسرێ بەلام لە فارسیدا وەک " Divar" ولە کوردیدا وەک " Diwar " دەخوێندرێتەوە .

تێبینی ٣: هێندێک ماموستا و ئەدیبی کورد وەک ماموستا محمد امین زەبیحی لەو بڕوایەدان کە پیتی " ص " کە لە چەند وشەی کوردی وەک " صەگ " و " صەد " و....دا دەبینرێ دەبێ‌لەریزی ئەلف و بێی کوردیدا جێ بکرێتەوە، بەڵام هێشتا ئەو پێشنیارە بەتەواوی جێگر نەبوە. هەروەها بۆچوونێکی ئەوتۆیش لەسەر "ط" و "ظ" کە لە لەهجەی کوردی شیمال بە شێوەیەکی جوێ لە " ت " و " ز " تەلەفوز دەکرێ ، هەیە .


تێبینی ٤: لە هێندێک جێگا عەلامەتی " ˇ " لە سەر پیتی " ڕێ " دادەنێن وەک : " رˇ " . پێمان وایە ئەو عەلامەتە لەژێرەوە دابنرێ چاکترە، چونکووبۆپیتەکانی تریش

لەسەرەوە دادەنرێ و لە نووسیندا ئالۆزی پێک دێنێ . بۆ وێنە ئەگەر بە جێگای " شۆڕشگێڕ " ، " شۆڕشگێڕ " بنووسین جوانتر و ساکارترە .

تێبینی ٥: پیتی " ڕێ " ئەگەر یەکەم پیتی وشەبێ هەر بە شێوەی " ڕێ "ەقەڵەو (یانی ڕ) دەگوترێ وەک : ڕاست ، ڕێبوار ، ڕەوەند ، ڕۆڵە .... کەوابێ بۆ ئاسانتر بوونەوەی نووسینی کوردی لە دانانی نیشانەی " ٧ " لەو جیگایانەدا خۆدەپارێزین و هەرچەند " ڕ "یش بخوێندرێتەوە هەر بە " ر " دەیان نووسین وەک : رێبوار ، رەوەند ، رۆڵە و .... لە هێندێک شێوە نووسینیشدا " ڕێ "ی قەڵەو بە شکلی " رر " دەنووسن وەک : رراست ، مەرر ، .... کە شێوەنووسینێکی ناحەزە و لەو جیگایانەشدا کە لە وشەیەکدا " ڕێ " تەشدیدی هەبێ چوار " ڕێ " دەکەونە لای یەکەوە و ناحەزییەکەی زیاتر وەبەر چاو دەکەوێ وەک : بڕەک ، زەڕڕە ، هوڕڕە ، موکەڕڕەڕ.... کە دەبن بە برررەک ، زەرررە ، هوررررە ، موکەرررەرر ، و....

تێبینی ٦: کاتێک پیتی " و " بکەوێتە نێوان پیتێکی بێ دەنگ و بزوێنی " ێ " وەک خوێن ، شوێن ، کوێن ، کوێر ، بوێر و .... لە خوێندنەوەدا حاڵەتێکی تایبەتی بەسەردا دێ کە ئینسان وادەزانێ ئەو پیتە لە " و "ی ئاسایی جیاوازە و هەر بۆیەش هێندێک نووسەر نیشانەی " ^ " ی لە سەر دادەنێن ، وجاری وایە نیشانەی " ٧ " لە سەر" ێ " لادەبەن و یاخۆ نیشانەی " ¯ " ی لەسەر دادەنێن ، کە پێمان وایە کارێکی دورست نەبێ چونکوو بزوێنی " ێ " هەر وەک خۆی دەخوێندرێتەوە و دەبێ هەر وەک خۆیشی بنووسرێ و نیشانەی " ٧ " ی لەسەر بێ . نیشانەی " ^ " یش لە سەر " و " بنووسرێ و نەنووسرێ لە خوێندنەوەیدا تەئسیرێکی نابێ و ناتوانین بەشێوەیەکی تری بخوێنینەوە کەوابێ ئەو نیشانە زیادی یە،و دانەنرێ باشترە .

تێبینی ٧: پیتی " ک " و " گ " هەرکات لەپێش بزوێنی " ێ " و " ێ " دا بێن بەشێوەیەکی نائاسایی دەخوێندرێنەوە و هەر بۆیەش هێندێک نووسەر نیشانەی " ^ " یان لە سەر دادەنێن ، وەک : " کێو ، کێ ، کێسەل ، پاکی ، گێشە ، سەگی هار ، گێل و .... هەر وەک لە تێبینی ٦ دا بۆ پیتی " و " گوتمان لێرەشدا بەبوون یا نەبوونی نیشانەی " ^ " پیتی " ک " و " گ " هەر بە یەک شێوە دەخوێندرێنەوە و دانان و دانەنانی ئەو نیشانەیە نە لە تەلەفوزدا و نە لە ماناداجیاوازییەک پێک نایەنێ ، کەوابێ دانانی ئەو نیشانەیە کارێکی زیادی یە و دای نەنێین باشترە .



دووهەم : " دەنگ بزوێن " کەلە فارسیدا " حروف صدادار" و لە عەرەبیدا " حرکە " و لە ئینگلیسیدا " Vowels "ی پێ دەڵێن ، و بریتین لە حەوت بزوێنی : " ا ، ە ، و ، وو ، ۆ ، ی ، ێ " .

تێبینی ٨: بزوێنی " و " لەجێگای " پیش " ی فارسی و " ضمە " ی عەرەبی بەکار دەهێنرێ . وەک : " کُرد=کورد " و " حُسن = حوسن " . بزوێنی " وو " لەجێگای بزوێنی "و" ی فارسی و عەرەبی دەنووسرێ . وەک : " دور = دوور " و " هود = هوود " . بزوێنی " ۆ " تایبەت بە زمانی کوردی یەو لە زمانی فارسی و عەرەبیدا نیە ، هەر بۆیەش نیشانەی " ٧ " ی لە سەر دادەنرێ .

تێبینی ٩: لە نووسینی بزوێنی " وو " دا رای جۆراوجۆر هەیە . هێندێک بە شێوەی " وٓ " ی دەنووسن کە بەبڕوای ئێمە شێوەنووسینێکی ناپەسەندە . چونکوو لە لایەکەوە دانانی نیشانەی " ـ " لە سەر " و " دەبێتە هۆی زۆربوونی نیشانەکان و ئالۆزبوونی رێنووس ولە لای دیکەشەوە لە نووسین بە دست و تایپ کردندا دانانی " ـ " ماوەیەکی پێ دەچێ و نیازی بە دەست هەڵبڕین هەیە ، لە حاڵێکدا نووسینی " وو " کارێکی ئاسانترە و لە پیت چنینی چاپیشدا بۆ " وٓ " دەبێ پیتێکی جیاواز دروست بکرێ، کەوابێ هەم لەباری جوانی و رێک و پێکی نووسینەوەو هەم لە باری ئیمکاناتی فەننی یەوە نووسینی"وو"لە"وٓ" باشترە .

هێندێک نووسەری کوردیش چ لە جێگای " پیش = ضمە " و

ل ٣٧ ←

گوتم بە بەختی خەوالوو

حاجی قادری کۆیی

گوتم بە بەختی خەوالوو وەرە ئەتۆ بی خودا
لە خەو هەلستە زەمانێ بچینەوە ئەولا

گورەی بەهاری یە ئێستێکە شاخ و داخی ولات
پڕە لە لالە و نەسرین و نێرگسی شەهلا

لە گرمە گرمی سەحاب و لە هاژەیی باران
جیایە پڕ لە هەرا و نوالە پڕ لە سەدا

پڕە لە سەیل و لە گولْ ئاووکانی ڕوویی زەمین
پڕە لە بەرق و بریقەی برووسکە جەووی سەما

شکۆفە دەرهەمی شاباشی بادی وەعدە دەکا
لە شەوقی مەقدەمی خەملیوە دار و بەردی چیا

پیالەیی زەڕی نێرگس لەسەر کەفی سیمین
پڕە لە شەونمی وەک دوڕڕی لوء لوئی لالا

گولیش بە پەنجەئی پیرۆزی جامی یاقووتی
لە بۆ نیساری موهەییایە پڕ لە زێڕ و تەلا

لە شادی وەک سەفی شایی لە کێو و کەژ ئەزهار
هەزار بە خەلعەتی گولگوون دەکەونە رەقس وسەما

چەمەن لە لالە میسالی خەتی روخی دولبەر
سیاە چادری لێ بۆتە خالی سەر گۆنا

لە کن وەنەوشە و و خاو و هەلالْ و بەیبوونی
هەلالی پێستەی خاوە عەبیر و موشکی خەتا

چیا لە تەوقەسەری دارژاوە تا کەمەری
چو زولفی سونبولی دەرهەم چو پەرچەمی بەڕەزا

بە جۆش و ئاگری گولناری کانی هەلدەقولێ
میسالی دیدەیی وامیق لە حەسرەتی عەزرا

قەلاتی زێوی رماوە هەرەس بە تۆپی نەسیم
سوپاهی لالە و گولْ ، چادری لەجێ هەلدا

لە گۆمە شینێ کە قاز و مراوی دین ودەچن
نەزپری مانگ و ستارەن لە قولزومی مینا

شنەی نەسیمە سەدای ئاوی سافی سەر قەلبەز
بە ورشە ورشی گیا شەنگەبی بووە شەیدا

خرنگ وهۆڕی قورینگ و قەتاری سی لەسەران
دەیەت و کەو دەفڕێت و شەهێن چریکە دەکا

لە پیرە پیر و لە سمکۆلی پیرە گا کێوی
دەلەرزێ گاوی زەمین و دەترسێ گاوی سەما (١)

لە دەنگ و دووکەلی شینە تفەنگی نێچیروان
میسالی سونبولی زولفی کە تێک بچێ بە سەبا

چیایە شێخ و کەوای سەوزە مێزەری بەفرە
سیواکی چووزەرە رێواسە تەیلەسانی گەلا

چەمەن لە لالە و رەیحان و نەستەرەن ئیمڕۆ
شەبیهی سوبح و شەوە ئافتابی وەختی زوحا

چنار و عەرعەرە دەفزەن هەزارە نەغمەسەرای
گیاش زاکیرە تەسبیحی شەونمی لە مەلا

لە ژووری مێگەلی هەورە لە ژێری مێگەلی مەڕ
شەبیهی گولشەنی خەزرایە توودەیی غەبرا

لە کێو و کەژ کە سەر ئێوارە دێنەوە مالات
لە دەوری چادری ساحیبی مەوجی دا وێستا

لە حیلە حیلی کەحێل و لە بارە باڕی مەڕی
لە دەنگی قۆڕەیی گاجووت و بۆڕەیی مانگا

لە گورگە قالْ و حەپەی سەگ لە قاڕەقاڕی بزن
لە عەکسی دەنگی دوبارەی کە دێتەوە لە چیا


لە ئۆحە ئۆحەیی گاوان و قیرە قیڕی شووان
لە بگرە بەردەیی کابان دەبێتە حەشر و حەلا


مەلائیکەی سەری تاق و رەواقی مینایی
دەیەنە جونبوش و لەرزین دەکەونە رەقس و سەما

کە هەلکرا شەوێ ئاگر لە کونجی رەشمالان
خەجیل دەبن لە زەوایایی خەیمەیی والا

عوتارید و زوحەل و ئافتاب و ماهی تەمام
خولاسە سابیت و سەییارە تا دەگاتە (سوها)

(١) بورجی سوور





سەبا دەزانی ژیانم لە دووریان مەرگە
دەسا وەرە بە کزەی خۆت خەجیل بکە عیسا

ئەگەر منم لە فیراقیان کزەم لە جەرگەوە دێ
ئەگەر دڵە وەکوو جەرگم دەڵێی ئەوا سووتا

لە پاشی ئەم هەموو دەستانە بەختی خەوئالۆود
میسالی ئەژدەری نوستوو بە رق لەخەو هەستا

جوابی دامەوە ئەمما جوابێکی وا ڕەق
نەما مەجالی مەقال و موباحیسەی لەم و لا

وتی هەتاکوو خەزان و بەهار و زستانە
مەداری عەیش و مەوالیدی عالەمی غەبرا

بەهاری وا هەموو ساڵێ دەبێتەوە ئەمما
ئەمانە دەچنە دیاری مەمالیکی عوقبا

یەکێکی نایەتەوە چوونیان هەر ئەو چوونە
لە شێخ و عالیم و جاهیل لە پادشاه و گەدا

مەکانی شەوقی بەعێلانە پەشمە کۆنە هەوار
حیاتی زەوقی بە ئەحبابە، بایە، ئاو و هەوا

ڕەفیقی کۆنە نەماون جوانەکان پیرن
بەشەق دەڕۆن و لەدوورێ دیارە شەق و عەسا

لە دووسەدی یەکی زۆر زەحمەتە بناسییەوە
مەگەر بە ناو و نیشان و بە خزم و باب و برا

کە بێی و بچیەوە تۆ ئێستەکانە هەم دیسان
سەفەر دەکەی لە وەتەن دەچیە شاری (جابولقا)

خولاسەیی قسە ئێستێکە مەسڵەحەت ئەمەیە
بڵێی بە وەجهی نەسیحەت بە کاغەز و ئینشا

ئەمان کوڕانی ڕەفیق و برادەرانی وڵات
بە ئێوە هەر کە گەییشت ئەم کەلامی بێ سەر وپا

لە پاش ئەوەی کە نەسیحە و موتالەعەی بکرێ
بە یادی من لە بەری کەن لە ڕوویی میهر و وەفا

هەتا لە خیتتەیی بێگانە فەخری پێوە بکەم
لە بەینی زومرەیی ئەحیا و و مەجمەعی مەوتا

ونی مەکەن وەکوو ئاساری نالی و کوردی
لە سەهوی چاوێ بپۆشن گوزەر بکەن لە خەتا

نیە لە مومکینی ئیمکان خەتا و سەهوی نەبێ
بە غەیری خاجەیی دیوانی (عالم الاسما)

ئەوی حەسوود و نەزانن لەئیم و ڕەخنە گرن
لە عەیب و ڕەخنەیی عالەم بەری دەبن ئودەبا

ئەمانە زادەیی ئەفکار و خۆشەویستی منن
ئەگەر قەبیح و کەریهن وەگەر شەل و ئەعما

میسالی فەرخەیی ژووشک کە پێی دەڵێ دایکی
ئیلاهی قاقومە، یاخۆ سەموورە یا دیبا

لە جەشنی جۆڵە کە ڕازی نەبێ بەسەر دڕی خۆی
مەڵێن فەساحەتی کوردی بە فارسی ناگا

بەلاغەتێکی هەیە هیچ زمانێ نایگاتێ
لەبێ تەعەسسوبی کوردانە بێ ڕەواج و بەها

کە خۆتی تێنەگەیەنی و لە نوکتەکانی نەگەی
دەڵێی هەمووی هەزەیانە خوا بەڵای لێ دا

بەڵام ئەوانە کە سەڕڕافی زێڕ و زێوی قسەن
چ شا ڕەوایە دەزانن چ سیککەیەکە ڕەوا

چ حیکمەتێکە کە ئاساری کوردە ناموسی
نە کیمیا و نە عەنقا لە بەیتی ئێمە نەما

ئیلاهی نەیخەیە بەر چەنگی مەندەمۆری لەئیم
نقوودی (حاجی) کە نەیدیوە خوسرەو و دارا

ئەمین بە وایە نەسیب و ئەگەر یەکێ وابێ
بە خیری باووک و دایکی لە ڕێی خودا بیبا

گەلێ قسەم لەدڵا بوو حیکایەتم مابوو
کە حی لە بەختی کەجم نووکی خامە لێرە شکا

چ بنووسین

عەلی حەسەنیانی



ئەدەبی کوردی وەک ئەدەبی زۆربەی نەتەوەکانی دی بریتی یە لە دوو بەشی " شێعر " و " پەخشان " کە هەر کام لەو بەشانە لک و پۆیەکی زۆریان لێ دەبێتەوە. سەدان ساڵە لەسەر شیعری کوردی کار دەکرێ و لە هەموو مەوزووعێکدا و لە گشت شێوەووێنەیەکدا شیعر گوتراوە. بەڵام لە پەخشاندا هەر چەند زۆر کتێب نووسراوە و وەرگێردراوە دەبێ بڵێم کە لە چاو شیعر، هیچ کار نەکراوە و لەو بارەدا هێشتا لە پلەکانی سەرەتایی پێشکەوتداین و بۆ ئەوانەی کە دەتوانن بنووسن رێگا ئاواڵەیە و مەیدانێکی بەرین و بێ سنوور چاوەنواڕی یان دەکا.

بۆ رێنوێنی ئەو لاوانەی کە ئیستیعدادی نووسین و مەیل بە خزمەتیان هەیە چەند شوێنێک نیشان دەدەم کە دەتوانن وێڕای خزمەت بە ئەدەبی کوردی بە کەمێک زەحمەت کێشانن ناو دەرکەن و بێنە ریزی نووسەران

بە تێکڕایی ئەو شتانەی کە دەکرێ کاری لە سەر بکرێ سێ بەشن :

١ـ وەرگێڕان : ئەوانەی کە لە زمانە بێگانەکاندا شارەزان دەتوانن نووسراوەی باش و بەکەلک وەرگێڕن دیارە لەو بارەدا تەنیا شارەزا بوون بە زمانێکی کە نووسراوەکەی پێ نووسراوە بەس نیە و وەرگێڕ دەبێ ئەدەبی کوردیش باش بزانێ. لە وەرگێڕاندا مەرجی هەرە گرینگ پاراستنی ئەمانەتە واتا وەرگێڕ حەقی نیە هێندێک لە نووسراوەکەی دەربا وێ و وەلای نێ یان نووسراوەکەی بگۆڕێ یان بە مەیلی خۆی شتێکی لێ زیاد بکا. هەر وەها وەرگێڕ دەبێ ویست و داخوازی کۆمەڵی لە بەر چاو بگرێ و نووسراوەیەک وەرگێڕێ کە داواکاری بێ.

ب ـ خولقاندن : ئەو شتانەی کە نووسەر دەتوانێ بە زەوقی خۆی بیانخولقێنێ بریتین لە :

١ . " چیرۆک " کە بۆ خۆی چوار بەشە :

* چیرۆکی درێژ " رومان " .
* چیرۆکی نیوە درێژ " رومانس " .
* چیرۆکی کورت " نووێل " .
* چیرۆکی کورتی کورت .

٢. شانۆ .

٣. کتێبی غەیری چیرۆک .

٤. مەقالە .

ئەو شتانە دەتوانێ هەموو چەشنە مەبەستێک بگەیەنێ وەک زانستی ، کۆمەلایەتی ، ئەدەبی ، ئەخلاقی ، فەلسەفی، پێکەنینی و ....

ج ـ لێکۆڵینەوە : کە بریتی یە لە دوو بەشی گرینگ : رووداوەکان و فۆلکلۆرەکان .

یەکەم ، رووداوەکان کە دوو بەشە :

١. روو داوە مێژوویی یەکان : وەک " ساز کردنی قەلای هەلاکۆ لە کوردستاندا " کە ئێستاش گوندەکەی بە ناوی " قەلای ئەڵلاکۆ " لە نیزیک بەندی میاندواو لە سەر چەمی جەغەتوو هەر ماوە .

لە لێکۆڵینەوە و نووسینی شتی مێژوویدا نووسەر دەبێ تەعەسوبی نەبێ و ئەوەی کە لە نووسراوەکانی مێژوونووسـاندا هاتوە لە گەڵ ئەوەی کە بۆ خۆی پێی گەیشتوە بێ غەرەز و بێ نەزەر بێنێتە سەر کاغەز .

٢. روو داوە غەیری مێژوویی یەکان : وەک " رووداوەی ئەشکەوتی گەوەرێ " . لە بارەی روو داوە غەیری مێژوویی یەکاندا دەبێ تەواوی ئەو شێوانەی کە گێڕدراوەتەوە لە بەر چاو بگیرێ و ئەوانەی گێڕاویانەتەوە ناو ببرێن .

دووهەم ، فۆلکلۆرەکان = فۆلکلۆری کوردی کە بەشێکی گرینگ لە ئەدەبی کوردی پێک دێنێ یەکجار زۆرن و هەرچەند لەم سالانەی دواییدا هێندێکیان کار لە سەر کراوە هێشتا رێگەیەکی بێ بڕانەوە لە پێش ئاشقە نووسینانەدا هەیە .

لە بارەی فۆلکلۆرەکاندا نووسەر یان لێکۆڵێنەر نابێ وشەکان بە مەیلی خۆی بگۆڕێ یان وشەیەک کە پێی وایە بێ مانایە توور هەڵدا . دەبێ وشەکان چۆن دەبیسێ هەر ئاوایان بێنێتە سەر کاغەز و ئەگەر پێی وایە وشەیەک بێ مانایە یان ناحەزە یان مەبەست ناگەیەنێ دەبێ بێ دەست لێدان و دەستتێ وەردان لە وشەکە ، لە نێو پارانتزدا یان لە ژێر نووسراوەکەدا شی بکاتەوە و نەزەری خۆی دەربڕێ . هەر وەها ئەگەر دوو یان چەند شێوە یان وێنە لە دەستدابێ و لە وشە یان جوملە یان مەوزووعدا دژایەتییان بێ ، دەبێ باسی گشتیان بکا و ئیشارە بکا کە پەیوەندی لە گەڵ کام وێنە یان شێوەدا هەیە .

لە کوردیدا فۆلکلۆری جۆر بە جۆرمان هەیە کە دەکرێ کاریان لە سەر بکرێ و لێیان بکۆڵدرێتەوە وەک ئەمانە :

١. بەیت = لە سەر هێندیک بەیت وەکوو " مەم و زین" و " دمدم " و.... کار کراوە و کتێب و مەقالە نووسراوە بەڵام لە بارەی ئەوانی دی یان کار نەکراوە یان ئەگەر کاریش کراوە زۆر کەمە و وە بەر چاو نایە . لێکولێنەوە لە بارەی بەیتەکاندا زۆر باش دەتوانێ بە روون کردنەوەی وەزعی سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی رابردوو یاریدە بدا . بەیتەکان جۆر بە جۆرن لە مەقالەی " شاری وێران" کە لە کتێبێکی جیاوازدا چاپکراوە ئیشارەم پێ کردوون .

٢. ئەفسانە = زۆر مەوجوود یان جێگا لە فۆلکلۆری کوردیدا بوەتە ئەفسانە و لە زۆر فۆلکلۆراندا بە شێوەی جۆر بە جۆر ناو دەبرێن . ئەو ئەفسانانە یان عموومیەتیان هەیە و لە سەرانسەری کوردستاندا لە گەڵیان ئاشنان وەک : " ئەفسانەی دێو و درنج " و " ئەفسانەی ئاوی حەیات " . یان تایبەتی ناوچە یان شارێکن وەک " ئەفسانەی پیرەژنە چنگ ئاسنینە " کە تایبەتی مەهابادە .

٣. چیرۆک (حەکایەت) = لە کوردیدا چیرۆک یەکجار زۆرە چەشنی :

- چیرۆکی ئاشقانە وەک " دەنکە هەنار "
- چیرۆکی عاتیفی وەک " مووررووی دەنگی " کە لە مەڵبەندی مەریوان بە " دەنگە وەڕە " ناو بانگی هەیە .
- چیرۆکی ئایینی وەک " شێخ مەند و شێخ رەش " .
- چیرۆکی منداڵان وەک " مەڕۆکە و بزنۆکە " .
- کورتە چیرۆکی پەندی وەک " بەرخۆڵە " .

....

٤. مەسەل : لە کوردیدا لە بارەی هەر مەوزووعێکدا یەک یان چەند مەسەل (ضرب المثل) مان هەیە . لە وڵاتی ئێمەدا " مەلا غەفووری حافیز " کتێبێکی لەو بارەدا هەیە و زۆربەی مەسەلەکانی بە نەزم دەرهێناوە کە جێگای رێزە . مەلا غەفوور تەنیا مەسەلەکانی کۆ کردۆتەوە بەڵام لێکۆڵینەوە لەو بارەدا کارێکە کە دەبێ فەرامۆش نەکرێ.

لە بارەی مەسەلدا دەبێ مانا و جێگەی بەکارهێنانی و ئەگەر بکرێ چلۆنایەتی سازبوونی مەسەلەکە بەر چاو ، بگیرێ . هەر وەها ئەگەر مەسەلێک چەند وێنەی هەبێ دەبێ هەموویان لە بەر چاو بگیرێ وەک :

میریلەیان دەبردە شوشتنێ موورروولەیان دەکردە گردنێ

که بەم شێوەش بە کار دەبەن :

میریلە دەمرد ، موورروولەیان دە گەردنێ دەکرد .

٥. هەتەڵە و مەتەڵە (مەتەڵ) = وەک :

ئاسمانی ساوە و پەڵە پەڵەی هەورە

مافوورەی چندراو دەسکاری گەورە = (دەسرەی هەوری)

یان :

ئەوە چیە هەتا نەیبەستی ناڕوا ؟ = (کاڵە و پێڵاو)

٦. روسمەکان = لە کوردەواریدا روسمی جۆر بە جۆرمان هەیە کە جێگای سەرنجن و دەگەڕێنەوە سەر بیر و بڕوای باوک و باپیرانمان وەک روسمی " قوڵە چوارشەمۆ " و " هەتەرێ و مەتەرێ " و " بێلێندانە " و " شێوەکانی زەماوەند و گۆوەند " .

٧. بڕواکان = هێندێک شت هەن کە گەلەکەمان بڕوایان پێ هەیە وەک : " بووکە بارانە " یان " شەمۆلە " یان " نەڕشتنی ئاوی کولێو بەشەو " یان " نەحس بوونی ١٣ "

ئیدەئۆلۆژی ئیسلامی

مەکتەب و ئیدەئۆلۆژی ئیسلامی چیە؟ و چون تاریف دەکرێ؟ چ پێویستە کە مروڤ وەک تاکێک یا ئەندامی کۆمەڵێک، پەیرەوی قوتابخانەیەک بێ و بڕوا و ئیمانی بە ئیدەئۆلۆژیەک بێ؟ ئایا بوونی مەکتەبێک بۆ فەردێک یا بۆ کۆمەڵێکی ئینسانی پێویستە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەخەینە سەر ئەستۆی عەلاقەمەندان و خوێنەران.

ئیسلام بنەڕەتی ئیمان و بڕوا بە خودای مەزن و بەرزی لەسەر بناخە و پایەی بەندەیی و ئیتاعەت لە خوای خاوەن دەسەڵات و گەورە داناوە. عیبادەت و بەندەیی و پەرستن هەر بۆ خودایە و غەیری وی نابێ کەس بپەرستڕێ خوای بویە دەپەرستین کە خالیقی جیهان و ئینسانە و لەش و گیان ئەو پێی بەخشیوین. ئەگەر تاوێک نیعمەت و پیتی ئەو و هەودای بەزەیی ئەو بپسێ، هیچ لە هەستی و بوون نامێنێتەوە. کەسێکی کە خوای بە زانا و توانا و ئاگا و ... دەزانێ، یانی بڕوای وایە کە خودا لە هەموو جێگایەک حازرە ولە هەموو کار و جوولانەوە تەنانەت بیر و نیەتی ئێمە ئاگادارە و گەوورە و گچکە و سووک و سەنگین بەهێز و بێهێز لە بەرانبەر ئیرادەی ئەودا یەکسانە و ... هیچ کاتێکی وەدوای گوناەناکەوێ و لە ئالوودەیی و ناپاکی دەپارێزرێ هەمیشە خەریکی باشکردنی خۆی و باشتر کردنی خەڵکی دایە. چونکە دەزانێ خوا ئاگای لە هەموو کرداری ئەو هەیە ستەم ناکا و بەندەکانی خودا ئازار نادا. و لەرادەی توانایی خۆیدا دەگەڵ ستەم و زۆرداری خەبات دەکا. چونکە خۆی لە بەرانبەر خوادا دەبینێ، لەبەر ئەوە تێدەکۆشی کە کار باش ئەنجامبدا و خوای لە خۆی رازی بکا. چونکە بڕوای بەوە هەیە کە خودا ئاگای لە هەموو ئاکار و بڕیارێکی ئەو هەیە. هیچکاتێک ناکەوێتە بیری گوناە و سووکایەتی و هەرزەیی و زۆرداری بە پێچەوانە لە سەرانسەری ژیانی خۆیدا تەنیا ئەو نیەتەی هەیە کە بە کۆمەڵی خۆی و بە موسڵمانان و بێبەشان و بێ دەسەڵاتان کۆمەک بکا. و بارێک لەسەر شانی ئەوان دابگرێ و لە رێگای باشکردنی وەزعی دینی و دنیایی ئەواندا هەنگاو هەڵبڕێ

چونکە پلەی ئیمان و بڕوا بە خودا لە بەندەیی و ئیتاعەتدا دەبینێ و دەیەوێ قانوونی خودایی قایمتر و جێگرتر بێ. لەبەر ئەوە ریز لەدینی خودا دەگرێ و دەزانێ و باوەڕ دەکا کە خودا تاک و بێهاوتایە.

ئیسلام تەواوی ئوسوول و مەوازینی لەسەر ئەم بناخە دامەزراندوە کەخودا یەکە وبێ شەریک و هاوتایە و بێجگەلە خوا هیچ بۆ پەرستنێ نابێ. (اشهد ان لا اللە الا اللە) دەبێ لە دڵی هەموو موسڵمانێکدا جێ بگرێ. شایەدی دەدەین خودایەک نیە جگە لە خودا و شایەدی دەدین کە موحەممەد پێغەمبەری خودایە. ئەو شایەدیە هێڵەکانی ئیدەئۆلۆژی ئیسلامی دیاری دەکا و تایبەتیەکانی رووناک دەکاتەوە. و بناخەی ئیسلامییەت لەسەر ئەو پایە دادەڕێژێ.

ئەگەر ئیسلام بناخەی کۆمەڵ لەسەر ئەم ئەسڵە دانێ، و وەک دیاردەیەکی بێ وێنە و تاقانە لە جامیعەی بەشەریدا خۆ نیشان بدا. بێ گومان لەگەڵ هەموو ئەو نیزامانەیدا کە تا ئێستا ناسراون و دنیا بە خۆیەوە دیویە، جیاوازی دەبێ و ... جونکە ئیسلام دەگەڕێتەوە سەر ئەسڵێک کە تەواوی بوونی داگرتوە.

ئیسلام قانوونێکە کە تەواوی کائینات و هەستی دادەگرێ. بەرنامەی سازندەی تەواوی هەستیەکانە نەک هەر بۆ ژیانی مرۆڤ. بنەڕەتی مەکتەبی ئیسلام لەسەر بڕوایە کە هەموو شت ئەو خولقاندویەتی. هەموو بەئیرادەی ئەو هەن و پەیدا بوون و قانوونی ئەوە کەنەزم و رێک و پێکی دەدا بە مەوجوودات و تەواوی جولانەوەکانیان و ئەوان رێک وپێک دەکا. رێک و پێکی و نیزامێکی ئەوتۆ کە تێک جوونێ بە وجوود نەهێنێ و ناتەبایی پەیدا نەکا و نەبێتە هۆی تێکەڵاو بوون و دابڕان.

بەزمی بەهار

مامۆستا بەشدار

مزگێنیدا بە سروە بای بەهاری:
واهاتەوە نەورۆزی کوردەواری
بە تیشک تێک شکا : سوپای کرێوە
هەواری رۆژ گەیشتە خاکەلێوە ...
فەرمان درا بە سەوزە سەر هەلێنێ
جیدی لە بەندی خاکی رەش نەمێنێ
با دەرکەون ، کولّ و کەسەر بنێژن
با رۆژی رزگاری بکەن بە جێژن ...
شەمالّ ..گەوالّ گەوالّ هەور بنێرێ
ئاهەنگ و بەزمی جەژنی پێ بسپێرێ

* * * * *

حیلکانەوە لەو موژدە ئاودڕ و خڕ
رەش بوونەوە : ریشی سپی چیای چڕ
چلۆ گەشایەوە و بزەی لە سەر لێو
پۆتراکی خۆی رازاندەوە :بەگۆی زێو
هەور لە دەشتو شیو و پۆپە شاخان
کردی بە تۆپ تەقاندن و چراخان
مرواری‌بێ ژماری دادەباراند
لە دارودەر رووتی ونەداری تاراند
شەمالّە ..گالّە گالّیەتی و لەکارە..
هەلّگرنەوە : شاباشی شای بەهارە
شینکە بە گەل .لەگەلّ سەری دەرێنا
هەریەکە چەند قل و پەلی بە شوێنا
خڕی بەرۆک پڕن لە دەنکە باران
تازە و تەڕن بۆ کۆڕو بەزمی یاران
نەورۆز مشتی پڕ گەلاّی تەلاّیە
هەر کارگە بێ بەلاّ بێ ..بێ گەلاّیە
ئەگەر چی ساوایە بەهاروو باشە
لە چاوی بەد بە دووربێ گیاهەراشە

بەیەک یەکەو بەکۆ لە دەشتودەردا
وەک کیژەکورد هەمووی گولّی‌لەسەردا
شالوور و بولبول سەرەڕۆی ئەوین
هەر چاوە چاویانە گولاّن ببینن
هەر مەلە بۆ گولّی دلّی ئەخوێنی
هەر گولّە بۆ دلّداری خۆی ئەنوێنی
نەرگسی مەست‌لە زەردە زیڕە زیزە
بە جوانی خۆی دەنازێ ،زۆر بەفیزە
وەنەوشە مل کەچە لەحاند پەپوولە
رێی داوە بێ وتەی مەلا و پسوولە
وا کیژ و لاویش دەچنە دەر لە دێ وە
لە رێوە تێک دەگەن ژوانگە کێوە
گۆرمزە ، مام رێواس‌و هەندرێشن
بۆ دلّتەڕان بەهانەن و لە جێشن
گۆوەند لەکەوشە .دوورلەوشکە سۆفین
دەرفەتە : مەم کوشین و هەلّگلۆفین
شادن بەیەک: مەل و گولّ و دلّ و دلّ
بەیەک ئەگەڕلە :بن دەوەن، لەسەرچلّ

* * * * *

هەر من لەدووری‌تۆ: هەژار و داماو
دەڕوانمە رێگەکەت‌بە چاوی پڕ ئاو
بەشم هەتا لەشم لە تۆوە دوورە:
هەنیسک و هەلّمژینی ئەشکی سوورە
خشلّی گولاّن، بەژن نەمامی چاو کالّ
وەرە دەرمخە لەو ژیانی وا تالّ
من بولبولم لە نالّەدا بەزاندن
گەرم و گوڕی دلّم دلّی تەزاندن
بمگەیە ،خۆ بنوێنە ، دلّ بستێنە
بازاڕی گەرمی نازی گولّ بشکێنە .

سالم

کەریمی قەیسوومی



چاو خشاندنێک بەسەر مێژووی پڕ لە تەنگ و چەڵەمەی هونەری کوردی زۆر مەبەستمان بۆ دەر دەخا . یەکەم ئەوە کە زۆربەی هونەروەرانی ئێمە شاعیر بوون و تەنیا بەشێک لەو دواییەدا دەستیان بە پەخشان نووسین و چیرۆک نووسین کردوە و لە نێو ئەوانیشدا زۆربەیان هەرکاری وەرگێڕانیان رەچاو کردوە و هونەری وڵاتانی دەرەوەیان بەکورد ناساندوە جا ئەوانە تا چ رادەیەک سەر کەوتوون ئەوە شوێنەوارەکانیان لەبەر چاوی خەڵکە و خەڵک بۆ خۆیان دەبێ لەوبارەوە نەزەر بدەن .

بەڵام ئێمە زانای وامان بووە کە بەو جۆرەی شیاوی ناسینە ، نەناسراون یان ئەگەر دەستەیەک خەریکی ناساندنیان بوون هەر بە ساڵی لە دایک بوون و لە ناو چوونیان بڕاوەتەوە کە چی زۆر جێگای داخەهێندێک شوێنەواری شاعیر و نووسەرەکانیان کۆ کردۆتەوە و حازرنین بە هیچ شێوەیەک بیدەنە بەر چاو خەڵک و خەڵک ئەوانە بناسێ . جا نازانم مەبەستیان لەو کارە چیە " الله اعلم"

لە نێو خۆمان دەر نەچێ زۆرن ئەو مامۆستایانەی کە شوێنەواری خۆیان داوەتە دەست چەند کەس کە بۆیان رێک و پێک کەن و چاپی بکەن بەڵام ئەوان زۆر بەبێ بەزەیی ئەو کارەیان نەکردوە و تەنانەت بەو ئاواتەوە کە رۆژێک شوێنەوارەکەیان بکەوێتە دەست خەڵکی هەژار و لێ قەوماوی کورد سەریان ناوەتەوە ئاواتەکەیان بردۆتە ژێر گڵ.

بە راستی ئەو جۆرە ئینسانانە دەبێ رۆژێک سزای ئەو کارەیان لێ بستێندرێتەوە چون خەیانەت بە زمانی کوردی کلک و گوێی نیە . ئەوەش جەشنە خەیانەتێکە . بەڕاستی ئەگەر تا ئێستا هونەری بێگانەمان بە کورد ناساندوە و چاوبزمان داوە ئێستا جێگای خۆیەتی کە هونەری کوردی بە دەرەوە بناسێنین . ئەویش بە شێوەیەک کە واقیان وڕ بمێنێ وسەریان سوڕ . رەنگبێ بەرچاوتەنگ نەبووبین و بە درێژایی مێژوو ئەوەی کە بۆ خۆمان ویستوە بۆ دراوسێ کەشمان داوا کردوە و زمان و فەرهەنگی رەسەنی دراوسێکانمان لە لا بەڕێزبووە . هەر وەک خانای قوبادی خاوەنی شیرین و خوسرەو لە بارەی زمانی فارسیدا دەڵێ :

هەر چەن مەواچان فارسی شەکەرەن
کوردی جەلای من بەس شیرین تەرەن
مەعلوومەن جە دەور دنیای بەد ئەندێش
دڵشادەن هەر کەس وە ز وانا وێش

لەوکاتەدا کە زمانی خۆی پێ شیرنە زمانی فارسیش بە شەکر دەزانێ بەڵام کێهە نووسەر هەتا ئەورۆ توانیویەتی ئەو مامۆستایە بە خەڵک و بە تایبەت بە دراوسێ کانمان بناسێنێ . ئاخر ئەوەتان لە بیر بێ کە ناساندن لەگەڵ پێ هەڵگوتنی ئەدەبی جیاوازی زۆرە . رەنگبێ ئەو عەیبانە لە منیشدا بێ بەڵام من بە ئاشکرا پێ لە عەیبی خۆم دەنێم و پێم شوورەیی نیە و خۆ هەڵناکێشم .

بەهەر حال ئەوە گلەیییەکی برایانە بوو ، دەردی دڵێک بوو . لە مێژ بوو ئەوەم لە مێشکی دا بوو ئێستا کە ئەو دەرفەتە هەڵکەوت ئەوا دەیخەمە سەر کاغەز و نایشارمەوە و شەرت بێ ئەوەی وە دەستم کەوێ بە زووترین کات بڵاوی بکەمەوە. بەڵام لە بارەی چلۆنایەتی باس کردنی ماموستایەکی شاعیر کە شیعرەکانی دەتوانن ئەو بناسێنن ئەو ماموستایە سالمە. سالم کێیە . زۆرن ئەوانەی یەک دوو شیعریان لە سالم بیستووە و لە زۆر جێگاشدا بە ناوی شاعیر پێیان هەڵگوتوە کە بە بڕوای من ئەوانە هیچی نابنە دیاردەی ناسینی سالم . ئەوەی راست بێ ئەوەیە کە سالم ئەوەیە :

سالم " کە ناوی عبدالرحمن یان بە زاراوەی کوردی " ئەوڕەحمانە " کوڕی محمود بەگی " قەرە جەهەننەم"ی کوڕی ئەحمەد بەگی " صاحبقران "ە. ئەو شاعیرە ئامۆزای مستەفا بەگی شاعیرە کە بە نازناوی " کوردی " نێو بانگی دەرکردوە هوی ئەوە کە نازناوی " سالم " ی بۆ خۆی هەڵبژاردوە رەنگبێ ئەوە بێ کە وەک لە مێژووی ئەدەبی کورد نووسراوی رەفیق حیلمی دا هاتوە پیاوێکی لەڕ و لاواز بووە و زۆر کەم لەشی ساخی بە خۆیەوە دیتوە و هەر بە ماوەی چەند حەوتووجارێک لە لای حەکیم بووە و لە حەیفان نازناوی سالمی هەڵبژاردوە سالم لە ساڵی ١٢٢٠ لە دایک بووە و لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە .

ئەوەش پێویستە رابگەنین کە لە سەرەتای دیوانەکەیدا کە لە ساڵی ١٩٣٣ ی زایینی لە لایەن کوردی و مەریوانییەوە لە شاری بەغدا لە چاپدراوە دەڵێ : لە پێشدا ناز ناوی " رەنجوور " بووە و بە ناز ناوی " بیمار " یش شیعری داناوە . جێگای لەدایک بوونی شاری سلێمانی بووە و هەر لەوێش لە تەنیشت گۆڕی مصطفی بەگی ئامۆزای نێژراوە .سالم شێوازی شیعر گوتنی لە ماموستاکانی پێش خوی وەرگرتووە. بەڵام ئەوەی روونە لە نێوەرۆکی شیعرەکانیدا دەر دەکەوێ رووخانی حکوومەتی (بەبە) تەئسیرێکی زۆری لەسەر هەستی شاعیرانەی داناوە. بنە ماڵەی صاحبقران لە کوردستانی ئێرانیشدا هەبوون و رەنگبێ بۆ سەردانی خزمانی هات و چۆی ئێرانیشی کردبێ . بۆیە شیعری بەشارەکانی ئێران هەڵگوتوە. و بەدوای رووخانی حکومەتی (بەبە)دا چوتە " تاران " بەڵام لەوێ نەحەساوەتەوە و بەم شیعرە هەستی خۆی دەربڕیوە:

خۆزگە ئەمزانی لە تاران نەجاتم کەی دەبێ؟
کۆی یارم مەشهەدە یا مەنزڵم هەر رەی دەبێ؟

بەدوای ئەوەشدا لە قەسیدەیەکدا دیسان گلەیی دەکاو دەڵێ:

لەگەڵ دڵ شەرتە سالم گەر نەجاتم بێ لە تارانا
بەهەشت گەر بێتە دەشتی رەی گوزەر ناکەم بە ئێرانا

ماموستا پیرەمێرد لە نامیلکەی دوازدە سوارەی مەریواندا باسی قارەمانەتی صاحبقرانەکان دەکا و ئەوە بە بڕوای من وا دەردەخا کە ئەو بنەماڵەیە هەمیشە شاعیر و هونەرییان بووە . یەکەم شیعری دوور و درێژی سالم کە بە هۆی رووخانی حکوومەتی (بەبە) دانراوە لە گۆڤاری " گەلاوێژ"دا چاپ کراوە . ئەو شیعرە بەر لەوە کە قەتعەیەکی ئەدەبی بێ، تابلۆیەکی مێژوویییە و بەسەر هاتی ئەو سەردەمەدەگێڕێتەوە. بەو شێوەیە :

(ذکر محاربهٔ بندگان میر جلیل الشان عزیز بیگ بابان با طائفهٔ رومی)

لێم گەڕێن با گۆشەگیر بم، دەستە ئەژنۆ کەف زەنان
گێژەڵۆکەی بای نەدامەت تاری کرد سەفحەی جیهان
بەزمی سەیدی ئێمە سەیادی فەلەک کارێکی کرد
رەنگە باڵای تیر قەددان بێتە تەرکیبی کەمان
زەعفی تالع جازیبە بۆ کارەبا بۆ خوێن و دەم
سەیری چارەی بەختی من کەن بوو بە رەنگی زەعفەران
نەوبەهاری من خەزانە سەردەمی سوبحم تەمووز
پەڕتەوی ماهە غەم و چاکی دەروونم وەک کەتان
"تورک"ی قورسی خۆر کە تالیع بوو تلووعی کرد بەرەقس
کەوکەبەی ماهی مرادی ئەهلی بابان بوو نەهان
دڵ لە میحنەت کەیلە مەیلی سەیری ناو شارم نییە
عەینی چاوم خوێنی تێزاوە لە داخی مەردمان
راستە گەردوون چابوکە بۆ رەنگی بەدرتین وەلێ
ناڕژێنی رەنگێ بەم رەنگە بە موددەی سەد قران
ساعقە و بەرقی نەدامەت زولمەتی دا شەرق و غەرب
بەردە بارانە بە مەخسووسی لەسەر مولکی بەیان
چاوی عیبرەت هەڵبڕە ئەی دڵ لە وەزعی دەوری دوون
سەیری سا ، تورکی فەلەکچی کرد بە زومرەی کورد زمان
شارە زوور بەحر و سولەیمانی لەسەرئەو گەمیەرەنگ
بۆ شکستی وەک نەهەنگ بۆ فیتنەیی ئاخر زەمان

بێ زبان، کوکو زنان، هەر خانەدان تێ فکرە تۆ
عەنکەبووت خواجە نشینە ، جوفتی جوغدە دیدەبان
وەک مەگەز رۆمی لە لایان فەرقی پاک و پیس نەبوو
لەق لەق و نێری ئەچن بۆ زابتی نەهری موان
مەردی مەردان هاتە جەولان باز لە رەنگی تەپڵی باز
حەیتە وەک شاهۆی گێژ و کورد بە میسلی باڵەبان
گوللە تۆپ وەک تۆپی قامیش بوو لە ئاقار غیرەتی
تەبعی جوویای بەزمی شللیک بوو لە جێی سینە کەمان
هەی خوا رۆ لەو دەمە چی کرد تەقەی توپ و تفەنگ؟
سەرزەمین تاریک و دنیا تۆز و کەڕ گوێی ئاسمان
ماهی تالیع رێی محاق و رۆژی نەگبەت جیلوەگەر
خەرمەنی شادی لەبەر با بەرقی غەم ئاتەشفشان
گەر چی پێشا پێش بە هەیبەت بوون و ئازا چوونە پێش
حەسرەتا دیسا نەیانزانی (نظام) وا بێ حەیان
پێش دەمی وان شللیکی تۆپ و پشتی سەریان ئاگرە
گەییە چەرخی حەوتەمین لەو عانەدا ئاه و فغان
گوێی فەلەک کەڕ بوو لەبەر ناڵەو نەفیری ئەهلی شار
لامەکانی گرت سەدای ناڵە و فوغان و الامان
رەنگی سەحرای مەحشەری بوو شیوەکەی لای پیرمەسوور
گرمە گرمی تۆپی رۆمی ، هەو هەوی سوارەی بەبان
بوو بە جارووبی محەللە هەر تەرەف پەنجەی پەڕیو
پەی کرا بێ پەی لە مەیدان پەهلەوانی پاڵەوان
حاکمە رۆمی لەسەر تەختی سولەیمانی دەریغ
کەوتە دەستی دێوی دوون موهری سولەیمان الامان

سالم بە گێڕانەوەی هەواڵی ناوشاری سولەیمانیو کردەوەی تورکەکان و دوایە گیرانی ناوچەی حکوومەتی بەبە وا دەردەخا کە ئەودەم بۆ خۆی لە سلێمانی بووە و ئەم رووداو و کارەساتە مێژوویییەی بە چاوی خۆی دیتوە ، بەڵام لە باری ئەوینەوە ئەودەم کە دەست بۆ قەڵەم دەبا غەزەلێکی دیار و بەر چاو و بەتام و چێژ دەداتە دەست خوێنەر وەک دەڵێ:

دڵم شادە لە بەندی سلسلەی گیسویی دڵبەردا
لە شانە خەوف ناکا دەفعەیێ لەم داوەدڵبەردا
تۆ
گڕووی بەست بەدڵ لە سینەمدا لە حەسرەت سەرووميهری
کە حەتتا ئاگری پڕ گڕ ئەسووتێنێ لە مەجمەردا
تەحممول کە زەمانی کوشتنی من سورعەتی ناوێ
لەدڵمایە بگێڕم خۆم بەدەوری دەست و خەنجەردا

بڕوانە ئەو جناسە (دڵبەردا) و (دڵ) بەودا نازانم کە زمانی ئێمە بۆ جناسێ ئاوا خۆشە یان دەبێ ئەو شێوەیە لە زمانی دیکەشدا هەبێ و یان ئەو جناسە پێوەندی بە سەلیقەی شاعیرەوە هەیە ، بەڵێ ئەوە باسێکی تایبەتییە و پێویستی بەوەی هەیە بە وردی لەسەری بدوێین جارێ با باسەکەمان لە دەوری هەڵنەبڕین . لە باری شیرن کاری یەوە سالممان دیت و ئەو جار دەگەڕێین لە تێ هەڵکێشەکانی سالم. لێرە لەم غەزەلەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ویستوویەتی خۆی لەگەڵ حافز هەڵسەنگێنێ .

ئەگەر ئوممێدی دڵ بێنێتە جێ ماهی جیهان ئارا
بە خال هندوش بخشم سمرقندوبخارا را
لەبن خاری موغیلان وەسڵ ئەگەر بێشا رەزوور ناکەم
کنار آب رکن آباد و گل گشت مصلی را
نەسیحەت بگرە گوێ جانا! لە لایان زۆر بەتەکریمە
جوانان سعادتمند پند پیر دانا را
دو سەدجار گەر بەگوێی خۆم حەرفی سادەت بژنەوم شادم
جواب تلخ میزیبد لب لعل شکر خا را
ئەگەر حۆری لەکەوسەر شوست وشۆی خۆیدا بەتۆ نابێ
بە آب و رنگ و خال و خط چەحاجت روی زیبا را
لە ئیدراکی شکەنجەی عوقدەیی زولفت پەرێشانم
کە کس نگشود و نگشاید بە حکمت این معما را
کە شوعلەی تەلعەتی یۆسف تلووعی کرد بەچی زانیم؟
کە عشق از پردهٔ عصمت برون آرد زلیخا را
کەلامت حافزا دڵ سەنجە بۆسالم وەها چاکە
کە بر نظم تو افشاند فلک عقد ثریا را

لە هەوەڵ روانینی شیعری سالمدا مەبەستێک دیاری دەدا کە جێی خۆیەتی باسی لێ بکەین . ئەویش ئەوەیە کە وشەی فارسی و عەرەبی لە شیعرەکانیدا گەلێک زۆرن رەنگبێ دەستەیەک لایان وا بێ کە مانا و معادلی ئەو وشانەی لە کوردیدا بۆ نەدۆزراوەتەوە بەڵام بە بڕوای من ئەو سەردەمە جۆرێک بووە کە هونەریان لە تێکەڵاوی وشەدا دیتوە وهەرکەس زۆرتری وشەی فارسی و عەەبی زانیبایە پێیان زاناتر بووە و لە لایەکی دیکەشەوە نزیکایەتی لە زمانی فارسی بە ئەر کێکی گەورە زانیوە . هەر وەک ئێستا کە ئەوە بۆتە باو و دەبێ بڵێین بە داخەوە تا رادەیەک پەرەی گرتووە و هەمر کەس کە باس لە شتێک دەکا بۆوەی نیشان بدا کە زۆری خو —

ل ٦٢



عەزیزی ئالی :

سوار

سوار بە کەناری چەمی تووڕەوە راوەستا و چاوی دەشەپۆلان بڕی . پاش قەدەرێک وە زمان هات و کوتی : " ئەی چەم ! من سوارێکم کە بە شوێن بژیوبدا گەیشتوومەتە ئێرە ، کەلێکم هەوراز و لێژ و دۆڵ و دەرە هەڵبواردوە ، زۆر شەکەتم ، مەودا بدە بپەڕێمەوە ! "

چەمی کەف چڕێنی سوور هەڵگەڕا و دەینەڕاند کە : " سوارۆ تا ئێستا ئەوەی و بە هەویا بوە غورووڕم بشکێنێ و وەناوم بکەوێ ، ئاوماڵکی ناویم بەرەو مەڵبەندی فەراموٚشی راما ـ لێوە . سوارۆ ! خۆ لە چەپۆکی شەپۆلم لادە و بگەڕێوە کە بێ بوارم . "

سوار لەبەر خۆوە گوتی : وا دیارە قسەی نەرمی بەگوێدا ناچێ. پاشان رووی کردەوە چەم : " ئەی بێبەزە ! بە هەڕەشەت نابەزم کە شۆڕە سوارێکی بوێرم ، ئەگەر بواریشم نەدەی هەر لێدەدم . جا چۆن دڵی من بە کوڕژن و گەفی تۆ دادەخورپێ ؟! جا چۆن لە شەپۆل و کەفی تۆ دەپرینگێمەوە ؟ ، ئەوجار رووی لە ئەسپەکەی نا ، دەستێکی بە یاڵ و بژیدا هێنا و گوتی : " بۆرە خۆشبەزەکەم ! ئەسپی با و بۆرانم! حدوودەکەم ! تا ئێستا گەلێکت گەلی و یاڵ و ملە و زینوو بە زەبری ناڵان خستوەتە نالێن ! ئیمڕۆش لەم رووبارە بە فیشاڵە مەڕەوێوە و لێدە . ئەسپ سەری هەڵتەکاند و دەستی کرد بە کوڕژن و سەرکێشی . وادیار بوو دەڵێ قسەکانت راستن بەڵام هی ئەم جارە گەلێ چەتوون و بە سامە . ئەم چەمەی من دەیبینم ئەسپ سەهلە ، کلێ پردیش هەڵدەتەکێنێ. چاکتر وایە وازبێنی .

بەڵام سوار بواری ئەسپی نەدا و جڵەوی لێ شل کردو ئاوزەنگی کوت وەناو ئاوی خست . ئەسپ تا نێرینەی چەمەکە رۆیشت بەڵام سمی بە بەردی ئاوەسووی بەستۆرەکەوە گیر نەبوو لە ناکاو سەرەنگرێ بوو ، سوار خۆی پێ نەگیرا و تێکەوت . وە مەرگە مەلە کەوت ئەمما تازە تەوژمی بێ ئامانی چۆم هەوساری ئیختیاری لە دەستی دەرێنا بوو ،چۆم لوولی دا ، رایرفاند پاشان بناوی کرد ....

ئەسپ خۆی لە چنگی شەپۆلان راپسکاند و هاتە دەر. ئەسپ چاوی دە ئاوەکە بڕی بەڵام سوارەکەی ئاسەواریشی نەمابوو. ئەسپ گوێی هەڵخست بەڵام لە قاقای بەسامی چۆم بەدەر چی نەبیست! ئەسپ خۆی راتلەکاند و ئاوی بەدەنی بەم لا و لا دا هەڵپرژاند پاشان وەرگەڕا وسەری داخست و بەباری گرانی کەسەرەوە کەوتە رێ ، خرمەی ناڵەکانی بۆنی بەهی ، بۆنی شین و شەپۆر ، بۆنی فەراموٚشی لێدەهات!



بەهار[١]

خوالێخۆشبوو مەلا عبدالکریمی سائیب ازاری

نەسیمی باغی خەلدە یا شەمیمی زولفی‌یارە دێ
عەبیری میشکی چینە یا بەشیری نەوبەهارە دێ
هەور لە ئاسمانەوە مەئمووری کردگارە دێ
عوشاقی ئەشکبارە یا " خضر " لە کۆهسارە دێ

موژدەی زوهووری تەلعەتی جەمالی لالەزارە دێ
دەنگی شەماڵە کەڕ دەکا دلێرەکانی بەهمەنی
گولاوی هەورە تەڕ دەکا رووبەندی بووکی گوڵشەنی
بیژەن خوڕان دەدا لە یەخ بە گورزیقورسی‌سەدمەنی
گەهێ لەسەر گەهێ لەبەر گەهێ لەپا دەدا مەنی

لە بۆ شەڕی دێوە سپی روستەمی نامدارە دێ
هەوری سیاهی توند خوو لەگەڵ شەماڵی دووبەدوو
بە ناڵەناڵ و هاو هوو بەدەست و برد وهات و چوو
عازمی رەزمە زوو بە زوو بەگرمەگرم و قاو وقوو
سپای زسانی قڕ ئەکا لە تیلەکۆ لە هۆبەتوو

بە تانگ و تۆپ و تیپەوە، خوسرەوی تاجدارە.دێ
لە داخی جەوری پایز و زوڵمی زسانی پڕ ستەم
لە ئەندەرروونی هەورەوە کە دێ شەرارە دەم بەدەم
لەوانەیە کە کێوەکان بەیەک کەڕەت ببن بە شەم
عەجەب نیە بخۆمەوە بۆ دەفعی ئێش و دەرد و خەم

بە کووپەوە بە کوندە لەو شەرابە خوشگەوارە دێ

بادی سەبا تەم و مژی زسانی تار و مار ئەکا
هەوا موعەتتەر و چەمەن بە غونچە میشکبار ئەکا
" مشاطە وار " ئارایشی بوتانی کۆهسار ئەکا
سپی و سوور و سەوز و رەش بەنەقشی سەدهەزار ئەکا

تەلی جەنابی مانی یە نەقاشی کردگارە دێ
قەترە کە دێتە سەر زەوی لە هەوری دوڕ فشانەوە
شیوەن ئەگاتە ئاسمان بە ناڵە و فەغانەوە
لە "چل چەمە "لە "کۆتەڕەش"لە "گردەکۆ "لە "خانەوە"
لە "سێوەسوور "لە "پیربوداق"لە "کورتەک"و "بەیانەوە"

بۆ قەتڵی خەیبەری وەکوو سوپاهی زولفەقارە دێ
لە بەینی هەورەوە ئەگەر شوعاعی رۆژێ دێتە دەر
خەنجەرە بۆ بڕینی سڕ، نێزەیە بۆ سک و جگەر
کلیلەکانی موعتەبەر، بەفر و سەهۆڵی پڕ خەتەر
لەشار ودێ لەدەشت و دەر لەهەردو کێو و راگوزەر

بە دەست و برد و حەملەوەر نەورۆزی نێزە دارە دێ
صورتگرانی ئەکبەری و هەزارە نەقشی دلبەری[٢]
لەسەر گولووکی ئازەری سیە، سفید و ئەحمەری
" بنفشەای " و " اصفری " چە قهوەای چە " اخضری،
"مثلثی" ، "مدوّری " " مخمّسی " " معشّری"

تەرتیب ئەدەن نە سەرسەری ، بە فیز و اعتبارەدێ

جەمالی رۆژی شوعلەوەر وەکوو عەرووسی مونتەزەر
چادر فڕێ دەدا لەسەر یانی لە پەردە هاتە دەر
شوعلەی ولاتی گرتە بەر لەباغی کردی دەر بە دەر
بوومی زسانی بەدگوهەر زاغی خەزانی بەد سیەر

لە ئاسمانی چوارەمین مەسیحە روو بە خوارە دێ

لە لانکی ، زەمینەدا پەروەرشی منالْ ئەدا
تەرتیبی روومەت ولەب و پەرچەمو زولف وخالْ ئەدا
وەسمە لە تاقی ئەبرۆ و سورمە لەچاوی کالْ ئەدا
بە تازە بووکی کانی گولْ ختووتی شین وئالْ ئەدا

پێخەسوویەکی ماهیرە ئەم هەورە عەترە بارە دێ

راز و نیازی بولبول و شکۆفەکانی میشک بۆ
بەزمی شەهێن وقومری و سەرو وچناری لێوی جۆ
لالە لە مێرغوزارەدا حکوومەتێکی سەر بەخۆ
بۆ " انتظام "ی گولْستان نەسیمی دێ سەبای ئەڕۆ

سەمەن لەنێو شکۆفەدا مەهی نیقابدارە دێ

ئارایشی چەمەن کرا لە سەبزە فەرش راخرا
حەیاتی تازە بەخشرا غەمی فیراق وەلا برا
دوکانی غەمزە دانرا نەویدی وەسڵی گولْ درا
چراغی عیشوە هەڵکرا نەیەک چرا نە سەد چرا

بۆ قەسری میسری دلْبەری یوسفی گولْعوزارە دێ

ساقی بە جامی بادەوە بە زولفی تابدادەوە
بە خاکی میشک زادەوە ، بە تەلعەتێکی سادەوە
لە بورجی شاهزادەوە بە ئەبرۆیی گوشادەوە
بە داوی مەشکی سادەوە بە گەردنی بێجادەوە

بە جادەوە بە بادەوە زینەت و لالەزارە دێ

پەڕەندەکانی خۆش نەوا بە سەد نەوایی زارەوە
بە نالەیی دەف و نەی و بەچەنگ و عوود و تارەوە
بولبول لە سەحنی گوڵشەن و قومری لە شاخسارەوە
ئاوازە خوێنە هەر یەکێ بە یاد و شەوقی یارەوە

سەدای بەزم و عیشرەت و بۆنی بەنەفشەزارە دێ

غونچە بە پێکەنینەوە بە بەرگی زەرد و شینەوە
بە عەتر و میشکی چینەوە بە پەڕتەوی جەبینەوە
بە عیشوەیێکی دلْگوشا بە رووی نازەنینەوە
بە چاوی مەست و خاڵی رەش بە پەرچەمی چین چینەوە

ئافەتی گیان و خاتری بولبولی بێقەرارە دێ

لالە لە ژێری خاکەوە خەیمە بە سەبزە زار ئەبا
بۆ شاهیدانی گولْ سەبا خەلاتی زێڕ نیگار ئەبا
وەنەوشە گەردنی کەچە سوجدە بۆ خالْی یار ئەبا
هەزار عیشوە گولْ لە گەلْ هەزارەدا بەکار ئەبا

زەمانی وەسڵ و دەوڵەتی دیداری خەمگوسارە دێ

گولاڵە سوورە هاتە دەر لە گونبەدی زەبەڕجەدی
لیباسی سۆسەنی دوروو خەیاتی سەنعی ئیزەدی
خولاسە داری بێ گەلا ، لە رەحمەتی موجەڕڕەدی
عەتا کرا بە کێو و دەشت زۆرخەلعەتی زومورڕوودی

هەوا بە میهر ومەرحەمەت حەکیمی دەردەدارە دێ

نەرگسی پڕ خومارە دێ سونبلی تابدارە دێ
سوسەنی ئابدارە دێ لالەیی داغدارە دێ
بەهارە دێ نیگارە دێ حەیاتی گیا و دارە دێ
(زاری) مەڵێ بەهارە دێ قودرەتی کردگارە دێ

ئەشعاری ئابداری تۆ بە یادی چاوی یارە دێ



جوغرافیای تەبیعی کوردستانی

جوغرافیای کوردستان بەشی یەکەم ئێران

شەمیمی هەمەدانی
وەرگێڕ: ع. ا. زەبیحی

دەمانەویّ لە هەر ژمارەیەکی گۆوارەکەماندا باسێکی جوغرافیایی کوردستان پێشکەش بکەین. بەختەوەرانە دەگەڵ ئەوەشدا بۆ سەرچاوە زۆر داماو نەبووین و نووسراوەی عەرەبی و فارسی باشمان لە دەس دابوون. برا و خوشکە خوشەویستەکانمان لە بارەی شار و مەڵبەندی ژیانی خۆیان باسی جوغرافیایی باشیان بۆ ناردوین. پڕ بە دڵ سوپاسیان دەکەین. بەڵام کوردێکی دڵسۆز بە خەتی خۆی نوسخەیەکی لە جوغرافیای ماموٚستا شەمیمی هەمەدانی بۆ ناردوین کە ماموٚستای بە ناو بانگ و قامووس نووسی بێ وێنە و زانای بێ سەر و شوێنی کورد ماموٚستا زەبیحی وەری گێڕاوەتە سەر کوردی ئێمە بە پێویستمان زانی لە یەکەم ژمارەدا ئەو باسە چاپ بکەین. چونکە هەم باسەکە کوللی یە و هەم هەڵەکانی ڕاستکراونەتەوە و هەم یادگاری زانایەکی کوردیشە کە کەس لە چارە نووس و دوا ڕۆژی هەواڵێکی تەواوی نیە و ئەگەر هەشیبێ وەک ڕازێک لە لای خۆی ڕایگرتوە.

هیوا دارین هەر کوردێک لە هەر جێگایەکی ولاتەکەمان دەژی و دەستی قەڵەم دەگرێ جوغرافیای شوێنی دانیشتنی خۆی چ شار، چ دێ، بۆمان بنووسێ کە خوا یار بێ بەرە بەرە چاپیان بکەین. تا ولاتەکەمان باشتر بناسین. زۆر کەس ڕەنگە کەمتری دەگەڵ چاپەمەنی سەر و کار هەبووبێ. لە بەر ئەوە تەوەزەلی بکا. بەلام ئێمە بۆمان دەرکەوتووە، جاری وایە شتی زۆر باش لە بەر دەستی کەسێکی وا دەرکەوتوە کە شارەزایی و ئەزموونی خۆی بە تاقی نەکردۆتەوە. بێباکانە بنووسن، سادە بنووسن، چ بوو ئەگەر جارێکی وەبەر دڵان نەکەوت، جارێکی دیکە لە سەرچاو دادەنرێ.

مەبەستی نووسەر لە دانانی ئەو کتێبە ڕوونکردنەوەی جووغرافیای مەڵبەندی کوردستان و دیاری کردنی ڕەگەزی ڕاستەقینەی هۆزەکانی کورد و مێژووی سیاسی ئەوانە، بۆ ئەم مەبەستە نووسەر پشتی بە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و بە شوێنیدا گەڕانی زانایانی فەرەنگی و هەیئەتە زانستییەکان بەستوە کە پەیتا پەیتا هاتوونەتە ئێران و لێکۆڵینەوەکانی خۆیان خستۆتە سەر کاغەز.

بۆ بەرپەرچدانەوەی بیر و باوەڕ و باری سەرنجی کۆمەڵێ لەو کەسانەی کە بە نیازێکەوە دەستیان داوەتە لێکۆڵینەوە و بیروباوەڕ و ئامانجی سیاسی دەوڵەتەکانی خۆیان هەمیشە و لە هەموو جێگایەک ،کردۆتە ناوئاخنی وتەی زانستی و بە ناوی زانست وزانین لەگەڵێ وڵاتی ڕۆژهەڵات لە سیاسەتی ئیستیعماری دەوڵەتانی خاوەن قازانج پەیڕەوی یان کردوە، هەروەها بۆ ئیسبات کردنی ئەو مەبەستە کە هۆزەکانی کورد ئێرانین (چونکوو هێندێ لەو کەسانەی بە نیازێکی سیاسی دەستیان داوەتە لێکۆڵینەوە، دەڵێن کورد هیچ پێوەندێکی ڕەگەزی یان لە گەڵ ئێرانیان نیە) هەموو نووسراوەکانی مێژوو نووسانی کۆن و مێژووزان و جوغرافیا نووسانی ئیسلام و ئەنسیکلۆپێدیای ئینگلیزی و فەڕەنسیم بە وردی خوێندۆتەوەو وێڕای ڕوون کردنەوەی ڕەگەزی کوردان درۆ و ناڕاستی قسەی ئەو موحەقیقانەشم بە ئیسپات گەیاندوە.

چوونکو من لەو جورە باسانەدا، بێلایەنی و خوێن ساردیم پێ لە تەعەسوبی نەتەوایەتی باشترە، ئەوەندەی بۆم کراوە هەوڵم داوە ڕاستی ئاشکرا بکەم تا خوێنەرانی بەڕێز نەمکەنە ئامانجی سەرکۆنە وتانووت و بە (واعظ)ێکم دانەنێن کە بە قسەی خۆی ناکا. (شەمیم)ی هەمەدانی

جوغرافیای کوردستان بە گشتی و بەشەکانی

کوردستان لە باری ڕەگەزی یەوە مەڵبەندێکی پان و بەرینە کە سنووری باکوری وی جنووبی فەلاتی ئەرمەنستانە و سنووری جنووبیشی دەرەی چۆمی(دیالە) یە کە یەکێکە لە لق و پۆپەکانی دەجلە. درێژایی کوردستان لە جنووبی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باکووری ڕۆژ ئاوا ۶۰۰ – ۱۰۰۰ کیلومیترە و پانایيشی ۱۲۰ – ۴۰۰ کیلومیترە و تا ۴۸ دەرەجەی ڕۆژهەلاتی گرینویچ ڕاکشاوە. ئەم مەڵبەندە بەفراوانە کە بابەتە جۆر –

بە جۆرەکانی جوغرافیایی : چیای سەخت و رژد ، بانووی بەرز ، دەشتی بە پیت و بەرەکەت ، چەم و رووباری زۆر و دیمەنی تەبیعی یە ، لە نێوان سێ دەوڵەتی ، ئێران و عێراق و تورکیادا بەش کراوە .

کوردستانی ئێران

سنووری تەبیعی : کوردستانی ئێران (١) بانوویەکی بەرزە لە رۆژئاوای ئێران ، لە باکوورەوە بە بانی ئازەربایەجان و دەراوی دەریاچەی ورمێوە نووساوە ، وەڵاتی هەمەدان و خاکی هەوشار دەکەونە لای رۆژهەڵاتی دەرە ی چۆمی دیالە لە جنووبیدا هەڵکەوتوە ، لە لای رۆژئاوای سنووری تەبیعی نێوان ئەم بانوە و جولگەی میزوپوتامیا (عێراق) دەرەی چۆمی دەجلەیە (٢) ، شاخی بەرز کەبەشێکیان کلکەی چیاکانی ئەرمەنستانن و بەشێکیشیان زنجیرەی چەند لیزگەی زاگرۆسن، رووی فەلاتەکەیان داپۆشیوە . ئەو چیایانە سەرچاوەی گەلێ چەمن کە لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا یا لە جنووبەوە بۆ باکوور دەچن. لە باری شکڵ و لای راکشانی چیاکان وچلۆنایەتی رۆیشتنی ئاوی چۆمەکانیشەوە کوردستان دەکەینە سێ بەشی جیاواز .

١ ـ کوردستانی موکری و گەرووس:

باری درێژ بوونەوە و راکشانی شاخەکانی کوردستان، بە شێوەیەکی گشتی وێرای شاخەکانی زاگرۆس لە باکووری رۆژئاواوە بەرەو جنووبی رۆژهەڵاتە .

ئەو زنجیرە شاخانە کە لەگەڵ زنجیرەی زاگرۆس لە ناوەوەی فەلات راکشاون بە هۆی دەراوی چۆمان لێک دادەبڕین. چیاکانی رۆژئاوای کوردستان کە سنووری تەبیعی و سیاسی ئێران پێکدێنن زنجیرەی موازین و لووتکەی رێک و پێکیان هەیە . باری لێژیان لە جنووبەوە بۆ باکوورە و فەلاتی ئێرا ـ نیان وا لێ کردوە کە بەسەر جولگەی میزوپوتامیادا بڕوانێ، ئەملێژییەمان لە رۆژئاوا بەرووکاری میزوپوتامیادا رژد و لەلای رۆژهەڵات لە سەر خۆیە بەرزایی مام ناوەندی چیاکان دەگاتە ٣٢٠٠ کیلومیتر . لووتکە گرینگەکانی ئەم زنجیرەیە کە دەکەونە نێوان وڵاتی شنۆیە و دەربەندی بە ناوبانگی ئالان بریتین لە : چیا رەش ، کێوە سپی، چیای بەرزەن ، چیای کانی خولا ،قەندیل، چیای باقر و چیای حاجی برایم (٣) ئەم کیوانە بەشی زۆری ساڵ بەفر دایپۆشیون .

لە نێوان ملەی کێلە شین ودەربەندی ئالان زنجیرەی چیاکانی سنوور رێک و پێکن و لە باکووری رۆژئاواوە بۆ جنووبی رۆژ هەڵات درێژ دەبنەوەو باریان لەگەڵ باری چیاکانی جنووبی رۆژئاوای ئێران موازی هەڵکەوتوە .

ئەم زنجیرەیە سنوورێکە چیا ئاگر پژێنە نارێکەکانی ئەرمەنستان و ئارارات لە کێوە رسووبیەکانی (٤) زەهاو، و لورستان لێک جیا دەکاتەوە.

لە رۆژ هەڵاتی موکریان دوو زنجیرە کێو یەکێک بەناوی (بەردەسیر) و (٥) ئەویتر زنجیرەی موکریان لەگەڵ یەکتر موازی هەڵکەوتوون و دەراوی چۆمی جەغەتوو لێکیان دادەبڕێ و درێژەی چیای بەردە سیریش لە باکوور بە هۆی دەراوی چۆمی تەتەهوو هەڵبڕاوە .

کلکەی ئەم زنجیرەیە بە ناوی کورتەک تا سابڵاغ و جنووبی دەریاچەی ورمێ دەکشێ .

باری درێژەی کێوەکانی بەردەسیر لە باکووری رۆژئاواوە بەرەو جنووبی رۆژ- هەڵاتە و تۆزێک بۆ لای رۆژهەڵات لار دەبێتەوە ، بە راستی ئەم زنجیرەیە ئەو سنوورەیە کە لەلای رۆژهەڵاتەوە کوردستان دیار دەکا و ئاورێژگەی کوردستانیشە دا مانەی لای رۆژهەڵاتی بە لێژاییەکی لە سەرەخۆ و بڵیندلە دەراوی چۆمی جەغەتوو دەبڕێتەوە و لە رۆژئاواشی دەراوی (زێ)یە هەڵکەوتوە لووتکە گرینگەکانی ئەمانەن : شوان بریان ، پالانسەر، شیرینتان ، کورتەک ، کێوی یاقووب ئاغا ، ملەی کێلە شین کە لە دەربەندە گرینگەکانی ئەم مەڵبەندەیە بۆ لای رۆژئاوا لەزنجیرەی بەردە سووردا هەڵکەوتوە .

کێوەکانی ناوەوەی موکریا نوگەرووس

---

١ ـ ئەگەر چی دانەری کتێب لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ کوردستان لە نێوان ئێران و عێراق و تورکیادا بەش کراوە ، بەڵام لەباسی" کوردستانی ئێران"دا مەبەستی تەنیا کوردستانی سنەیە .

٢ ـ ئێستا سنووری سیاسی نێو کوردستانی ئێران و خاکی عێراقی عەرەب دوامین بەرزایی لای رۆژئاوای زنجیرە شاخەکانی زاگرۆسە و ئەوسنوورە بە پێی پەیمانێکی سیاسی نێوان دوو دەوڵەت قەرار دراوە .

٣ ـ دانەر وشەی(داغ)ی تورکی بە دوای ناوی ئەم چیایانەوە نووساندووە کە لە سەرچاوە عوسمانییەکانەوەی وەرگرتووە . لەبەر ئەوەی ناوی چیاکان لە ناوچەی خۆیاندا بێ(داغ)بەکار دەهێنرێن ئێمەش لێرەدا لامان بردن .

٤ـ رسووبی ئەو کێوانەن لە نیشتنی قوڕو لیقەی ناو ئاو پەیدا بوون .

٥ ـ رەنگبێ راستییەکەی (بەردە سوور) بێ .

کلکەی هەڵقرچاوی یەکانی زنجیرەی بەردە سیرن کە بە هەموو لایەکی ناو فەلاتەکەدا لق و پۆپی لێ بۆتەوە و رادەکشێن. لووتکە گرینگەکانی ئەمانە کێوی تەکەلوو کەدەراوی چۆمیجەغەتوو لە چەمی سەقز (ئەویش لقێکی جەغەتووە) جیا دەکاتەوە، کێوی وەنەوش لەنێوان چەمی خالۆ و چومی تەتەهوو.

بە پێی ئەم سەرەتایانە دەتوانین کێوەکانی کوردستانی موکریان بکەینە دوو بەش، یەکێ چیاکانی مەزنە کە لە باکوور و باکووری رۆژئاوا بەرەو جنووب و جنووبی رۆژهەلات درێژبۆتەوە و بەشێکە لە چیا سەرەکی یەکانی فەلاتی ئێران و بە شێوەیەکی گشتی لووتکەکانی رێک و پێک و باریداکشانی ئاشکرایە، دەستەکەی دیکە هەڵقرچاوی دەرجە دوون کە باری هەڵکەوتنی چیا ـ کانیان بەلای رۆژهەلات ـ رۆژئاوادا وەرچەرخاندوە و دیسان تەوژمی قورسی ئاگرپژێنی سەهەند و ئاڵ و گۆڕی زەوی کاری تێکردوون و باری هەڵکەوتنی دووەمیشیان تووشی گۆڕان هاتوە.

چۆمەکانی موکریان و گەرووس (بیجار):

لە کوردستانی موکریان و گەرووسدا دوو مەڵبەندی بەر چاو بۆ باری جاری بوونی ئاوەکان دەتوانین دیاری بکەین یەکیان هەرێمی باکووری رۆژهەلاتە کە چۆمە گرینگەکانی بریتین لە: جەغەتوو و تەتەهوو، ئەویتر بەشی جنووبی رۆژئاوا یا دەراوی (زێ)یە بچووک (کەلۆێ)یە، چۆمەکانی موکریان لە بەر باری هەڵکەوتنی شاخەکانی وچلۆنایەتی بەرزی و نزمی زەوی بەدوو لای باکوور و جنووبی رۆژئاوادا دەڕۆن، چۆمەکانی باکوور دەرژێنە دەریاچەی ورمێ و چەمەکانی جنووبی رۆژئاواش بە هۆی (زێ)ی بچووکەوە تێکەڵ بە دەجلە دەبن.

دەراوی ورمێ:

چونکوو سەرچاوەی چۆمەکانی ئەم دەراوە لە چیا پڕ بەفرەکانی بەردەسیر و چل چەشمەدا هەڵکەوتوە، چەمەکانی بەنیسبەت ئاویان زۆرە و لە بەرئەوەش کەبەستوورەیان لە زەوی خوێڵێندا نیە ئاویان شیرینە و گرینگ ترینیان جەغەتوو و تەتەهووە.

جەغەتوو یا زێرین چۆم: (٦)

بە درێژایی ٢٤٠ کیلومیتر (نیزیکەی ٣٧ فەرسەق) لە کێوی چل چەشمە هەڵدە قوڵێ و لە جنووبەوە بۆ باکووری جاری دەبێ، لای ژوورەوەی چۆمی خورخورەی پێ دەگوترێ. گرینگ ترین لقەکانی لە لای چەپی چەمی سەقزە کە لەکێوەکانی بەردەسیرەوە دێت و مەڵبەندی سەقز پاراو دەکا و لەو جێگایەی کە دەرژێتە ناو جەغەتوو پان دەبێ، چومی جەغەتوو لەو شوێنەوە کە چەمی سەقزی تێکەڵ دەبێ تا ئەو جێگایەی خۆی دەرژێتەناو دەریاچەوە لقێکی گرینگی نیە، بەڵام لە لای راستەوە هەموو ئاوەکانی چیای کانی خولا و ساروی دەرژێتە ناو. لقی دیکەش بە ناوی لەیلان و ساروخ لە داوێنەی سەهەند و خاکی هەوشارەوەدێن و لە نیزیکی (مەصەب)ە وە تێکەڵی دەبن.

ئاوی ئەو چۆمە شیرینە و بۆ کشت و کاڵ کەڵکی لێ وەردەگیرێ، بەڵام لە بەشی موکریان لە بەر بڵێندی زەوییە ـ کانی قەراغی و قووڵایی زۆری چۆمەکە کەلک وەرگرتن لە ئاو دژوارە وزۆربەی ئاوی ئەم چەمە مەزراکانی مەڵبەندی سابێن قەڵا دەیخۆنەوە.

تەتەهوو:

ئەم چۆمە لە جەغەتوو کورتتر وکەم ئاوتریشە، بە دەرۆێکی قووڵدا دێتە خوار کە زنجیرەی چیای کورتەک وبەردە سیر لێک دادەبڕێ، لقەکانی لە لای راستەوە چەمی خالۆیە و لە دەستی چەپیشەوە چۆمی سابلاغ و (٧) چەند رووباری بچووکن کە لە نیزیکی دواوانە کەیەوە تێکەڵی دەبن. چۆمی جەغەتوو و تەتەهوو لە بەر ئەوەی ئاوەکەیان شیرینە و (خوێ و املاح)ی تێدا نیە ماسی یان زۆرە، بەڵام چونکوو خەڵکی دەوروبەریان گوێ نادەنە راوە ماسی و ئامرازی پێویستی ئەم کارەش نیە کەلکیان لێ وەر ناگیرێ.

دەراوی دەجلە:

ئاوەکانی بەشی جنووبی رۆژئاوای موکریان کە لە چەند چیا یەکسەر چاوە دەگرن، تێکەل یەک دەبنەوە و چۆمی (زێی کچکە) یا (کەلۆێ) پێک دێنن (٨)، لقی پڕ ئاوی (زێی بچووک) لە پێشدا لە شاخی مەیدان (٩) بە بەرزایی ٢١٤٠ گەز سەرچاوە دەگرێ،

---

٦ ـ ناوی ئەم چەمە لە کۆنەوە (جەغەتوو) مەشهوورە. پاشان ئەم ناوە مەغوولیەیە کرا بە فارسی و بوو بە (زرینە رود) کە بە کوردی دەبێتە (زێرین چۆم).

٧ ـ سابلاغ تەحریفێکی ساوج بولاق و بە مانای (چۆمی کانی سارد)ە.

٨ ـ دانەری کتێب بە سەهو چوە و ناوی (زێی کچکە) وەختێک پەیدا دەبێ کە هەموو ئەو ئاوانە دەگەنە خاکی کوردستانی عێراق.

٩ ـ مەیدان بەڵەک لە چەند کیلومیتری رۆژئاوای مەهاباده.

لەم جێگەیەدا لە بەر ئەوەی شاخی (لکبن) کە ١٥٦٠ گەز بەرزە و لە لای چەپی دەرەی سەرووی هەڵکەوتوە پێشی دەڵێن (چۆمی لکبنێ) و پاش ئەوەی بە دامێنی ئەم کێوەدا دەڕوا، بۆ لای جنووبا دەداتەوە و بە دەرەیەکی پان و بەریندا جاری دەبێ و دەچێتە وڵاتی سەردەشت، لە هەرێمی سەردەشتدا کە بەمام ناوەندی هەزار گەز بەرزە، نشیوی چۆمی کەڵوێ زۆر خورە و لە مەودای ١٦ فەرسەخدا نیزیکەی ٥٦٠ گەز دادەکەوێ و (١٠) پاش هەرێمی سەردەشت (زێ) دیسان روودەکاتەوە رۆژئاوا و بە چیا گەورەکانی دەربەندی شالان و (١١) جنووبی کاولەکانی شاری قەدیمی ئەربیلدا کە بە کوردی پێی دەڵێن هەولێر تێدەپەڕێ و تێکەڵ بە دەجلە دەبێتەوە (١٢). لقە گرینگەکانی (کەڵوێ) لە لای چەپەوە چۆمی (پەس ئاوە (١٣)) و چۆمی (لاوێن) و چۆمی (مسین) ە لەگەڵ چەند رووباری



دیمەنێک لە چۆم و سەددی مەهاباد

بچووکتر کە لە شاخەکانی تورکیا دێنە خوار، لە لای راستیشەوە لقی گرینگی چۆمی (بانە) یە کە پاش پاراو کردنی (بانە) لە نیزیکی سەردەشت وباکووری دەربەندی ئالان تێکەڵ بە (زێ) دەبێتەوە. لە هەر دوو لای دەراوی ژووررووی چۆمی (زێ) یە دوو زنجیرە شاخی بڵیند هەن و ئەو چۆمە، شوێنە نەوییەکانی ئەم کێوانەی شوشتوتەوە و لەگەڵ خۆی بردوونی و لە دوڵێکی نێوان هەر دوو زنجیرەدا پەستاوتوونی و سەر لە نوێ لە ناو ئەو شوێنەدا رێبازێکی بۆخۆی کردۆتەوە. لە بەشی ناوەڕاستدا بەستووەوی پانتر و رەوتی مەندترە و لەم دەراوەدا کە ئاوی شاخەکان دەڕژێتە (زێ) یەوە. دەشتێکی پان و بەرینی رسووبی زۆر بە حاسڵی پێک هێناوە کە لە مەڵبەندە بە پیت و بەرەکەتەکانی موکریان حیساب دەکرێ.

ب ـ کوردستانی کرماشان:*

سنووری تەبیعی کرماشان لە لای باکوورەوە زنجیرە شاخێکە کە دەراوی چۆمی دیالە لە دەرووی چۆمی گاماسب جیا دەکاتەوە، لە رۆژهەڵات شاخەکانی (کەنگاوەر) و لای راستی چۆمی گاماساوە و لە جنووبەوە ئەو کێوانەن کە دەکەونە نێوان دوو مەڵبەندی (کەڵوور) و (پشتکۆ) و لە رۆژئاواش دەراوی چۆمی دەجلە سنووری تەبیعی کرماشانە. شاخەکانی کرماشان بە پێچەوانەی کێوەکانی موکریان چونکوو تووشی ئینقیلاباتی زەوی و هەڵقرچان نەبوون و شکستی تازەیان نەهێناوە، لووتکەکانیان رێک و پێک و باری درێژ راکشانیان تایبەتی و قەرار دادەیە، بە گشتی لە باکووری رۆژئاواوە بۆ جنووبی رۆژهەڵات واکشاون زنجیرە گرینگەکانی ئەم چیایانە لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات ئەمانەن: دەلاقانی (١٤)، پەڕۆ (١٥)، هۆڵانە کە لە جنووبەوە بە کێوە سپییەوە دەنووسێ، کەڵلە، کێوی پەڕ قرمز، ئەم کێوانە بە شێوەیەکی گشتی بەرزاییان کەمە و رێک وپێکن، پاش ئەم زنجیرانەی باسمان کرد کێوی داڵەهۆ وبالۆوڵ هەڵکەوتوون. ناوی زاگرۆس ئەگەر چی جارجارە بە هەموو زنجیرە چیاکانی رۆژئاوای ئێران دەگوترێ بەڵام ئەوەی راست بێ یوونانییەکان لەو ناوە بە تایبەتی مەبەستیان کێوانی داڵەهۆ و بالۆوڵ بوە و ئەو دوو زنجیرە کە هەر لە کۆنەوە سەرنجی خێڵە ئێرانییەکان بوون، یوونانییەکانیش ناسیویانن. بێجگە لەو دوو زنجیرەیە چەند زنجیرەیەکی کەم بەرزایی وەکوو (کیالوو) و (ئەوا) و (سونبلە) و (شاکۆ) لە سنووری ئێران و عێراق و تورکیا (١٦)

ل ٧١ ←

١٠ـ هەر لەبەر ئەمخوڕییە لەم مەڵبەندەدا پێی دەڵێن (کافرۆن).

١١ـ دەربەندی ئالان لە دوایی ئەو کێوانەدا هەڵکەوتوە کە لە ئێرانەوە چوونە ناو خاکی عێراق و رێگای پێوەندی کوردستانی موکریانە لەگەڵ مووسڵ، ئەم دەربەندە کە چۆمی (زێی بچووک)ی پێدا دەرباز دەبێ هەر لە کۆنەوە رێبازی خێڵەکۆچەرەکان و زۆر بە ناوبانگ و گرینگ بوە.

١٢ـ ئەم زانیارییانەی کە دانەر بۆ رێبازی (زێ)ی باس کردوون زۆر ئاشن

١٣ـ پەس ئاوا: تەحریفی پەزئاوایە لە دوو وشەی پەز بە مانای مێگەلەمەڕ و ئاوا بە مانای ئاوەدان کەرەوە پێک هاتوە.

١٤ـ دەلاقانی، رەنگە (دڵ قانی) بە مانای کێوی دڵ خوێن بێ و لەبەر ئەوەی خاکەکەی گڵە سوورە وای پێ گوتراوە

* لە سەردەمێکدا ئەم نامیلکە نووسراوە، هێشتا ناوی کرماشان نەگۆڕاوەو نەبۆتە باختەران.

١٥ـ بەردە نووسی بەناوبانگی داریووشی گەورە کە بە خەتی پەهلەوی باسی سەرکەوتنەکانی ئەو پاتشایەی تێدا نووسراوە لە داوێنەی کێوی (پەڕۆ) یە.

١٦ـ لام وایە لێرەدا نووسەر بە سەهو چوە چونکوو کە باس باسی شاخ و چیای کرماشان بێ هەر سنووری ئێران و عێراق دێتە مەیدان. جا نازانم ئەگەر ئەم کێوانەی باسیان دەکا کێوەکانی لای (مەرگەوەر) نەبن. دژواری دۆزینەوە لەوە دایە کە ئەم جۆرە نووسەرانە ناوی جێگا و شاخ و ... وەردەگێڕنە سەر فارسی و ... ناسینەوەیان بۆ یەکێکی شارەزای مەڵبەندەکە نەبێ زۆر دژوارە.

بەهار

مامۆستا خالە مین - بەرزنجی

گوڵ و مولان دەپشکوێنێ
ڕەنگی جۆراوجۆر دەنوێنێ

کانی وشک دەجمێنێ
کۆتر جووت بوو و دەگمێنێ

جریوە جریوی جۆلەکانە
قاڕەی سیسە و پۆلەکانە

ماڵاتی وەسەما دەخا
کوڕ و کیژ وە تەما دەخا

هەرچەند بڵێی هەوا خۆشە
لەسەر کانیان نۆشا نۆشە

لە زەنوێران هەڵپەڕینە
بە بڕۆیان تێک را خوڕینە

ئەوەی نەتدیوە دەی بینی
هەر شادییە و خۆ نوێنی

ئاڵەکۆک سەر وەدەر دەنێ
گەزیزە پێی پێ دەکەنێ

تەیر لە گەرمێنێ دێنەوە
لە چۆمەلان دەسێنەوە

ئاوهەڵدێر گوێیان کەڕدەکا
ئی هێدیش فێری شەڕ دەکا

شەماڵ بە هەڵمەتهاتەوە
داران ئاوس دەکاتەوە

کێوی لە کولێنان سەر کەوتن
گۆپاڵیان لە خیز دەرکەوتن

بولبول دڵی چلان دەدا
دڵی بە چەند گولان بدا

زەردەی تاوێ بۆ وا جوانە
لەسەر پەلکی ئەو گوڵانە

ڕێواس و کارگ و کەنێرە
شەوبۆ، وەنەوشە و شلێرە

هەڵز و مەندۆک و بیزایە
بیزا وەک بەژنی زیبایە

لەسەر شینکە و سەر پەلکی گوڵ
ئاورنگ کەوتوە زەنگوڵ زەنگوڵ

بۆنی تێکەڵاوی گوڵان
زیندوو دەکاتەوە دڵان



ڕەپستە کەروێشکەی دەکا
ماڵات تەواو چێشکەی دەکا

زیڕەی هەڵۆ و قاسپەی کەوێ
زەینێ ڕاوکەر نیوە شەوێ

بە بنە و کەو و دەزگاوە
بۆو بەستەزمانەی داو ناوە

جار جارەش لە چیا ولە ڕازان
ڕاو دەکا شمقاڕ و بازان

یاخودا تووڕەکەت بەر باد بێ
هەرچی گرتووتە ئازاد بێ

دیوتە زەویش چون دەجمێ
بە هۆی بارانە و نم نمێ

هەرچی تێیدا سەر دەر دێنێ
خۆی بە دونیایە دەنوێنێ

لە گرتووخانەی خاکی وەش
دێتە دەرێ پاراو گەش

بەهار گشتی ئازادییە
ئازادی خودا دادییە

بە فەرمانی خودای گەورە
بایە و تێرا خوڕی هەورە

بۆ هەر جێگا مەیلی بێنێ
بە کشت و کاڵدا دەڕشێنێ

ئەو دیمەنە چەندە جوانە
ئاخ گیان! لە سەر سوێی ژیانە

زەوی وەک بەهەشت خەملاوە
پیر چی بکا داتولاوە

پەسنی بەهار نایە دوایی
بۆ خۆ ماندوو کەم خۆڕایی

بەڵێ لە باسی بەهارێ
لادەین جارێ با ببارێ

چون وەک گۆمێکی بێ بنە
ئەوی چەند شیعری منە

کتێب و نووسراوان بێنە
هەزاران شیعری بێ وێنە

پێی هەڵگوتراوە ونووسراوە
من چیم گاوانێک لە دواوە

بووکی یەکشەوە

هەستا چوو دیوە تایبەتییەکەی خۆی، زوو جلە کوردییە جوانەکەی داکەند و جلی ئیدارەی لەبەر کرد تا بچێتە بیمارستان. دایکی خەریکی هەڵوێژاردنی دیوی بەردستان بوو کە دیتی بە پیکەنینەوە گوتی:

- ئەیەڕۆ پەری بەو جلانەوە دەڵێی باڕۆکەی کلک کێشراوی.

پەری وەڵامی دایەوە:

- دایە بەو جلانەوە لە بیمارستان باشتر دەتوانم هەڵسووڕێم،دەنا لیباس ئازادە و دەتوانم بە جلی کوردیشەوە بچمە بیمارستان. دایە دەمەویست عەرزت بکەم ئەگەر ئێوارێ درەنگ هاتمەوە نیگەران مەبە و دنیات لێ نەبێتە چەرمی چۆلەکە، خاتر جەم بە، نە ون دەبم نە کورگ دەمخوا لە ماڵە کاک شەهابی خۆمان بانگ کراوم نەهاری لەوێ دەخۆم و پاش نیوەڕۆ دێمەوە. رەنگە باپیریش بێتەوە دوێنێ تەلەیفوونی لێ کردم وگوتی: کارەکەم تەواو بووە.

دایکی گوتی:

- رۆڵە گیان! بڕۆ بە خوا وپێغەمبەر و پیاو چاکانم ئەسپاردی. دەزانم نە کورگ دەتخوا و نە لەو شارە گجکەدا ون دەبی. بەڵام وڵاتەکەمان ئاڵۆز پلۆز و هەرچی و پەرچییە بە خوای تا دەگەڕێیەوە هەموو رۆژێ دڵم لە مستێ دایە. ئەمما رۆڵە تۆ قەبرێکی بابت تێی چووە هێندە نێرگس عەزیەت مەدە، زۆرم خۆش دەوێ، ژنێکی سەنگین و لە سەرەخۆ و بێدەنگ و بەستەزمانە. سەری ماوێژە سەر، فەقیرە، بەخۆیدا دەشکێتەوە و دڵی دێشی،گوناحت دەگاتێ.

- دایە گیان ئەتۆ ئەو گێلە دەبنەوە بڕەت نەناسیوە. بە قەستی لە مەجلیسان خۆی وا نیشان دەدا، دەنا وەک ماری سوججە بە گژ ئێمەدا دێتەوە و گەزارەی نیو گەز دەر دەکێشی و شۆرت و شۆمان دەر دێنێ و کارێکمان پێدەکا با بە دەواری شڕی ناکا. نازانی کاک شەهابی هەژاری چۆن کون دە جەرگ کردوە ؟.

- کچێ دە مەبڕێسە ئەو ژنە فەقیرە مێشی لەبەر دەمی نافڕێ چۆن بەری نێو و نرکە و تەوس و لاتاوی دیل بیلان و چەختی وەک تۆ دەگرێ؟.

- دایە گیان بۆ خۆت دەزانی لە منداڵییەوە دەگەڵ نێرگس دەستە خوشکم قەتمان دڵ لە یەکتر نەیەشاوە.دەزانی قسەکانی من هەمووی گاڵتەی دۆستانەی نێو خۆمانە دەنا راست دەکەی نێرگس بە راستی ژنێکی چاک و دڵپاکە.

ئەوەی گوت و خودا حافیزی لە دایکی کرد و رۆیشت. تا گەیشتە دەرکی حەوشە دایکی لە پەنجەرەوە تێی دەفکری و دەیگوت:

" دەک دایکت بە قوربانی ئەم گفت و لفتە خۆشە، ئەم بەژن و باڵا بەرزە و ئەم رەوت و لەنجە جوانە بێ.یا ڕەبی رۆڵە ئەوەندەی منت لێ رازییە خوداش ئەوەندەت لێ رازی بێ، یاخوا روو سووری دنیا و قیامەت بی. بە بەختی چاک بی، دایک مەرگت نەبینێ.خودا یا شوکرانە بژێرم ئەگەر سوارەت وا زوو لێ ئەستاندمەوە، ئەم جووتە گوڵە، ئەم کچ و کوڕە باشەت داومێ.

کاک سواری مێردی دێد ئەستی و باوکی پەری و باپیر، پیاوێکی باش، خێرەومەند، قسە خۆش و تێگەیشتوو بوو. ئەگەرچی نەخوێندەوار بوو، بەڵام بە قەد حەوت مەلایانی دەزانی. چونکە بۆ خۆی زۆر زرینگ و وریا بوو و هەمیشەش وەختی بێکاری خۆی لە حوجرەی فەقێیان یا لە خزمەت مەلایان رابوارد بوو. تا لە دێ بوو زستانان هەر ئەو بانگی دەدا و قامەتی دەکرد. شەوانەش بێ شەو بوێر دەچوە حوجرەی فەقێیان و بەو دەنگە خۆش و زوڵاڵەوە لاوک و حەیران و بەیت و باوی کۆنی بۆ دەگوتن و شت لەوان فێردەبوو. بەیانان پێش مجێور دەچوە مزگەوت، چرای هەڵدەکرد کوورەی پێوە دەنا و بەرماڵی رادەخست و کە نوێژ دەبوو بانگی دەدا. کە جەماعەت سەفی دەبەست ئەویش قامەتی دەکرد.

کاک سوار دەوڵەمەندترین ئامپای ئاوەدانی بوو، بەڵام چڵکن دەوڵەمەند نەبوو، سەخی و بە دڵ و دەس بڵاو بوو، حەوتووی جارێک مامۆستا و فەقێکانی بانگ هێشتن دەکرد. لە هەموو کارێکی خێردا پێشەنگ و پێشقەدەم بوو، کەیخودایەکی باش بوو، خەڵک رێزیان لێ دەگرت و قسەیان قەبووڵ دەکرد، کێشە و نێوان ناخۆشی ئاوماڵانی عادڵانە جێ بە جێ دەکرد. ئیرەئی بە کەس نەدەبرد.

کاک سوار هەمیشە خاوێنترین



بەهۆی پەکستەوە

و باشترین کەوا وپانتۆڵی دەبەر دەکرد. مام وسووی برای بەسەر کشت و کاڵ و مەڕ و پاتاڵ رادەگەیشت و کاکە سوار کاری زۆر سووکی وەک پاراو و شتی وا نەبا چی نەدەکرد.

کاکە سوار پیاوێکی کەڵەگەت، بەشان و باهۆ و سوار چاک بوو ، هەمیشە ئەسپ و ماینی زۆر رەسەن و باشی رادەگرت و لە جلیت و رمبازی و شەرانخێوبدا کەس نەیدە گەیاندێ. کە مەدرەسەیان لە گوندەکەیان دانا کوڕ و کچەکەی خۆی ناردە فێرگە. مودیری هان دەدا کە دەرس باش بلێ و هێندەی ئیحترام دەگرت و چاکەی دەگەڵ دەکرد کە مودیر شەرمی دەکرد بەقسەی نەکا . منداڵەکانی زۆر زیرەک وهوشیار بوون و چاکیان دەخوێند. ساڵی ١٣٤٧ کە ئووەیسی کوشتارگای لە جەڵدیان دانا و مام وسووی بەستەزمانی بە تاوانی ئەوەی کە دەستەیەک چەکداری شەوێک لە تاولێ راگرتبوو گرت و پاش چەند رۆژ تیرەباران کرد. کاکە سواریش مەڕ و پاتاڵ و ئەسپ و ماینەکانی فرۆشت و دەستی لە جووت و ئاژەڵداری هەڵگرت و لە نێو شار خانوویەکی گەورە و خۆشی دروست کرد و دووکانێکی بەققالی دانا . لەوێش لە خێر و چاکە و هات و چۆی مەلا و فەقێیان کەمی نەکردەوە. هەر پێنج فەرزەی بە جەماعەت دەکرد. بەڵام دەستی لە گوتن هەڵگرت . دووکانەکەی بوو بە مەکۆی ئەدەبدۆستانی شار. ئەو کەسانەی ئاشقە ئەدەب بوون، ئێواران لە دووکانی کاکە سوار کۆ دەبوونەوە ، ئەویش نوکتەی شیرین و قسەی خۆشی بۆ دەگێڕانەوە و بەیت و لاوک و گەلۆ وحەیرانی فێر دەکردن. ئەوانیش شیعری شاعیرەکانی کوردیان بۆ دەخوێندەوە ، سەیر ئەوە بوو، ئەو پیاوە نەخوێندەوارە مانای زۆر بە رێ و جێی لە شیعرە جوانەکان دەداوە و رەختەی زانایانەی لە شیعری هێندێک شاعیر دەگرت کە بە راستی جێی سەرسوڕمان بوو .

کاکە سوار تان و پۆی لە سەر وریش کەوتبوو. بەڵام هیچ شوێنەواری پیری پێوە دیار نەبوو. دووکانەکەی زۆر بە رمێن بوو چونکە هەموو کەس تێگەیبوو کە راست و دروست و بێ فرو- فێڵ و هەرزان فرۆش و دەس خاوێنە. هەموو خەڵکی دێهاتی دەور و بەر و رووناکبیرانی شارەکەمان سەودایان هەر لەوێ دەکرد. کاکە سوار دەیگوت راستە ئیعدامی مام وسوو پشتی شکاندم ئەوەی ئەو لە کشت و کاڵ و مەڕداری دەیزانی من نەمدەزانی ، بەڵام هۆی دەس لە جووت و گا و ئاژەڵداری هەڵگرتنم ئەوە بوو کە بتوانم بە منداڵەکانم بخوێنم تا پێ بگەن و تێ بگەن .

خوا هەڵناگرێ کچ و کوڕەکەشی جگە لەوەی ئیستیعدادی باشیان هەبوو چاکیشیان دەخوێند. تا ئینقیلابی پیرۆزی ئێران دەستی پێکرد هیچیان زۆر ناسراو نەبوون ، بەڵام لە سەر و بەندی ئینقیلابدا خۆیان دەرخست . بەتایبەتی پەری کە هەزاران شیعری حەماسی کوردی لەبەر بوو. هەمیشە لە ریزی پێشەوەی خۆپیشاندانەکاندا بوو و بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرە شۆڕشگێڕەکانمان خەڵکی هان دەدا . دەنگ خۆشی و زمان پاراوی لە باوکی بە میرات گرتبوو. تۆڵەی مامیشی لەو ریژیمە بۆگەنە لە بیر نەچووبۆوە .

پاش ئینقیلاب بۆ درێژەدان بە خوێندن چوە تاران و بوو بە نێرس و گەڕاوە بۆ شارەکەمان کە ژیان لێرەدا بێ مەترسیش نەبوو. بەڵام پەری خزمەتی خەڵکی بێ دەرەتان و هەژاری بەلاوە گرینگ بوو. لە بیمارستان کەس نەبوو دوعای خێری بۆ نەکا و خۆشی نەوێ چونکە بە دەردومەرگی هەموو کەسەوە بوو.

با پیر سالێکی مابوو زانستگە تەواو بکا و ببێتە موهەندیس کە کاکە سوار لە بۆمبارانی شارەکەماندا لە بەر دەرکی مزگەوت شەهید کرا و خەڵکی شار بە تایبەتی کەس و کاری خۆی تازیەدار و ماتەمبار کرد.

* * *

بیست دەقیقەی بۆ وەختی ئیدارەی مابوو کە پەری گەیشتە بیمارستان حەوشەی بیمارستان لە نەخۆش وبرینداران زاوەی دەهات. تەماشای کرد جەندەکێک لەسەر دارە مەیت لە بەر دەرکی بیمارستان داندراوە، سلاوێکی کرد و پرسی:

- ئەم جەندەکە چیە ؟.

پیاوێکی قەیرە لاوهاتە پێش و گوتی:

- بیلا مانی ئەو خێزانی منەو لە سەر تراکتۆر هەلدێراوە و هەموو لەشی هاڕدراوە و بێحالە.

پەری بزەی لەسەر لێو نەما و بە کابرای گوت بیهێنە ژوور بزانم چی لێ قەوماوە ؟ بە چوار کەسان دارە مەیتەکەیان هەلگرت و بردیانە دیوی چاوە نۆڕی دوکتۆر. لێفەو سیپالەکانیان لێ کردەوە و لەسەرنیو تەختێک رایان کێشا. پەری تەماشای کرد و تێگەیشت بە حاڵ ماوە و بە زەحمەت پشووی دێ. لە مێردەکەی پرسی :

- ئەوە بۆ وای بە سەر هاتوە ؟.

- خانم گیان دوێنێ ئێوارێ بە تراکتۆر دەچووینەوە، تەراکتورەکەم کەمێک چەپەی کرد و ئەوەش وای بەسەر هات بە نۆکەرت بم عیلاجیکی بکە. سێ منداڵی سەر و پێچکەم هەیە و کەسم نیە چاوەدێریان بکا.

پەری لێوی خۆی گەست، بەلام چی نەگوت. لەو حالەدا دوکتۆر هات و ئەویش چاوێکی لە بریندارە نیوە گیانەکە کرد و گوتی:

- زوو بیبەنە دیوی عەمەل.

پەری هاتەوە نێو خەڵک کاک شەهابی پزیشکیاری دەگەڵ بوو، گوتی:

- شوکر ئێوە چاکن و ئەوە کاک شەهاب تەماشاتان دەکا. ئەوەی زانی پێویستی بە موعاینەی دوکتۆرە رایدەگرێ و ئەوەی بۆی دەرمان کرا دەرمانی دەکا دەبێ ببوورن ئەو ژنە حالی باش نیە و رەنگبێ عەمەلی بوێ و وەختی دوکتۆر زۆر بگرێ.

پاش سەعاتێک پەری هاتەوە نێو خەڵک، بزەیەکی شیرنی لە سەر لێوان بوو مێردی ژنە بریندارەکەی بانگ کرد و گوتی:

- مزگێنیم دەیە ژنەکەت لە مردن رزگاری هات و رەنگبێ پاش دە رۆژی دی بگەڕێتەوە مالێ. بەلام کاکە گیان! ئەو دەمی کە لە ژیانی ژنەکەت دلنیا نەبووم دلم نەهاتسەر کۆنەت بکەم. ئێستا کە شوکر مەترسی و نیگەرانیم نەماوە پێت دەلێم تەراکتۆر بۆ زەوی کێلان دروست کراوە، نەک بۆ موسافیر کەشی. ئێوە تاکەی دەس لەو تەماعە هەلناگرن و ژیانی خۆتان و خەلکی دەخەنە مەترسیەوە.

کابرا زۆری دۆعای خێر بۆ پەری کرد و بەلێنی دا کە لەوەی پاش موسافیر سواری تەراکتۆر نەکا.

نیزێک سەعاتی سێ لە بیمارستان نەجاتمان هات وێکرا بەرەو مالی کاک شەهاب کە زۆر لە بیمارستان دوور نەبوو وەرێ کەوتین. خوشکە نێرگس چارشێوەکەی لە خۆی وەرگرتبوو و چاوەڕوانی ئێمە بوو. کە نیزیک بووینەوە خوشکە پەری بە دەست ئیشارەی بۆ کاک شەهاب کرد و ئەم شیعرەی بە دەنگێکی بەرز خوێندەوە :

هێندمونتەزیری تۆبووهەتا چاوی سپیبوو
نێرگس کەلەسەرپێک قەدەم ودیدەچەقیبوو

ئەم شیعرە ئەوەندە جوان و بە جێ بوو کە هەموومانی سەرەڕای ماندوویەتی و برسایەتی وە پێکەنین خست. نێرگس چەمۆڵەیەکی لە پەری نا و گوتی:

- جەرگت رەش بێ کچەتێوە دەم هەراشە هەر دەقسەی زەلامت کردوە. خۆلت وە تر و تیتۆلان بۆیە تەشک ودا وێنت وا جوانە... پەری پێکەنی و گوتی :

- بەسی برێسە، وەرە پاروویەکمان نان بدەیە هەموو لە برسان لاترەی دەبستین، بۆ خۆت تا ئێستا حەوت جەمت کردوە. رەنگە ئەوەی خەز و بەز بێ بۆ خۆت لرفت دابێ. دەک نەوست دەبەرپێت کەوێ.

پاش ئەو شەڕە دندووکە کە ئێمە چووینە سەر ئەوان دەستیان دەستۆی یەک کرد وەک دە سال بێ یەکتریان نەدیبێ کەوتنە رامووسینی یەک. من هەر دە فکر شیعرەکە دابووم ونەمدەزانی ئی کام شاعیرە ؟ گوتم :

- باجە پەری تۆ خوا ئەم شیعرە جوانە ئی کام شاعیرە؟.. پێکەنی و گوتی :

- ئەگەر پێتان دەلێم زیاتر موتالا بکەن بۆ ئەوەیە. ئەگەر کەمێک شارەزای ئەدەبی کوردی بای دەتزانی ئەم شیعرە جوانە ئی(نالی) شاعیری مەزن و بە ناوبانگی کوردە.

تا نەهارمان کرد و پێکەوە بووین هەر لە سەر شیعری کوردی دواین هەموومان لە شارەزایی و شیعر ناسی و



زەوقی ئەدەبی ئەم کچە سەرمان سور ما ، زەردەی هەتا و بەحاڵ لەسەرترۆپکی کێوە بەرزەکان مابوو کە خوداحافیزیمان لە خوشکە نێرگس و کاک شەهاب کرد و لە حاڵێکدا هێشتا پەری گاڵتەی بە نێرگس دەکرد و ئەویش جوابەجەنگی دەکرد بە پێکەنین لێک جوێ بووینەوە و بەرەو ماڵ چووینەوە .

پەری کە گەیشتەوە بەر دەرکی خۆیان و شوێنی تەگەرە ماشێنی دی زانی کە ئەوە ماشینی خوازبێنی کەرانە کە موهەندیس پیرانی ناردوونیە سەر پەری. دوو مانگ لەوەی پێش موهەندیس کاغەزێکی بە ئەدەب و جوانی بۆ پەری نووسیبوو و داوای لێ کردبوو ئەگەر پێی خۆش بێ دەنێرێتە سەری. پەری کە یەک دوو جار زیاتر موهەندیسی نەدیبوو لە وەڵام دانەوەدا پەلەی نەکردبوو و کاغەزەکەی بە کاک شەهاب کە دەیزانی دوستێکی باش و بە ئەزموونیەتی نیشان دابوو. کاک شەهاب بێ ئەوەی ئەم رازە لە کن کەس بدرکێنێ تەحقیقی تەواوی لە سەر موهەندیس کردبوو و بۆی دەرکەوتبوو کە موهەندیسیش وەک پەری خەڵکی لادێیە و لە سایەی وریایی و زانایی خۆیەوە بۆتە موهەندیسی کشت و کاڵ و ماڵی باوکی هێشتا هەرلە گوندن و وەک خۆمان کرمانجن و لە هەموو بابەتەوە لایقی هاوسەری کچێکی وەک پەرییە و چەند رۆژ پێشتر وای کردبوو کە بە حوزووری ئەو لە جێگایەک یەکتر ببینن و قسەی خۆیان روو بە روو تەواو بکەن و هەر دووک یەکتریان پەسەند کردبوو و قەراریان دانابوو ، لەو رۆژە دایک و پووری موهەندیس بچنە خوازبێنی و تامی زاری دێد ئەستی و موهەندیس باپیر بزانن . کاک شەهاب ئەو میوانیەی بەو مەبەستە کردبوو کە پەری ئەو رۆژە لە ماڵ نەبێ .

بە ئەسپایی دەرکەی کردەوە و چوە ژوورتەماشای کرد دایکی و خاڵە خەدری و باپیر لە دیوی بەردەستان دانیشتوون خاڵە خەدری پاشەهید بوونی باوکی بەسەر دوکانەکەیان رادەگەیشت ـ کە وە ژوور کەوت هەر سێک لە قاقای پێکەنینیان دا و دایکی گوتی :

ـ بی بی جان خانم چۆن کەڵەکی واشت لە بن سەرێ دان؟ .

پەری شەرمێکی کچانە دایگرت وسوور هەڵگەرا و سەری داخست و یەکسەر چووە دیوەکەی خۆی و جلەکانی گۆڕین و بە خەیاڵ بوو ئەمشەو لە دیوەکەی خۆی وەدەر نەکەوێ . بەڵام زۆری پێ نەچوو دایکی هەرای کرد :

ـ پەری گیان ! ماڵی بابم ، لەوێ بە تەنێ چ دەکەی وەرە ئێرە .

پەری بە شەرمەوە چوە دیوی بەردەستان و بە ئەدەب دانیشت . دایکی گوتی :

ـ رۆڵە گیان دەتزانی ئەمرۆ خوازبینی کەر هاتبوونە سەرت ؟ .

ـ بەڵێ دایە گیان ئاگام لێ بوو .

ـ وەڵڵا کچم دایکی ژنێکی وێچوو و کەیخودا ژنە ، بۆ خۆشی کە هەر لە ماشێندا دیم زۆر قۆزە . جا نازانم بۆ خۆت دەڵێی چی ؟ بەیانی دێنەوە تا جوابیان بدەینەوە .

باپیر هەڵیدایە و گوتی :

ـ خوشکێ گیان ! من پیرانی باش دەناسم کوڕێکی زۆر بە ئەدەب و پاک و چاکە ، مەدرەکی تەحسیلاتی بەرزیشی هەیە ، جا دڵی خۆت دەزانێ .

پەری لە بن لێوان گوتی :

ـ بۆ خۆتان دەزانن .

دایکی گوتی :

ـ ئەوە بۆ دەڵێی مانگی شەرمێتە . لە کەنگێوە وا شەرمێون بووی رەپ و راست بڵێ مێردی پێ دەکەم و رزگارمان بکە .

هەموو پێکەنین و ئیدی باسی ئەو مەوزووعەیان نەکردەوە . چەند رۆژ پاش باپیر من و کاک شەهاب و چەند کەسی دیکەی بانگ هێشتن کردبوو . لەپڕ مەلا و دوو فەقێ و پیرە پیاوێکی خاوێن و رەزا سووکی دێهاتی وەژوور کەوتن یەکێک لە فەقێکان دەفتەرێکی گەورەی لە بن هەنگڵدا بوو . لە بەریان هەستاین ، وە لای سەروومان خستن و لە سەر چۆکان دانیشتین . ماموٚستا سیغارێکی داگیرساند و رووی لە موهەندیس باپیر کرد و گوتی :

ـ ئاغا میرزا ! مام سمایل بابی ئاغای پیرانی یە و وەکالەتی شەرعی داوەتێ کە پەری خانم مارە بکا . ئێستا چ دەفەرمووی ؟.

باپیر گوتی :

ـ مامە گیان پڕ بە دڵ سوپاست دەکەم و ئێمە لە ئێوە هەر خزمایەتی خۆشمان دەوێ و ئیحتیرامی خوشکم و هیچی دیکە.

کورتی ببڕینەوە ئەوێ رۆژێ پەریمان لە موهەندیس پیرانی مارە کرد .

ل ٥١ ←

بەهار لە فۆلکلۆری کوردیدا ١.

مەحموود شکاک نیژاد *

دەڵێن بیری منداڵی تیژە ، وەبیرم دێ منداڵ بووم و تازە زمانم کرابۆوە و چاوم جوانی و ناحەزی یەکانی دەدیت و گوێم هاڕە و هاشە و گرمە و جریوە و سریوە . لاق و لەتەرم ڕەشەبای زستان و گەرمە بای شەماڵی هاوینی لێک دەکردەوە .

دایک و بابم هەر دووکیان دێ نشین بوون و پێیان دەگوتم لە نێو نۆقەنۆق و بۆڕە بۆڕی گامیش و مانگایاندا لە دایک بووم ، ئەو دەمی ژیان ساکار بوو ، شیرێژە و رون ، ماستی ڕۆژی و دۆی ترش ڕازێنەرەوەی سفرەی مالان بوون ، پلاو و گوشت و مریشکی سوور- کراوە یا شۆرباو مریشک مەگەر بە دەگمەن سالێ چەند جاران لێنرابان ماڵی وا بوو بە دوو مانگان جارێک ئاوی گەرمیان بە خۆوە نەدەدیت بەڵام ،

بەڵام هەموو ڕۆژێ چەند جار دەنگی بالۆرەی کیژانی وەک ئاسکی سڵی چاو ڕەش لە سەر کانیاو و بەر بێر گوێی دەلا واندەوە و تووڕەی شمشاڵی شوان تێکەڵی بارە باڕ و بێڵە بێڵ و حیلە- حیلی مەڕ و بزن و ئەسپان دەبوو .

وەبیرم دێ وادەی کاکێشان بوو هەر جووتیارەی خەڵە و خەرمانێکی هەبوو جووتە کەڵی لە نزیک جێخون و خەرما- نان بەرەڵڵا دەکرد و بە بای شەماڵ خەرمانی هەڵداوێشت و گەنمی سووری لە کای سپی جوێ دەکردەوە ، هەر لەو وەزعەدا بوو کە جارجارە بێ دەنگی سروشت بە شریخەی خەرەزەن یا بە لەقە لەقی کەڵەوە و جیرەی تەگەری عارەبە یا بە دەنگی خۆشی بەیت بێژێک تێک دەچوو ، ڕاستە کە شەو و ڕۆژی ئاسمانی دێ مەیدانی باڵەفڕە و هات- و چوونی مەلانی خۆش ئاوازە بەڵام زۆر جاران لە نیوە شەوان ، یا لە تاریک و ڕوونی بەیانی یا لای خەوتنان دەنگێکی خۆشترم گوێ لێ دەبوو ، دەنگی دی نشینێک یا پاڵەیەک کە لەمەزرایە دەگەڕاوە و لە بەر خۆیەوە دەستی دەکرد بە گوتنی هەوایەک ، یا بەیت و مەقامێک . یەک بە تاقی تەنێ خۆ لە پۆتەی دەبڕی و بە یادی یاری چەلەنگی بە سەر و گوێلاک شکاوی مەم و زینی دەگوت ، ئەوی دی لاس و خەزاڵ ، بەیتی ئیمامی عەلی ، دم دم ، حەیران یا بەهارە و پایزە ! دڵەو مەکۆی غەم و شادی ، هەر چی بێ دەبێ هەڵڕژێ....

ئەوڕۆ کە دونیای بە نێو پێشکەوتوو و نوقم کراو لە ئاسنەواڵە و باروت دەرفەتی هەناسە هەڵکێشانی بۆ کەس نەهێشتۆتەوە ، ڕاستە دێ هەر ئەو دێیە کە لە پێشدا بوو بەڵام سەر جێخون و پەرێز و ئەو جۆرە جێیانە بوونەتە پێخوستی تەگەری تراکتۆر و کومباین، ماکینەی بژارە وار و تۆوچێن و هاڕە هاڕ و خڕەخڕی وانەش تەواوی بەیت و بالۆرەکانی لە گەرووی دێ نشینی دڵتەڕدا خنکاندووە و هەر عەلی کەردارێک یا حەمەی بەیتانێک پەیدا دەبن ژیان وماڵ و حاڵی خۆیان بە پاراستن و گوتنەوەی وان ببەستنەوە .

منیش وام بە پێویست زانی هەر نەبێ دوو مقامی بەهارە و پاییزەیان لێ بنووسمەوە هەتا سەرەڕای ئەوەی کە دەنگیان لە نێو گرمە و هەرای شارستانیەتی دلڕەقدا ون بووە نێویان بمێنێ و لە مێژووی ئەدەبی گەلەکەماندا تۆمار بکرێ .

بە کورتە باسێک لە سەر بەهارەی

---

* کاک مەحموودی شکاک نیژاد یەکێک لەو زانا دڵسۆزە کوردانە یە کە زوو بە هاوارمانەوە هات و نووسراوەی بە کەلکی بۆ ناردووین . ئەوەی لەم ژمارەدا چاپ کراوە و ئەو بۆی ناردووین بەهارێکە کە بە بڕوای ئێمە زۆر کۆنە و زۆریش جوانە بەڵام شارەزای فۆلکلۆری ئەدەبی ئێمە لای وایە ، یەک : ئەم بەهارە شاعیرەکەی نەناسراوە و ئی ئەحمەدی کۆر نیە . چونکە دەگەڵ سەبکی ئەو شاعیرە ناسراوە یەک ناگرنەوە . دوو : چاوەڕوانی ئەوەین لەوەش زیاترمان لە بارەی ئەو بەهارەوە پێ بگا . شتە جوانەکانی دیکەی کاک مەحموود بۆ ژمارەکانی داهاتوو هەڵدەگرین و هیواداریین درێژە بە هاوکاری خۆی بدا .

حەمەی بەیتان " محەممەدی غەززالی" وەکی لە دوایین بەشی مەقامەکەوە دەر دەکەوێ ، حەمەی بەیتان ئەو شیعرانەی لە فەرهەنگی فۆلکلۆری دەر نەکێشاوە و لە شیعرەکانی خودا ـ لێخۆش بوو ئەحمەدی کۆرن ، بەڵام هەرچی گەڕایین نەمانتوانی سەرچاوەیەکی رەسەن لە ئەحمەدی کۆر ببینینەوە و شیعرەکانی پێ راست بکەینەوە .

راستە شاعیر لەو شیعرانەدا خۆی زۆر لە رێ و شوێنەکانی عەرووزی نەداوە و پتر پاڵی وە ئاهەنگ و رێک کردنی دوا وشە داوەتەوە و هەوڵی داوە ئاخری میسرەعەکان یەکتر بگرنەوە کاک حەمەی بەیتان وادیارە لە چەند جێگایان بۆ ئەوەی ئاهەنگی شیعرەکانی لە دەست دەرنەچێ لە خۆیەوە چەند وشەیەکی تێ هاویشتووە وەک"ئەزهەڵگرت" یا خۆی هاوێشتۆتەوە نێو شێوازی بەیت و باو لەبەر ئەوەی خۆی لە بەیت بێژە بە نێو بانگەکانی ناوچەی موکریانە زۆر بەیتی کوردی گوتووە و لە سەر شریت تۆماری کردوون . بەڵام هەر چونێک بێ کاک حەمە لەو مەقامەدا توانیویەتی بە جوانی دیمەنی نیشتمانی کوردان نیشان بدا و هەست و ویستی سەرەکی و ساکاری کورد لە ئاهەنگ و قسەدا بنەخشێنێ .

کێیە چووبێتە دوڵی هەوشینان، هومام و بایز بەگان ، شەڵماش و کاژێ، یا سەری قەندیلی مامە کۆیان و ......و بەهاری رەنگین لەو ناوچانەدا سەرسووڕ ماوی نەکردبێ و بۆنی هەزاران هەزار گوڵ و گیای بۆن خۆشمەستی کری کردگاری نەکردبێ ، راستە هەز کاک حەمەی بەیتان بەهارەمان بۆ دەڵێ ، بەڵام دەنگی ئەو بەیت بێژە خۆشی لە خۆ نەدیوە بەسەر هاتی تاڵی و شیرنی گەلێکمان وەبیر دێنێتەوە کە بە دەیان و سەدان و هەزاران ساڵە پالیان وە رەوەزە بەردی ئەو ناوچانە داوەتەوە و دەمێک هەناسەی بێ بەشی هەڵدەکێشن و سەردەمێکیش چاویان بە پشکووتنی هەزاران گوڵ خونچە روون دەبێتەوە .

ئەوەش دەقی بەهارە کە لە دەنگی حەمەی بەیتان هەڵگیراوەتەوە .

مەکەن مەنعی عاشقان عیشق کاری دیژوارە
هەچ کەس عیشقی دەر دڵ بێ بێ سەبر و بێ قەرارە
دەعیشقیدا سووتاوم غەمم لە چوار کەنارە
گەلۆ دەردان ئەز هەڵگرت ساتێک ناگرم قەرارە
دڵم چەندە لە جۆشە و ئەسرینم دینە خوارێ
شەو و رۆژ ناسەبرێنم لەبەر غەمی دەیارێ
مەگین بەوەی ساکین بم بە رەنگی دە بەهارێ
مزگێنی بێ لە دۆستان لە برادەران دەڵێن ئەورۆ بەهارە

بەهارمان چەندە خۆشە دەڵێن ئەورو هنات بەهار
دەیەن تەیری دەڕەنگین جووت بەجووت بوون بەقەتار
زەینێ لە دم شەت ئاوان لەوانم دی چەند هەزار
دە عیشقی دا سووتاوم ئەی گەلی یار یار
ئەو بەهاری وا رەنگین لێم بوو بە بازاڕ وشار
مزگێنی بێ لە دۆستان لە برادەران دەڵێن ئەوڕۆ بەهارە
غەمم لە دڵی چەند زۆرن با بڕۆن دەگەڵ زستانێ
هەوری دەرەش دەهاتن دەگرن بەری عاسمانێ
لە گوڕەی دە شەماڵی لە رێژنەی دە بارانێ
کوێستان ئاوا بوو دەتەمدا ئەوەڵ مانگی نیسانێ
مزگێنی بێ لە دۆستان لە برادەران دەڵێن ئەوڕۆ بەهارە

لەو کوێستانی دە عەزیم چەندم لێ کرد خەیاڵە
بولبول لە چوار کەناران ، بۆنیان دەهات هەڵاڵە
کەسک و سوور بوون وەنەوشە سومبول بەتافتەی ئاڵە
لە بەر بۆنی وەنەوشان دەکەوتن بە بێ حاڵە
مزگێنی بێ لە دۆستان لە برادەران دەڵێن ئەوڕۆ بەهارە
لە بەر بۆنی وەنەوشان لەو هەناسەی شی بایە
بۆنی گوڵان دەهێنێ تێکەڵ بوو لە سەحرایە
مەدحی بەهارێ یاران هەرگیز لە تاریف نایە
مزگێنی بێ لە دۆستان لە برادەران دەڵێن ئەوڕۆ بەهارە
لەو کوێستانی دەوا رەند دڵی منە حەزینە
گوڵبون لە دەم رووباران جوان دەبوون بەپەرژینە
با بێنی گوڵان ببیەن هەچ کەس دڵی غەمگینە
ئەو گوڵی دە دنیادا وەفایان بۆ کەس نینە
مزگێنی بێ لە دۆستان لە برادەران دەڵێن ئەوڕۆ بەهارە
لە سوێسنەی دە ساوا تازە لە من سەر دەدا
کەسک وسوور بوون وەنەوشە سوورگوڵ بەتافتەیزەردە
مێلاق و خاشخاشک ئەتڵەسی سوور لە بەردا
ئەو دونیایەی وا رەنگین وەرە دەستی لێ بەردە
مزگێنی بێ لە دۆستان لە برادەران دەڵێن ئەوڕۆ بەهارە



بەهار لە فۆلكلۆری كوردیدا (٢)

كەریمی قەلیووەی

لێرەدا دووەمین نموونە لە شیعری فۆلكۆری بەهار كە بە دەستمان گەیشتوە بڵاو دەكەینەوە تا ئەگەر خوێنەر ئاگاداری یەكی زیاتری لەسەر ئەم شیعرە هەیە بۆمان بنووسێ یا رەخنەبگری ٠

ئەگەر لە راستی لانەدەین سروشت و تەبیعەت لە بەهاردا ئەوەندە جوانە كە هەر حی بەدڵ تێی فكرێ دەتوانێ بەشێوە-یەک هەستی دەروونی دەر برێ . لە زۆر جێگا من ئەم بەهارەم بە نێوی ئەحمەدی كۆر ەوە بیستوە، لە دوایی شیعرەكەشدا خۆی بە ئەحمەد دەناسێنێ ، بەڵام پێم وایە ئەو ئەحمەدە ، ئەحمەدی كۆر نیە . چونكوو:

١ ـ ئەم شیعرە لەگەڵ شێوازی شیعری ئەحمەدی كۆر جیاوازی هەیە و ئەم شاعیرە زۆرتر هەنگاوی لە رێبازی شیعرەكانی فەقێ تەیران ناوە و ئەسپی خامەی لەو رێگایەدا لینگ داوە. جا بۆ وەی قسەكەم هەروا شتێكی سەیر و سەمەرە نەبێ ، وێنەیەک لە شیعری ئەحمەدی كۆر دێنمەوە، تا هەم ئەوەی تینووی ئەدەب لەگەڵ شێوازی شیعری ئەحمەدی كۆر شارەزا بن هەم ئەو دوو شیعرە پێكەوە هەڵسەنگێنن وبزانن تا كوێ بۆی چووم :

دوێ شەوێ دیتم لەخەودا یار منی بەدڵ دەوێ
دەست لەسەر دەست دەم لەنێو دەم شاد لەعیشی وێ شەوێ
وێ شەوێ بەزم و نیشات بوو ،كەیف وئاهەنگ وبیسات بوو
بەهرەیی فەیز و نەجات بوو ،لاڵ و كەڕ كەوتم لەوێ
لاڵ و كەڕ وەک زەن عیووبەن ، كەشفی ابصار القلوبا
بمدەنێ دوو روویی خووبان حاشا لیالله نامەوێ
نامەوێ من عەیش و عوشرەت ،تەرک دەكەم ئەسبابی لەززەت
زۆر دەكێشم ڕەنج و زەحمەت لە دوا زاتی پەڕتەوی
ئەحمەدی كۆر بەس خەیاڵ كە ، حوببی دونیایە بەتاڵ كە
یەكی بگرە یەک تەڵاق دە پێكۆ نابن دوو هەوێ

٢ ـ ئەگەر سەیرێكی وردی شیعرەكانی رووەدەكی بكەین

هەوری رەشی تاریک كرد دامێنی كۆهساران
لەو بەهاری سەوز پۆش لە شكۆفەی دە داران
وەنەوشەم چەند زەریف دین گولاّن لە دەم رووباران
بە كەسک و سوور دەخەملێن لە سەر جۆ و جۆباران
دەلێن ئەورۆ هات بەهار مزگێنی بێ لە یاران
مزگێنی بێ لە دۆستان لە برادەران دەلێن ئەورۆ بەهارە

هەر هەوری رەش دەهاتن هەور دێن و دەخرۆشن
بە عیشق هیرە بەهارێ گولاّن زێڕ باف دەپۆشن
هەر وەكوو سەحرای چینێ جوملەی میسک فرۆشن
لەبەر شادی بەهارێ چەند لە كەیف ولە جۆشن
مزگێنی بێ لە دۆستان لە برادەران دەلێن ئەورۆ بەهارە

بەهار هاتنە سەر تەختان گولاّن دێن لە نەكاوە
تەرمی گولاّن چەند زۆرن دەگەڵ سوێسنەی دەساوا
مژدە بێ لە بلبلان عاشقێكی دڵ سووتاوە
ئەو دونیایەی وا رەنگین وەفای بۆ كەس نەماوە
مزگێنی بێ لە دۆستان لە برادەران دەلێن ئەورۆ بەهارە
گەلۆ دەردان ئەز هەڵگرت لەسەر ئاو و دم ئاوان
دەیەن تەیری دە رەنگین دەكەوتن لە شەتاوان
لەبەر سەدای شالووران ئاورم بەر بووە هەتاوان
مزگێنی بێ لە دۆستان لە برادەران دەلێن ئەورۆ بەهارە
مەدحی بەهاری زۆرە هەرگیز دەتاریف نایە
چەندسوارچاک ومەردچاک بوون كۆچیان كردلەودونیایە
" ئەحمەد ئەتۆش هەر دەمری لە بۆی بكەین دوعایە

بۆمان دەر دەکەوێ کە هەر چی پەیوەندی بە دیتنەوە هەیە و بەچاو دەبینرێ لێی پرینگاوەتەوە و تەنیا باسی بۆنی خۆش و دەنگی خۆش و شتی وای کردوە، وەک دەڵێ :

بوی جوی مولیان آید همی
یاد یار مهربان آید همی

ئەگەر رووداکی لە نیعمەتی بینایی بێ بەش نەبا دەیتوانی باسی دیتنی دیمەنە جۆر بە جۆرەکانیش بکا . ئەحمەدی کۆریش کە شاعیرێکی درۆزن نەبوە و نەیتوانیوە لەگەڵ هەستی دەروونی خۆی درۆ بکا، بەو بێ و شوێنە خۆی لە باسی ئەو جوانی یانەی بەچاو دەبینرێن بواردوە . لە هەموو جێگایە- کیش ئیقراری بە کوێر بوونی خۆی کردوە. لە حالێکدا لەم شیعرەدا قسە لە دیمەنە جوانەکانی بەهار دەکرێ کە رێی تێ ناچی هی شاعیرێکی نابینا بێ .

٣ - نێوەرۆکی شیعری ئەحمەدی کۆر بریتییە لە ستایشی خودا و باسی دین و هەڵسەنگاندنی دین و دنیا، و ئەم باسانە لەگەڵ ئەم شیعرەدا کە وەک شیعرێکی فۆلکلۆریک دەچێ و بە جوانی تەبیعەت و دیمەنی بەهاردا هەڵگوتراوە جیاوازییەکی زۆری هەیە .

مەکەن مەنعی عاشقان عیشق کاری دژوارە
هەر چی عەشقی لە دڵ بێ بێ‌سەبر و بێ قەرارە
دایم لەبەر هیجرانی رەنگ زەرد و لێو بە بارە
دە عیشقێدا سووتاوم غەمم لە چوار کەنارە
دەرد و خەم و حەسرەت و گریانم دێن هەزارە
گەلۆ دەردان چ لێ بکەم ساتێ ناگرم قەرارێ
شەو و رۆژی ناسەبرێم لە بەر غەمی دە یارێ
دڵی من چەند لە جۆشە ئەسرینم دێنە خوارێ
مەگەر بەوەی ساکین بێ بە رەنگی دە بەهارێ
بە گوڵانم سێبووری دێ سەر بێننە دەر لەخارێ
بەهارم چەندە خۆشە یا خودا بەخێر بێی بەهار
هاتن تەیری دەرەنگین جووت بەجووت بوونە قەتار
کەوتن لەدەم شەتاوان لەوانم دین چەند هەزار
ئەو بەهاری دەرەنگین لێم بوون بە بازار و شار
گوڵ هاتنە بێ کەنینێ لەهەر نەوعێ بوون هەزار
هەوری رەش تاریکی کرد گرتی بەری ئاسمانێ
غەم لە دڵی من چەند زۆرن با برۆن لەگەڵ زستانێ
هەی لە گوڕەی شەماڵێ، وەی لە رێژنەی بارانێ
کوێستان دەمان لە تەمی هەوەڵ مانگی نیسانێ
بە گوڕەی دە شەو بایە گوڵ خۆی داوە لە سانێ
هەوری دەرەش دەخرۆشن لە دامێنی کوساران
لەو بەهاری سەوز پۆش لەبەر شکۆفەی داران
بە زەرد و سوور دەخەملێن گوڵان لەدەم رووباران
وەنەوشەم زەعیف دەدین شین دەبوون لە جۆباران
وەک دڵی من خەمناک بوو وردە خوناوی باران
لە کوێستانی دە عەزیم هەوری دەرەش دەخرۆشن
بە نەخشی دە بەهارێ گوڵان زەربافتە پۆشن
هەر وەکوو سەحرای چینێ جوملە میسک فرۆشن
لە شادی دە بەهارێ چەن لە زەوق و لە جۆشن
گوڵ هاتنە پێکەنینێ ئەی بۆ بولبول خەمۆشن

زەینی خۆم دا کوێستانی چەندم لێ کرد خەیاڵە
گوڵ بوون لە چوار کەنارێ لێم شین دەبوون هەڵاڵە
زەرد و سوور و بەنەفشە سوورگوڵ وشافتەی ئاڵە
لەبەر بۆنی وان گوڵان یاران دەبوون بێ‌حاڵە
ئەدی بولبول لە کوێ یە بکێشی ئاە و ناڵە؟
سیوادی دە سوێسنان تازە لە من سەر دەدا
خاشخاشک و گوڵی مێلاق ئەتڵەسی سوور لەبەردا
وەنەوشەم جون غەمگینە هەر چەشنی شافتەی زەردە
ئەو دنیایەی وا رەنگین مەرد بە دەستی لێ بەردە
یارێکی بێ وەفایە لە بۆ کەس فایدەی نادا
لەبەر گوڕەی شەماڵێ لە هەناسەی شەو بایە
بۆنی گوڵان دەهێنێ تێکەڵ بوون لە سەحرایە
لە خارێ وەدەر کەوتن دەریان دەکرد گەڵایە
ئەو گوڵی زەرد و زەعیف بوونە بەرگی دنیایە
یاران مەدحی بەهارێ هەرگیز لە تاریف نایە
بەهار هاتە سەر تەختێ گوڵ پشکووت لە نەکاوە
تەرزی گوڵانم زەردن ئەو سوێسنی دە ساوە
مژدە بدەن بە بولبول عاشقێکی دڵ سووتاوە
ئەو دنیایەی وا رەنگین وەفای بۆ کەس نەماوە
چەن نەوجەوانی هەڵداشت بۆ خۆی ئێستا هەرماوە
بۆنی گوڵان ئەز هەڵگرت لەدەم شەت و سەراوان
هاتن تەیری دە رەنگین کەوتن لە دەم شەتاوان
لەبەر سەدای شالووری گڕ بەر بوو لە هەناوان
فرمێسکم دێ بە جووتە خوێناوم دێ لە چاوان
لە حەسرەتی دە یاری ناڵەم دێ وەک سووتاوان
نەوبەهاری بە گوڵزار هەرگیز دە تاریف نایە
لە بەر خەمی دەیارێ شەو و رۆژم خەو نایە
چەن جوانی لاو جاکم دی کۆچیان کرد لە دنیایە
ئەحمەد ئەتۆش رادەبری یاران بۆت کەن دوعایە
مژدە بێ لە برادەران جێن (جنت الماوی) بە

... پاشماوەی کورتە باسێک لەسەر ...

ح لە جێگای بزوێنی " و " ی فارسی و عەرەبی هەر " و " دەنووسن بۆ وێنە لە جیگای " کُرد " دەنووسن " کورد " و لە جێگای " دور " یش دەنووسن " دور " کە ئەوکارەش جێگای رەخنەیە چونکوو تەلەفوزی " پیش = ضمە " و بزوێنی " وو " لە کوردیدا وەک یەک نین و نابێ وەک یەکیش بنووسرێن . جگە لەو وشانەی لەسەرەوە هاتوون لە هێندێک وشەی دیکەدا دانانی " و " لە جیاتی " وو " هەڵەیەکی گەورەتر پێک دێنی و دەبێ بە هۆی ئەوە کە دوو وشە کە نە مانایان وەک یەکە و نە تەلەفوزیان ، وەک یەک بنووسرێن وەک : " کوڕ " و " کووڕ " کە بەو رێنووسە هەردووکیان دەبن بە " کوڕ " " تور " و " توور " کە بەو رێنووسە هەر دووکیان دەبن بە " تور " . " قوڵە " و " قووڵە " کە بەو رێنووسە هەر دووکیان دەبن بە " قوڵە " ، یا ....

ئەوانەی نووسینی " وو " یان پێ باش نیە لەوە دەترسێن کە لە هێندێک جێگادا " و " ی عەتف بەدوای " وو "دا بێ و زیاد بوونی " و " ەکان دزێو بێ وەک : " وسوو ووسێن کە جوار " و " بەدوای یەکدا هاتوون . بەڵام ئەوە هاسانە و دەبێ " و " ی عەتفی نێوان دوو وشە دوورتر لە وشەکان بنووسرێ و لێکیان جیا بکاتەوە ، وەک: " وسوو و وسێن "

تێبینی ١٠: بزوێنی " ی " هەم لە جێگای " زیر " ی فارسی و " کسرە " ی عەرەبی دەنووسرێ و هەم لە جێگای بزوێنی " ی " ی فارسی و عەرەبی ، وەک : " انسان = ئینسان " " انقلاب = ئینقیلاب " ، " ایمان = ئیمان " ، " شیراز = شیراز " ، " ساری = ساری " . بزوێنی " ێ " تایبەت بە زمانی کوردی یەو لە زمانی فارسی و عەرەبیدا نیە .

تێبینی ١١: هێندێک کەسیش لە نووسیندا لە نێوان "زیر = کسرە " و بزوێنی " ی " دا جیاوازی دادەنێن ، و لە جێگای " زیر = کسرە " بزوێنی " ی " و لە جێگای بزوێنی " ی " بزوینی " یی " یا " یٓ " دەنووسن . وەک :"انسان = ئینسان " " انقلاب = ئینقیلاب " ، " ایمان = ئییمان "، " شیراز = شیراز " ، " ساری = ساریی " ، " یا " ایمان = ئیٓمان " شیراز = شیٓراز " ، " ساری = سارییٓ " کە پێمان وایە کارێکی دروست نەبێ چونکوو :

یەکەم : لە نێوان " یٓ " و " یی " یا " یٓ " و "یی" دا هەر بەو دەلیلەی کە لە تێبینی ٥ دا بۆ " وٓ " و " وو " گوتمان نووسینی " یی ویی " لە نووسینی " یٓ و یٓ " جوانتر و ئاسانترە .

دووەم : لەئەسڵدا جوێ کردنەوەی شێوە نووسینی بزوێنی " زیر = کسرە " و بزوێنی " ی " پێویست نیە . چونکوو لە زمانی کوردیدا تەلەفوزی ئەو دوو بزوێنە زۆر لێک نزیکن و دەتوانین بڵێین هەر یەکن . بە شێوەی ئاسایی لەکوردیدا بە جێگای " اسلام " دەڵێن " ایسلام " بە جیگەی " انسان " دەڵێن " اینسان " و بە جیگای " شِرکَت " دەڵێن " شیرکَت" کەوابێ هەر وەک ئەو دوو بزوێنە لەگوتنداوەک یەکن لە نووسینیشدا وەک یەکیان دەنووسین .

«درێژەی هەیە»

.... پاشماوەی چ بنووسین

یان " بە پیرۆز (مبارک) زانینی رۆژی هەینی"و....

٨. پەندی پێشینیان = پەندی پێشینیان کە زۆربەیان " سێ سێ " ن واتا لە هەر پەندەیدا سێ شت هاتووە لە فۆلکلۆری کوردیدا زۆر گرینگن وەک :

" لە هەورا زان مەلێ کوتنێ ، لە بەر بایە مەکێشە تووتنێ ، مەچۆوە سەر ماڵی بابی ژنێ " .

یان :

نە کوێرە کانی دەبێ بە باغ ، نە کەلاوە دەبن بەوەتاغ نە کچەتیوان (کچە هەتیوان) دەبن بە شەوچراغ .

٩. قسەی خۆشی پێشینیان = وەک قسەکانی " خودا لێ خۆشبوو سەید رەشید " یان قسەکانی " خودا لێ خۆشبوو مامەند ئاغای شەختانی " و قسەکانی " خودا لێ خۆشبوو مەلا ئەحمەدی تەوحیدی " و ....

١٠. کایە = کایەکان دوو جورن :

ـ کایەی منداڵان وەک " پشیلەی ماڵە مێرانی " و " خوزێن " و " هەمزەل " و ....

ـ کایەی گەوران وەک " جۆرا بێن " و " میر میرێن "و..

ل ٤١



توێژینەوەی : سید محمد صمدی

کەلبەشان چ بوون

لە مێژ بوو کەلیمەی کەلبەش لە مێشکرمدا کایەی دەکرد و ئەمنی بەو شتەوە مەشغووڵ کردبوو . دەمکوت خودایە دەبێ مەنزوور لەو وشەیە چ بێ؟ زۆرەین وای دەگەیاند کە چەشنێک بیر و باوەڕە ، ئەویش بیر و باوەڕێکی کە لە نێو خەڵکی مەقبوول نییە . زۆر دیترا وە کە ماموستایەکی ئاینی بەعزە بڕوایەکی بووە کە زۆربەی خەڵک پێیان خۆش نەبووە ، نێویان بۆ ئەو ماموستایە بڵاو کردۆتەوە کە فڵانە مەلا کەڵبەشە . لە بەعزە نووسراوەیەکدا دیبووم کە کەلبەش نێوی تایفەیەک لە کوردانە ، بەڵام ئەو تەوزیحە لە گەڵ مانایەکی کە لە وڵاتی ئێمە لێی وەدەر دەکەوت فەرقێکی زۆری هەبوو ، هەر بەو هۆیەش بوو کە هەر لە دڵمدا بوو کە وەختێکی بۆ تەرخان کەم و بە وردی لێی بکۆڵمەوە و ئەوەی دەستم دەکەوێ لە ریسالەیەکدا بڵاوی کەمەوە . حاسڵی ماوەیەک زەحمەتم لە بوولتەنێکی فارسی حەوت پەڕیدا لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ۱۳۶۱دا بڵاو کردەوە . لە دوای بڵاو بوونەوەی زۆرتری دوستان بیر و باوەڕی خۆیان لەو بابەتەوە بۆ دەنووسیم دەیاندامێ . لێرەدا کە کوردی ئەو ریسالەیەو پێشکەش دەکەم ، تەواوی تەزەرە تازەکانیشی زەکەڵ خراوە و لێی زیاد کراوە .

کاتێک دەستم بە تەحقیق کرد ، تەواوی ئەو کەسانەی کە لەو بابەتەوە شتێکیان دەزانی دەیانکوت کە تەنیا کەسێک کە لەو بارەوە بکرێ کەڵکێکی باشی لێ وەر بگیرێ پیاوێکە بە نێوی " مەلا صادق زەندی " خەڵکی گوندی " بایزئاوێ " ئەترافی خانێ(پیرا نشهر) ئەو پیاوە نێو بەدەرەوەترین کەلبەش بوو . دەکوترا کە تەحسیلات وخوێندنێکی باش و زۆری نەبوە ، بەڵام ئیتتلاعاتی عموومی یەکی زۆر و سەری هەبوو .بەرەو بایزئاوێ رێ کەوتم شەوێ لە نەغەدە لە ماڵی مەلا عومەری ئەمیر ئابادی (ساحیبی کتێب فرۆشی خەییام لە نەغەدە) مامەوە . لە دوای برێک قسە کردن ،هەر لە گەڵ هۆی سەفەرم پێ کوتن . جەنابی مەلا عومەر و چەند میوانێکی کە لەوێ بوون کوتیان کە نیزیک شەش مانگ لەوە پێش ستوونێکی دەوڵەتی بۆ پاکسازی بایزئاوێ چوو ، لەو جەرەیانەداکوللەی ناغافڵ وە مەلا صادق کەوت و لە تەمەنی حەفتا ساڵەگیدا کۆچی دوایی کرد . ئەو هەواڵە زۆری ناڕەحەت کردم بەڵام چارەچ دەکرا ؟ یەک دوو رۆژ لە نەغەدە مامەوە و لە گەڵ چەند کەسێک لەو بارەدا (مەسەلەی کەلبەشان) دوام وشتهایەکم وەکۆ کرد و گەڕامەوە .

لە شاری سابڵاغێ (مەهاباد) سەرچاوەیەکی زۆر چاک و گرینگم وە دەست کەوت ، ئەویش دۆستی زۆر بەڕێزو خۆشەیستم ئاغای (سولەیمانی ئەمیر عەشایری) کە بە کاک سێمان نێوبانگی هەیە ، بوو. ئەو مرۆڤە بەڕێزە خەڵکی " شاوەلە " یە کە دەکرێ بڵێین شاوەلە کانگای کەلبەشان بووە. کاک سێمان پیاوێکی ئەهلی فەزل و ئەهلی تەحقیقە ، لەو بارەوە ئیتتلاعاتێکی زۆر باشی لە ئیختیار نام کە لێرەدا بە ئەرکی سەر شانمی دەزانم دیسان سپاسی بکەم .

هەر لێرەوە دەچینە سەر ئەسڵی مەتڵەب .

نیزیک سەد و سی (۱۳۰) ساڵ لەوەپێش پیاوێک بە نێوی مەلا صادق زەندی کە

گۆیا لە تایفەی زەند و لەبنەماڵەی کەریم خانی زەند بووە . (و بۆ ئیسباتی ئەو قسەیە شەجەرە نامەیبووە) هاتۆتە گوندی شاوەلە و ماڵی لەوی داناوە و خەڵک پێیان کوتوە " خەلیفە مەلا صادق " . بە قەراری مەعلووم ئیشی

خەلیفەگەری لە لایەن شێخی "کانیکەوە"ی کردستانی عێراق دراوە. بەو پیاوە بەڵام لە بەختی بەدی خەلیفە مەلا سادق ئەو زەمانی تەواوی خەڵکی ناوچەی لاجان (مامەش) موریدی شێخ کەمال کە لە سەیدەکانی گوندی خاڵدار و خەلیفەی سەید تەهای شەمزینان بووە، بوون. کەوا بوو خەلیفەگەری مەلا سادق رەنگ و بۆنێکی وای نەبوو. لە شاوەلە بە هاوکاری "محمد ئاغای مامەش" چەند ئاسی ئاوی دروست کردوە و لە رێگەی ئاشەوانیەوە رۆژگاری تێپەڕ کردوە یەکێک لە ئاشەکان ئەلئانیش شوێنەواری ماوە. ئەو پیاوە برایەکی بووە بە نێوی "مام شەفیع" کە هەر دووک لە شاوەلە ئەمری خودایان بەجێ هێناوە و لە قەبرستانی وێ ئاژراون.

مەلا سادق دوو کوڕی بووە: ١. مەلا برایم ٢. مەلا ڕەسووڵ. مەلا برایم لە هەوەڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی لە شاوەلەی کۆچی دوایی کردوە و لەتەنیشت باوکی نێژراوە.

مەلا ڕەسووڵ لە مەدرەسەی علوم دینی شاوەلەی دەست بە خوێندنی زمانی عەرەبی دەکا و ماوەیەک لە مەحزەری ماموستای پایە بەرز حاجی مەلا موحەممەدی شەرەفکەندی (باوکی ماموستا هەژار) ئیستیفادە دەکا. ئەگەر چی عیلمی عەرەبی تەواو ناکا، بەڵام تا رادەیەک لەو فەننە بەڵەد دەبێ. مەلا ڕەسووڵ تەبعی شیعرێکی زۆر جوان و ناسکی دەبێ و نازناوی (تخلص)، "ئەدیب" هەڵدەبژێرێ. شیعرەکانی بڵاون و هەر ئێستا بڕێکی لە لای ماموستا مەلاموحەممەدی زەندی (بایز ئاوێ) هەیە و ئەغلەب خەڵکی ئەو ناوچەیە شیعری وی یان لەبەرە. هەر بۆیە ئەگەر ئێستا کەسێک هیممەتێ بکا و بچێتە ئەو مەڵبەندە دیسانیش درەنگ نیە و دەتوانێ بەشێکی زۆر لە ئاساری ئەو پیاوە کۆ بکاتەوە ئەڵبەت لە لایەن ماموستا خودا لێ خۆشبوو گیوی موکریانی شتێکی چەند پەڕی لەسەر مەلا ڕەسوول بڵاو بۆتەوە کە زۆر کەم و ناتەواو و پڕ هەڵەیە. لە مەلا ڕەسوولی ئەدیب شیعری زۆر جوانی کوردی فارسی، عەرەبی و تورکی بە جێ ماون، بە داخەوە بڕێکیشی هەجو هەیە.

مەلا ڕەسوول پێش نوێژی زۆر پێ خۆش نەبوو، هەر بۆیە لە دوای ماوەیەک خوێندن شوغڵی موعەللیمی هەڵبژارد و خودا لێ خۆشبوو "مارف ئاغای ئەمیر عەشایری" (باوکی کاک سێمان) بە عینوانی ماموستا (معلم) لە لای خۆی رایگرت و مەلا ڕەسوول دەرسی بە پیرۆت ئاغا، سەلیم ئاغا، قادر ئاغا کوڕانی مارف ئاغا دەگوت. یەکێک لە شاگردەکانی دیکەی مەلا ڕەسووڵ، جەنابی ئاغای "میرزا برایم فازیلی" یە کە هەر ئێستا ماڵی لە نەغەدەیە وپیاوێکی زۆر خۆش قسە و باسەواد و شاعیرە، لەدوای ماوەیەک مەلا ڕەسووڵ لە شاوەلەڕا دەچێتە پەسوێ و لەوێش دەبێتە ماموستای عەلی ئاغا کوڕی مەرحوومی قەرەنی ئاغای مامەش و کاک عەبباس کوڕی مام عەزیزی ئەمیر عەشایری. لەوێش زۆر نامێنێتەوە ئەوجار دێتە گوندی "سەرگیز" لە ئەترافی شنۆیە، لەویش هەر ماموستایی دەکا و حاجی کاک ڕەحمانی ئەحمەدی لەلای خۆی رادەگرێ و بە دوو برای حاجی کاک ڕەحمان دەرس دەڵێ و فارسی یان فێر دەکا. لەوگوندە دەبێ کە مەلا ڕەسووڵ دوچاری نەخۆشی سیل (یان ئازارەباریکە) دەبێ و کۆچی دوایی دەکا. لەو گوندەلە گۆڕستانی (ئوغلو بابا) کەلەداوێنەی کێوێک لە رۆژهەڵاتی گوندی کۆنە قەڵا و رۆژئاوای نەزرە میز هەڵکەوتووە، ئاژراوە. مەلا سادق زەندی کە پێشتر باسیم کرد و کوتم کە لە جەرەیانی پاکسازی بایزئاوێدا کوژرا وداخەکەم نەیگەیشتمێ کە لە بابەت کەڵبەشانەوە قسەی لەگەڵ بکەم، کوڕی مەلا ڕەسوولی ئەدیب بوو.

تا ئێرە بە وردی باسمان لەسەر مەلا ڕەسووڵ کرد. بۆ؟ چون ئەو بە بناخە دانەری کەڵبەشان نێوبانگی هەیە.

مەلا ڕەسووڵ لە روانگەی ئەدەبیاتی کوردی یەوە پیاوێکی گەورە بووە و شوێنەواری جوانی لەپاش بەجێ ماوە

مەلا ڕەسووڵی کوڕی مەلا سادقی زەند بە بناخە دانەری کەڵبەشان نێو بانگی هەیە ... مەلا ڕەسووڵ لە پەسوێ لەگەڵ دوو کەسان بە نێوی "هەمزە ئاشەوان" و "وەستا قادر مەحموود" ئاشنا دەبێ و بیر و باوەڕی تایبەتی خۆی فێری وان دەکا ... لە گوندی "سەرگیز" یش نەجاڕێک دەکەنە هاوبیری خۆیان بەنێوی "وەستا ئەحمەد کەڵبەش" و چونکی هەر ئەو وێراویەتی بیر، و باوەڕی خۆی تەواو دەربڕێ ئەو چەشنە عەقیدەیەش بە نێوی کەڵبەش نێوبانگی دەر کردوە.

بەڵام لە روانگەی بیروباوەڕو عەقیدەوە عەقیدەیەکی زۆر رووناک و مەعلوومی نەبوە . هەمیشە لە دنیادا ئینسانی وا هەن کە لە هەر مەسلەک و عەقیدەیەک گوڵچینێکی دەکەن و بڕێکی قەبووڵ دەکەن و بەعزە جێگەیەکیشی قەبووڵ ناکەن . مەسەلەن بەخۆیان دەڵێن موسڵمان بەڵام رۆژوو گرتنیان لەبەر گرانە و نایگرن. نوێژیان لەبەر گرانە و نایکەن . لە ئیسلامەتی چەند شتێکی هاسان و هەرزان و بێمایە هەڵدەبژێرن . لە مەسیحی‌یەت چەند قسەی جوان هەڵدەبژێرن و .... بەو چەشنە نە ریگە و ئایینێکی دیاریکراو- یان هەیە و نە تەواو بێدینن . ئەوە پێویستە لە چەندین روانگەیانڕا ئینسانی وا بەررەسی بکرێ و تەواوی هەل و مەرجی ئەو زەمانی بێتە بەر چاو تا روون بێتەوە کە چ شەرایتێک بۆتە هۆی ئەوە کە بەعزێک ئاوایان لێ بێ . ئەوە بەدبەختی یە کە ئینسان و بە دوای ویدا کۆمەڵ وای لێ بێ کە هیچ رێگەیەکی رووناک و موشەخخەسی نەبێ و لە هەر شتێک بڕێک بزانێ و لە عالەمێکی نیوە تاریک و نیوە رووناکدا بژی.

لە رۆژگارێکەوە فیرقەی ئیسماعیلیە لە ئێرانێدا پەیدا بوو ، و ئەسەرو شوێنە- واری خراپ و ژەهراوی خۆی تێکەڵ تەواوی بەشەکانی ژیانی ئینسان کرد. بەداخەوە لێرەدا ناتوانین زۆر لە ئەو مەبەستە بڕۆین ، چون لە ئەسڵی مەتلەب دوور دەکەوینەوە . بەڵێ‌بینەوە سەر قسەی خۆمان: مەلا رەسووڵ لە پەسوێ لە گەڵ دوو کەسان بە نێوی " هەمزە ئاشەوان " و " وەستا قادر مەحموود " ئاشنا دەبێ و بیر و باوەڕی تایبەتی خۆی فێری وان دەکا . یەکێک لە مەشهوورترین عەقیدەکانی دژایەتی‌یەکی زۆر توند بووە لە گەڵ ئاغایان بوو- یەتی ، بەڵام چون ئەو زەمان قەرەنی ئاغای مامەش قودرەت و دەسەڵاتێکی زۆری دەبێ ، ناوێرن ئەو قسانە لە نێو خەڵکی بڵاو کەنەوە . لە گوندی "سەرگێز" پێیان کوتوە " وەستا ئەحمەد کەڵبەس " و چونکی هەر ئەو وێراویەتی بیر و ڕای خۆی تەواو دەربڕێ ئەو چەشنە عەقیدە - یەش بە نێوی وی نێوبانگی دەرکردوە .

دوای کۆچی دوایی مەلا رەسووڵ و ئاڵ و گۆڕێک کە لە ئەوزاعی دنیادا دێتە یش نەججارێک دەکەنە هاوبیری خۆیان بە نێوی وەستا ئەحمەد . ئەو وەستا ئەحمەدە بیر و بڕوای خۆی زۆر ئاشکرا بڵاو دەکاتەوە هەموو چەشنە خەتەرێک دەکڕێ . ئەو وەستا ئەحمەدە کەڵی نێو چاوان سپی‌یە کە لە کوردیدا پێی دەکوترێ کەڵی بەش ، هەبووە . بۆ خۆمان ئەوەی باش دەزانین کە لە گوندەکانی کورد نشین ئەو عادەتە هەیە کە مەسەلەن ئەگەر کەسێک حەیوانێک یان ماڵاتێکی عەلامەتداری هەبێ ، خودی ئەو کەسەش نێو و عەلامەتی ماڵاتەکەی بە نێوەوە دەنووسێ . کاک عەلی‌یەک گایەکی قوڵەی هەیە ، پێی دەڵێن عەلی گا قوڵە . هەر لە ناوچەی سندووس (سلدوز) عەلی گا قوڵەیەک هەبوو کە گۆرانی‌یە قەدیمی یە کوردی یەکانی زۆر جوان دەزانی و ئەغڵەبی مەقامەکانی زۆر باش دەکوت وەستا ئەحمەدی نەججاریش بەو هۆیە پێش و قودرەتی ئاغاوەتان لە کەمی‌دەدا و رەزاخان بە سەر وڵاتدا زاڵ دەبێ . وەستا ئەحمەد لە شنۆیەڕا دەچێتە ناوچەی لاجانی و لە گوندی " کیلە سفلا " ماڵی دادەنێ و لەو گوندەی عالەمێکی زۆر دەکاتە هاوبیری خۆی .

لە مەشهوورترین عەقیدەکانی وایە ئەو چەند شتە بوون :

١) . بەربەرەکانێ یەکی توند لەگەڵ ئاغایان و هاندانی رەعیەت بە دژیوان.

٢) . خوداوەند لە قورئانیدا دەستو- وری بە نوێژ کردن داوە . بەڵام نەی‌فەرمووە پێنج کەڕەت لە شەو و رۆژیدا جا ئینسان چ شەو و رۆژ نوێژی بکا چ لە تەواوی ژیانیدا جارێک نوێژ بکا هیچ فەرقێکی نیە و هەر وەک یەکە .

٣) . بە " جەبر " موعتەقیدن و پێیان وایە کە هەموو شتێک لە پێش بە دنیا هاتنی ئێمەدا تەعیین کراوە و ئێمە هەر

> **هەمیشە لە دنیادا ئینسانی وا هەن کە لە هەر مەسلەک و عەقیدەیەک گوڵچینێکی دەکەن و بڕێکی قەبووڵ دەکەن و بەعزە جێگەیەکیشی قەبووڵناکەن . مەسەلەن بەخۆیان دەڵێن موسڵمان بەڵام رۆژوو گرتنیان لەبەر گرانە و نایگرن . نوێژیان لەبەر گرانە و نایکەن . لە ئیسلامەتی چەندشتێکی هاسان و هەرزان و بێمایە هەڵدەبژێرن . لە مەسیحی‌یەت چەند قسەی جوان هەڵدەبژێرن و ... بەو چەشنە نە رێگەو ئایینێکی دیاریکراویان هەیە و نە تەواو بێدینن . ئەوە بەدبەختی یەکە ئینسان و بە دوای ویدا کۆمەڵ وای لێ بێ کە هیچ ریگەیەکی رووناک و موشەخخەسی نەبێ و لە هەر شتێک بڕێک بزانێ و لە عالەمێکی نیوە تاریک و نیوە رووناکدا بژی .**

چی بکەین خۆ ماندوو کردنە . ئەڵبەت روونە کە ئەو باوەڕە تا چ رادەیەک خراپ و هەڵەیە و ئەگەر ئینسان ئەو عەقیدەی هەبێ ناتوانی مەزهەری هیچ خزمەتێک بێ .

٤). زۆرتری بیر و باوەڕە هەڵەکانی فیرقەی " ئیسماعیلیە " لە قسەکانیاندا دیارە .

ئەڵبەت لێرەدا لازمی نازانم کە لە ئەفراد نێو بەرم ، بەڵام زۆربەی کەڵبەشەکان بوونە دوو دەستە ، دەستەیەک کوتوویانە : ئێمە پەیڕەوی مەسنەوی مەولەوین و هەر چی ئەو بیلێ ئەوە دەکەین . دەستەکەی دیکەش ئەغڵەب بوونە ماتریالیست و مادە پەرستی تەواو .

بیر و بڕوای وانە تێکەڵاوێک بووە لە : جەبریگەری (اعتقاد بە فلسفەء جبری) برێک لە ئیسلامەتی ، برێک لە ماددەگەرایی ، و کەڵبەش (کەڵێ نێو چاوان سپی) هیچ پەیوەندی یەکی لەگەڵ ((گاو آپیس)) نیە ، چون بەعزێک ئەو شکەشیان هەبووە .

ئەو کەسانەی کە تا ئەو ڕۆ نێویان بە کەڵبەشی زۆر مەشهوور دەر چووە و: ئەغلەب شاگردی وەستا ئەحمەد بوون :

١ ـ میرزا مراد نێوێک کە خەڵکی تۆبزئاوایە بوو و ئێستا نەماوە .

٢ ـ مام کاکاللە ،یەکێک لەمالیکانی تۆبزئاوایە و خوشکەزای مەلا رسووڵ

٣ ـ کاک برایم نێوێک خەڵکی خورینج کە پێیان دەکوت " برایمە گۆشتە .

٤ ـ نەجاڕێکی خەڵکی گەنەدار ، بە نێوی " وەستا حەمە رەسووڵ "

٥ ـ میرزا مراد نێوێک خەڵکی شنۆیە لە پێشدا لە گوندی " باڵگیر " دەبوو دوایە هاتە " سینگان "ێ .

٦ ـ دەرویش یووسف نێوێک کە پێیان دەکوت : مام وسوو. لە پێشدا لە گوندی " دێ گورجە " دەژیا دوایە هاتە سینگانێ ، بیسەواد بوو ، بەڵام زۆر جوان شیعری دەکوت .

٧ ـ وەستا ئەحمەدی ئاسینگەر کوڕی حاجی مستەفای پیرمەند کە هەر ئێستا زیندوە و لە شاری نەغەدە خەریکی ئاسینگەری یە .

لێرەدا کە باسمان دوایی دێ پێویستە بە چەند نوکتەیەک ئیشارە بکەم بێ شک هەر بیر و باوەڕێک لەشەرایەتێکی تایبەتی ، زەمانی ، مەکانی ، کۆمەڵایەتی ، ئابووری ، فەرهەنگی و .....دا بەدی دێ و ئەگەر بمانەوێ بە هەڵەی نەچین ، پێویستە کە تەواوی ئەو مەبەستانە وەبەر چاو بگرین ، ئەوڕۆ شەرایەتێک لە مەملەکەتەکەمان بە دی هاتوە کە تەواوی ئەو کەسانە کە بیر و باوەڕی وایان لە رابردوودا بوە ، لە فکری خۆیاندا تەجدیدی نەزەریان کردۆتەوە ، ئەوانە هیچ شتێک نین کە ئێستا بە گوناح لە سەریان بنووسرێ هەر بۆیە تکا دەکەم ئەو کەسانەی کە لەو بارەدا شتی دیکە دەزانن بێڵێن و بینووسن ،چون یەقین بزانن بۆ ساز کردنی داهاتوویەکی پڕ شادی و کامەرانی لازمە رابردوو جوان بناسین و لە هەموو کونج و گۆشەکانی ئاگادار ببین . هەر بژین بە سەربەرزی و سلامەتی .

... پاشماوەی چ بنووسین

١١. گاڵتە و گەپ = بۆ خۆش رابردن و پێکەنین گاڵتە و گەپی جۆر بە جۆرمان هەیە وەک :

ـ چیرۆک : چەشنی چیرۆکەکانی مەلای مەزبوورە

ـ کایە : = راوە زووشک

ـ شیعر : = شەڕە فڕ

ـ گۆرانی : = بەند هاوێشتن

١٢. شێعر = زۆربەی شێعرە فۆلکلۆریکەکان بە گۆرانی دەگوترێ وەک :

تایەک لە زوڵفت ها وە دەسمەوە
بەندی دڵ ئەگەر پێی ئەبەسمەوە

یان :

هەتا ئەمن بووم بە گوێی بانەوە
بەرتیلیان دەدا و دەپاڕانەوە
ئێستا کە پیر بووم پێم دەڵێن خاڵۆ
بەرتیلیش دەدەم ناکەنە ماڵۆ

١٣. گۆرانی و مووسیقا = ئەوانەی کە لە مووسیقادا شارەزان دەتوانن لە قام و گۆرانی و هەوا جۆربەجۆرەکاندا بکۆڵنەوە و شتیان لە سەر بنووسن و بیانپارێزن . لەو بارەدا دەبێ چەند شت لە بەرچاو بگیرێ :

ـ شێعری گۆرانی و قام .

ـ هەوا و ئاهەنگی ئەوان .

ـ نەوعی گۆرانی وەک قام ، حەیران ، بەند ، قەتار ، لاوک ، بالۆرە ، و ....

ـ ئەگەر بکرێ چۆنیەتی سازبوونی ئەوان .

هیوا دارم ئەو ڕێنوێنی یە ببێتە هۆی قەڵەم بە دەستەوە گرتنی لاوە بەزەوقەکانمان بۆ نووسین و پەرە پێدان بە ئەدەبی کوردی .

بەهار

مامۆستا حەقیقی

بەهارە و سەردەمی سەیران و گەشتە
دەر و دەشت و چیا وێنەی بەهەشتە
لە بژوێنی زەمەندی کێو و دەشتە
تەبەق جاران حەوت بوو ئێستە هەشتە

زەوی هەر وا لە شکدا هەشتە یا نۆ
پەڵەی هەوران کران دیسان حەواڵە
لە کێوان گرمە گرم و ناڵە ناڵە
لەحاندی بۆنی بەیبوون و هەڵاڵە
عەبیر و میشکی چین مەشکەی هەڵاڵە

لەمەولا عەتری قەمسەر کەم دەکەن بۆ
لە نێو باغی گوڵان شەونم دەبارێ
سەفا دێ خەو دەتۆرێ ، خەم دەتارێ
لە رازان قاز و قومری دێنە خوارێ
قەلی روو رەش بلێ با خۆی وەشارێ

لە بەر چەنگ و پەلی بازان و شاهۆ
ئەگەر بەرزە و نەوی دیوە و نەدیوە
ئیرەم دیو دیمەنی ئاوای نەدیوە
رەقیبی کاخ و قەسران کۆخ و دیوە
نموونەی جەننەتی کەیوان خەدیوە

هومای ئەندێشە ماون دەستەو ئەژنۆ
لە دەشت و چیمەن و یاڵ و قەد و شان
سەف ئارایی دەکەن پۆلی وەنەوشان
شلێر و سوێسن هەم سوڵتان و هەمشان
رەفیقان خەو بەسە وەختی تەماشان

بەیان بەر بوو گزنگی دا لە ئاسۆ
لە سەر سینەی چیا لیزگەی گوڵی یاس
بە وێنەی خشڵ و گەردەنبەندی ئەڵماس
گوڵ و بولبول لەگەڵ یەک لێدەدەن لاس
دەخوێنن "ان یکاد" و سوورەیی "ناس"

هەتا دوور بن لە چاوی پیس وشانۆ
شەوی مەهتابە شەونم شوعلە رادێر
دوڕی وردن پریشکی ئاوی هەڵدێر
رەفیق و هەمدەمم لەو دەشتی زەنوێر
حیکایەت خوانی مەولانایە بلوێر

کەوی کێوی دەفە و چەنگە و پیانۆ
گزنگ ئەنگووت و گوڵ پشکووت و باری
لەسەر فەرشی زومورڕود رەنگی باری
بەهار ئەی بووکی بێ وێنەی لەباری
قەتاری بارە شایی زێڕە باری

کەمە بۆ زێڕ وەشان سەر باشە کۆکۆ
بە غونچەی پێ کەنی گوڵ بۆیە سڵ بێ
نەڵێ وێنەی دڵم پەرژینی گوڵ بێ
لە دووری تۆ ئەگەر ژینم بە دڵ بێ
ئەگەر دڵ غەیری تۆ بۆ کەس لەکوڵ بێ

لە پێی مەحشەر وەباڵی تۆم بە ئەستۆ
پەیامی دا جەوانێکی هەوسباز
بە پیرێکی کە هێنابووی لە ژین واز
کە تۆش بووتە وەکوو من یاری دڵخواز
ئەتۆش دیوتە لە یاران عیشوە و ناز

چ ماون خاتیرەی ئەو دەم لەلای تۆ؟
وەڵامی داوە ئێستا هەر مناڵی
ئەتۆ عیشقی مەجازیت دیوە کاڵی
لە شێخی مەسنەوی جوویا بە حاڵی
"کە دڵ بێ عیشق - سندووقێکە خاڵی"

دڵێکی وا کە تۆنەت دیوە ئەوتۆ
بە یاری رۆژی رووت و پەرچەمی شەو
بە رۆژی روون دڵت بردم بە شەو خەو
قسەن پەیمانی ئەتلانتیک و وەرشەو
ئەوان با هەر لە فێڵێ بن لەمولەو

ئەمن پەیمانی تۆ نادەم بە ناتۆ

چیرۆک بۆ منداڵان

حاجی ڕێوی

لە توحفەی موزەففەرییە وەرگیراوە



دەگێڕنەوە ریوێیەک شەوێکی چوو بۆ مریشک خواردنێ . چوە سەربانی خمخانێکی ، لە ڕۆچنی ڕا دەخمی کەوت هەموو گیانی شین بۆوە ، چوە کن کەڵەبابی. کەڵەباب گوتی :" مام ڕێوی بۆ کوێ دەچی؟". گوتی:" مەڵێ مامڕێوی بڵێ حاجی ، تۆبەم کردوە ، دەچمە حاجێ ، ئەتۆش دەگەڵ خۆم دەبەم". کەڵەباب گوتی :" خێر ، دەبێ بێی ، خەرجت بۆ خۆم دەکێشم". کەڵەباب لە ترسان نەیوێرا بڵێ نایەم، ڕەگەڵی کەوت . لەدڵێ خۆیدا ددانی لە کەڵەباب تیژ کردبوو ، بە زاهیری دوعای دەخوێند زیکری دەکرد ، تا کەڵەباب بزانێ، ڕێوی تۆبەی کردوە . کەڵەباب لەترسان هەر پێدزیلکەی بوو ، ڕۆین هەتتا گەیشتنە مێشێکی ، تەماشایان کرد پەپووسڵەمانکەیەک لەسەر داریە . ماندوو نەبوونی لە ڕێوی کرد ،گوتی: " مام ڕێوی ، ئۆغربی ". کەڵەباب گوتی :" مەڵێ مام ڕێوی بڵێ حاجی، ڕێوی تۆبەی کردوە ، دەچێتە حەجی، ئەمنیش دەگەڵ خۆی دەبا ، ئەتۆش وەرە بچین ". پەپووسڵەمانکە گوتی : " ڕاوەستن ، دەچم خولاحافیزیی لەماڵێ دەکەم، زوو دەگەڕێمەوە ". لە سەری ڕاوەستان هەتتا دێتەوە. ڕێوی لە دڵی خۆیدا خۆشی خۆشی بوو ، دەیگوت :" دوو نێچیرم وەدەست کەوتوە ". پەپووسڵەمانکە زوو گەڕاوە، ملی ڕێیان گرت و ڕۆین ، هەتتا گەیشتنە سەر چۆمێکی ، تەماشایان کرد مراوی یەک لە ئاوێدا هات و چووی دەکرد. ماندوو نەبوونی لێ کردن ، گوتی :" بەخێر ! بۆ کوێ دەچن ؟ " ڕێوی گوتی :" تۆبەم کردوە ، دەچمە حەجی ". کەڵەباب گوتی : " مراوی ، ئەتۆش وەرە نیزیک مردنتە تۆبەیەکی بە حەق بکە ، بەڵکی خولا بتبەخشێ ". گوتی:" زەریفە ئەمنیش دێم". لە ئاوێ وەدەر کەوت ڕەگەڵیان کەوت . ڕۆین هەتتا گەیشتنە دارێکی، قشقەڵەیەک لەسەر دارێکی بوو ، ماندوو نەبوونی لێ کردن، گوتی بۆ کوێ دەچن ؟". گوتیان :" دە خزمەت ڕێویدا دەچینە حەججێ ". گوتی:" مالوو شێوێ ئەنگۆ شێت بوون، ڕێوی هەمووتان دەخوا ". گوتیان:" نا ، مام ڕێوی تۆبەی کردوە ، هەموو ڕۆژی بەڕۆژووە ، لە ئاوی شەوێ پارێزی دەکا ، دەچێتە حەججێ ". زۆریان دەبەر قەلی هەڵخوێند ، ئاخری هاتە خوارێ ، ڕەگەڵیان کەوت. ڕێوی لەرێیە هەر لەبەر خولای دەپاڕاوە. شەوێ گەیشتنە کێوێکی ، شەوێ لەوێ مەنزڵیان گرت . ڕێوی کونێکی دیبەوە هەمووی دەوێ کردن. بۆخۆی لەزارکی کونەکەی دانیشت نیوەشەوێ زۆری برسی بوو ، چونکی ئەوی ڕۆژێ هیچی نەخواردبوو ، زۆریش ماندوو ببوو گوتی :" وێستا وادەی خواردنیانە ". قشقەڵە لە ژوورێدا پێی گوتن :" ماڵ وێرانینە، دیتان چلۆنوو خۆ دەگیر خست ؟ وێستا ڕێوی هەمووومان بانگ دەکا . یەکیی دەمانخوا . هەرکەس مەردە خۆی نەجات بدا ". ڕێوی هەوەڵێ کەڵەبابی بانگ کرد ، گوتی :" وەرە ، دوو سێ قسان بکە، نەزیرێکم بۆ بگێڕەوە ".کەڵەباب لە ترسان هاتە زارکی کونەکەی . ڕێوی گوتی :" کەڵەباب ، ئەتوو بۆ چی خەوت لە خەڵکی حەرام کردوە، نیوە - شەوێ دەست دەکەی بە قیژەقیژێ؟ مەگەر ئەتوو چی وادەکەی ؟ مەگەر خولا ئەتۆی بۆیە دروس کردوە؟ کەڵەباب گوتی:حاجی ڕێوی ، ئەمن قازانجم هەیە بۆ خەڵکی

 ← ل ٤٧



جەمیل سیدقی زەهـاوی(٣) وباوکی مەلا محمّدی فیض(٤)

... زانایانی بە ناو بانگی کورد ...

ئامادەکردنی : سید عبدالصمد

بە بای زەهاوە بەهاران کە هەوری رەش ئەگری | بە شینی بلبلە گریانی شەونم و هەوری
هەزاری گوڵشەنی ئەم خاکە پاکە بوو تاک بوو | فەزای ئەدەب وچرای شیعرەکانی رووناک بوو
بە باڵی شیعر و ئەدەب شاهبازێکی میعراج بوو | شەهی سەریرە ئەدەب فەلسەفەیشی سەرتاج بوو
ئیتر نەماوە ئومێدم لە داری دنیا دا | بگاتە ریزی سیدقی کەس لە شاری" زورا "(١)دا
بە میسرەعێکە ، دەمی مەرگ وتەرجمەی حاڵمان | (کسووف روژە "ذهاب"ی زەهاوی لای عالمان(٢))

پیرەمێرد



هونەرمەند ، زانا ، نووسەر هەر کامیان پەنجەرەهایەکن لە شوورەی پۆڵا و بەردینی قەڵای نەتەوەکەیان گیراون و بەرەو نەتەوە و وڵاتانی عالەمدا دەکرێنەوە. میللەتێک کە لەم پەنجەرانە بێ نەسیب بێ لە تەنیایی و تاریکی هەمیشەییدا دەژی . بەڵێ.لە تاریکی و بێ دەنگییەکی سەرسام هێنەردا رادەبوێرێ کە بە هیچ کوتە پەڕۆیەکی رەنگاو رەنگی بەدارا کراو چارەی ناکرێ و لەم بەڵایە رزگاری نابێ بە هۆی ئەم پەنجەرانەوە هەم رووناکی وەر دەگیرێ و هەم رووناکی دەبەخشرێ.

جەمیل سیدقی زەهاوی لە گەورەترین بوێژەکانی عێراق کە لە رۆژی یەکشەمۆ سێهەمی رەشەمەی سالی ١٣١٤ ی هەتاوی رێکەوتی بیست و نۆی ذی القعدەی ١٣٥٤ ی مانگی لە بەغدا کۆچی دوایی کرد و سال و نیوێک بەر لە وەفاتی، یانی رۆژی پێنجشەمۆ دوازدەی رەزبەری سالی ١٣١٣ بە نوێنەرایەتی لە لایەن دەوڵەتی عێراق بە هاورێیەتی شاعیرێکی گەورەی ئەو وڵاتە بە ناوی " احمد حامد الصراف " هاتنە ئێران و لە جەژنی هەزارەی لە دایک بوونی فیردەوسیدا بەشداری کرد، خۆی لە ئەسڵدا ئێرانییەوباوکی " مەلا محمد فیض " خەڵکی سەر پێلێ زەهاو بووە.

ئەم باوک و کورە هەر چەند بە هۆی مانەوەی زۆر لە عێراقی عەرەبە زمانی عەرەبی بۆ ئەوان وەکی زمانی زگماکی

لێهاتبوو و هەر دوانیان بە تایبەت جەمیل سیدقی بەم زمانە هۆنراوەی بەرزیان هۆنیوەتەوە و لە ریزی شاعیرانی عەرەب زمانی عێراق دەژمێر- درێن، بەڵام پێویستە بزانین کە نە " فیض " و نە جەمیلی کوڕی هیچ کامیان زمانی فارسیان فەرامۆش نەکردووە و بەم زمانەش شیعریان داناوە . هەر وەکوو جەمیل سیدقی لە کاتی بەشداری لە کونگرەی هەزارەی فیردەوسیدا دەستە شیعرێکی لەسەر هەوای شانامەی فیردەوسی دانابوو کە خوێندیەوە و دوو بەیتی هەوەڵی شیعرەکە ئەمەیە :

بە فردوسی از من سلامی برید
پس از عرض حرمت پیامی برید

کە ای شاعر خفتە در زیر خاک
نهان از نظر دور از جان پاک



کۆنگرەی هەزارەی فیردەوسی . لە خوارەوەڕا ریزی سێهەم نەفەری هەشتەم ، ماموٚستا جەمیل سیدقی زەهاویە .

جەمیل لەم کونگرەیەدا سەبارەت بە پلەی بەرزی شیعری و فەلسەفی و سەبارەت بە درێژی تەمەنی کە پتر لە حەفتا ساڵ دەبوو بە ناوی " مقدم الشعرا " و سەرۆکی کوڕی رۆژهەڵاتناسان و زانایانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا هەڵبژێردرا .

لەم کونگرەیەدا کە لە کۆشکی " دارالفنون " ی تاران پێک هاتبوو سی و هشت کەس لە زانایانی جیهانی بەشداریان کردبوو کە ئێمە لێرەدا بۆ ناساندنی پلەی زانست و ریزی ماموٚستا جەمیل سیدقی تەنیا چەند کەسێکیان ناو دەبەین :

" ئاتسووجی ئاشیکاگا " ماموٚستای ئەدەبیاتی زانکۆی توکیۆ . " سباستیان بک " ماموٚستای زمانەکانی رۆژهەڵات لە زانکۆی برلەن (ئالمان) . " ئانتۆ- نینۆ پاگلیارۆ " ماموٚستای مێژووی هەڵسەنگاندنی زمانەکانی کلاسیک و ماموٚستای زمانی ئێرانی لە زانکۆی سەلتەنەتی رۆم (ئیتالیا) . " عبدا - الحمید عبادی " ماموٚستای مێژووی ئیسلام لە زانکۆی ئەدەبیاتی میسر . " عبدالوهاب عزام " ماموٚستای فارسی جامیعەی میسر . " ئارتوور کریستین سن" ماموٚستای زانکۆی کۆپنهاک (دانمارک) " دوکتۆر ئێرنێست کۆهتل " سەرۆکی کونینەوەی ئیسلامی مووزەکانی برلن (ئالمان) . " پرۆفسۆر هانری ماسە"ی فەڕانسەوی . " دوکتۆر مایر "ماموٚستای دەستکردەکان و مێژووی رۆژهەڵاتی نزیک لە زانکۆی ئوورشەلیم (فەلەستین) " محمد حبیب " ماموٚستای مێژوو لە زانکۆی عەلیگەر ، نوێنەری هیند ، " پرۆفسۆر مینوورسکی " . " پرۆفسور

هروزنی " نوێنەری چەکۆسلەواکی .

باوکی جەمیل سیدقی یانی " مەلا محەمدی مفتی زەهاوی " زانا و عەللامەی سەردەمی خۆی بووە . " معروف رصافی" شاعیری گەورەی عێراق سەبارەت بەتەبع و قەریحەی شیعری عەرەبی "مفتی" دەڵێ: تەبعی من و جەمیل سیدقی لە حاستی تەبعی مفتی گەورەدا وەکی دڵۆپەیەکە لە بەرامبەری دەریادا ، بەڵام " مفتی" ئەوەندە خەریکی نووسین و تۆ ژینەوەی بابەتی زانستییە کە دەرفەتی شیعر دانانی نیە .

مفتی زەهاوی لە سەرەتادا لە شاری سلێمانی عێراق تا چەند ساڵ خەریکی دەرس گوتنەوە بووە و کەم کەم کاری گەورەتری پێ ئەسپێردراوە و لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی و سوڵتانی ئەوساوە کراوە بە مفتی تەواوی عێراقی عەرەب و ئەم پلە و پایەیە لەو کاتەدا لە رادە بەدەر گرینگ بووە و پایەو مەقامێکی لەوە بەرزتر لەو عەسرەدا نەبووە .

خوا لێ خۆشبوو " حاجی ملک اکلامی کردستانی"(۵) کە لە شیعر و پەخشانی فارسیدا پلەیەکی بڵێندی هەبووە و هی وەکوو " ملک الشعرای بەهار" (۶) و بەر لەویش " ئەدیب الممالک فراهانی" (۷) دانیان بە مامۆستایەتی و بەرزی پلەی ئەو داهێناوە لە سەیاحەتنامە رەوانەکەی خۆیدا ئاوا دەنووسێ :

" لە شاری بەغدا بە زیارەتی مفتی زەهاوی نایل بووم و لە مەحزەری دەرس و ئاڵقەی وەعزەکەی حازر بووم ،ئەلحەق هاوتای مفتیم لە عیلم و زانست و فەلسەفە و فەساحەت و بەلاغەت و کەمال لە تەواوی وڵاتانی ئیسلامیدا چاو پێ نەکەوتووە "

مفتی لە زانستی ریازییاتی قەدیم حیکمەت و کەلام و مەنتیق ، فنوونی ئەدەب و فقە و ئوسوولی تەفسیروحەدیس و زانستەکانیتری سەردەمی خۆی پڕ بوو و هاوشانی زۆر کەم بووە . جەمیلی کوڕیشی کە یەکێک بووە لە فیلسووفانی هاوچەرخی رۆژهەڵات ، تا ئێستا دیوانی شیعر و کتێبە فەلسەفی و ئەدەبی و زانستییەکانی ئەو چەندین جار لە چاپ دراوە و بڵاو کراوەتەوە .

لە دوایدا هەندێ لە شیعرە فارسییەکانی جەمیل و مفتی بۆ نموونە دەخەینە بەر چاو .

لە شیعرەکانی مەلا محمد فیض

نه همین جای زحل بالاتر است از مشتری
میدهد هر نحس را بر سعد گردون برتری
دلجوشدلز زنگ کثرت صاف وحدت نقداوست
شیشهٔ مارا صفای خویشتن باشد پری
تو نه اوئی و نه بی اوئی اگرمیجوئیش
بایدت از خویشتن هم بگذری هم نگذری
تو مثال سایه‌ای و او مثال آفتاب
هر قدر کز خویشتن خالی شوی از اوپری
دختر زر هست عقل آدمی کابین او
گشته محروم از وصالش زاهد شهر ازخری
امتی را زاهد ابله بخود دعوت کند
شخص واحد گشته هم گوساله و هم سامری

* * * * *

خورشید هدی از افق مکه چو تافت
وان پردهٔ ظلمت جهالت بشکافت
خلقی ز پی یافتن حق بشتافت
عابد هو، عارفانت ، عاشق انا یافت

لە شیعرەکانی جەمیل سیدقی

بی رقیب اندر جهان دلدار کو؟
اندر این گلشن گل بیخار کو؟
گر فکند از رخ نقاب آن آفتاب
دیدەها را طاقت دیدار کو؟

شیاوی باسە کە بە بۆنەی چل رۆژ تێپەڕبوون بە سەر کۆچی دوایی " جەمیل سیدقی " لە شاری بەغدادا لە رۆژی۲۷ی مانگی مایسی ۱۹۳۷ ئاهەنگێکی زۆر گەورە گیراوە . پیرە مێردیش (۸) لەم ئاهەنگەدا بەشدار بووە و بە عەرەبی شیعرێکی گوتووە و خوێندوویەتەوە و لە کاتی خویدا لە رۆژنامەکەیدا بەناوی " ژین "(۹) هەڵبەستەکەی بە عەرەبی و بە کوردی بڵاو کردوتەوە . لە دواییدا گوڵبژێرێک لە شیعرە کوردییەکە بۆ نموونە دەنووسین .

باوەڕ ئەکەم کەگیانی بڵند نامرێت و ئەژی   جاران بە خەو بوو ،ئێستە بە دیمانە هاتە دی
بڕوانە ئاسمان بووەتە پەلکی زەرد و سوور   گیانی زەهاوییە کە ئەدرەوشێتەوە لە دوور
شادم بە مەیلەوە یادی ئاوارەیم ئەکەن   دیارەبە قەدری خوێندنەوە بەرز ئەبێت وەتەن
کاک جەمیل بەیادی جەمیلت بوو کەشیعرم هات   راوەستە زۆری نەماوە کە منیش بێمە لات

.... پاشماوەی حاجی ریوی

بۆ نوێژیان وەخەبەر دێنم ، بۆ کاسبییان وەخەبەر دێنم ". ڕێوی گوتی: " زەریفە ، ئەو عوزرەتلێ قەبوولْ دەکەم ، ئەمما ئەتۆ زۆر بێشەرمی لە پێش چاوی بەنی ئادەمی سواری مریشکی دەبی ، شەرمی لە شای ناکەی کەڵەبابدەستی بە قسان کرد ، ڕێوی توند بە ئەستۆیدا نووسا ، خنکاندی و خواردی ، دەم و لووتی خۆی ئەستڕی ، بانگی مراوی کرد. مراوی لە ترسان هاتە پێشێ . ڕێوی گوتی: " مراوی ئەتۆ بۆ لە بەحراندا هەر چێشتی خۆش دەخۆی گوێ نادەیە کەس ؟". مراوی لە ترسان لەرزی ، لەسەر را بە عەرزیدا کەوت . ڕێوی ئەویشی گرتخواردی. زاری کونەکەی گرتەوە، نەیەلێ ئەوانی دیکە بڕۆن . بانگی پەپووسلێمانکەی کرد ، گوتی : " وەرە ، سەرگوزەشتێکم لە حیکایەتی سولەیمان پێغەمبەری بۆ بگێڕەوە، ئەتوو زۆر خزمەتی ویت کردوە". پەپووسلێمانکە لە ترسان هاتە دەرێ . ڕێوی گوتی : " ئەتوو ئەو تاجە چیە لەسەری خۆتناوە، مەگەر ئەتوو پاتشای یا وەزیری؟ درۆیان دەکەی ، دەڵێی ئەمن زۆرم خزمەتی سولەیمان پێغەمبەر کردوە". گورجێکی گرتی و خواردی .

بەری بەیانێ بوو، ڕێوی زۆری برسی ببۆوە، بانگی قشقەڵەی کرد، گوتی: " وەرە پێشی ". قشقەڵە لە ترسان هاتە پێشێ . ڕێوی گوتی : " ئەتۆ بۆ چی زەرعاتی خەڵکی دەخۆی،وهێلکەی ئەوان دەدزی ؟ مەگەر خەڵکی کاسبی بۆ تۆ دەکا ؟" قشقەڵە گوتی : " راستی گوناهم زۆرە ئەمما ، لە ڕێی خزمەتێوە شتێکت پێ دەڵێم، لە پاشان کەیفیخۆتە" ڕێوی گوتی : " بڵێ بزانم ". قشقەڵە گوتی:" کەڵەباب و مریشکێکم پێ شک دێ لە زەمانی حەزرەتی ئادەمیەوە ماون هەتتا ئەوڕۆ. ئەگەر ئیزنم بدەی،دەچم بۆتیان دێنم، لە پێشدا ئەوان بخۆ، لە پاشان ئەمنیش بخۆ". ڕێوی گوتی: " زەریفە زۆرم برسی یە، زوو وەرەوە ئەگەر بێی ئەو کارەی بکەی ، ناتخۆم".

قەل ڕۆی چۆە دێیەکی . سبحەینەی زوو بوو دوو سەگ لە حەسارێکیدا گەپیان دەدا ، خۆی بە سەیەکان نیشان دا سەیەکان ڕەدووی کەوتن . بە قەستی زۆر بە قندە قندەدەڕۆی. هەتتا وەدووی کەوتن هێنانی هەتتا گەیشتنە ڕێوی یێ قەل ئیشارەتی کرد لە ڕێوی یێ، گوتی : " ئەوەتان". ڕێوی کە سەگەکانی دی دەستی هەڵوەشاند ، گوتی : قبووڵە، مەیان هێنە پێشێ . قشقەڵە بەقسەی نەکرد ، ڕێوی بە سەیەکان نیشان دا ، سەیەکان وەدووی کەوتن ، ڕێوییان کوشت تۆڵەی ئەو دەعبایانەیان لێ کردەوە . بۆیە وێستا ڕێوی ئەگەر سەگی تێبەردەدەن ، دەستی هەڵدەوەشێنێ .

فریشتەکەم !

عەزیزی ئالی



فریشتەکەم !

شەوانە بێ حیکایەتی خەیاڵی تۆ

نەبانە خەو لە چاوی من

کە تۆ نەبی هەواری داغی حەسرەتە

ـ جەهەنددەمە هەناوی من

گوڵووکی من !

کە تۆ نەبی ،کرانەوەی گوڵی بەیان

ـ چەمۆڵەیەکە دڕکی خەم دەناخی سینە ڕۆدەکا

کە تۆ نەبی،

ژیانی من شەوی بەسامی مێشەیە

دە هەڵمەیە

لە شەو گەلێ دەترسم ئەی هەتاوی من !

(پەراوێز)

١) ـ زورا : هەم بە مانای شاری بەغدایە و هەم مەبەستلە گۆڤاری "الزوراء"ە کە جەمیل سیدقی لە سەردەمی خۆیدا بڵاوی کردوەتەوە .

٢) ـ بە حیسابی ئەبجەد دەبێتە ١٣٥٤ای کۆچیکەسالێ وەفاتیجەمیل سیدقییە

٣) ـ ١٨٦٣ ـ ١٩٣٦ ی . ز

٤) ـ ١٧٩٢ ـ ١٨٩٠ ی . ز

٥) ـ حاجی ملک الکلامی کوردستانی : ناوی عەبدولمەجید و کوڕی میرزا عەبدوالکەریمە ، خەڵکی سەقزی ئێرانە ، ناز ناوی شیعری " مەجدی " یە و ناصرالدین شای قاجار سەبارەتبە بەرزی پلەی شیعری فارسی لەقەبی " ملک الکلام" ی پێدا .

٦) ـ ١٢٦٦ ـ ١٣٣٠ ی . هـ

٧) ـ ١٣٣٠ ـ ١٢٧٧ ی . هـ

٨) ـ حاجی تەوفیق بەگ ١٩٥٠ ـ ١٨٦٧ ی . ز

٩) ـ ژین : حەوتە نامەیەکی ئەدەبی بوە کە لە لایەن پیرەمێرد و لە دوای ئەو لە لایەن جەمیل سائیب ، نووری ئەمین ، مەحموود و ئەحمەد زرنگ ، و گۆران بڵاو کراوەتەوە. هەوەڵ ژمارەی لە ٢٦ی کانوونی دووهەم دەرچووە و تا ساڵی ١٩٦٣ بەر دەوام بووە .

بەزمی

نەورۆز : ئەحمەدی خانی

وەقتێ وەكوو شەهسەوارێ خاوەر
تەحویل دكر د ماهێ ئازەر
یەعنی كو دهاتە بورجێ سەرسال
قەت كەس نەدما د مەسكەن و مال
بیلجوملە دەچوونە دەر ژ مالان
حەتتا دەگەهیشتە پیر و كالان
رۆژا كو دەبوویە عەیدێ نەورۆز
تەعزیم ژ بۆ دەما دل ئەفرۆز
سەحرا و چەمەن دەكرنە مەسكەن
بەیدا و دەمەن دەكرنە گولشەن
خاسما عەزب و كچێ د باكر
ئەلقیسە جەواهیرێ د نادر
تێكدا د موزەییەن و مولەبەس
قێكرا ل تەفەروجێ مورەخەس
لاكن نە بە توهمەت و بە مینەت
بەلكی ب تەریقا شەرع و سوننەت

بەهار : مەولەوی

وەهارەن ، سەوزەن ، ئاوەن ، سەركاوەن
هاژەی وەفراوەن ، شاخەی شەتاوەن
ساقی یەن ، بادەن ، نەسیمەن ، بادەن
بولبول جە دەوری گولان ئازادەن
بەزمەن ، شادی یەن ، عەیشەن ، نیشاتەن
كەیفەن ، شۆخی یەن ، شەوقەن ، حەیاتەن
سەنگەن ، كۆسارەن ، سەركۆوەن ، هەردەن
خەمەن ، مەینەتەن ، زووخاوەن ،دەردەن
هیجرەن ، دووری یەن ، عیجزەن ، فیراقەن
واوەیلاو شینەن ، نالەی عوشاقەن
سەبزەن ، سۆسەنەن ، نەورۆز گولانەن
كەمەرەن ، هەردەن ، ملەن ، كەلانەن
سەرعی یەن ، شەیدان ، نەجدەن ، مەجنوونەن
مەزاقەن ، جامەن ، پیالەی هوونەن

نەورۆز : وەفایی

نەسیمی بادی نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هێنا
بەریدی عاشقان دیسان پەیامی دلبەری هێنا
نەوید ئەی عاشقانی دلفگار یار هاتە سەر خەندە
سەلا ! ئەی بولبولان دیسان درەختی گول بەری هێنا
مەگەر رێی كەوتە زولف و رووی حەبیبم بادی نەورۆزی
حەیاتێكی بە دنیا داوە بۆ گول عەنبەری هێنا
بە فەتحی دل دەلێی یار زولف و سینە و روویوەدەرناوە
لە نەسرین و گول و سونبول بەهار هات شەككەری هێنا
دەلێی چاوی منە هەوری بەهاری دەمبەدەم دەگری
دەلێی ئاهی منە بەرقی درەخشانِ ئاوری هێنا

هەوا چوو پڕ بە دامانی دەرو دەشتانی گول كێشا
سەبا هات پڕ بە جیبی كۆهساران عەنبەری هێنا
لە نێو بەزمی وەنەوشەی جۆكەناران لالە پەیدا بوو
بە تاریكی (خضر) بۆ چەشمە ِشای ئەسكەندەری هێنا
كە ئیسلامی بەهار فتوای جهادی كافری دەی دا
سنەوبەر نێزە گولبون گورز و سووسن خەنجەری هێنا
نیگارستان بە پا ئەندازی سولتانی بەهار هاتن
سەمەن دیبا ، شەقایق ئەتلەس و گول مەجمەری هێنا
لە شادی دارە گول مەسنەد نشین بوو هاتە پشكووتن
چەمەن تەخت و زومورڕەدگول لە یاقووت ئەفسەری هێنا

بەهاری پاش باران

گۆران

وشکە چەم وەک جەوری سەردەم هەڵساوە، بەرگی سەوز و نەرمی بەهار ژاکاوە
هەر هێڵی گاسنی وەردی کێڵاوە هەتا چاو بڕ ئەکا جۆگەلەی ئاوە
جووتیاری نەقیزەی درێژ سەرشان نەر بەرەو ماڵ لەقە ـ لەق گای داوەتە بەر!
تا ئەژنۆ لە قوڕداو کەپەنک بەسەر، بۆ رانی تەڕیوی هەڵپە و خەم لەبەر،
مامەی شوان،وەکوو خۆی ، بەرخی باوەشی تەڕ ـ تەڕە و هەڵ دەستێ هەڵمە لەشی ڵ
کچانی کۆڵە گیای کولاندن بە کۆڵ رووەو دێ رەویون وەک مامزی چۆڵ .
لە ئاو هەڵکشاوە پەل و پۆی باڵدار رەنج ئەدا فڕە ـ فڕ ناگاتە سەردار .
تەلانی ناو باخی پڕ فەرشی گیای سەوز (لێلاو)ی بارانا و کردوویە بە حەوز ،
لە لێواری حەوزا گوڵاڵە و بەیبوون ساوان و ئەلەرزن لە تاو نوقوم بوون ،
درەختی هەڵووژەی بەفر داپۆشیو ، دارسێوی رازاوە بە پۆلانەی زیو ،
هەڵاڵەی وەراندوون تەوژمی باران ، وەک بووکی رووتکراو کەوتوونە گریان !
لەبەر پێی تەمامی چوالەدا سەوزاو ، لە روومەت تکاوە رژاوەتە ئاو .
گوڵباخی گەشاوەی گەڵا تێکشکاو بە کولمیا دێتە خوار ئارەق لە گوڵاو ،
وەک یاری شەرمنی دەس لە مل ئاڵاو بە گوپچڕ دەرباز بووی شانەوقژ شێواو .

*****

ئەمەیە دیمەنی پاش وەشتی نیسان : بێ شێلی ستەمە گشتێکی جوان ،
تا هەوری رووی ئاسمان دڕئەداو هەتاو ئارامیی شیرینتر ئەخاتەوە ناو ...

بەهار

لە بەزمی نێرگس و نەسرین بە دەفعی چاوەزار ئێمڕۆ
دڵ ئابەی (ان یکاد) ی بۆ قەد و باڵا و سەری هێنا
لە مەیخانەی چەمەن بەزم و تەرەبیان گرتوە مەی‌نۆشان
شەقایق بادە نەسرین کووبەی‌مەی ئەحمەری هێنا
لە دەنگی ساز و چەهچەی بولبولان سووتا هەموو دنیا
سەدایی تارەزەن ئاوازی خۆشخوانی ئاوری هێنا
حیکایاتی غەریبەی پێیە بولبول جوملە خۆ کردی
دەڵێی چاپاری ئێران رۆژنامەی ئەختەری هێنا
بەشەوقی رووی لالە و گوڵ لە باخان وا چراخانە
دەڵێی ریزوانە بۆ ئەهلی بەهەشتی کەوسەری هێنا

شکۆفە و گوڵ بە عیشوە و خەندە ئارامی دەروونیاندا
بەهار بۆ خەستەگانی خۆی چەشیر و شەکەری هێنا
بە زەرد و سوورەوە خەملێوە بۆ داماوی بولبول گوڵ
وەرەق میعجەر ئەرز گوڵگوونە شەونم زیوەری هێنا
هەموو کەس چاوەروونی لێک دەکەن وەک سورمەیان دیبێ
مەگەر بادی سەبا خاکی گوزاری دلبەری هێنا
چ دلبەر ئافتابی و ماهڕوویان و شەکەر لێوان
کە خەندێکی لە سەحرا گوڵ لە دەریا گەوهەری هێنا
بە بێ شاباشی سەر بە قسەی (وەفایی) گوڵ چراغ نابێ
کە بولبول گیانی بۆ گوڵ برد وبەروانەش سەری هێنا

چیرۆک بۆ منداڵان

خولا لە سولتان مەحموود گەورەترە

لە توحفەی موزەففەرییە وەرگیراوە

پیاوێکی ئاوفرۆش لە شاری غەزنەیدا ئاو فرۆشی دەکرد، خولا وای بۆبڕیبۆوە کە هەموو رۆژێ تمەنێکی پەیدا دەکرد. شەوێ دەهاتەوە ماڵە خۆی، هێندێکی برادەر بوون، بۆ وانی خەرج دەکرد، شەوێ لە ماڵە وی خەریک بەزمی دەبوون، قەدەر ئەییامێکی وای رابوارد، شەوێکی سوڵتان مەحموود دە شاری غەزنەیدا دەگەڕا، هاتە ئەو کووچەی، گوێی هەڵخست، تەماشای کرد: دەنگی گۆرانی و تار دەهات. بە جلکی دەروێشی چۆە ژوورێ. سەلاوی کرد، ساحب ماڵ جێی پێ نیشاندا، دانیشت، بەخێراتنی کرد. قەدەرێکی دانیشتە خەلقەکە بلاوەیان کرد، سوڵتان مەحموود فکری کردەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەو پیاوە ئاوزەی ماڵیی هیچ نیە، ئەو بەزمەی لە چی دروس کرد؟ ناڕۆم هەتتا نەزانم، لە کوێی بووە". خۆی داگرت، نەڕۆی. خانە خوێ گوتی: "دەروێش ئەتۆ بۆ ناڕۆی؟" گوتی: "بابە، ئەمشۆ میوانم، لێرە زیاتر چ جێم نیە".

ساحب ماڵ گوتی: "دەروێش، قەیدی نیە ئەوشۆ لێرە بە". سەعاتێکی پێچوو، پرسی: "خانە خوێ بە خولات سوێند دەدەم، ئەو خەرجەت لە کوێ پەیدا کردوە؟ ئەمن دەبینم ئەتوو هیچت نیە". گوتی: "دەروێش، بنوو، لەو قسانە گەڕێ". زۆر پاڕاوە لە ساحب ماڵی، گوتی: "دەروێش، ئەمن هەموو رۆژێ ئاو فرۆشی دەکەم، تمەنێکم وەگیر دەکەوێ بۆ رەفیقان خەرجی دەکەم، هەموو شەوێ حاڵم وایە وەکی دەبینی". دەروێش گوتی: "ئەگەر سوڵتان مەحموود حوکمی بکا کەس ئاوی نەفرۆشێ چدەکەی؟" گوتی: "دەروێش خولا لە سوڵتان مەحموودی گەورەترە، بنوو". دەروێش نوست تا سبحەینێ.

سبحەینێ زوو روی چووە سەر تەختی، حوکمی کرد: "ئەمڕۆ کەس ئاوی نەفرۆشێ". جاڕیان لە شاریدا کێشا، کابرا گوێی لێ بوو، قسەی دەروێشی وەبیر هاتەوە، گوتی: "ئەو دەروێشە شەیتان بوو". چوو لە ماڵێ، گوریسێکی هەڵگرت، خەریکی حەمباڵی بوو. ئەوی رۆژێ دیسان تمەنێکی پەیدا کرد، شەوێ بۆ رەفیقان خەرجی کرد. سوڵتان مەحموود دیسان، هاتەوە سەلاوی کرد. ساحب ماڵ بەخێراتنی کرد، دانیشت. پاش قەدەرێکی خەڵقی رۆین، گوتی: "دەروێش بۆ ناڕۆی؟". گوتی: "چ جێم نیە بیچمێ، ئەمشۆش لێرە دەبم". دیسان دەروێش پرسی: "ئەمڕۆکە سوڵتان مەحموود بیستم حوکمی کردوە، کەس ئاوی نەفرۆشێ، ئەتوو خەرجی ئەمشۆت لەکوێ بوو؟". ساحب ماڵ گوتی: "دەروێش، وەک قەلی دەقڕی، ئەمن شەوی دیم پێ‌گوتی: خولا لە سوڵتان مەحموودی گەورەترە". دەروێش گوتی: "ئەگەر سوڵتان مەحموود حوکمی بکا کەس نابێ حەمباڵی بکا، چ دەکەی؟". گوتی: دەروێش خولا لە سوڵتان مەحموودی گەورەترە". دەروێش نوست حەتتا سبحەینێ. سبحەینێ زوو رۆیەوە سەرتەختێ جاڕیان رایەشت، کەس نابێ حەمباڵی بکا. کابرا زۆر مات بوو، هیچ کاسبی دیکەی نەدەزانی، مەحتەل بوو تا ئێوارەهیچی وەگیر نەکەوت. جلی بێکارێ لە ماڵێ بوو دەبەری کرد، هاتە سەر کووچەی، راوەستا، تەماشای کرد، دوو لادێیی شەڕیان دەکرد. خۆی لێ کردنە داروغە، چوو، دوو سێ داری لێ دان گرتنی، گوتی: "دەتانبەمە کن سوڵتانی". پیاوەکان ترسان، گوتیان: بابە، دوو تمەنت دەدەینێ، مەمانبە کن سوڵتانی". دوو تمەنەکەی لێ وەرگرتن، چووە ماڵێ خەرجی کرد. شەوێ سوڵتان چۆوە دیتی بەزمی ئەمشۆ لە هەموو شەوان زیاترە، چۆوە ژوورێ دانیشت، تا درەنگێکی پرسی: "رەفیق ئەمڕۆ بیستم سوڵتان حوکمی کردبوو، هیچ کەس حەمباڵی نەکا، خەرجی ئەمشەوەت لە کوێ بوو؟". گوتی: "زۆر بەدفەڕی، ئەتۆ چت بەسەر ئەو قسانە داوە؟". گوتی: "دەروێش، حیکایەتی وابوو". دەروێش گوتی: "ئەگەر سوڵتان

سبحەینێ بت باتە کنە خۆی شیرێکی لە قەدت بەستێ ، تا ئێواری چ دەکەی؟" گوتی: " دەروێش ، سولتان چی بەسەر ئەمن داوە؟". دەروێش گوتی : " بەڵکی لە دووی ناردی ". ئەوێشەوێ نووست . سبحەینێ هەڵستا ، رۆیەوە سەرتەختی دانیشت ، پیاوی نارد کابرایان هێنا شیرێکی لە قەدی بەست ، رای گرت تا ئێوارێ . ئێوارێ کابرا خۆی دزیەوە ، شیرەکەی بردە کن شیرگەرێکی ، گوتی : " وەستا شیرێکی دارم بۆ دروس بکە ، ئەو شیرەش گرۆی بیس تمەنی بێ ، حەتتا سبحەینێ پوولت دەدەمەوە ". پوولەکەی لێ وەرگرت چوو خەرجی کرد ، ئەوێ شەوێ میوانییەکی چاکی دروس کرد . سولتان مەحموود ئێوارێ رۆی بۆ ماڵە کابرای گوتی : " بزانم ئەمشۆ چی هەیە بیدا بە میوانان". رۆی تەماشای کرد مەجلیسی ئەوێ شەوێ لە هەموو شەوان خۆشترە . سولتان سەرسام بوو ، خەرجی ئەوشۆی لە چی پەیدا کردوە . رۆیە ژوورێ، سەلاوی کرد ، ساحب ماڵ گوتی: " وەدەریی بنێن، زۆر بەدفەڕە ، هەموو شەوێ سەدەقم لێ دەدا ، هەرچی ئەو دەڵێ وام بەسەر دێ ". دەروێش زۆر پاڕاوە. دانیشت هەتتا شەو درەنگ بوو . خەڵقی رۆین، دەروێش بەجێما . ساحب ماڵ گوتی : " دەروێش بڕۆ " . دەروێش گوتی: "ئەگەر بڕۆم حەسەسان دەمگرن". گوتی: " قەیدی نیە ، هەرچی ئەتۆ بڵێی چاترم بۆ دێ". دەروێش گوتی : " بیستم ئەمڕۆ سولتان ئەتۆی بردبوە کنە خۆی ، تا ئێواری لەوێ بووی خەرجی ئەمشەوەت لە کوێ پەیدا کرد؟". حیکایەتەکەی بۆ گێڕاوە دەروێش گوتی : " ئەوێستا شیرەکە دارە ئەگەر سولتان سبحەینێ بتبا گوناباری کێ بێنێ ، بڵێ سەری ببڕە چ دەکەی؟ گوتی : " دەروێش ، بنوو ، خولا لە سولتان مەحموودی گەورەترە ". سبحەینێ دەروێش رۆیەوە سەرتەختی ، گوتی: " بچن فولانکەسی بێنن، ". چوون هێنایان . دایانە دەست ئاوفرۆشی ، کە سەری ببڕی . سولتان چاوی لێیە ، کابرا گوتی : " یا رەبی ! ئەو پیاوە ئەگەر گوناباره ئەو شیرە سەری ببڕێ، ئەگەر گونابار نیە شیرەکە ببێ بەدار ".شیری دەرکێشا ، لە ئەستۆی کابرای دا نەیبڕی شیرەکە ، ببوو بە دار. ئاو ـ فرۆش بە سولتانی گوت : " قوربان،ئەو پیاوە گوناهی نیە ، بۆیە شیرەکە بوو بەدار ". سولتان زۆر پێکەنی ، خەڵاتی کرد ، وە کردی بە نۆکەری خۆی .

دەسکێک گوڵ دەسکێک نەرگیز
مەرگی ئەوجەماتەی نەبینم هەرگیز!

..... پاشماوەی بووکی ...

چەند رۆژ پاشی ماڵی ئێمە و کاک شەهاب و رەفیقانیتری باپیر و پەری بۆ خەنەبەندان بانگ هێشتن کرابووین شەوێکی زۆر خۆشمان رابوارد .باو باوی نێرگس بوو وەک کەوی شەڕانی پەڕبازی لە دەورەی پەری دەکرد و دابوویە بەر هێرشیلاتاو و تەوس و پللار . پەری دەستی لە بەر نەدەکردەوە رۆژی پێنج شەمۆش هەموو لە ماڵی بووکی بووین . نێرگس وەک خول خولە هەڵدەسووڕا و پەزێرایی لە خەڵک دەکرد و جارجارە چەپۆکێکی بە پەریدادەدا یا چمۆڵەیەکی لێ دەنا و هەموومانی وە پێکەنین دەخست ، لای بانگی شەوان تا رای سووری جغجغەدا ریان بە سەر پەریدا دا و بووکیان سوار ماشێن کرد و بە داب و دەستوورێکی کوردانە و موحتەرەمانە بەڕێمان کرد .

ئێوارەی جومعە بوو و ئیدارە نەبوو لە ماڵێ دانیشتبووم و تەماشای تەلەزیۆنم دەکرد لە پڕ کرموهۆڕ پەیدا بوو و تۆز و خۆڵ بەری ئاسمانی کرت . هەواپەیماکانی بەعسی شارە خونچیلانەکەمانیان دابوە بەر ڕاکیت و بۆمب . ئێمە بە پەلە خۆمان لە ژێر زەمین هاوێشت هاڕە و زرمەی فڕۆکەی دوژمن و تەقەی دەسڕێژی دژی هەوایی خومان زراوی دەتۆقاند و گوێی کەڕ دەکرد. وەک رۆژی قەرە وەیس باب ئاگای لە کوڕی نەبوو . پاش نیو سەعات کە هاتمە دەر دووکەڵە شینکە بەری لە هەموو لایەکی شار هەڵدەستا و لەبەر بۆنی باروت و تۆز و خۆڵ پشوو هەڵنەدەکێشرا . بە تالووکە خۆم گەیاندە ماڵی کاکە سوار دیار بوو سەدەمەی نەدیبوو . بەڵام دەرکی داخرا بوو کەس لە ماڵ نەبوو ، بە نێو خەڵکی سەر لێ شێواو و چاو بە کریانا بە غاردان چوومە ماڵە موهەندیس پیرانی بە داخەوە خانوە تازە و جوانەکەی ئاداری بە سەر پادارەوە نەمابوو . کاک شەهاب و نێرکس و دێدەستی و باپیر لەحاڵێکدا بانک لەسەر بانگیان لێدەدا ، خەریکی لابردنی خشت و بەرد و گڵ بوون منیش وەک وان لە گابۆڕم داو خەریکی کار بووم وردە وردە خەڵک هاتە یارمەتیمان لە لای نیوەشەودا جەنازەی زاوای تازە و بووکی یەکشەوەمان لە بن خاک وخۆڵ دەرێنا .



شەماڵ هات بە گاڵە گاڵ
هەور بوون گەواڵ گەواڵ
پشکووت گوڵی گەش و ئاڵ
بلبل کەوتە ناڵە ناڵ

بە لەنگێزە ، بە باران
بە شنە بای بەهاران
توانەوە وەک جاران
کەوی بەفری نیساران

نەما مژ و سەرما و سۆڵ
نەسیخوار ما نە سەهۆڵ
تەرت و رژد و شیو و دۆڵ
لێی هاتە دەر گیا و گۆڵ

دەشت و چیمەن رازاوە
کێو و بەندەن نەخشاوە
زۆنگ و چێنکە ژیاوە
گیا سەری پێوە ناوە

لە هەوشین و گەدە و لەند
لە کوێستانی دە سامرەند
هەلز و بیزا و گیابەند
تێک چرژا ، بۆتە زەمەند

مەندۆک و خاو و کەما
لە نەرمان و ئەستەما
بە سروە هاتنە سەما
وەیشوومە و سەرما نەما

وێستاوە زەنگۆڵ زەنگۆڵ
ئاونگ لە سەر پەلکی گوڵ
لەسەر چلێ سورە گوڵ
بلبل دەخوێنێ بە کوڵ

دیسان لە چیاو لە رازان
دێ سیرەی سەقر و بازان
پێم خۆشترن لە سازان
لە ئاهەنگ و ئاوازان

بژوێنە هەموو وڵات
زیندوو بۆتەوە ماڵات
جەنگەی بانەمەڕێ هات
بەرە و کوێستان چوو خێڵات

دیسان هات وەکوو جاران
هەوهەنەوی شۆڕە سواران
ویڕەی جلیت و داران
خرمەی ناڵ و بزماران

هات خربنگەی زەنگ و قۆڕ
لوشمە لوشم و هۆڕەهۆڕ
هۆقەهۆق و بۆڕەبۆڕ
حیلەی جانوو ئەسپی تۆڕ

کار و کووری بزن و مەڕ
لرفە لرفی لۆک و نەڕ
کۆڕژنی ئەسپی بەدفەڕ
گوێچکەی پیاوی دەکا کەڕ

وەنەوشەی جوانی خۆشبۆ
هاتە دەر لە لێوی جۆ
دار دەری کردوە چرۆ
کەروێشکەی کرد گەنم و جۆ

سوێسن و بەیبوون و شلێر
رواون لە جێگای زەنوێر
قەڵبەزی بەست ئاوهەڵدێر
شەپۆلان دەدا ئەستێر

بۆنی خۆشی هەڵاڵە
پیاو مەست دەکا لە نواڵە
وەک شەهیدە گوڵاڵە
لە خوێناوا شەڵاڵە

گرمەی هەوری بەهاران
دێ بەیان و ئێواران
خوناوی وردە باران
تەڕ دەکا گەڵای داران

ئەو ترووپک و نشیوە
ئەو یاڵ و خڕ و شیوە
لە گوێن بەهەشت خەملیوە
کێ مەڵبەندی وای دیوە؟

تیرەگ و گەوەو و لاپاڵ
پێی دا درا ئاڵای ئاڵ
سەرچاوەی سارد و زوڵاڵ
هەڵقوڵێ وەک زیوی قاڵ

هات لە رەوەز و زەردان
قاسپەی کەوی سەر بەردان
ورتە ورتی هەوێردان
دێ لە ناو شیناوەردان



لە کن کارژیلە و بەرخەل
لە کن بزن و مەڕی شەل
کە بۆیان هەڵکەوێ هەل
کچ و کوڕ دەکەن هەمزەل

کیژۆڵەی شۆخی جوان چاک
شۆڕە ژنی داوێن پاک
رووهەڵمالاو و بێباک
دەڕەتێنن زاووماک

فیتەی شوان ، ئۆحەی گاوان
دێ لە مۆڵگە ودەراوان
دێتە گوێ لاوکی لاوان
بالۆرەی بەڵەک چاوان

منداڵ لە رژد و هەڵدێر
بەر دەدەنەوە تاوێر
شوانە لەسەر بردەبێر
تێی تووڕاندوە لە بلوێر

مەڕ لە گوشتا بووە سوور
خۆ هەڵداوێن شەک و کوور
گەماڵ دەکەن چەق و لوور
سەوەڕیان دەچێ بۆ دوور

کچی لەباری رەوەند
هەڵیکرد بەلەک و زەند
کەزی هۆنیەوە وەک بەند
کوڕان دەگرێ بە کەمەند

لەبەر دەرکی رەشماڵان
دەبینی چاو کەژاڵان
دڵان دەبەن بە تالان
کاس دەکەن کوڕ و کاڵان

لێو ئاڵن ، دەم بچووکن
خوێن شیرن ، رەزاسووکن
کوڵمەیان وەک گوڵووکن
گەورە کچن ، نۆ بووکن

شل و مل و لە بارن
چاو بەکل گوێ بەگوارن
دەسماڵ پوولەکەدارن
شەدە و گێل گێلەلارن

ناسک و نەرم و نۆڵن
خاوێنن سپی و سۆڵن
بڵباسی و توند و تۆڵن
بەمژۆڵ جەرگان دەکۆڵن

هەڵیان ماڵیوە پاسک
باسکی قەڵەو و ناسک
کە دەکەن تاسکە تاسک
رەوکترن لە ئاسک

کیژی مەرزینگ و سەکرن
بە لەنجە و لار رادەبرن
ناز دەکەن ، چاو دادەگرن
کوڕگەل دەبەریان دەمرن

کابانی قۆڵ بە بازن
شەنگە بێری کێل گەردن
لە نێو مەڕ دێن و دەچن
وەک پۆلی پۆڕان دەچن

سوێسن وەنەوشە و هەمین
کەژێ و خەندان و جەمین
خاسێ ، کەوێ ، خاتووزین
بەپۆل دەچنە مەڕ دۆشین

زیڕن و کابان و مێرێ
دانیشتوون لە بەر بێرێ
ئەستێ دەکا هاوێرێ
گوڵێ بەرخان دەژمێرێ

خونچە و گوڵووک و گەوەر
شەم و کەژاڵ و دڵبەر
زێن و مرۆت و ئەسمەر
لە تاوڵێ هاتوونە دەر

مامز دایگرتوە شیری
ناسک دەکوشێ پەنیری
ناز دەشێلی هەویری
کاڵێ دەکا نان تیری

ئامان چۆتە کوڵێنێ
پەری مەشکەی دەژێنێ
بەسی لۆرکێ دەکوڵێنێ
خەیاڵ ئاوردووی دێنێ


(هێمن) لەسەرە خۆ بە
ئەکەی بچی بۆ هۆبە
دەنا دەشکێنی تۆبە
ئاور دەگری وەک سۆبە

ئاورێک بۆسەر مێژووی کوردستان

موهەندیس فاڕووقی کەیخوسرەوی

سەرداری موسڵمانی کورد صلاح الدینی ئەیووبی

بەشی یەکەم



ئاورێک بۆسەر مێژووی فەلەستین :

ناوی صلاحالدینی ئەیووبی پەیوەندییەکی زۆر نزیکی بە مەڵبەندی فەلەستینەوە هەیە و ئەگەر بمانەوێ باسی ئەو سەردارە بەناوبانگە بکەین پێویستە چاوێک بە مێژووی فەلەستیندا بخشێنین .

فەلەستین وەک بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی کەوتووەتە لای ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی نێوەڕاستەوە و لە باکوورەوە لەگەڵ لوبنان و لە شەرقەوە لەگەڵ ڕووباری ئوردون و کۆماری سووریا و لە باشوورەوە لەگەڵ سەحرای سینا ، کە بەشێکە لە وڵاتی میسر ، هاوسنوورە .

یەکەم جار لە ساڵی دووهەزار و پێنسەدی" پ . ز" دا " کەنعانی"یەکان کە چەند هۆزێکی عەرەب بوون هاتنە فەلەستین ، بەڵام زۆری لێ نەمانەوە و بەرەو چیاکانی لوبنان هەڵکشان. ئەم هۆزانە کە لە تاریخدا وردە ناویان بە " فینیقی " گۆڕا چەندین شاریان لە فەلەستیندا ساز کرد و بناخەی شارستانیەتێکیان لەوێ داڕشت و ئاینێکی تایبەت بە خۆیانیان دانا کە مەزهەبی " عیبرانی " یەکان نزیکییەکی زۆری لەگەڵ ئەو ئاینەهەیە.



لە ۱۸۰۵ی "پ.ز" دا حەزرەتی ئیبراهیم هاتە فەلەستین و هەر لێرەش حەزرەتی ئیسحاق وحەزرەتی یەعقووبی کوڕی کە "ئیسرائیل" یان پێ دەگوت هاتنە دنیاوە. قەومی یەهوودیش کە دەچنەوە سەر حەزرەتی یەعقووب بە "بەنی ئیسرائیل" ناوبانگیان دەرکردوە. دەور و بەری سالی ۱۲۹۰ی"پ.ز" حەزرەتی مووسا کە بەنی ئیسرائیلی لە دەست فیرعەون رزگار کرد، حەزرەتی "یووشع"ی لەگەل جەماعەتێک نارده فەلەستین، بەلام دانیشتوانی ئەو مەلبەندە ئیمانیان بە حەزرەتی مووسا نەهێنا.

لە دوای کۆچی دوایی ئەو حەزرەتە بەنی ئیسرائیل بە رێبەرایەتی حەزرەتی یووشع لە رووباری ئوردون پەڕینەوە و هاتنە شاری "ئەریحا" و لە دواییشدا شارەکانی دیکەی فەلەستینیان گرت. بەلام شاری قودس "یبووس" خۆی بە دەستەوە نەدا.

قەومی یەهوود هەمیشە لە شەڕ و کێشەدا بوون و پاش کێشەیەکی زۆر ملیان بۆ رابەری شائوول "تالووت" کەچ کرد. شائوولیش لەدوای چەندین شەڕ تێک شکا و هەزار سال بەر لە میلادی مەسیح حەزرەتی داوود سەرۆکایەتی بەنی ئیسرائیلی بە ئەستۆ گرت. حەزرەتی داوود خۆڕاگری دانیشتوانی شاری قودسی تێک شکاندو ولاتێکی بۆ بەنی ئیسرائیل پێک هێنا و شاری ئوورشەلیمیشی کردە پێتەختی. هەروەها بناخەی پەرەستشگای گەورەی "هەیکەلی سولەیمانی" دانا کە حەزرەتی سولەیمان بە یارمەتی سولتانی سوور تەواوی کرد.

پاش کۆچی دوایی حەزرەتی سولەیمان ژمارەیەک لە ئیسرائیلیەکان لە "رحبعام"ی کوڕی هەلگەڕانەوە و لە باکووری فەلەستیندا "دەولەتی ئیسرائیل" یان پێک هێنا و شاری "سامەرا"یان(۱) کردە پێتەختی، ژمارەیەکیشیان لەگەل دەولەتی ناوەندی مانەوە، "دەولەتی یەهوودا" یان پێک هێنا کە پێتەختەکەی شاری ئورشەلیم بوو. بەم جۆرە ولاتی داوود کرا بە دوو بەشەوە، کە هەمیشەش پێکەوە لە شەڕ و کێشەدا بوون.

ئاشوورییەکان هەر دوو دەولەتیان هێنایە ژێر ئاوزەنگی خۆیانەوە لە پاشانیش کەلدانییەکان بە سەر ئاشوورییەکاندا زال بوون و بەهۆی لاواز بوونی ئاشوورییەکانەوە،دەولەتی میسر هەلی بۆ هەلکەوت و دەولەتی یەهوودای گرت.

لە ۵۹۷ ی "پ.ز "دا "بخت النصر" کەلدانی پەلاماری بردە سەر فەلەستین و قودسی گرت و سەدەقیای لە جێگای خۆی دانا. بەلام سەدەقیا لێی هەلگەڕاوە و ئەویش لە ۵۸۶ دا ئەو شارەی گرتەوە و دوای کوشتارێکی زۆر شارەکە و هەیکەلی سولەیمانی لێ رووخاندن، دوای زال بوونی کووروش بە سەر بابلدا فەلەستینییەکانیش سەریان بۆ کووروش دانەواند.

ئەسکەندەری مەقدوونی ئێرانییەکانی تێک شکاند و سووریای گرت و بەوجۆرە فەلەستین کەوتە ژێر دەسەلاتی یۆنانەوە



دوای مردنی ئەسکەندەر یۆنان دابەش کرا و فەلەستین کە وەبەر "ئەنتیغووش" کەوتبوو لەپاش شەڕی غەززە کە سالی ۳۱۲ ی "پ.ز" رووی دا، بوو بە بەشێک لە خاکی میسر. ئەمما لە ۱۹۸ ی "پ.ز" دا جارێکی تر حاکمی یۆنانی سووریا دەستی بەسەر فەلەستیندا گرتەوە.

فەلەستین لە پەلاماری رۆمییەکانیش بێ بەش نەبووە و پۆمپی سەرداری رۆم بۆ یەکەم جار لەپاش سێ مانگ ئابلۆقەدان شاری قودسی گرت. لە سەردەمی "یوولیوس" قەیسەری رۆمدا حکوومەتی ئەم مەلبەندە درا بە "ئەنتیپاس ئەدوومی" و سەرەڕای چەندین جار راپەڕینی جوولەکەکان فەلەستین هەر لەژێر دەسەلاتی رۆمییەکاندا مایەوە. دوای دابەش بوونی ئیمپەراتۆری رۆم بە دوو بەشی غەربی و شەرقی فەلەستین بوو بە بەشێک لە ئیمپەراتۆری رۆمی شەرقی کە پێتەختەکەی شاری "بزنتە" بوو. لە شەڕی نێوان ئێران و رۆمی شەرقیدا کە سالی ۶۱۴ ی (ز) رووی دا و بە سەرکەوتنی ئێرانییەکان کۆتایی پێ هات فەلەستین جارێکی تر کەوتەوە دەست پادشایانی ئێران.

(۱) ئەو سامەڕایە ئێستا ناوی "سبووتیە" یە و لە ۱۰ کیلومیتری شاری نابلۆسدایە.

لە پاش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام حەزرەتی محمد (د.خ) لەشکرێکی بە سەرکردایەتی حەزرەتی ئەبووبەکر (ر.خ) بەرەو شیمال سوریا و فەلەستین و....." نارد کە لەبەر کۆچی دوایی حەزرەت چوونی ئەو لەشکرە وەپاش کەوت. لە ساڵی ٦٣٣ ی (ز) دا حەزرەتی ئەبووبەکر (ر.خ) چەندین لەشکری بەرەو شیمال نارد و "هیرقیل" ئیمپەراتۆری ڕۆمیش بۆ بەرەنگار بوونیان سپایەکی گەورەی بەسەرکردایەتی "تیۆدورۆس" ی برای ناردە مەیدانەوە کە لە ساڵی ٦٣٤ ی (ز) دا سپای ئیسلام بە سەرکردایەتی خالیدی بنی وەلید تێکی شکاند و فەلەستین بوو بە بەشێک لە وڵاتانی گەورەی ئیسلامی.

خەڵکی شاری قودس لە پێشدا لە بەرانبەر سپای ئیسلامدا خۆیان بە دەستەوە نەدا، بەڵام سەرەنجام هەیئەتێکیان ناردە لای حەزرەتی عومەر (ر.خ) و پێشنیاری ئاشتییان هێنایە گۆڕێ، بە مەرجێک خەلیفە بۆ خۆی بە سەر شاری قودسدا رابگا. بەیمانێکی ئاشتیش مۆر کرا.

لە سەردەمی بەنی ئومەییەدا فەلەستین تابیعی دیمەشق بوو، لەسەردەمی بەنی عەبباسدا بوو بە بەشێک لە حکوومەتی عێراق و لە سەردەمی "توولونی"یەکانی میسردا خرایە سەر خاکی میسر. کاتێک "ئەخشیدییە" و دوای ئەوان "فاتمی"یەکان بە سەر میسردا حکوومەتیان دەکرد، فەلەستین هەر بە بەشێک لە میسر دەژمێردرا.

دوای ئەوەی سەلجووقییەکان بە سەر ئاسیای پچووکدا زاڵ بوون، لەشکریان بردە سەر فەلەستین و قودس و ڕەملەیان گرت. بەڵام لە ساڵی ١٠٧١ دا لە بەر پەلاماری فاتمییەکان خۆیان ڕانەگرت و پاشکشەیان کرد. دوژمنایەتی نێوان سەلجووقییەکان و فاتمییەکان هەر بەردەوام بوو بەڵام قودس لە دەست فاتمییەکاندا مابۆوە و لە ئاکامی لاواز بوونی ئەواندا بوو کە خاچ پەرستانی ئۆرووپا توانییان بە سەر فەلەستیندا زاڵ بن.

ئامۆژگاری صلاح الدین بۆ مەلیک زاهیری کوڕی: تەوسیەی

ئەوی خوا ئەمری پێ کردوە، منیش ئەمرت

لێرەدا دێینە سەر باسی ژیان و خەزاکانی صلاح الدینی ئەییووبی کە شەڕی خاچ پەرستانیشی تێدا دەخەینە بەر باس.

بنەماڵەی صلاح الدین:

باپیری صلاح الدین شادی کوڕی مەروان بوو، کە لە شاری دوێن(٢) لە مەڵبەندی ئازەربایجاندا دەژیا. پاش ئەوەی مجاهدالدین بیهرووز لە لایەن سوڵتان مەسعوودی سەلجووقییەوە دەسەڵاتی بەغدای بەدەستەوەگرت، شادی لەگەڵ دوو کوڕی خۆی نجم الدین ئەییووب و اسدالدین شێرکۆ ڕوویان کردە بەغدا و لە لایەن بیهرووزەوە پاراستنی قەڵای "تەکریت"ی پێ ئەسپێردرا.

پاش چەند ساڵێک شادی ئەمری خوای بەجێ هێنا و نجم الدین ئەییووبی کوڕی لە جێگای دانیشت. لە ماوەی دەسەڵاتداری نجم الدین ئەییووب لە تکریتدا بەو جۆرەی لە شەرەفنامەدا هاتووە، اسدالدین شێرکۆی برای لەسەر دیفاع لە ناموسی ژنێک دۆستێکی زۆر نزیکی نایبی سوڵتان مەسعوودی سەلجووقی لە بەغدا دەکوژێ. نایبی سوڵتان مەسعوود لە نامەیەکدا بۆ "نجم الدین ئەییووب" دەنووسێ:

ئەو کابرایەی کە برای تۆ

لە ساڵی (٦٣٣ ی .ز)دا حەزرەتی ئەبووبەکر "ر.خ" چەندین لەشکری بەرە و شیمال نارد و "هیرقیل" ئیمپەراتۆری ڕۆمیش بۆ بەرنگار بوونیان سپایەکی گەورەی بە سەرکردایەتی(تیۆدورۆس) ی برای ناردە مەیدانەوە کە لە ساڵی (٦٣٤ی. ز)دا، سپای ئیسلام بە سەر کردایەتی خالیدی بنی وەلید تێکی شکاندن و فەلەستین بوو بە بەشێک لە وڵاتی گەورەی ئیسلامی.

(٢) مێژوونووسان لەسەر ئەو ناوە کێشەیانە هێندێک دەڵێن: لە نێوان هەولێر و ڕەواندزە و نیزیکی گوندی دێرحەریرە کە سەروەختێک پاتەختی فەرمانڕەوایی سۆران بووە. زانای گەورەی کورد مەلا محمد کوڕی حاجی هەزار مێردی لە ابن خەلەکانی کوردەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویە: "دوێن دال بۆر و واوزێر. شارۆکێکە لە نزیک هەولێر و زۆربەی کاول کەیە و ئەمڕۆ ئەو دەوروبەرە بە وڵاتی سۆران ناسراوە".

هێندێکیش گوتوویانە: لە ئازەربایجانەو کەوتۆتە لای سنووری(ئاران، بەرڤان، گورجستان) شەرەفخان خۆی لای وایە و گەلێک لە مێژووناسانی



تەقوات دەکەم. مەبدەئی هەموو خێرێکە.
پێی دەکەم. چونکە سەبەبی رزگاریتە.

کوشتوویە دوستێکی زۆر نزیک و خۆشەویستی من بوو، زۆری بۆ بە پەرۆشم. لە لایەکی تریشەوە هەواڵ و هۆگری تۆشم، زۆردەترسم رۆژێک تووشم ببێ بە تووشی شێرکۆوە و خوێنم هەڵچێ و خۆم بۆ رانەگیری و لە تۆڵەی دۆستی لەدەستچوومدا شیری لێ بکێشم و لێمان ببێتە کێشە و دیسان خوێن بێتە سەر خوێن.

من وای بە باش دەزانم تا تەمی ماتەمی ئەوم لە سەر دەرەوێ ئێوە لەو مەڵبەندە بارکەن با چاومان بە یەکتر نەکەوێ (٣).

لە ئاکامدا نجم الدین چارەیەکی نەما جگە لەوەی روو بکاتە مووسڵ و پەنا بەرێتە بەر عمادالدین زەنگی. بە گوێرەی قسەی مێژوونووسان ئەم واقیعە لە ساڵی ٥٣٢ ی ک (١١٣٧ی ز)دا رووی داوە و گۆیا سوڵتان صلاح الدینیش هەر لەو ساڵەدا لە دایک بووە، و مامۆستا ئەمین زەکی بەگ لە کورد و کوردستاندا دەگێڕێتەوە:

" حەتتا بەعزێ کەس گوتوویانە وەلادەتی تەسادوفی ئەو رۆژەی کرد کە مجاهدالدین بیهروز ئەمری بە دەرچوونیان لە تکریت کردبوو. بە گوێرەی قسەی کاتیبێکی گاور کە لە خدمەت نجم الدین ئەییووبدا بوو، ئەو شەوەی کە لە تکریت دەرچوون صلاح الدین تەوللودی کردوە ". (٤)

کە گەیشتنە لای عمادالدین زەنگی، زۆری بەخێر هێنان و چاکەی پێشووی هێناوە بەر چاو و چاکەی دەگەڵ کردن. ساڵی ٥٢٦ ی ک کە عمادالدین لە جنووبی تکریتدا لەگەڵ ئوردووی سەلجووقییەکان بە شەڕ هاتبوو و تێک شکابوو نجم الدین میواندارییەکی گەرمی لێ کردبوو و بۆ پەڕینەوە لە دیجلە بەلەم و کەڵەکی پێویستی بۆ ئامادە کردبوون.

کاتێک عمادالدین لەشکری بردە سەر بەعلبەک و داگیری کرد، دەسەڵاتی ئەو مەڵبەندەی بە نجم الدین ئەسپارد.

لە پاش مەرگی عمادالدین، نجم الدین و شێرکۆی برای چوونە لای نورالدین محمودی کوڕی عمادالدین کە فەرمانڕەوای شام بوو، ئەویش شێرکۆی کرد بەسەرداری لەشکر و نجم الدین ئەییووبیش کە لە شەڕی دووەمی خاچ پەرستەکاندا لە شام پیاوانە بەرنگاری دوژمن ببوو، دوای ماوەیەک سوڵتان نورالدین کردی بە حاکمی شام و هاودەمی نزیکی خۆی.

پێ گەیشتنی صلاح الدین:

سەردەمی منداڵی صلاح الدین لە بەعلبەک و لە خزمەت باوکی زاناوئازا و ژیریدا تێپەڕیوە. بە کەڵک وەرگرتن لە مەحزەری باوکی و بە بۆنەی نزیک بوون لە بنە ماڵەی سوڵتان نورالدین و هاودەم بوونی لە گەڵ ئەمیر زادەکاندا دەرەتانێکی باشی بۆ خوێندن و فێر بوونی رێزمانی عەرەبی، قورئان زانستی حەدیس و فقە و زانستەکانی تر بۆ هەڵکەوت، کە زۆر باشیش کەلکی لێ وەرگرت.

لە ساڵی ٥٦٢ ی ک " ١١٦٦ ی ز "دا شاور (شاپوور) وەزیری خەلیفەی فاتمی بوو و لە میسردا فەرمانڕەوایی دەکرد، یەکێک لە سەردارەکانی بە ناوی " زەڕغام " لێی هەڵدەگەڕێتەوە و شاوریش بۆ سەرکوت کردنی داوای یارمەتی لە سوڵتان نورالدین دەکا. نورالدین شێرکۆی بە لەشکرێکەوە ناردە یارمەتیشاورەوە و صلاح الدینیش لەم سەفەرەدا کە یەکەم سەفەری بوو بۆ وڵاتی میسر دەگەڵ مامی چوو.

شێرکۆ لە (بلبیس) لەشکری زەڕغامی تێک شکاند و بە کوشتنی

ل ٦١

ئێستاش وەک: دکتۆر ئەحمەد بیلی و ئەمین زەکی بەگ هەر لەسەر ئەو بڕوایەن - بەڵام قاضی محی الدین لای وایە (بدوێن) بێتوێنی ئێستایە کە لە لای کۆیسنجەقە. - ج - (شەرەفنامە)

(٣) شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی. وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار. ل ١٢٧

(٤) ئەمین زەکی بەگ، کورد و کوردستان. ل ١١٨

بینبەرا گوندێ کوردستانی

پ.ج.هیڤی

گوندێ مە ل کوردستانە
لەناڤ چیا و زۆزانە
هەر چەند پاش ما ژ جهانە
سرۆشتا وێ جوڤانە

ل کوردستانا زۆرە
زێرە گشت گەند و کۆرە
بەرد و خولی لێسۆرە
چاڤێ دوژمن ژێ کۆرە

سبێ ل بەر بەیانا
هێ سەیر هەیە ل عەسمانا
کەلەشێر دەنگ وەدانا
تێ فیتینا بەخوانا

بایێ هێنک دهەژین
بێهنا گولا دوەشین
خوناڤ سەر پەلگێ گولا
نۆک نۆکی وەک هێسرین

پوفە با کەزکێ دارا
رادمووسە وەک یارا
چەند خۆشە بایێ سبێ
هەر وەک بێهنا دلدارا

بووکا تاڤێ پشت چیا
داوێژ بسک و کەزیا
زەر دکە بلند جیا
وەک رومەتێ سێڤیا

جووجک ل سەر دیوارا
ناڤ چق و پەلکێ دارا
دکن فیت و هەوارا
خەوێ را دکن خەوارا

پێش وێ ک تاڤ بدە گوند
دونیا ببە چیج و رند
دەرەڤن پەپووک و گوند
سەرێ قووچ و جیهێ بلند

هەژیان دکەڤ ناڤ مالا
تێ دەنگێ هوور منالا
بەخوان بە فیت و قالا
دکن گازی هەڤالا

کەچک ئاڤا مەشکێ تین
شڤان خاش دکە فیتین
گاڤان گوند دکە قووتین
دەس پێ دبە ژین هەژین

هۆهۆ هێها یا گاڤان
شیهینا نێرە هەسپان
معین و جانی گەل یێک
دحیرن ناڤا گاران

تاژی توولێ شڤانا
بۆنجی لە گەل گاڤانا
دەنگێ زەنگلێ نێری یا
ل پێش بەخێ بەخڤانا

" ڤاتێ " ددۆشە چێلێ
" خات " دپێژ نانێ سێلێ
دمەشە زەری یا ئێلێ
زراڤ و کوڤی کێلێ

"کۆچۆ" ، "باڤک"و " ڕەشا "
تەڤ دچن بەر گامێشا
مانگە و چێلێ پڕ شیر
تژی دکن گدێشا

بهارە خەم ڕڤینە
دەما خەبات و ژینە
دەورا گوند کەسک و شینە
چیا و بانی خەملینە

ژ هەر دەری قووڕین تێ
بێهنا خاشی و ژین تێ
پاشێ کو گاران دەرکەت
ژ گۆلکا عۆڕین تێ

" ئاتەش " دچە بەر گۆلکا
قشت دکە بەندێ سۆلکا
" خەمێ " بۆ دبە لۆرکا
" سۆسن " چێدکە سەرسۆرکا

"تەبەز" ، "ئازاد"و "رزگار"
دچن بەر قوڕ پەزێ ژار
دچێرینن دەورا گوند
شڤانێد بچووک و زار

چیڤ چیڤا رەش چێلەکا
دووکەل دەر تێ ژ کولەکا
با لێدخە و دلەیزە
وەک بسکێد چاو بەلەکا

دەنگێ مریشکا کورکا
چیڤینا جووجک وارکا
دلێ مروڤ شا دکە
کالینا بەرخ و کارکا

مەشکێ دکێ گولا دین
خو مەشکێ را دهەژین
ئسترانا دبێژە
ژ بۆ مەشک و بۆ ئەڤین

گرمین هەژینا مەشکێ
" ستی " دپشێڤ دەوکەشکێ
بازن ل زەندێ " گەورێ "
روناهی سەردا دشکێ

دەماک مەشک تێ دانا ڤێ
" قەرقاش " دچە بۆ ئاڤێ
تو و نڤیشکێ سبێ
ژێ تێ بێهنا گولاڤێ

لێدکن دەو ل پارزوون
بلا جدا بە ژێ روون
سەرە ژن ل ناڤ مالێ
سەر لێ ددە هات و چوون

کەبانی یا مالێ ب ئیشک
مل ڤەددە تا عنیشک
نانێ سێلێ و نڤیشک
تەڤایی دکە هەوریشک

"شەمێ" ، "خەمێ" و "نیگار"
دتەمسینن عیبار
روون و پەنیر و ژاژی
سەر هەڤدا دکن عەنبار

دەماک تاڤ شرین دبە
هەوا وەک گەرمین دبە
قاسا خاشی و ژین دبە
بەرخ و کار چینچین دبە

بەخ تێنە خۆی دەوێ
ل سەر لێڤارا جەوێ
دبن سا تل و تەشتا
"چیلێ" ، "فاتم" و " کەوێ"

کالە کالا بەرخکان
بارە بارا کارکان
فیتینا گجکە بەخڤان
ئەی خودا چەندە جوڤان

بەرد = بەر ، کەڤر
گشت = حەموو
بەیان = سبێدە
سەیر = ئەستێرە
کەلەشێر = دیک
هێسرین = ئەسرین ، روندیک
فرمێسک ، هێسر .
پوفە با = نەرمەبا ، سروە

روومەت = روو ، تەفەش
سێڤی = ئێتیم ، هەتیو ،بەتایبەت
بۆ دایک مردوو بەکار دێ .
چق = لک
رند = جوان ، بەدەو ، جندی
قووچ = دوند
هەژین = بزڤین ،لڤین، بزووتن.
چێل = چێلەک ، مانگا

مانگە = گامێشی مێ
گدێش = گەڕ اگوهان، تۆربەی
گوانی ئاژەل .
سەرسۆرک = چێشتێکی کوردەواری
رەش چێلەک = رەش چیڤک ،ڕەشۆلێ،
سێروو .
پارزوون = پالێوێند
کەبانی = کەیبانوو

ئیشک = توند
عنیشک = ئانیشک
تەڤایی = تەبایی
قاس = دەم ، کات
چین چین = دەستەدەستە ،پۆلپۆل.
دەو = دۆ
جەو = جۆ
گجکە = بچووک ، کوونکە

کۆلکێتێن مۆزرگانی یێ
کەچ دچن ئاڤا کانی یێ
خۆرت دچن دلوڤانی یێ
بو ئەڤین و دلدانی یێ

کۆما بووکێ و زەری یا
فەنا کۆلیلکێد چیا
دچن سەر چەم کانی یا
کار دکن بیری یا می یا

جەم و کانی دحورمن
ئاڤ وەک مەعرا دخشن
دچن بەر ئاڤ قیز و ژن
بووکێ و زەری بۆ شووشتن

"سووری"، "خانێ" و "گولچۆ"
"دسێ"، "گەشێ" و "عەیشۆ"
دچن سەر چەم کراس شۆ
ێ رنگینا هەری شۆ

"زبێ"، "زەینێ" و "گولناز"
دمەدشن هەر وەکی قاز
فەنا قاز ئوردەکێ ناز
دحەملن سەد ئاواز

"گولێ" دچە ناڤ گولا
بێ پەس دکە سۆر گولا
دبێژە دەردێ دلا
دبە هەش و عاقلا

گۆمێ بووکا ل سەر چەما
ر ل عەنی یێ بن چەنا
"رێ"، "نازێ" و "جازێ"
کەل هەڤ دچن چیمەنا

ل سەر کانی ناڤ چیمان
"واتحان"، "رحان" و "پلتان"
"رەووشێ"، "بنەووش" و "زۆزان"
چێدکن کۆرێد جوڤان

"خەجێ"، "خەزال" و "دەلال"
دچن ناڤ مێرگ و نەوال
ل ناڤ مێرگێد گول گولی
دچرپینن وان هال هال

"کەژال" گولا بەر دلا
"زەرین" وەکی بولبولا
"ئاخچیک" ئەو کەچا فلا
پێکوە دچن سۆر گولا

زەری و کەچ و بووکا
کولی ل سەر زەندووکا
ئەوان دگەل بچووکا
تەڤ دچن بندا رووکا

"ئەسێ"، "بەسێ" و "کوبار"
"تاجێ"، "باجێ" و "نوبار"
"پاکێ"، "سیڤێ" و "هنار"
"نەنێ"، "گوزێ" و "نازدار"

"سۆسن"، "سۆرگول" و "شیلان"
"کاوێ"، "کوردێ" و "ئیران"
"ماجان"، "مێردین" و "مەمیان"
"سۆنێ"، "کتان" و "فیدان"

دچن بەر لیڤا ئاڤێ
دلێزن هۆی زراڤێ
بەهەشت تێتە بەر چاڤێ
هەر بینەری وێ گاڤێ

زیا بەندێ خۆرت لاوین
مێ، بزنا دچێرین
دچە قرشا خات و زین
دخەبتن کەل و بین

لناڤ بەرد و ناڤ کاشە
گەشت و گەر چەندێ خاشە
گول و چیچەک دهەژن
ژانا دلا بەلاشە

"زینێ" ئەو کچا جوڤان
دگەڕە ناڤا چیمان
دلۆرینە، دبێژە
دل بریانە، چاو گریان

تاڤ تێ نیڤی یا عەسمانا
کەری یێ مێیا تێ دانا
تێ فیتینا شڤانا
قووتینا مالیڤانا

کەریێ مێیا ژ چۆلێ تێ
کۆما زارا ژ هۆلێ تێ
دەستا کەچێ پنجار چن
ناڤ چیمەن و دۆلێ تێ

بەخڤان دچن پێشیا پێز
کارێ ڤڕنی ل حمێز
پەز دکشە ناڤا گوند
ل بەر مالا دبە ڕێز

سەیێ کەریا وەک شێر تێ
ناڤ مێیا زێرە زێر تێ
دەنگ وەددن بەرخ و کار
قاساک پەز بەر ب بێر تێ

پەز دکەڤە حەوشەکێ
کەڤری بێریێ ل نیڤەکێ
"ئەشۆ" ل سەر بەردە بێر
دکە فیتین ئۆحەکێ

"زراڤ" بەرۆشێ تینە
"بێریوان" "شڤێ" هەلتینە
"پیرۆ" دکە فیتینە
بێری و پەز دۆشینە

شڤان و کەچێن پەزدۆش
دڕوونێن ل بەر بەرۆش
تێ بێریێ مێیا قەرقاش
لێ درەڤە بزنا پۆش

خەرمین دۆشینا مێیا
دۆتەر دکن مەرجیا
کولی ل زەندێ زەریا
تێ شەقینێ تەشیا

گاڤاک ڕەت بوو پەزدۆشین
"شێنی" ب کراسێ نەخشین
"خانێ" ب لێوا کەنین
شیر دبن بەر ب کۆلین

داوێژن ناڤ شیر هەیوان
شیر دبە گڤیێ جوڤان
بەرخ و مێ تەڤ هەڤ دبن
گەل یێک دبن بەرۆدان

"سووسێ" "کارێ" هەلتینە
"نێرگز" "بزنێ" تینە
"کزان" خو دهەژینە
کەسەک بێکار نامینە

زەری خو دهەژینن
مێژۆ کا دمێژینن
بەر کالینا بەرۆدان
کول، دەردا دوەرینن

بەرۆدان ل بەر ئاڤا
دکالن بەرخێ ساڤا
تەڤ هەڤ دکن زێرەزێر
وەک گەڕا بووکێ و زاڤا

ل گوند هەموو کار دکن
هەر کەس پەیێ کار دچن
گشتی زارو مێر و ژن
حەموو تەڤ دخەبتن

"سۆرجێ" ب کەرا پشت کول
دچە ئاردوو و بشکول
نازکا ناز بن قلێرێ
وەندایە ڕوویێ خوشکل

مۆزرگانی = مۆلگە
زەری = کچ
کۆلیلک = بشکۆژ، خونچە
هری = خوری
عەنی = هەنیە
گۆرە = گۆرەوی

دچرپینن = دەچنن
کۆلی = لیسپی خوری
زەندووک = زەندک، ملک ،جۆرێک
پۆشەمەنی یە کە لە ئانیشک
تا گوێزینگی دەست دادەپۆشی.
بچووک = زاڕۆک

کەری = مێگەل، ڕان
ڤرنی = ساوا
حمێز = ئامێز
بەردە بێر = کەڤرێ بێریێ
بەرۆش = مەنجەڵ
قەرقاش = قەرە قاج ، بە ئەو

مەڕانە دەڵێن کە سپی و دەم
و چاو ڕەش بن .
خرمین = خوشەی دۆشینی شیر
گڤی = دەڵەمە
بەرۆدان = بەرۆماک، زاروماک
قلێر = قرێنج ، چڵک

" ئانێ " دگڤێشە پەنیر
پەنیر هوور دکە بە کێر
تێ شڤانێ پەزێ نێر
جرییێ دخازە بە تێر

"شارێ"، "زەزێ" و " بەزێ "
"چینێ"، "زوزێ" و " خەزێ "
"چاورەش"، "شرین"و " گەزێ "
تەڤ دچن ئەلە گەزێ

سێ بسکە و سپی پنجار
گشتی پنجارێن گرار
سیرمۆ ل دەڤ نزار
پوونگ شینە ناڤ ئاڤاسار

چاغێ بەری ئیڤارا
سی خو ددە نزارا
"خوناڤ"، "گولاڤ" و " سارا "
مەندێ تینن بە بارا

" ئارارات " و " ئارمان"
سییاری دچن ناڤ چیمان
دچنن شیڤە هەسپان
ددن جلیت و مەیدان

قیز و بووکا دەرحەووشی
چێدکن تەوون و تەشی
ژینێ دکن بە خوەشی
بە رووناکی و گەشی

" ئەوین " شووتکێ چێدکە
" بژوین" تەوونێ لێ دکە
بنیا مالا ناڤ چیمان
هولوان هولێ لێدکە

" شرین " تەشییێ دڕیسە
بەخڤان بە کیسە کیسە
ناڤ کۆللا دلێ کیسە
ئەڤینێ دنڤیسە

دیارییا دلێ برین
دشینە ئەو بۆ شرین
بلوورێ دا دبێژە
دڕێژە هێسر و گرین

کەچێد بچووک و چاوکل
زارید ساڤا ل سەر مل
مێڤاندار ی و مال حێچک
دلیزن تەوون و بووکل

" بۆرۆ "، " مەمێ " و " کاژۆ "
دلیزن بقوت بازۆ
پەزکۆ گورۆ تەک نێری
یەک سەر شڤان یەک دا ژۆ

"وێریا "، " شەوێش"و "دەروێش"
تەڤ دچن وان بنیا ئێش
دینن ترشا چیمەنا
ناڤ هەڤالا دکن کێش

"تۆڕن"، "تۆسن" و " میرخاز "
"بزۆر "، "پسپۆر "و " خێرخاز "
"ئاگر "، "ئاڤدەل"و " شاباز "
"بەدەو"، "جندی" و " مراز "

تەڤ دچن ربێسۆکا
هەم ترشۆک و مەندۆکا
دگەڕن چل و چییا
بۆ خلف و هەلەکۆکا

"کاوا "، "کەلەش" و " مانیک"
"شەیین"، "شۆتۆ" و " شاییک"
"بزۆت"، "بوێر" و "خازیک"
"سەردار "، "دیار "و "فێریک"

ناڤ ئاڤێد سارو تازی
جلکا داوێن رووت، تازی
بو راو نێچیرا ماسی
دکن قوورین و گازی

"ئۆمد "، " کالی" و "کەسەر "
"هێژا "، "حەفاد " و " خەنجەر"
"کورمانج "، "ئامانج"وتەتەر"
"کنیاس"، "قونتاس"و "کۆچەر "

زاڕێن ساڤا و خاشک
گەل یێک دچینە ماشک
دبن وان تاس و قاشک
دونیا کۆلکە بێ شک

"عەمەر "، "عەتمان"و "عەڤدال"
"جۆتیار "، "هوشیار"و "بیمال"
"پیرکال"، "فەسال"و "هەڤال"
"دینۆ"، "شینۆ " و "تیتال"

تەڤ دچن سەر گۆلمانجا
ب ئاوات و ئامانجا
ناڤ گۆلا سومەر دکن
ئەوان زاڕێد کورمانجا

"لەزگین"، "بەنگین"وچاچان"
"گورگین"، "بمین"و "شەرڤان"
"شڤان"، "شەڤین"، "شورشڤان"
"نالین"، "بالین"و "هەژیان"

"خەبات"، "تەبات"و " فلیت "
"سەربەست"، "سێفیل"وعەگیت"
"چەکۆ"، "چەرگەز "و "بایزید "
دلیزن وان هەر چێشیتە

وان دلیزن بڕ خەلاس
پێخاس و هەم بێکراس
قەت ژ لیزکێ تێر نابن
حەتا خو نەکەڤن کاس

هۆلا سەری، هۆلا قال
تۆپشەق دلیزن دەرمال
قلچ، هۆپانی چاڤگرتن
مەلە هێرۆ و سەر خەزال

(خازی دیسا زاڕ باما)
(پێخاس و بێ شال باما)
(هەسپێ دارکێ سوار باما)
(ل چییێ دا بەروار باما)

کیڤرا بچوویاما چۆلێ
ناڤچیمەن و بەر دۆلێ
هلداما چەلێ چەنگال
بچیام مەیدانا هۆلێ

تێر بلیستام هۆلا قال
لە گەل دۆست و گەل هەڤال
شەڤ حەتا نیڤێ شەڤێ
من بلیستا سەر خەزال

چاڤ شەیتانۆک بلیستا
پرسێد دۆستا ببهیستا
بۆ دلێ خو بچویاما
ناڤ کۆما خوشەویستا

های نەبام دەردێ دلا
نەچیشتام تاما کولا
هەر ئوسا بێخەبەر بام
ل ناڤ مێرگ و ناڤ گولا

بێ کول و بێ کەسەر بام
بێ خەم، بێ ژانەسەر بام
نزامیا دونیا چی یە
ژ دەردا بێخەبەر بام

ج بکەم ژینێ قۆل نەدا
ڤێ ڤەلەکێ مۆل نەدا
کال کرم ئاوێتم مال
بۆ چەلێ من هۆل نەدا

چەند خۆشە ئیڤارا گوند
قووتین و هاوارا گوند
هەر چەند رووت وپێخاسە
زۆر بێ خەمە زاڕا گوند

جری = جیرە
ئەلەگمۆ = جۆرێک پنجاری کێوی‌یە[1]، ناوی زۆزان و چیایەکی بەرز لە نیزیک کێوی ئارارا[3]
بووکل = عروسک
بقوت بازۆ، پەزکۆ گورۆ = ناوی دوو جۆر کایەی مندالان .
کێش = بەلاو ، بەلاش

تازی = زۆر سارد
تازی = رووت
راو = نێچیر
خاشک = خاشکۆک ،جندی، جوان .
قاشک = تاووک ، تاوە
ماشک = سەیران و چێشت دانانی مندالان لە کێو و دەشت .
سۆمەر = مەلە

بڕخەلاس = جۆرێک کایەی مندالان.
کاس کەتن = زۆر ماندوو وشکەت بوون .
هۆلا سەری ، هۆلا قال ، تۆپ شەق، قلچ ، هۆپانی ، چاڤگرتن، مەل هێرۆ، سەر خەزال = هەریەک لەوانە ناوی کایەیەکی مندالانەیە .

چەل = گۆجان
چاڤ شەیتانۆک = قەشارکۆ. خۆ شارۆکێن .
خۆشەویست = خۆشدڤی
مۆل = موهلەت
کال = پیرەمێر

.... پاشماوەی سەرداری...

زەڕغام قاهیرەش کەوتەوە دەست شاور. بەڵام شاور کە یارمەتی شێرکۆی تەنیا بۆ لە نێو بردنی زەڕغام دەویست رووی لێ وەرگێڕا و نەیهێشت بچێتە قاهیرە. شێرکۆیش صلاح الدینی بە سپایەکەوە ناردە سەر (بلبیس) و (شەرقیە) و گرتنی . شاور کە ئەمەی دی پەنای بردە بەر خاچ پەرستەکان کە بەسەر قودسدا فەرمانڕەوایی یان دەکرد. ئەوانیش لەشکرێکیان بە هانایەوە نارد کە شێرکۆ وصلاح الدین زۆر ئازایانە و بە یارمەتی سوڵتان نورالدین تێکیان شکاندن . لە ئاکامی ئەم شەڕەدا پەیمانێک لە نێوان شێرکۆ و خاچ پەرستەکاندا مۆر کرا و بە پێی ئەم پەیمانە لەشکری شام وقودس میسریان بەجێ هێشت . بەڵام شاور بە نهێنی لەگەڵ خاچ پەرستەکان رێک کەوتەوە و پەیمانەکەیان شکاند .

زۆری پێ نەچوو کە بەپێی پەیمانێک کە خەلیفەی فاتمی مۆری کردبوو میسر کەوتە ژێر دەسەڵاتی حاکمانی قودسەوە و شێرکۆ بۆ جاری دووەم لەشکری بردەوە سەر وڵاتی میسر و لە شەڕێکی قارەمانانەدا کە صلاح الدین رێبەرایەتی دەکرد سپای قودس زەبرێکی توندی لێ کەوت و ئەم جارەش بەپێی پەیمانێکی ئاشتی هەر دوو لەشکری شام و قودس میسریان بەجێ هێشت . بەڵام حاکمی قودس " ئیملریک" بە مەبەستی داگیر کردنەوەی میسر جارێکی تر لەشکری بردەوە سەر ئەو وڵاتە و " بلبیس " ی گرت و کوشتارێکی زۆری لە خەڵکی میسر کرد بە چەشنێک کە بەزەیی بە ژن و منداڵیشدا نەهات .ئەم جار (عازید) خەلیفەی فاتمی خۆی کەوتە پاڕانەوە و هاواری بردە بەر سوڵتان نورالدین کە بە یارمەتییەوە بچێ .

ل ٧٩

لە گوند دەماتێ ئیڤار
ڕۆ خو ددە دەڤ نزار
سیبەر ددە سەر رووبار
هەوا هێنکێ دبە سار

گاڕان ژ چیا و بەرواری
بەر بگوند تێنە خارێ
جۆنگە و بۆغێد هۆزی
عەردێ ڕادکن گەماری

دەماک هەوا بوو تاری
بینا رۆژا هەژاری
"بایلۆز"، "لەوەند" و "زاری"
ژ چۆلێ تێنە سواری

هەل دکن چرایا بووکێ
دەرڤا دلیزن بچووکێ
تاری دکەڤە عەردێ
دنالن کوند و پەپووکێ

ل ناڤ بەحرا عەسمانا
چرا ژار و بێخانا
دتەیسە زۆر جوڤان
ڕازان خاشە ل سەربانا

ئستەیرک دچلقلن
عەسماندا دخەملن
تەلتە عەووری رەشینکی
سەرواندا دخنگلن

ب مقامێ ئای نووری
خاش تێ دەنگێ بلووری
بەق لە ناڤ ئاڤێ گۆلا
دکەڤن قووڕە قووڕی

رەش دبە عەسمانێ شین
ریا کادزێ رەنگین
سەیرک تێدا خو دهەژین
دچلقلن چاو قرپین

کاروان کۆژ، کاروانڤران
پیر و میزین ل پێش وان
ل ناڤ بەحرا رەش عەسمان
ددن پیل و شەپێلان

دونیا دبە مت و مات
زۆر بێدەنگ و بێ خەبات
ل ناڤ ژینا عەسمانا
ئستەیرک دکن داوات

چەند خۆشە ،ل گوند شەڤە
عەوور عەسماندا دڕەڤە
عەکسا هیڤێ ئاڤێ دا
وەک ناڤ بەرفێ دا گەڤە

شەڤ جارجارا گاڤگاڤا
تێ دەنگێ زاڕێن ساڤا
رۆندک تێتن ژ چاڤا
ژ خەوو ڕادکن دای ،باڤا

من خۆش تێ گرینا زاڕ
لڤین و هەژینا زاڕ
هەر یەکێ مرچەکێ لێ هەیە
گرین و کەنینا زاڕ

وەختێک بوو نیڤێ شەڤێ
سەیێ کەریا دڕەیێ
پەز دکالن دجڤن
شڤان دکە ئوحەیێ

سە دکەڤن عەو عەوێ
دشکێ بێدەنگیا شەوێ
نۆبەدار ناکن خەوێ
حەتا سبێ کەوو کەوێ

شڤان دکن هەواری
دزا پەز بر یەکجاری
مێرخاس چەکا هلددن
پەیێ دکەڤن سیاری

دزا دگرن دیل دکن
روسڤا و ڕەزیل دکن
دشکێنن دەخیل دکن
بێ سەر و بێ پیل دکن

ئەڤایا ژینا گوندە
ژینا گوندا چەند رندە
ناڤ سۆسن و سۆر گولا
ل سەر چیایێد بلندە

چەندێ خۆشە ژینا گوند
ئەڤین و هەژینا گوند
بەیتێ مەم و زینا گوند
خوشایی و شینا گوند

ئەڤ ژینا رۆژەکی یە
دیتنا گۆشەکی یە
ژ ناڤگولستانا گوند
گۆتنا وشەکی یە

(هیڤی) ئیدی نەچە شار
ج هاوین بە ج بهار
هەڕە ناڤا گوند و وار
سەر کانی ناڤ مێرگەزار

سواری هەڕە زۆزانا
گو بد دەنگێ بەخڤانا
ل بلللوورا شڤانا
دلدا ڕەت کە کۆڤانا

ڕۆ = رۆژ، هەتاو ، تاڤ .
رووبار = چەم ، چۆم
جۆنگە = جوانە گا
هۆزی = گای دەبە
گەمار = گەرد و غوبار
هەڵ کرن = ڤێ خستن ، هەڵ کردن
رازان = خەوتن ، نڤستن
تەلتە = تیکە ،اگەواڵ
خنکلین = لەنجە و لار

پیرو میزین = دوو ئەستێرەن
شەپێل = شەپۆل ، پێل
مرچ = تام
مێرخاس = مێرچاک ، پیاو چاک
دیل = کۆیلە
وشە = گۆتە ، پەیڤ
شار = بازاڕ
وار = وارگە ، هەوارگە
کۆڤان = دەرد و کوڵ

◄ .... پاشماوەی پەیامی...

تۆ - بە داخەوە - یەکێکیان هەڵدەبژێری و رەق دەبی وەک وەنەتەق !!!

لاوە نازارەکانی کوردستان ،تێکۆشن مێشکی خۆتان بە زانست و هونەر برازێننەوە بەختەوەری وا لە ژێر تیشکیهەتاوی زانیاریدا هەر گەلێک زانستی زۆرترە پێشکەوتووترە ئەتۆ چیت لە گەلانی دیکە کەمترە ؟

فەرهەنگی تۆ سەرانسەر ئیمان و جوانمێری و ئازایەتی و شەرەف و سەربەرزییە ، لە زانیارانی بە ناوبانگی مێژووی گەلەکەتەوە کە هەر کام ئەستێرەیەکی گەش بوون لە ئاسمانی فەرهەنگ و ئەدەبی جیهاندا رووناکی وەربگرە. هەوری رەش و تەمەلوولی رۆژگار هەر چەند درێژەیان هەبێ ناتوانن هەتاو بشارنەوە فەرهەنگیپاک و خاوێنی خودایی تۆ ، هەتاوە، هەتاو، هەتاویش ناشاردرێتەوە .

تێکۆشەو هیوادار و راوێستاو بە و رامەوەستە ژیانت بەرز و بەرێزە مەیگرە گاڵتە ، ریزی لێ بگرە و راست و راستەخۆ و بە ئیمان بە لە تۆ بزووتنەوە و لە خوا یارمەتی .

لە بەخت و تاڵە سکاڵا مەکە بەختیاری و بەختلاری هەرکەس والە دەستی خۆیدا خودا هەموو شتێکی پێ داوێ ئەگەر بزانی کەلکی لێ وەربگری ، ئەگەیتە سەر لووتکەی بەختەوەری .

فریوی بێگانە مەخۆ ،بیگانە سەر بەرزی تۆی ئەوێ بەڵام لەسەر سێدارەوە .

ئەگەر شێری لەبیشەی عیرەتی ژین
چەقەڵ رێگا مەدە لانە و عەرینت
رەوایە مار و دووپشکت لەگەڵ بێ
نە دوژمن هاومەرام و هاونشینت

بە سەربەرزی بژی مەرگت ژیانە
ژیانی مەرگبارە پێکەنینت

وەها بمرە کە دۆس و دوژمنی تۆ
بە شاخ و دەردەوە بێنە سەرینت

یەکێ داخی دڵی فەوتانی حەق بێ
یەکێ دەرچوونی گیانی نازەنینت

رەبیعی سەر دە بازاری حەریفان
چەنێ خۆشە بەیانی ئاگرینت

سەرکەوتن لە هەموو قوناخەکانی ژیاندا بە تایبەت لە پێناوی خزمەت بە فەرهەنگەکەمان بۆ هەمووما ن لە خودا داوا دەکەم .

◄ .... پاشماوەی سالم

ێندۆتەوە و موتالای زۆرە حەتمەن چەند وشەی بێگانە (ئینگلیسی و رووسی و فەرانسەوی) لە وت و وێژەکەیدا بەکار دەبا ، بەڵام ئەوە نەبێتە هۆی ئەو مەسەلە کە ئێمە بەرجاو تەنگین و هەر چی لە زارمان دێتە دەر یان دڕژێتە سەر کاغەز حەتمەن دەبێ کوردی بێ .

پێم وایە وشەیەکی بەجێی فارسی یان عەرەبی زۆر لە وشەیەکی کوردی نارەسەن و بەتایبەت داتاشراو باشترە ، بۆ وێنە لە شیعری " حافظ "دا وشەی عەرەبی جوانییەکی تایبەتی خەڵاتی شیعرەکانی کردوە .وەک میسراعی یەکەمی ئەم بەیتە :

ساکنان حرم ستر عفاف ملکوت
با من خاک نشین بادهء مستانه زدند

کە دەبینین ئەوە شیعری یەکەم تاقە وشەیەکی فارسیشی تێدا نیە و کە چی شیعرەکەی لەو پەڕی جوانی و بەرزیدایە . ئەو مەسەلە پێویستی بە باسێکی زۆر هەیە و ئێمە لێرەدا مەودای درێژە پێدانیمان نیە .

ئەگەر وا بە تێرادیوی باسی شیعری سالم دەکەم لە خۆبایی نیم بەڵکوو شتی وام دیوە کە بە سەر سوڕمانەوە دەڵێم تێی ناگەم چۆن نووسراوە و ئەوە چ هەستێکە کە ئەوشاعیرەی هان داوە . بۆ وێنە وەرن با بڕوانینە ئەو لەتە شیعرە هەتا لە قسەم حاڵی بن :

لەبت بوو دارووی جێ نیشی ماری زولفەکەت نەتەدا!

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بڵێین کە بۆ وەی پتر سالم بناسین دەبێ لە ناو لاپەڕەکانی مێژوودا بە دوای بابانەکاندا بگەڕێین .

بەو هیوایەی بەو کۆلکە سەوادەی خۆمەوە توانیبێتم " سالم " کەم تا کورتێک بناسێنم . ئەگەر کەم و کووری هەیە دەمبوورن هۆی کەمتەرخەمی نیە. هۆی ئەوەیە کە پتری لێ نازانم بەڵام پێم وایە لەوانەی زۆرتری دەزانن و دەیشارنەوە باشتر و بەکەڵکتر بێ .



تەنزی کۆمەڵایەتی

جووجە کەباب

کەریم قەیسووی



ڕۆژێکی لای ئێوارە بوو. ئێوارەیەکی ساردی ئاخر مانگی پاییز . بەڵێنیم دابوو سەری لێ بدەم ، ئەو دۆستی من بوو، دوستێکی نزیک کە سارد و گەرمی ڕۆژگار مەودای خستبوە نێوانمان و کەمتر وا هەڵدەکەوت کە دەستمان بەیەک رابگا . قەرارمان دانابوو شەوێک لەلای بم و بە یادی دەورانی منداڵی بیرەوەرییەکانی ئەو سەردەمە زیندوو کەینەوە . بەڵام ئەوەندەم کەند وکۆسپ لەسەر ڕێگای خۆم هەست پێدەکرد کە هەر چی دەمکرد بڕستی بردنە سەری ئەو بڕیارەم نەبوو.

هەڵبەت رەنگە وا بیر بکەنەوە کە ئادەمیزادێکی پڕکارم و هەمیشە دەفتەرێکی بچکۆلانە و خودکارێکی گرانبایم لە گیرفانیدایە و سانیەکانی ژیانیشم حیساب دەکەم و بە کورتی وەک هێندێکان هەموو شتێکم لە روی حیسابەوەیە بەڵام بە پێچەوانە بازاڕیم و هەر کە لە راو و رووت گەڕامەوە کارێکی دیکەم نیە کە چی تەگەرەی دیکەم زۆرن ، ئاخر بە ناشکوری نەڵێم شەوکانمان وەک تەمەنی جووی بێخەم درێژن و سەرەڕای ئەوەش هات و چۆیان تێدا ناکرێ کە پیاو سەر لە ئێوارێ بچێتە میوانی و بۆ ماڵ نوستنان بگەڕێتەوە . هەر کە سەعاتێکی ڕۆژ ما لە هەر جێگایەک بی دەبێ سەقام گیر بی و خێرا خۆ لە ماڵێک پەستێوی جا ئەگەر پێیان خۆش بوو بە خێرا بابیان دەدنا وەک چل و مل بە ئەستۆیان داهاتووی.

ئەگەر واش بکەم ماڵ و منداڵەکەم بە تەنێ بە جێ دەمێنێ. ئەویش منداڵ چی یا خودا هەتا لەسەر دونیای روون دەژین خودا هەرگیزاو- هەرگیز لەو جۆرە وەجاخانەتان بۆ دانەگیرسێنێ . جارێ هەر کە شکی منیان بڕی و لێیان نەدیو بووم ئەگەر هیچیان وەدەست نەکەوێ دایکیان دەخۆن ئەگەر خودا بەوی ڕۆژی نەکا لە گەڵ خۆم بیانبەم هەر چی خواردیان فێری دەبن و بۆ سبەینی داوام لێ دەکەن و گڕنەم لێ دەگرن ئەگەر لە زاریشم بێتە دەرێ و بڵێم نا ئابڕووی بەهەزار ساڵەم دەبەن لە بەدبەختی منی هەژاریش هەر چی هەرزان بێ ببڕای ببو ئیشتیایان بۆی ناچێ . دیسان بەو حاڵەشەوە ئەگەر بێتو بیانبەم ئەدی ماڵەکە، خۆ وڵاتێکی هێندە ئەمن و ئەمانە کە مەڕی بە گورگی بسپێرە.

ئەگەر گوتم بازاڕیم بەنێو بازاڕیم و هەر لاسای تاجرە گەورەکان دەکەمەوە دەنا دووکانی من کە داشقەیەکی چوار- تەگەری ساختی کۆزە کەرێزییە بە سەرمایە و قازانجەوە لە ڕێوی بنێی هەتا بەغدایە نایگرییەوە. سەرتان نەیەشێنم ئەو جار کە لە دەردم حاڵی بوون ئەوی ڕۆژێ بەهەر شێوەیەک بوو لە حەوت خوانی روستەم گوزەرام و ماڵێم بەجێ هێشت و وەدەر کەوتم .

هەر کە پێم لەدەرکەی وەدەر ناوەک جاران تووشم بەتووشی منداڵی گەڕەکێ هات.هەر یەکەی بۆلایەک رای دەکرد دەتگوت سوپایەکی تێشکاوە و لە لای دوژمنەوە گەمارۆ دراوە و لەشکری بێ ئامانج هەر



دەم ڕوو لە لایەک دەکا . یەکیان کەزۆر زیر و تێگەیشتوو بوو هاتە پێشێ و سلاوی لێ کردم منیش وەلامم داوە و دەستێکم بەسەریدا هێنا . خودا بتانپارێزێ هەر ئەوەندە خۆش بوو ئەو منداڵە سلاوی کرد هەر وەک جەماوەری کەل و پەلی خواردەمەنی کە بە کوپین دابەش دەکرێ و یەک سواوی ملی یەکی دی دەبێ سەفیان بەست و سەلام سەلام دەستی پێ کرد . منیش بێ ئەوەی چاوەڕوانی سلاوەکان بم هەروا دەمکوت سەلام بابم سەلام چاوم.

کەچی لەپڕ لاوێکی بالابەرزوجوان چاک بە کۆڵانەکەدا دەهاتە خوار و هەر کە چاوی بە من کەوت لە هەوەڵ ڕوانیندا وای زانی شێتم ئاوا منداڵان دەوریان داوم و لە دەورەم هەڵدەپەڕن. بەڵام دوایە پاشتاوێک وتی : کاکە سەعات چەندە منیش بێهەواڵ لە پرسیاری ئەو وام زانی ئەویش هەر سلاو دەکا ڕووم تێکرد و گوتم : سلاو ئاغا ئێوارەتان باش! لاوەکە کەوای زانی شێت بوونی منی لێ وەڕاستگەڕا و سەرێکی راوەشاند. لێم روونە لەبەر خۆیەوە گوتوویەتی هیچ سەیر نیە ئەو کابرایە دوێنێ ساغ و سەلیم بوو، دوور نیە لە وانەیە شێت بووبێ ئەوەندی گوتباتم وەلامی بدەمەوە و لە ڕوودا وەکەی حالێ بکەم بەلام بۆ چما منداڵان هێشتیان؟

بەهەر شێوەیەک بوو خەلاسیم هات و گەیشتمە سەر شەقام و سواری تاکسی بووم جارێ هەرکە نێو نیشانی کۆڵانەکەم بە کابرای شۆفێر داچاوێکی لێکردم و لێوی داچۆڕاند. ئاخر بلێ لەگ لەگ و جاز؟ ئەمن و ئەو گەڕەکە ئەعیان نشینە؟ کابرا فەرمانی ماشێنەکەی بۆ ئەم لاو ئەولا برد و دیمەنی جوانی لە ئاوێنەکەدا وەدیار کەوت . ئێمە مانان مەگەر لاسایی دەوڵەمەند و سامانداران بکەینەوە دەنا کوا تاکسیمان دەوێ ؟ هەر بۆیان باس دەکردم کە فلان شۆفێر پیاوێکی جوان و وێچوویە بەلام ئەو کابرایەی من دیتمنەزۆر جوان بوونە زۆر ناحەز.

ئەوجار کە خوێم بەو دیمەنانە گرتکەوتمەوە بیر و فکرەوە و دیسان شوکری خودام کرد کە ئەو منداڵە دۆنەدیوانەی خۆم لەگەڵ خۆم نەهێنا دەنا هیچ تاکسییەک سواری نەدەکردین . ئەوجار لەوێش ڕەنگبێ ئەو نان و شێوەی ئەوان دەیخۆن تام و چێژیان لەگەڵ گەرووی من نامۆ بێ و وەک وەی بێ کە لەگەڵ کابرایەکی خەڵکی بناری هەڵگورد بە زمانی فەڕانسەیی بدوێ .

لە پڕ ئافرەتێک دەستی بەرز کردەوە و گوتی : بلوار. دەتگوت ڕمووزناتە هەرچی چاوم گێڕا نەمزانی دەستی کوا و لاقی کوا و دەم وچاوی چۆن حەشار داوە ئاخو مانتۆی لەبەر دابوو !. کابرای تاکسی هەر کە ئەوەی بیست بۆڵەیەکی لێهات و دەستی بۆ دەندە برد و ماشێن وەک مار پێوەیداهاواری لێ بلێند بوو. ئەوجار پاش دوو سێ هەنگاو ئارام بۆوە ودیسان نالەیەکی کرد و هێندێک خۆی ڕاوەشاند و ئارام بۆوە بەلام کابرا دەستی لەکۆڵ نەدەکردەوە هەر جار نا جارێک دەستی بۆ وی دەبرد و هەتا ئاخری پێیەکی بە تورمیز دادا و ماشێن زیرەی لێ بلێند بوو کابراگوتی: کاکە فەرموو ...زوو زانیم کاکە ئەمنم. دەستم بە گیرفانمدا کرد هەتا بزانم ئادریسەکەهەوە کەچی کابرا گوتی:.... کاکە فەرموو میوان بە قابیلی نیە. منیش وەک مار پێوەمدا دەستم لە گیرفانم دەرهێنا و لە گیرفانەکەی دیکەم ڕاکرد دە تمەنییەکم بەدەستەوە هات و دام بە کابرای.گوتم : ئەوی-

دیش بۆ خۆت . کابرا وەک زەرگەتەی لەبندا بێ راپەڕی و دەرکەی کردەوە و بە پشتەوەدا هات و دەرکەی لای منی کردەوە .

دابەزیم . ئێستا هەتاوی لارەمل بە تەواوی ون نەببوو . خەریک بوو ماڵ ئاوایی لەگەڵ لکی بەرزی دارەکانی رووتاوەی قەراغ شەقام دەکرد . گەیشتمە ناو کۆڵانەکەو بە پێیان وەڕێ کەوتم . زۆر سەیر بوو! یان لانی کەم لای من سەیر بوو !! دەتگوت هەژاری و نەداری بەو مەڵبەندەی نەزانیوە و تەنیا پەیوەندی لەگەڵ کۆڵانەکەی ئێمە بەردەوامە . چاوت لەهەر ماڵێک دەکرد دەرگای داخراوت دەدی کە چەند جڵەگیا و یان تاک تاکە شۆڕە بییەک بە دیواریدا شۆڕ ببۆوە . لەو ماوەیەدا کە دەڕۆیشتم و وەک نەدی و بەدییان چاوم دەگێڕا تەنیا منداڵێکم چاو- پێکەوت. ئەویش پاکەتێکی بە دەستەوە بوو و بەرەو ماڵ دەبۆوە . خێرا بەلامدا هات و دوو سێ ماڵ وەسەرەوە کەوت و چووە خانوویەکی دوو نهۆم .

هەموو شتێک بەپێچەوانەی گەڕەکی ئێمە بوو لەهەر ماڵێک تەنەکەیەکی جوان داندرابوو زبڵیان تێ کردبوو . بە ڕاستی بەزەییم بەحاڵی خۆمدا دەهات ئێمە لەماڵی خۆمان لەو جۆرە تەنەکانەمان لەسەر تاقەی داناوە و ماش و نیسک و ساوار و برویشمان تێکردوە . ئەوجار ئەو کۆڵانە دەتگوت بە هەموان هەر منداڵێکیان هەیە و هیچی دی. تەنیا ئەو ماڵەی منداڵەکەی چووبە دوونهۆم بوو . ئەویش هەڵبەت دەبێ بڵێم هەتا ئەو جێگایەی ئەمن هاتبووم . سەرەوەی شووشەیەکی ساغی تێدا مابوو و وادیار بوو چۆڵە . هەروا کە دەهاتم گەیشتمە ماڵە دۆستەکەم .

چاوم گێرا شتێک بە دەرکەوە نەبوو لێی بدەم وماڵەکە لەهاتن و گەیشتنی خۆم ئاگادار بکەم . چاوم گێرا لە دیواری دوگمەیەک دیارە بەختی خۆم بە تاقی کردەوە و ئەنگوستم پێوەنا و پاش تاوێک یەکێک لە نێو شتێکی کون کوندا هەر لەوەی کە دەستم پێوەنابوو گوتی : کێیە؟ وەک لە پشت تەلەیفوون ڕا لەگەڵم بدوێ وابوو . خۆم ناساند و زیرەیەک لە دەرکەی هات دەرکە کراوە . سڵاوم کرد بەڵام زۆر بەسەر سوڕمانەوە دیتم کە نە تەنیا کەس وەڵامی نەدامەوە بەڵکوو کەسیش لە پشت دەرکەی نەبوو . دوایە زانیم کە ئەو دەرکە چۆن کراوەتەوە و پێم لە حەساری نا ... چ حەسارێکم دیت بۆم لە تاریف نایە . هێندێکی دیکە رۆیشتم گەیشتمە بەر دەرکەی پێشخانە کەوشەکانم لەپێم دەرهێنا وە ژوور کەوتم . لەوێش کەس دیار نەبوو بەسەر وێدا دوو دەرکەی دیکەشم کردەوە جا ئەوجار گەیشتمە جێگایەکی خۆش کە چەند مۆبلی لێ داندرابوو . هاوالەکەم لاقی هاوێشتبوە سەر لاقی و رۆژنامەی دەخوێندەوە هەر کە منی دیت رۆژنامەکەی وەلانا و هەستا حەوا و دەستی لە دەستم ناو پاش چاک و خۆشی گوتی :فەرموو لەسەر ئەم مۆبلە دانیشە. لەسەری دانیشتم ،بەڵام وەک لە چاڵاوێ کەوم وابوو . هەر وەک سەندەڵییە ئاساییەکان لەسەری دانیشتم . چونکە نەرم بوو تێکەوتم و سەرم لە داری مۆبلەکە دا بەڵام لەبەر خاتری ئەوەی کە بەخۆمدا نەشکێمەوە دوو سێ جاری دیکەشم سەر لەوێ دا و ئەوجار کە دەتگوت مێشکم شڵەقاوە خەریکی ئەحواڵپرسی بووم . ئەویش دەستی پێ کرد و هەر دەیگوت : برالە چۆنە ئێمە وەبیر هاتوەتەوە . خۆ ئەو رۆژانە کەس لەبیری کەسدا نیە و کەس بە کاری کەسەوە ماندوو نیە ، چۆنی؟ کوا وادەبێ؟ چۆن دەبێ؟ و چەندین پرسیاری دیکە کە هەمووی بێ وەڵام مایەوە و تەنیا ئەوەندەم گوت برالە ئەوە هاتووم.

ئاخرسەرت نەیەشێ هەروا چاک وخۆشی بەردەوام بوو بەڵام بە ناشکوری نالێم ئەمن نازانم دەوڵەمەندانە چاک وخۆشی بکەم. لە ئاخریدا دۆستەکەم هەڵیدایە و گوتی : جا برالە ئەوە وەختە تۆ هاتووی ؟ ئەدی منداڵەکان ؟ منیش گوتم: ئەدی منداڵەکانی تۆ کوان ...؟ گوتی : وەڵڵا ئەوشۆ ئەوان چوونە ماڵە خەزوورم منیش حەوسەڵەم نەبوو بەتەنێ ماومەوە. چابوو پەیدا بووی. کاکە من ئەوە دەچم لەحەولی ئەوەی دادەبم شتێکی ساز کەم. ئەتۆش شەمچەیەکی بە سەماوەرەکەیەوە بنێ و چایەکی سازکە.

هەرکەباسی شت سازکردنیکرد وەبیری ماڵە خۆمان کەوتمەوە کە ئەگەر جارو- بارە لە دێ ڕا میوانی درەنگ وەخت بۆمان پەیدا دەبێ زوو بە خیزانم دەڵێم : شتێکی ساز کە ئەویش یان دوو سێ هێلکان لە رۆنی دەکا و یان کەتەی ساز دەکا و یان شۆربا و هێلکە، بەڵام ئەوەم زۆر پێ سەیر نەبوو بەڵکوو ئەوەی کە لە لام سەیر بوو ئەوە بووکە چۆن دەبێ چای بە میوانی ساز کەن . ئێمە کە میوانمان دێ هەر کە لەجێگای



خۆی جوولاوە سێ چوارێک لەگەڵی هەڵدەستن و وێکڕا لێدەپرسن بزانن چ کارێکی هەیە و چی دەوێ . دوایە گوتم: دەی ڕەنگبێ لەنێو دەوڵەمەندان وا باو بێ . بە هەر حاڵ سەماوەرەکەم هەڵکرد و چاوم لە تلویزیۆن بڕی. لەبەرە خۆمەوە گوتم : بە خودای دەزانم ئەو کابرایە دەیهەوێ زەحمەتێ بکێشێ و شتم بۆ لێنێ . هیچیش نازانی ساز کا ئەدی چون دەبێ !.

کەچی لەپڕ بۆ کز و بۆچرووکی ولاتی داگرت و بەدوای ئەودا چزەچز پەیدابوو. تەمەشام کرد ئەوە مریشکی دەبرژێنێ. لە نێو خوماهدابێ ، دوایە زانیم پێی دەڵێن " جووجە کەباب " وەبیری مندالە ڕەش و رووتەکانی خۆم کەوتمەوە ،ئێمەش دڵمان خۆشە و دەڵێین مریشکی دەخۆین. ئەو خیزانە بابان وێرانەی من هەر دەزانێ بیکاتە شۆرباو و..... ئەویش ئەگەر سەری قابلەمەکەت وەلابرد دەڵێی ئەوە حەوزێکە و سەری پڕە لە قەوزە. پاش تاوێک هاتەوە لام و سفرەکەیڕاخست و ڕەنگاندی بە کورتی وای رازاندەوە کە بڵێم چی ؟ جووجە کەبابی دانا و دەستمان کرد بە خواردنی . سەیر ئەوە بوو کە تێر نەدەبووم. پلێکم گۆشت هەڵدەگرت و لە لەتێکم نان دەنا .... دیسان دەتگوت برسی سالی گرانیم و لە قاتی ڕا هاتوومەوە ....

بە هەر حاڵ شێومان خوارد و بەونیوە تێری دەستم کێشاوە ، جا ئەوجار وەختی چاخواردنە- وە هات . دەستم بۆ گیرفانم برد جگەرەکەم دەر بێنم کەچی دەستم وشک هەڵات و واقم وڕما . ئاخر من مانگێک پێش زۆرم بیر کردەوە و وام زانی کە ئەگەر جگەرەی قامیش هەڵبەستم زۆر بەسەرفەیە و ڕەنگە پێشی زۆر خەرجان بگێڕێتەوە . بەڵام ئێستا کە لەو ماڵە بووم دەمزانی جگەرەی قامیش بەتەمایە ئابڕووم بەرێ و ماڵ وێرانە دەتگوت فووی لێدەکەی ئەو سووتوە بەسەر وڵاتیدا بلاو دەبۆوە. بەهەر جۆرێک بوو دەستم کرد بە هەڵسووڕاندنی. ئەویش هەر کە دەمبزاوت دەستی دەکرد بە تەقە تەقێ .

ئەویش لەو ماوەیەدا هەستا چایەکەی دەم کرد و بە دیاریەوە دانیشت بۆ جاری دووهەم کە دەستم بە گیرفانمدا کرد گوتی: ماڵتە دەڵێی مانگی ئەرمێتە ... بلێ جگەرەم پێنیە. خۆ ئەگەر جگەرەش نەکێشم بەشی تۆپەیدا دەکەم ئەوەندی گوت و چاوەڕوانی وەلام و هەڵوێستی من نەبوو کە بزانێ دەڵێم چی؟ من بەتەما بووم تاریفی جگەرەی بۆ بکەم و بلێم بێشەمایە و وایە و وایە کەچی گەڕاوە و پاکەتێکی جگەرە لەگەڵ خۆی هێنا کە بە عەمری بووم نەمدیبوو ئاخر بلێم چی و چون هەستی خۆم لەو دەمەیدا بەیان کەم .زۆر سەیر بوو هیچی نەگوت ئەوە من بایەم پاکەتێکم لەو سیغارە لە پێش میوانی دانابایە بەچاوان کوندەجەرگم دەکرد.

ئەو جار چایەکی بۆ دانام چ چایەک دەتگوت یاقووتە ئەوەندە خۆش بوو کە لە بەر خۆمەوە وتم: ئەرت بێ هەتا بەیانی بۆم تێکا نەڵێم بەسە . بەڵام ئەو چایە هەوەڵ و ئاخری بوو لەو چایەم زیاتر نەدی . پاشنان و چا و جگەرە کێشان وە حەولەوەلا کەوتم بۆ دەرهێنانەوەی گۆشتی مریشک لە کەلێنی ددانم. دیسان دەستم بە گیرفانمدا کردەوە بەلام لە رووم هەڵنەهات ئەو- مچەکەم دەربێنم . هێندێکم ملچە ملچ کرد ئەویش تێگەیی دەستی لە بن میزی سەماوەرەکە ڕاکرد و قوتوویەکی دایە دەستم . سەریم هەڵداوە تەمەشام کرد چیلکەی باریکی تێدایە و بابەتی ددان کۆڵینەوەیە دەڵێی چەند ساڵە بۆ ددانی من ساز کراون . هەڵبەتبە ناشکوری نالێم ددانەکانی من ئاوی بخۆم هێندێک بۆ داهاتوو پاشەکەوت دەکەن دوو سێ یەک وەک حەوزی وانەتەنیا قافیلکەکەیان ماوە دووسێ یەکیش تازە دێن نێوکۆڵ دەبن . ئەوانی پێشەوەشم دوویان دوو نهۆمن و یەک سواری پشتی ئەوی دی بووە .

ئەو جار کە لەوانە بووینەوە زگم تێر بوو ویستم قسەیەک بکەم بەلام هەرچی کردم و کراندم قسەیەکم وەبیر نەهاتەوە دەتگوت ئەوەی دەمزانی لەبیرم چۆتەوە و ئەگەر ئەوانەی لە- بیریشم ماون بەکاری مەجلیسی وانایەن لە ئاخریدا گوتم ئەرێ لەمێژە لەو خانووەدای؟ چاوێکی لێ کردم و گوتی :

ئەوە شەش مانگە .... لەوەتی لە بابم جودا بوومەوە، بابم ئێرەی داوە بە من هەروا تێیدا بم .... چاوم بە دار و دیواردا دەگێڕا . ئەگەر لەمە گەڵ دیواری ماڵە خۆمان هەڵی سەنگێنم

دەبمە تنووکێک ئاو دەچمە دەعەرزیێوە. دیواری وی سەعاتێکی تێدا بوو کە چرایەکی لە نێودا دایسا. عەکسی جوانی لە چوارچێوە گرتبوو و یەکێکیان منداڵێک بوو کە دەگریا و فرمێسکێک بە لاجانگیدا هاتبوە خوارێ و لەسەر گۆنای راوەستابوو ئەوی دی دیمەنی ئاوایی‌یەکی بچکۆلانە بوو کە لە هەموو لاوە جوانی لێدەباری ، لەوبەری کیژێکی جوان و لەبار عوودیکی لەسەر کۆشی دانابوو. تەمەشای، لەپڕ ماڵە خۆمانم وەبیر هاتەوە . جارێ دیواری وەتاغە گەورەکەمان منداڵەکانم ئەوەندەیان بە قەڵەمی پێدا هێناوە کە دەڵێی تەختەدامە و سێ ڕیزکێنەو پیاو سەرەدەریلێ دەرناکا .عەکسەکانیشمان کە لە چوارچێوەی دار گیراون و ڕەنگێکی شینی توندیان لێ دراوە یەکیان وێنەی خۆمە کە شانم سووڕاندوە و خێسە لە وڵاتی دەکەم . جارێ ئەوەندەشمان ئایەت و سوورە و عەکسی چاک و پیران لەماڵێ هەڵواسراوە ئەگەر یەکی ناشارەزا بێ وادەزانێ ئەو ماڵە یان تەکیەیە یان خانەقا .

دۆستە خۆشەویستەکەم بە باسکردن لە ژیان و ماشێن و کەل و پەلی سەیر سەیر مەودای خەیاڵی هەڵبڕیم هەڵبەت نێوی زۆربەشیانم نەبیستبوو بەڵام لەبەر ئەوەی کە بە خۆمدا نەشکێمەوە جارجار نەزەرم دەدا .تەنانەت جارێکیان کە باسی سەعات کرا منیش بۆ وەی لە قافڵەی شارستانیەت وە دوا نەکەوم نەزەرم داو وام زانی هەرچی سەعات گەورەتر بێ باشترە. ئاخر بۆخۆم سەعاتێکم لە دەستی دایە بەزەییم پێیدا دێ لەگەڵ من کاری دەکا وەتی وەبیرم دێ هەمە و بابم بە کۆنەیی بۆی کڕیبووم. ئێستاش لە دەستمدایە سێ چوار جارم بەند لێ گۆڕیوە خۆ خودا لێم نەستێنی هەر بەندێکی کە بۆی دەکڕم دەڵێی مادەر زاد بۆ وی ساز کراوە.... منیش ئەو سەعاتەم پیشان دا کە چی زەردەیەکی هاتێ و گوتی : ماڵتە ئەوە هەر سەعاتەکەی ئەو دەمییە . بەڵێ بۆ خۆی بوو ئەویش دەیزانی ئەودەم هەر دووکمان هاودەرس بووین و ئەو سەعاتە وەک پیاوی سیل ـ لێدراو سەعاتێک کاری دەکرد و دوو ڕۆژان نا ... ئەگەر دوو ڕۆژم لەدەستدا بایە حەتمەن چوار ڕۆژان لەلای وەستا بوو ئەویش سەعاتی خۆی پیشان دا مبەڵام هەر باسی دوایی‌یەکەی ناکەم کە چم بەسەر هات . ئەوەیە دەڵێ ئەگەر زمان لێگەڕێ سەر بەڕەحەتە .

وەختی خەوێ چووینە وەتاغی نووستنێ و هەر یەکەی لەسەر تەختێک درێژ بووین . جێگای وا نەرم وخۆش وبێدەنگ لە کوێ وەگیر دەکەوێ . دەتگوت بۆ سەعاتێکیش بێ بەئاوات گەیشتووم نازانم چەندەم بەبیر کردنەوە لەملا ـ و لەولا رابوارد دوایە خەوم لێکەوت .

بەیانی سەعات هەشتی لەخەو هەستام ئەگەر تەمەشام کرد هیچ دەنگ نایە زۆرم پێ سەیر بوو ئاخر چۆن دەبێ میوانی بەتەنێ لەماڵێ بەجێ بێڵێ و بۆ خۆی بڕوا یان کارمەندە ڕەنگبێ نەتوانێ لەترسی ئیدارەی خۆ بخافڵێنێ و لەسەر ئەوەی راوەستی بزانێ من کەنگێ لەخەو هەڵدەستم . هەستام خۆم لەبەر کردەوە و دم و چاوم شوت و هاتم بێمە دەرێ کە چی لەپڕ پەیدا بۆوە و سڵاوی کرد. سێ نانیشی لەسەر دەستی بوو. گوتی : بەسەری تۆ سەعات شەشی هەستاوم چوومە نانەوەخانەی لەبەر خاتری تۆش نانم وەرگرت دەنامن نانی بەیانی وا زوو ناخۆم . سپاسم کرد و وەک شەوێ سفرە چندراو لە ڕۆن و شیرێژەوە بگرە هەتا هەنگوین وماست و مرەبا هەموو شتی لەسەر بوو.

پاش نان خواردن چامان خواردەوەو هاتم پێش ڕۆیشتن زۆر سپاسی بکەم و داوای لێبووردنی لی بکەم کە ئەوڕۆ ئیدارەکەی لەسەر من وە درەنگێ کەوت. هەر واشم کرد و زۆر بە دەنگێکی دەوڵەمەندانەوە پێم گوت بەڵام بریا زمانم سووتابا و وام نەگوتبا چون بە پێکەنینەوە گوتی : برالە خراپ هەستاوی ئەوڕۆ جومعەیە و ئیدارە تەحتیلە ! !

پاش ئەو مەسەلە کە تام و چێژی ئەو مریشکەم لەبن ددانیدا مابوو تەمام گرت منیش مریشکێ بۆ منداڵەکانم بکڕم و جووجە کەبابیان بۆ ساز کەم بەڵام هەرچەند جارێ وەبیرم دەهاتەوە، دەلەرزیم .ئاخر منی چارەڕەش مریشکی خۆماڵی بکڕم بە دووسەد تمەنی هەربەشی خۆم دەکا ، ئەدی ئەو منداڵە ئاجووج ماجووجانە چ بخون ،ئەمن؟

خودا و ڕاستان بۆ یەکەم جار کەوتەوە بیرم کە لەشاری مریشکی یەخـ زەدە هەیە و زۆریش هەرزانە ،ئەو کارە دوو قازانجی هەیە هەم منداڵەکانم تێر گۆشت دەبن و هەم خێزانیشم ناڕە‌حەت نابێ . ئاخر ئەو ماڵ وێرانە بە دیتنی مریشکی زیندوو پردی قیامەتی دەڕووخێ چون لەبەر منداڵ دابینکردنێ ناتوانێ دانیشێ و دووسێ سەعاتان مریشکی پاک کا .

ل ٨٩

بەهار

مامۆستا سەید کامیلی ئیمامی

هەی هەی چ بەهارێکە وەک جەننەتی مەئوایە
وەک بولبولی زار ئاشق ، ئاو بردەیی سەحرایە

نیلووپەڕی نێو ئاوان واپەخش و پەرێشانن
وەک چی دەچن ئەو چین چین وەک زولفی چلیپایە

شاباشی بەهاری کرد گوڵ رشتی لەخۆ شەونم
پێشوازی دەکا بولبول، داخوازی دڵی لایە

زەرد و سپی و شینە ، چیمەن بە هەزار رەنگە
رازاوەتەوە وەک بووک ، بەو ئەتڵەس و خارایە


کێو و دەر و دەشت سوورن ، خونچە هەموو پشکووتن
لەم کاتە گوڵی نێرگس ، وەک چاوی تەماشایە

سوێسن بوو زمانی گرت لەم خۆشی‌یە وەک شاعیر
دەیگوت گوڵە گوڵ بووکە ، هەر بولبولە زاوایە

لەم فەسڵە نەما کەس کز ، هەر سۆفی و دەروێشن
بێ مایە و دڵ رێشن ، بێ بەش لە هەموو کایە

سەر هێلکە و هێلانە ، کوڕکوڕ کڕ و کەڕ کەوتن
تەنیا دڵی ماڵ کاول ، سەوداسەر و شەیدایە

داخوازی دڵ و بولبول ، هاتوونەتە جێ ئەمڕۆ
" ئاوات "ە بەتەنیا هەر، ئاواتی بەجێ نایە



بهداشت د لەشی ساغ[1]

”هێرش“[2]

پێشەکی :

رەنگبێ هەر ئینسانێک لە ماوەی ژیانیدا تووشی گیر و گرفتی جۆرە نەخوشییەک بێ کە لە چوار حاڵ ناچێتە دەر.

١ ـ نەخۆش بەهۆی کاری بوونی نەخۆشییەکە کۆتایی بەژیانی دێ .

٢ ـ نەجات بوونی نەخۆش لە چەنگ نەخۆشییەکە بەهۆی بەکار بردنی دەرمان و دەستووراتی پزیشک .

٣ ـ ناڵین و گرفتاری بەو نەخۆشییەوە هەتا ئاخرین ماوەی ژیانی .

٤ ـ رزگار بوونی نەخوش سەبارەت بە بونیەی خۆی و راوەستانی لە بەرابەر نەخۆشیدا .

لێرەدا زۆر کەس لە خۆی پرسیار دەکا کە بۆچی ئینسان نەخۆش دەکەوێ و بنۆس و عامیلی گرینگی ئەو نەخۆشییە چیە و چ شتێک لە پەیدا بوونی ئەو نەخۆشیانەدا دەستی هەیە . وا باشە بە کورتی لەسەر ئەو مەسەلەیە بدوێین . دەتوانین بڵێین کە هەموو نەخۆشییەکان بە دوو دەستە دابەش دەکرێن چون ئینسان خۆشی لە دوو شت خوڵقاوە .

١ ـ لەش ، کە قابیلی لەمسە : وەکوو " دەست ، سەرپێ و .."

٢ ـ رەوان : کە قابیلی لەمس نیە و نابیندرێ .

جگە لەو جیاوازییە نوختە وێچوونێک لە بەینی لەش و رەواندا هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە هیچ کات ئەو دووانە لێک تر جودا نین. بەو مانایە کە هەر دووکیان لەسەر یەکتر تەئسیر دادەنێن . بۆ وێنە وەختێک کە لەش نەخۆش دەبێ رەوانیش نەخۆشە و هەر کات رەوان نەخۆش بێ ، بێگومان تەئسیری بەسەر لەشدا هەیە و نەخۆشی دەکا . کە وابوو هیچ کات ئەو دووانە لێک تر جودا نین. هۆی گەورەی نەخۆش بوونی هەر کەسێک یا خۆ پەیدا بوونی هەر نەوعە نەخوشینێک لە وڵاتێکدا لە بەر چاو نەگرتنی مەسەلەی بیهداشتە کە لە بەرچاو نەگرتنی ئەو ئەسڵە حەیاتییە یا نەبوونی ئیمکانات دەبێتە هۆی نەخۆش بوون و لە بەین چوونی دەور و بەریکی خاوێن و پاک .

مەبەست لەم وتارە تەنیا ئەوە نیە کە بزانن بیهداشت و خاوێنی چیە بەڵکوو رەچاو کردنی ئوسوولی بهداشتیمان مەبەستە . هەر وەک دەڵێن عەقڵی سالم لە بەدەنی سالمدایە چ بکەین کە سەلامەتی لەش و رەوانی خۆمان بپارێزین کە خاوەن عەقڵێکی سالمیش بین . بەڵێ دوکتۆری خۆ بوون و ناسین و بە کار بردنی ئوسوولی بیهداشت و خاوێنی دەتوانێ وەڵامی هەموو پرسیارێکی پزیشکیمان بداتەوە. هیوادارین خوشک و برایانی ئازیز و ئینسان دۆست لە سەرانسەری وڵاتەکەماندا چ لە شار و چ لە گوند بە راگرتنی بیهداشت و خاوێنی پێش لە هەموو جۆرە نەخۆشییەک بگرن تا ژیانێکی پڕ لە هەست و خاوێن و دوور لە هەموو ئالوودەییەکمان هەبێ و ساغی بۆ یەکتر بە خەڵات بێنین . بە هیوای وشک بوونی ریشەی تەواوی نەخۆشییەکان لە جیهان و ئێراندا بە تایبەت لە کوردستانی خۆشەویستمان .

ناسینی نەخۆشی چڵکی (عوفوونی)

میکرۆب:


میکرۆب چیە ؟ ـ لە پێش (پاستۆر) زانای گەورەی

فەڕانسەوی هیچ یەک لەپزیشکانی جیهان هۆی حەقیقی ئازارەکانیان نەدەزانی و هەریەک لەوان هۆی نەخۆشییەکانیان بە جۆرێک لێک دەداوە پاستۆر هەوەڵین کەسێک بوو کە لە دونیادا رایگەیاند : ئازارەکانی چڵکی بە هۆی نفووزی زیندەوەرێکی ئێجگار زۆر چووکە بە نێوی میکروب لە بەدەندا پەیدا دەبێ . " میکرۆب زەڕڕەیەکی زۆر چووکەیە کە بە چاو نابیندرێ بەڵکوو تەنیا بە وەسیلەی دەزگایەک بە نێوی میکرۆسکۆپ دەبیندرێ .

میکرۆب لە کوێ دەبێ ؟ – میکرۆب لە هەر جێیەک هەیە لە هەوادا ، لە نێو خۆڵ ، لە نێو ئاو ، لە نێو چێشت و لە کن ئینسان و حەیواناتیش پەیدا دەبێ . کە هەریەک لەوانە شەرح دەدەین .

١ – لە هەوادا : ئەنواعیمیکرۆب لە هەوادا هەیە و بە دوو دەستە دابەش دەکرێن هێندێکیان بێ زیانن و هێندێکیشیان زیاندارن وەک میکرۆبی سل . دەبێ بزانین کە هەناسە کێشان لە هەوای پڕ تۆز و خۆڵدا لەودیوەیدا کە نەخۆشی لێ نووستوە خەتەری هەیە بەڵام ژیان لە هەوای ئازاد و دیوی روبەهەتاودا هیچ زیانێکی نیە چونکوو رووناکی و هەتاو میکرۆبەکانی هەوا دەکوژێ .

٢ – لە نێو خۆڵدا : خۆڵیش خاوەن زۆرێک لە میکرۆبەکانە وەکوو میکرۆبی کوزاز و سیاە زەخم بۆیە ئەگەر کەسێک بکەوێ و جێگایەکی بریندار بێ یادا بڕووشێ دەبێ دەست بەجێ جێگای برینەکە زیدیعوفوونی بکا و خاوێنی بکاتەوە و لە کاتی پێویستدا سرۆمی دژی کوزازی لێدا .



٣ – لە نێو ئاودا : ئاویش میکرۆبی ئەسپەک(١) وەباو زگە شۆرەی خوێنی هەیە و بە خواردنەوەی ئاوی پیس ئینسان تووشی نەخۆشی دەبێ . بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە لە زۆر جێگا هێندێک کەس لەرووی نەزانی و ناچاری یەوە لە نێو کانی و رووبار و دەراواندا جلک و قاب دەشۆن و یا جلکی نەخۆشەکانیان ئاو دەکێشن و ئاوەکەش پیس دەکەن . هیوا دارین خوشک و برایانی بەڕێز بە تایبەتی گوند نشینەکان بە وردی سەرنجی ئەو مەسەلەیە بدەن .

٤ – لە نێو چێشتدا : شیری نەکوڵاو هێندێک وەخت خۆی خاوەن میکرۆبی سل و میکرۆبی تەبی ماڵتە و سەبزییەکانیش کە بە ریخ و مەدفووعی ئینسانی و حەیوانی کوود دەدرێن میکرۆبی ئەسپەکیان تێدایە . هەر کات شیر بەچاکی بکوڵێ و سەبزییەکانیش بە چاکی بشۆردرێنەوە ، بەو شێوەیە کە یەک گرەم پڕمەنگەنات دوپوتاس لە گەڵ دە لیتر ئاو تێکەڵ بکرێ و سەبزییەکان لە نێو ئەو مەحلوولەدا چەند دەقیقەیەک راگیرێ تا بە باشی زیدی عفوونی بێ ، بە بێ مەترسی دەتوانین کەلکی لێ وەرگرین .

٥ – لە کن حەیوانات : رەنگە ئینسان لە حیواناتیکی وەکوو مەڕ و رەشە وڵاخەوە تووشی میکرۆب ببێ چون هێندێک ماڵات نەخۆشی سیل دەگرن و لە نێو مەڕدا نەخۆشی سیاە زەخم " خوێن میزە " دەبینرێ و یا ئینسان لە مشکەوە تووشی پەتای تاعوون دەبێ . بە تایبەت حەشەراتی وەکوو مێش و مێشوولەش تەڕاخوم و ئەسپەک بڵاو دەکەنەوە .

٦ – لە کن ئینسان : ئینسانی نەخۆش دەتوانێ بە هۆی کۆخە ، پشمین ، ئارەقەی بەدەن ، پیسایی و لیکی زارەوە نەخۆشییەکەی خۆی بڵاو بکاتەوە . دەبێ نەخۆش ئەو مەسەلەیە لەبەر چاو بگرێ و ژیان و لەش ساغی کەسێکی تر نەخاتە مەترسییەوە .

هۆیەکانی نەخۆشی پەیوەندیان بەچییەوە هەیە :

پەلامار بردنی میکرۆب بۆ سەر لەش و زاڵ بوونی بەسەریدا پەیوەندی بەو مەرجانەوە هەیە :

١ – تەمەن : منداڵی چووکە و لاوەکان زۆرتر تووشی نەخۆشی چڵکی دەبن بەڵام لە تەمەنی ٣٥ساڵان بەرە ژوور کەمتر ئەو نەخۆشیە دەگرن واتا ئازارە چڵکییەکان بۆ ئینسانی بە ساڵدا چوو کەمتر چاوەڕوان دەکرێ .

٢ – تۆرەمە : ئینگلیسییەکان زۆرتر لە بەرانبەری میکرۆبی مەخمەلەک و رەش پێستەکان لە بەرانبەری میکرۆبی سیلدا

حەساسن .

۳ ـ مەزاج : ئەو کەسانەی زۆرتر هەست بە ماندوویی دەکەن هەر وەها ئەوانەی کە جەرگ و گورچیلە و دڵیان ناساغــە و یا بە زمانێکی تر ئەو کەسانەی کە موقاوەمەتی بەدەنیان کەمە زۆرتر تووشی نەخۆشی چڵکی دەبن .

میکرۆب لە چ رێگایەکەوە واریدی بەدەن دەبێ؟

میکرۆب لە رێگای جۆربەجۆرەوە واریدی بەدەن دەبێ

۱ ـ لە رێگای پێستەوە. وەک " سوورە کوان ، دمەڵ و ... "

۲ ـ لە رێگای دم و زارەوە. وەک " کەوتوویی، دیفتری ... "

۳ ـ لە رێگای دەزگای هازیمەوە. وەک " ئەسپەک و ... "

۴ ـ لە رێگای دەزگای تەناسولی(زاوزوو)وە .وەک"سووزاک و ."

پێویستە بڵێین کە بەدەن لە بەرانبەر هێرشی میکرۆبەکاندا بە چەند شێوە لە خۆی دیفاع دەکا .

۱ ـ پێست و موخات . ۲ ـ دیفاعی گولووبوولە سپی یەکان.

۳ ـ مەوادی دژی میکرۆب و دژی سەم.

یەکەمین خەتی دیفاعی بەدەن پێست و موخاتە ، پێستی بەدەن لە راستیدا وەک زرێیەکی پۆلاییینە لە بەرانبەر نفووزی میکرۆبدا و تاکوو پێستی بەدەن ساغ بێ ونەڕووشابێ هیچ میکرۆبێک ناتوانێ لێی تێپەڕێ . بۆیە وەختێک پێستی بەدەن دادەڕووشێ و یا بریندار دەبێ ، دەست بەجێ جێگای برینەکە زیدی عفوونی بکرێ تا میکرۆب بە جێگای برینەکەدا نەتوانێ وەژوور کەوێ . هەر وەها کە ئیشارەمان بە موخات کرد ئەویش وێنەی پێست تا ساغ و بێ برین بێ هیچ میکرۆبێک ناتوانێ لێی تێپەڕێ و بە هۆی تەڕەشوحاتی لووە تایبەتی ـ یەکانەوە هەر چەشنە میکرۆبێک لە خۆی دوور دەخاتەوە .

دووهەمین خەتی دیفاعی گولووبوولە سپییەکانن. وەختێک میکرۆب بەسەر هەوڵین خەتی دیفاعی بەدەن یانی پێست و موخاتدا تێدەپەڕێ تووشی هێرشی دەستەیەک لە پارێزەرانی بەدەن بە نێوی گولووبوولە سپییەکانی خوێن دەبێ کە میکرۆبەکان گەمارۆ دەدەن و دەستەیەکیان بۆ قووت دانی میکرۆبەکان دەچنە نێو مەیدانەوە و لە پەلامارێکی توندد ا هەموو میکرۆبەکان هەڵدەلووشن. لە ئاکامی شەڕ لە بەین میکرۆب و گولووبوولراچڵک بە وجوود دێ کە ئەو چڵکە هەمان تەرمی میکرۆب و گولووبوولە سپییەکانە .

سێهەمین خەتی دیفاعی یا مەوادی دژی میکرۆب و دژی سەمن . ئێستا دانێن کە میکرۆب بە سەر خەتی دووهەمیشدا سەر کەوت بەڵام دیسان بەدەن دەست لە بەربەرەکانێ ناکێشێ و درێژە بە شەڕ دەدا . سپڵ و لووە لەنفاوییەکان مادەیەکی تایبەتی دژ بە میکرۆبەکان تەڕەشوح دەکەن و بە وردی میکرۆبەکان لە بەین دەبەن .

ئاکام : لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە نفووزی میکرۆب بۆ نێو لەش بە مانای موباریزە و شەڕی لەش دژ بە میکرۆبەکانە و هیچ یەک لە میکرۆبەکان بە سووکی ناتوانن واریدی بەدەن بن . بە مەرجێک ئوسوولی بیهداشتی لەبەرچاو بگیرێ دەتوانین بەر لە زۆربەی نەخۆشییەکان بگرین .

.... پاشماوەی جوغرافیای ...

هەڵکەوتوون . بەرزترین زنجیرە شاخی کرماشان زنجیرەی داڵەهۆیە کە بە درێژایی ساڵ بەفر لووتکەی داپۆشیوە و لە سەرەوەی وڵاتی کرماشان تا ئاسۆیەکی زۆر دوور دەبینرێ و چونکوو یەکێک لە دەربەندە مێژوویی یەگەورەکان لە فەلاتی ئێرانەوە بۆ دەشتی میزوپوتامیا ، لەم زنجیرەیەدا هەڵکەوتوە ، لە چەرخەکانی کۆندا لای خەڵک ناسراوە و بەشی زۆری کۆچ و کۆچیاری خێڵەکان لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاواوە لە دەربەندەکانی ئەم زنجیرەیەوە دەرباز بوون(۱۷) بە شێوەیەکی گشتی شاخەکانی کرماشان رێک و پێک راکشاون ، بەڵام بەرزایی لووتکەکانیان فەرق دەکا ولە نێوانیاندا دۆڵ و دەرەی پان و قووڵ هەیەو لە هێندێک شوێنان زنجیرەی شاخەکان لێک پچڕاون و دەرەی بەپیت و بەرەکەتیان بەدی هێناوە و ئەو جۆرە جێگایانە ناوەندی پڕ دانیشتوانی مەڵبەندی کرماشانن و گوندو دێهاتی ئاوەدانیان لێیەو دوو چۆمی(قەرەسوو)و (گاماسوو) ئاوەدانی و پیت و بەرەکەتی مەڵبەندەکەیان زیاتر کردوە . لە بەشەکانی دیکە لەبەر ئەوەی شاخەکان لێک نیزیکن دەرەکان تەنگەبەرن ،ئەو جۆرە شوێنانە نشیمەنی عەشایر و خێڵاتی کۆچەری رۆژئاوای کرماشانین کە لەبەر بەرزایی جێگای دانیشتنیان و لەبەر ئەوەی دەستیان بە ئاوی چۆمەکان ناگا لە کشتوکاڵ بێ بەشن و بۆ ئاوی پێویستی خۆیان بیر لێ دەدەن.

۱۷ـ رێگای گەورەی شاهەنشاهی داریووش که پێتەختی حکوومەتی ئێرانی بە بەشەکانی وڵاتەوە لە ئاسیای گچکە و قەراغەکانی دەریای رەش و سپی ناوەڕاست دەبەستەوە ،رێگایەک بوە کە ئیمڕۆ بەشێکی ماوە بە هەمەدان و کرماشان و بەغدادا رادەبرێ.

درێژەی هەیە

حاجی هاشمی ئانەوازادەگان

بەهاری جەوانان

بەهار هات موژدە بێ دەستەی جەوانان
چریکەی هاتە گوێم قومری بەیانان
کەیف خۆشە هەموو عالەم بەجارێ
کە دیسان هاتەوە فەسڵی بەهارێ
وەدەر کەوتن لە نێو شاری کوڕ وکاڵ
ژن و پیاوو جەحێڵ و پیر و منداڵ
قەراریان دا ئەوانەی کۆنەوەردن
کوڕی کێو وچیا و هەڵدێرو بەردن

دەڵێن با بچینە سەر کوێستانی شەڕگەی
سەری ئاغا سەر و دەربەند و کوورەی
سەری قەندیل و کوتکی مامە رۆڵێ
هەواری دوو بەران و بزنە جۆڵێ
سەری ئاسنگەران و جوندەواری
هەواری مێرگە ژان و تاقە سواری
بناری کێوی هەڵوێ و کێلە سیپان
هەواری کانیە مەند و کانیە ئەسپان
سەری ئەل ئۆمەران و بەردە ئەستێ
زمانت لاڵ دەکا و نوتقت دەبەستێ

سەری گۆمێ دەگەڵ دندەی قەڵاتان
هەواری گوڕە شیوی و بەردە تاتان
هەواری سوورە زەویە و دوڵ بەهاروو
سەری بێنگوین وشەڕگەودەشتی خواروو
هەواری کوودەڵان و سەر موسالێ
لە سەر هەڵدێرەکەی برایم جەلالێ
هەزار کوێستانی بەرزی ئەم وڵاتە
لە نێو واندا ئەوی چووکیا نقەڵاتە

سەری لێک داوە هەڵز وبۆڕ و مەندۆک
هەلاڵە و سێوەڕە و شللێر و مێکۆک
گوڵی رێواس و جاترە و بۆنی بێژان
وەنەوشە و سوێسن و گیابەندی کێوان
قەڵیشک و سوورە پنگ و چەپ چەپی و سۆ
کەنێرە و گیا ترۆقە و جاوە لۆلۆ
قەیاغ و کەنگر و قەڵغان و مۆسک
شلە و گێلە و گراڵک و لووشە و پنگ
گوڵە رۆنە و وەنەوشەو بڕک و لاولاو
کوڕادە و گێزەرو گیابەند و گیاخاو

کەما و ئەسپنگ و خاشخاش و گوڵە زەرد
شلە و ئاوڕێژ دەگەڵ ڕێواسی بن بەرد
پسنچک و هەرزن و بەیبوون و دێرۆ
هەڵاڵە و سوێسن و شلێر و هێرۆ
شەوەشینە و قلیشک و ترشەخاتوون
کوڕادە و نەعنەکێوی و پنگ و بەیبوون
گوڵی گیاگونگونە و گەسگەسک و شەودێر
گوڵی گیا ئادەم و گیا سەدرو شاوێر
گوڵی سۆشین و پەنگومەمکە کیژە
گەڵای کاردوو دەڵێی بیباری تیژە
گوڵی گیا کولکنە و گەسکە سپیلکە
گوڵە گورگە و ڕەشەگیا و پێقجیلکە
گوڵە جووتیار و سەیدۆکە و گوڵە باغ
شەمێلە و ئاڵقەتیز و گەنم و قازیاغ
جەڵیتە و ئاڵەکۆک و گیا ڕەکێشە
ڕەشە گیا و سیر و کاشمە و ئاندرێشە
سوراڵ و چەق چەقە و کیفۆک و کیفار
سوراو و پرپرە و ماکووز و بیبار
گوڵی تاڵیشک و زەرتک و تێسوەگایە
قجیلە و کووزەڵە و کارگی کەمایە
گەڵا چاو کەسک و گیا کەوڵە و قورینگان
گەڵا سێبسک و مارێواس و بێژان
ڕەخیزە و شاتەڕە و بێستانە مارە
لۆراسک و گیا پشیلە و گەسکە شارە
گوڵی شیلان و گورگە و مژمژۆکە
گەنەدارو چەقالە و سیوەڵووکە
گەڵا قامیشوتێسوێ و نۆکەشوانە
چەقە و ئەسپۆن وتاڵوو و گیا بەرانە
گەڵا قاشاغ و تیمۆرکە و هەوێدار
کەتەوڵ و کەرتەشی و تاڵتۆز و گوێکار

گێلاخە و هۆزەڵاو و دو قەڵێشە
پەلەسۆ و تێسوەبزنە و لۆکەمێشە
گوڵی گوێکار و زەرتک و زیزڕە مەندە
گوڵی سەهلاب و شیلە وقنجە زەردە
کەلەم کاشوور و خۆش هەڵکێش و بیزا
گوڵە گورگە و چرێش و سیر و گیا چا
گوڵە ماستە، گوڵە جووتیار و شەش پەڕ
گوڵە گوێنی و گوڵە پائیز و کاشمەر
گوڵە شوانە ، گەڵا ریحان و شەب بۆ
پوور ئایشۆکە و گەڵا قوون سوور و دێرۆ
گەنەمە و نووسەکە و کاڵێکەمارە
گەزیزە و سێوەڕە و کولکە بەهارە
گوڵووکە گورگ و سیرمۆکە فسنجان
شەدانە و نۆلەکە و لاولاو و شیلان
گەڵای کەکرە و گوڵی ئەسریلک و زەنبەق
گەڵا چەورە و کوماڕێواس و لەق لەق
ئەوەی نووسیم لە دەریا قەترەیەکە
وەکوو (هاشم) لەخیلقەت نوختەیەکە
هەزاران گیا نەناسراو لەو چیایە
بەیانی حیکمەت و رازی خودایە
گوڵ و گوڵزاری خاکی کوردەواری
لە حیساب و کتێب نایە ژماری
هەموو کانیاو و ئاوهەڵدێر و شینە
گوڵستانە ، بەهەشتی سەر زەمینە
بەراستی زیندەگی نێو وانە خۆشە
لەنێو شاری هەمیشە پیاو نەخۆشە
غەمی تێدا نیە نێو ئەو گوڵانە
بە راستی خۆشە ئارامی دڵانە

گوڵ و گیای کوردستان ٧

حاجی هاشمی نانەوازادەگان

قشڵک : گیایەکە کور تۆکە وەک ئالقەتیز دەچێ و زیاتر لە کوێستانان دەبێ .

سۆ : کە لە نێو زۆنگی کوێستانان و لە نێو دار و بارانداا بڵیند دەبێ و بە قەد بەژنی پیاوهەڵدەچێ.

کەنێرە : گیایەکە گەڵای وەک وێنجە دەچێ ساقەتی ئەستوورترە و کلۆرە و گوڵی زەردی پچووک دەکا . بە شینی ماڵات کەمتری دەخوا بەڵام بۆ تفاقی زستان دەبێ .

گیا ترۆقە : گیایەکی کورتە باڵا و پنج بڵاوە و گوڵێکی سپی دەکا و دەبێتە شتێکی وەک پۆرگ و بە فشاری کەم دەتۆقێ . کە وشک بوو لەوەڕێکی باشە .

جاوە لۆ : گیایەکە وەک ئەسپینگ دەچێ .

قەیاغ : گیایەکە قەف قەف وەک گەنم و جێودان دەچێ و زۆر بەرز دەبێتەوە هەم لەوەڕی باشەوهەمتفاقێکی باش.

مۆسک : گیایەکە وەک دێرۆی دەچێ زیاتر لە قەراغ ئاو دەڕوێ ، بەهاران زوو ماڵاتدەیخوا و ئەگەر زۆری بخوا وەک وێنجە بای پێ دەکا . نێرکی لە بەژنی پیاو بەرزتر دەبێ و کە وشک بوو پێیدەڵێن قالۆر .

گیا شلە و گێلە : گیایەکی پنجی وردە و بەزەویدا پان دەبێتەوە و لە کاتی درووندا وەبەر داس نایە .

پڕک : گیایەکە بۆنی زۆر خۆشە ، زۆر بەرز نابێتەوە و گوڵێکی سپی دەکا .

گیابەند : گیایەکی نایابە لە کوێستانی زۆر سەخت نەبێ گیر ناکەوێ گەڵای تورت و ناسکە و گوڵێکی وردی زەرد دەکا .

گیا خاو : هەر وەک گیابەندە بەڵام گوڵەکەی لە ئابی وسپی تێکەڵاوە وەک بەیبوون و یاسەمەنە دەچێ و بۆنێکی زۆر خۆشی هەیە .

بەیبوون : لە نەرەزنان و لە کوێستانان دەڕوێ . بستێک پتر بڵند نابێ بۆنی لە دوورەوەدێ وەک بۆنی شەب بۆ دەچێ گوڵی ئاسمانی وسپی دەکا .

ئاو ڕێژ : لە چێنگان دەڕوێ لاسکی لووس و بەرزەنێوکلۆرە .

گیا گون گونە : سەلکی دەکا وەک مۆسکی .

دێرۆ : هەر وەک مۆسکی دەچێ گوڵی زەردە .

شوە شینە : هەر وەک چەپ چەپی وایە بەڵام نێوەکەی پتەوە .

بەنگ : گیایەکی قوتیلکەی پێوە هەیە ، وەک قووچەکە . لە نێو ئەواندا تۆ وێکی وردی تێدایە وەک خاشخاشکی ئەگەر دەگەڵ تووتنی بکەی و بیکێشی گێژ دەبی .

کاشمە : گیایەکی گەڵاپانە وەک باسکلاو دەیکەنە دۆڵمە

ئاندرێشە : گیایەکە وەک ئەسپینگ و ئالەکۆک دەچێ .

چاو کەسک : گیایەکە گەڵای وەک سێوەڕە دەچێ ، پنچی بە زەویدا بڵاو دەبێتەوە ، گوڵەکەوەک چاو دەچێ .

سێ بسک : گیایەکە وەک ئەسپینگی دەچێ ، بەڵام کەم هێزە .

بێستانە مارە : گیایەکە وەک توولە مێوی خۆرادەکێشی و زۆر زوو دەور و بەری خۆی دادەگرێ، بەرێک دێنێ وەک لیمۆ دەچێ .

توراسک : گیایەکە زیاتر لە دەرە دێیان دەڕوێ بەرێکی هەیە وەک قۆرە دەچێ .

گیا پشیلە : مەشهوورە بە پشیلە پاییزە. گوڵەکەی بەبا بە وڵاتێدا بڵاو دەبێتەوە .

گەنەدار : ناوی خۆی بە خۆیەوە.گیایەکی گەڵا پانە ، گەڵای لە گەسگەسک پانترە و لە بەژنە پیاوێکی پتر بەرز دەبێتەوە و پتر وەک دار دێتە پێش چاو تا گیا .

نۆکە شوانە : نۆکی کێوییە تەنیا ئەوەی دەگەڵ نۆکی دەس چێن فەرقە کە هەمووساڵێ هەڵدەداتەوە و ڕەنگیشی هەر ڕەشە و لە نوالەی بژوێن هەیە .

گیا بەرانە : وەک زڕە بیزا دەچێ و لاسکی پتەوە و دەیکەنە جێغ .

قاشاغ:گیایەکی بڵندەو لاسکیئەستوورە بەکاری ئاوردوو دێ.

تاڵتۆز : گیایەکی بڵندە وەکوو مۆسک و دێرۆ .

گوێ کار : گیایەکە وەک ڕێواس ، وەک جەلیتە دەچێ گوێ بەرخۆلەشی پێ دەڵێن .

قنجە زەرد : گیایەکی لووس و پتەوە کە مەڵەغان نایبڕێ و ئینسان و وڵاغ پێی لێ نێ هەڵدەخلیسکێ .

سۆشین : گیایەکی قەف ئەستووری بڵندە بنی وەک چەوەندەر وایە ، وشکی دەکەن لێ دەکەن ، ئاردە پەڵوی پێ دەڵێن لە کۆگەم بەرزترە .

گیا سەدر : گیایەکی کوڵکنە بۆنی وەک بۆنی برینجی یە گوڵێکی چکۆلە دەکا .

گیا کوڵکنە : گیایەکی کورتە باڵایە کوڵکنە بۆ زگ ئێشەی دەبێ وەکووگیا چای وایە .

قورینگان : گیایەکە وەک وێنجەی دەچێ گوڵێکی سوور دەکا بۆ ماڵاتی دەبێ .

مێژوەرد : مێژوەردیش وەک قورینگانیە .

رەخیزە : وەکوو گوێنی وایە و جلی پان و درێژ عـەرزی دەگرێ و شین دەبێ .

تیسمۆرگە : گیایەکی چکۆلەیە وەک ئەلەکۆکی و ئەسپینـگی دەچێ بەلام تیسمۆرگە شینترە وەک پیزایە دەخورێ.

خۆش هەلکێش : گیایەکە لە نێو گەنمان شین‌دەبێ .

سەپان ترێنە : بابـردەلەشی پێ دەلێن .

شەش پەڕ : گیایەکە گەلای پان و درێژ ئەغلەب لـە سەر قەبران شینی دەکەنەوە .

کاشمەر : گیایەکە وەکوو کاهوی .

هەلز : گیایەکی کورتە بالای گەلاخڕە لە کوێستانان دەبـێ بنەکەی رۆنی لێ دەگرن بۆ زیددی عوفوونی برینان دەبێ ، کرمی دەکوژێ .


بۆڕ : گیایەکی گەلا باریکی قاسک ئەستوورە وەکوو گوێنی لە سەرەوە پان دەبێتەوە لۆ "و" لۆکەن"یشی پـێ دەلێن .

هەلالە : گیایەکی گەلا وردی بۆن خۆشە گولێکی وردی زەرد دەکا زیاتر لە کوێستانان شین دەبێ .

سێوەڕە : گیایەکە وەکوو وێنجەی دەچێ مالات چاکی دەخوا ، گیایەکی ناسک و شین و جوان و گەلا وردە .



گولە شللێرە



نێرگس

شللێر : گیایەکە زیاتر لە کوێستانان شین دەبێ وا هەیە میترێک بلند دەبێ دوومەرتەبە و سێ مەرتەبە لە قەدی و لە تەپلێ سەری دەدا گولەکەی وەکـوو زەنگۆلەی پێیدا شۆڕ دەبێتەوە .

مێکووک : گیایەکی گەلا وردی بەدەوامە لە زۆر جێیان شین‌ـ دەبێ نیو میتر بلند دەبێتەوە بنی وەکوو شەکـری شیرینە ، بنی دەرمانە .

کەکرە : گیایە کەکرەش هەر وەکوو مێکوکی دەچێ بەلام‌گەلای مێکوکی شینترە .گەلای زۆر تالە.

گولێ رێواس : گولێکی سوور سووری وردە هەر شیـرنـە تەماشای کەی تەگەر دەکا و گولێ دەکا و وشـک ەەبێ . لەسەر تاقەی دەگولدانیدا داینێی دوو مانگان زیاتر گولەکەی ناوەرێ .

چاترە : گیایەکی گەلا چکۆلەیەوخڕ. بۆنێکی خۆشی هەیە وەک گوێنی پنجی دەکا عارەقی لە گیایەکەی دەگرن بـۆ زگ ئێشەی چاکە .

بێزان : گیایەکی بۆن خۆشە گەلاکەی هەر وە گێزەری دەچـێ هەزار عەتری (شبهای پاریس)ی بە قوربان بێ .

وەنەوشە : گیایەکی گولێ وردە وەک سێوەڕەی گولێکی تێکەلێ دەگەلێ زەرد و سپی دەدا گولێ چکۆلە و وردە زیاتر لە دەم جۆگان و لە جێی ز نەدار شین دەبێ .

سوێسن : گیایەکە دوو سێ گەلای بە قەت قامکی هـەیـە گولێکی وەک قووچەکەی وەک زەنگۆلەی لـە سـەری دێتە دەر کەم عومرە بەهاران شین دەبێ لـەبـن نوالە بەفران دێتەدەر .

سوورە پنگ : لە بن جۆگە و چێنگ و شیفالان شین دەبێ لـە شینە پنگی گەلای پانترە تەبعی رەوانە هەر کـەس بیخوا زگ چوونی پێدەگرێ .

چەپچەپی گیایەکە لە مێرگان شین دەبێ قاسکی کلۆرە لـە تەپلێ سەری و لەنتی و قەدیدا گولێکی زەرد زەرد دەدا هەر جوانە تەماشای بکەی .

قاللۆر : گیایەکی قاسک ئەستووری نێو کلۆرە بە قـەد بەژنی ئینسانی بلند دەبێ .

گرالک : گیایەکە گەلا باریک وەکوو گەلای سەر پنجی. وەک گوێنی پنجی دەدا مالات نایخوا بە بەندەنان وشـک دەبێ زستانی دەمێنێتەوە .

لووشە : گیایەکی شین شینە گەلای پانە وەکوو گـەلای گون گونە سەگانەی بەلام لووشە دەخورێ دۆلمەی لێ دروست دەکەن .

گولە رۆنە : گیایەکە گولێکی زەردی خڕ دەدا بۆنی وەکوو بۆنی بێزانێ وایە هەزار عەتری گولێ کـاشـان و عەتری " شبهای پاریس "ی بە قوربان بێ .

لاولاوە : گیایەکە قاسکی باریکە ۴ تا ۵ میتر بلند دەبـێ گولێکی وەکوو گولێ ئەتلەسی دەدا سوور و شـین و کەسک و آبی هەمە رەنگە .

کوڕادە : گیایەکە لە کوێستانان دەبێ هەر وەک پیـوازی تەڕ دەچێ و هەروەها وە سیری وەحشی دەچێ ودەخورێ

گولە مێلاق : هەمان گولێ لالەیە کە گولێکی سووری وەکـوو فنجانی دەدا گەلاکانی پان و درێژۆکەیە .

وشترە خۆرە : گیایەکە دڕاوی و شین وشتر چاکی دەخوا .

هێرۆ : گیایەکە بلند دەبێ قاسکی ئەستوورە گولێکـی ناسکی گەورە دەدا .

ترشە خاتوون : ترشۆکەی پێدەڵێن لە جێگای خیزک لە بن ڕەوەزی شاخان شین دەبێ وەک گراڵکی بە شلکی ترش ترشە ئینسان دەیخوا بۆ کەبەدی باشەرەوانیشە

نەعنە کێوی : گیایەکە زیاتر لە شاخان لە نێو بەردان لە جێی سەخت شین دەبێ گەڵای وەک دەنکە ئەمجەی وایە بۆنی زۆر خۆشە لە نەعنەی دەستچین بۆنی خۆشترە .

گەسگەسک : گیایەکی قاسک کلۆری شینی دڕواوی بڵندە بە ناسکی دە دۆکلێوی دەکەن ئەگەر دەستی لێدەن دەستی پیاوی دەخورێنێ دڕوەگەی وادیارە مادەیەکی شیمیایی پێوەیە ئەگەر بەڕڕەسی عیلمی بکرێ ئەوا حەتمەن روون دەبێتەوە .

کاردوو : گیایەکی گەڵا پانە وەکوو گەڵای ترشە گایەی بەقەد لەپی دەستی پانە تامی وەک بیباری تیژە لە ئالانێ تێکەل برنجی دەکەن و پێی دەڵێن کاردوو پلاو .

گەسکە سپیلکە : وەکوو گیا ترشۆکەی بڵند دەبێ شووی پتەوە گەڵای باریک و وردە بەدەوامە دەیکەنە گەسک بۆنی وەکوو بۆنی بێزانێ خۆشە لە ماڵاندا دایدەنین بۆ بۆن خۆشی .



گوڵە گورگە

گوڵە گورگە : گیایەکی بێگەڵایە قاسکێکی ناسک و تەڕی هەیە لە تەپڵێ سەری گوڵێکی زۆر سوور سوورێکی توند دەر دەکا وەک مەخمەری سوور زۆر جوانە بەڵام کەم عومرە ، زۆر زۆر عومری حەفتەیەکە

پێمجیلکە : گیایەکە وەکووگێلاخەی چکۆلە ، لە عەنەرزی دڕوێ سێ قۆزاخەیە وەک قامکی مریشکی .

گوڵە جووتیار : گوڵێکە وەک گەزیزەی دەچێ بەڵام گوڵەکەی لە گوڵێ گەزیزەی برێک پانتر و ناسکترە .

شەمێلە : گیایەکی دەستچێنە وەکوو پۆلکە و گەنەمە ئەوانە دەیدەن بە ماڵاتی ،ماڵاتی پێ قەڵەو دەبێ.

قازیاخە : گیایەکی شینی پەڕپەڕە گیایەکە کە دەخورێ دە دوکلێوی دەکەن .

ئاڵەکۆک : گیایەکە هەر وەک ئەسپینگی کەسێکی گیا ناس نەبێ وە دەزانی ئەسپینگە ئەگەر بیخوا زگچوونی پێدەگرێ بۆ مەعدەی رەوانە ئەگەر کەسێکی زگی بە هیچ کاری نەکا ئاڵەکۆکی بخوا پاک دەبێتەوە .

گیا رەکێشە : گیایەکە لە باغجان لە باغان لە شاخان شین دەبێ گەڵای وەکوو گەڵای گوڵە پێغەمبەرەیە کورتترە لە برینی دەنێن هەوای برینەکەی دەکێشێ

سوراڵک : گیایەکە بە قەد کیفاری گەڵای وەک گەڵای گەسگەسکی پەڕە پەڕەیە زۆر شینە،مەیل بە سوورییە. بەنی پێ سوور دەکەن دە ئاویدا لە گەڵ بەنی دەیکوڵێنن بەنەکەی سوور دەکا .

کیفۆک : گیایەکە سێ پەلکەی باریک دەردەکا خەتێکی سپی بە نێوەراستی پەلکەکانیدا هاتوە بنی خڕە بەقەت کەلێپە قەندێکی دەیکوڵێنن ، دەخورێ .

پرپرە : گیایەکی شینە زۆر ناسک و لەتیفە لەبێستانانداا لە باغان ، لە شاخی دەبێ بۆ زگ ئێشەی باشە وەکوو جلێ نۆکی دەچێ بەڵام گەڵاکانی فەرقی هەیە .

ماکووز : گیایەکە هەر وەکوو کووزەڵەی دەچێ لە نێو ئاو و زەند و کانیاواندا شین دەبێ .

تاڵشک : گیایەکە گەڵا پان بەقەد گەڵای کاهووی زیاتر ، کەو دەیخوا ، ماڵاتیش دەیخوا .

تێسوە گایە : هەر وەکوو تێسوە بزنەی وایە بەڵام قەفی ئەستوورترە گەڵاشی پانترە بە شلکی پاکی دەکەن وەک ڕێواسی دەیخۆن .

کووزەڵە : گیایەکە ریشەی بە ئاوی دەگورێ لە نێو کانیاوان شین دەبێ دەڵێن تەڕەتیزەی وەحشی یە دەخورێ .

کارگی کەمایە : بەو کارگە دەڵێن کە لەبن کەمایە هەڵتۆقی و بێتە دەر .

گیا کەوڵە : گیایەکی باریک و نەرمە لە پێش هەموو گیایاندا شین دەبێ و لە پێش هەموو گیایانیشدا زەرد دەبێ .

مارێواس : وەک ڕێواسی بن بەردی وایە پانە و ترش و ئاودارە ڕێواس پێنج جۆرە . باسکلاو ، نێرتکەرێواسە ڕێواسی بن بەردی، لەق لەقە ، مارێواسە .

شاتەڕە : هەر وەک گیا رەکێشەی وایە .

توڕاسک : گیایەکە بەری دەدا وەک قۆرەی لە دەور و بەری دێیان دەبێ .

مژمژۆکە : گیایەکی شینە پنجی دەکا گوڵێکی ئابی توند دەدا ئەگەر دەیمژی تامی شیرنی هەیە دەڵێن چای ئەو گوڵەی بۆ قەلبی باشە

سێوەڵووکە : گیایەکە کورتە باڵا.میوەیەکی هەیە وەکوو سێوە ترشەی خوڕ خوڕە .

تێسوێ : تێسوێ گیایەکە نێرتکەی بلند دەبێ نیو میتر ، ئەگەر پاکی کەی وەکوو نێرتکی کاهووی دەخورێ تامی کاهووی دەدا .

نۆکە شوانە : گیایەکە هەر وەک نۆکی دەستچین بەلام وەحشی یە دەنکەکانیشی دەنێو پێستێکی وەکوو باقلەی دایە .

چەقەش : گیایەکە وەکوو گیا کولکنەی ، بنی دەبڕی شیرێکی لێ دێتە دەرێ چەقەی پێ خۆش دەکەن و بە ئاوی دەیخۆن .

ئەسپۆن : گیایەکە لە کوێستانی عەزیم دەبێ بە عەرزی و بنجی دەبەستێ وەکوو بەقجیلەی ولاتی دادەگری بنەکەی هەڵدەقەنن کەفێ دەکا لیباسی پێ دەشۆن.

گیا بەرانە : گیایەکە شوولکی دێتەوە بلند دەبێ میترێک دەیکەنە چێغ وەک زڕەبیزای وایە .

گیا هەوێدار : گیایەکە گەلای زۆر پانە لە نێو بانان لە نیسێیان شین دەبێ . لە سەر برینی جێ دەمی ماری دادەنێن .

کەرتەوڵ : گیایەکی قاسک ئەستووری کلۆرە بە قەد بەژنی ئینسان بلند دەبێ .

کەر تەشی : هەر وەک کەرتەولێ گیایەکی کلۆرەی قاسک ئەستووری بلندە لە گۆکەمی بلندترە .

کێلاخە : گیایەکی شینی گەلا پانە بە قەد قامکی.دەگەڵ دۆکلێوی دەکەن دەخورێ .

هۆزەلاو : گیایەکە لە نێو کانیاوان شین دەبێ وەکوو کووزەلە و کووز و ماکووزان دەچێ .

دۆقلێشە : گیایەکی وەکوو ئەسپینگی بەلام بنی هەیە بنەکەی بۆن و تامی هێلی هەیە بزن ئەگەر لەشاخی تووشی بێ بە سمی دەیداتەوە هەتا بنی دەرنەهێنێ ناڕوا .

زیزەرەمەندە : گیایەکە نێرتکی دەکا نێرتکەکەی پاک دەکەن دەیخۆن بۆنی لە عەتری خۆشترە زڕەمەندۆ – کیشی پێ دەلێن .

سەهلاب : گیایەکە بستێک هەلدەستێ گولێکی سووری پڕ دەدا زۆر جوانە لە نێو مێرگان دەبێ بنی هەیە بنەکەی خڕە . دەری دێنن بۆ بەستەنی بۆ کۆجەی تاجران دەیکڕن . گیا سالەمشی پێ دەلێن.

کەلەم کاشوور : گیایەکە وەک گیا قازیاخەی ئەویش هەر بە گیا دۆکلێو مەشهوورە دە دۆکلێوی دەکەن .

بیزا : گیایەکی شینی گەلا باریکە وەکوو بۆری دەچێ بەلام ئەو قاسکی باریکترە بۆنخۆشە دەخورێ دەگەل شیرێژی دەکەن و زستانانیش نێرتکەکەی دەسرکەی دەکەن لە کوێستانان دوور بۆنی دێ .

چرێش : گیایەکە شەش حەوت گەلای بە قەت قامکی پان دەر دەکا بستێک بلند دەبێ چرێشی لێ دروست دەکەن

گیاچا : گیایدکە وەک گیا کولکنەی گەلایەکی پانی چکۆلە ، بۆ خۆشی برکەی چکۆلەیە گەلاکەی وشک دەکەن ئەگەر گەیشت چای پێ لێدەنێن تامی زۆر خۆشە .

قوون سوور : گیایەکی شینە دوو پەلکە ، گولێکی خڕی لە نێوەراستی پەلکەکاندایە ، دەخورێ بۆ دۆکلێوی دەبێ

گەنەمە : گیایەکی دەست چینە وەکوو پۆلکەی دەیدەن بە مالاتی ، مالاتی پێ قەلەو دەبێ .

نووسەکە : گیایەکە وەکوو چلێ نۆکی گولەکانی دەبنە دڕووی خڕخڕ ئەگەر بە نێویدا بڕۆی بە لاق و لەتەری ئینسانا دەنووسێ .

کەکرە : گیایەکە وەک مێکوکی وەک هوڕڕەی وایە بەلام گەلاکەی لە گەلای مێکوکی باریکترە زۆر تالە ئاوەکەی دەگرن ئەگەر ددانی خوراو بێشی تۆزێکی لەسەر دادەنێن چاکی دەکا و ژانی دەشکێنێ .

ئەسرێلک : هەمان چرێشە لەولاتی دیوی ئەلێنێ پێی دەلێن ئەسرێلک .

زەنبەق : گیایەکە یەک شیشە هەلدەچێ وەک داری خورمای گەلاکانی ئەوبەر ئەمبەر لێ دەڕوێ گولێکی دەدا وەکوو گولە جووتیار و گەزیزە و گولە پایزەی برێک زەلامترە .

گەنەمە : گیایەکە بایدەدەن وەکوو گوریس قایمە ناپسێ .

مزگێنی

ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەیووبی (ناوەندی بلاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی) کە بۆ ژیاندنەوە و بووژاندنەوەی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی پێک هاتوە . تا ئێستا ئەم پێنج کتێبەی ناردۆتە ژێر چاپ و خوا یار بێ ، بەم زوانە دەکەونە دەستی خوێنەرە خۆشەویستەکان .

۱ – دیوانی نالی ، بەشەرحی ماموستا عبدالکریمی مدرس و کوڕەکانیەوە .

۲ – دیوانی وەفایی ، لە ئامادە کردنی ، ماموستا محمد عەلی قەرەداخی .

۳ – کرد در تاریخ همسایگان ،ترجمهٔ مهندس فاروق کیخسروی.

۴ – کۆیلەی راپەڕیو ، وەرگێڕانی ماموستا بەهرەوەر .


۵ – شاری وێران ، نووسینی کاک عەلی حەسەنیانی .

ئەم ناوەندە ئامادەیی خۆی دەر دەبڕێ بۆ چاپ کردنی شوێنەوارە چاپ نەکراوەکانی شاعیرانی کۆن و باشمان و دیوانی شاعیرەکانی هاوچەرخ و نووسینی نووسراوی نووسەرە بەرز و خۆشەویستەکانی کورد بە فارسی و بەکوردی ، بەو مەرجە دەستەی نووسەرانی گۆوارەکەمان پەسندیان بکا .

ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەیووبی

ئاڵەکۆک

کەریمی قەیسوومی



بەهارە حاکمی تێک شکاوی قەڵا ڕماوی بەفر ، لە دوورەوە چاوی بڕیوەتە نەرمی سوپای .سوپای بەفر تین وتەوژمی رابردوویان لە دەست دابوو ، هەر یەک لە سووچێکەوە لە پەنای سێبەری رەوەزە بەردێک خۆیان حەشار دابوو . بەفر ئەو دیمەنانە بە چاو دەبینێ.تکە فرمێسکەکان لە چاویدا قەتیس دەمێننەوە پاش تاوێک چۆڕچۆڕ بە داوێنیدا دێنە خوارێ و مزگێنی بووژانەوەی. گوڵان بە پێدەشتە خەملیوەکان دەدەن . هەر وا کە بەرەو بەرزایی هەڵدەکشێ دەسەڵاتداری خۆی دێتەوە بیر . گەرچی زۆر مندالێ پاپەتی لە ترسی دیتنی ئەو لە سووچی هەرزاڵی هەڵ لەرزیون ، زۆر هەتیوی لەباوەشی دایکی چارە ڕەشدا وشک هەڵێناوە . دار و دەوەنی بەزۆر جلکی سپی پێدا دابوو . حاکمێک بوو کە بۆنی هەناسەی تاسەی بووژانەوەی هەر چی گوڵ بوو هەتا هەتایە دەمراند ، بەڵامتەنیا بیرەوەری یەک لە هەموان پترجار ئا جارێک دەهاتەوە بیری . ئەو دەم کە بە سەر زاڵەکانی وەک زاڵدا زاڵ بوو رۆژێک بۆ پیاسە پێ دەنێتە سەر زەوی، دەگاتە سەر دەراوی کانی یەک . سەری سووردەمێنێ !!

چۆن دەبێ رەشەبا و زریان ئەرکی خۆیان بەجێ نەهێنابێ ؟ روو دەکاتە کانی یەکە و دەڵێ : کانی بە ئیزنی کێ زیندووی ؟ ئەو ئاوە جوانە چیە ؟ کانی بە ترسەوە دەڵێ : گەورەم لە ئەمری تۆلانادەم و سەر با نادەم. ئەو ئاوە بەرهەمی دڵسووتان و گریانی منە. بەفر دەڵێ : بۆ دەگری ؟ کانی دەڵێ: ماوەیەک کیژۆڵەیەک دەگری و گریانیئەو ئاگری لە من بەرداوە . بەفر کە جوان دەڕوانێتە دەور و بەری ، ئاڵەکۆک دەبینێ .... لە ناو ئەو بیرانەدا نوقم ببوو کە سۆزەی شەماڵ لە دوور ڕا دی . لە ترسان بۆ ماوەیەکی دی خۆ حەشار دەدا ، بەڵام شەماڵ بە دەست و برد هاڵاوی دەکاتە سەر و لایەکی دیکە لە سوپای بەفر رەش دەکاتەوە .... شەماڵ دەڕوا هەتا هەرێمی ژێر دەسەڵاتی خۆی بە سەر کاتەوە . بەفر دەکەوێتەوەبیری ئاڵەکۆک . پاش دیتنی ئەو دیمەنە دەگەڕێتەوە بەرزایی بەڵام ئۆقرەی ناگرێ و بە پرتاو دێتەوە لای . دەبینێ لە جاران کزتر و سیستر و ژاکاوترە . پێی دەڵێ : ئەی ئاڵەکۆک بۆ وادا ماوی؟ ئاڵەکۆک دەڵێ : هەر کە تۆ دەبینم دەردم لێ گران دەبێ . بەفر بەو هەموو

تاوو تین و گوڕەوە شەرمێ دەکا زۆر جاری وا هەیە ئادەمیزاد لەو پەڕی دەسەڵات و تواناندا شەرمێ دەکا . بە هەر جۆرێک دەبێ زاری هەڵدەبڕێ و دەڵێ : ئاڵەکۆک ، ئاڵەکۆکی نەشمیلانە تۆم لە بەرزایی چیا و لە داوێنی لووتکەیبەرز و لە دەم کانیاودا دیوە کە چەند جوانی لە ژیانمدا هەر چی بەکم ویستوە پێی گەیشتووم ، ئیزنم دەدەی قسەیەک بکەم ؟ ئاڵەکۆک کە لە سەرمان هەڵدە ـ لەرزی بە ترسەوە کوتی : فەرموو! بەفر کوتی : خۆشم دەوێی ئاڵەکۆکی شەرمێون، لەشی گەرم داهات و لە شەرمان عارەقەی ساردی بە لاجانگیدا هاتنە خوارێ و کوتی : ئەی بەفر من کاکم لە سەفەرێیە ئەگەر ئەو هاتەوە بنێرە خوازبێنیم . خوشکان لە قسەی برایان دەرناچن. بەفر کوتی : هەر ئێستا دەچم دەستوور دەدەم بیهێننەوە لات . ئاڵەکۆک دەڵێ : باشە بەڵام دەردی من هەر ئەوە نیە ، کاکم ناتوانێ بگەڕێتەوە . بەفر دەڵێ: رادەوەستم چاوەڕێ دەبم بەو شەرتەی بڵێنیم پێ بدەی . ئاڵەکۆک دەڵێ : پاش کاکی گەورەم ، کاکی چکۆلەم دەچێتە سەفر . بەفر دەڵێ : رادەوەستم با هەر دووکیان بگەڕێنەوە ، دوایە مێردم

پێ دەکەی ؟ ئاڵەکۆک دەڵێ : راوەستە دوای ئەوانە ئەمنیش بەبووژێمەوە.شەماڵ بسکەکانم بداتەوە لە بەر شەبەقی کانیاوی لاپاڵ بە شانەی کەم . ئەو دەم بۆ خۆم لێت رادەسپێرم . بەفر دەڕواتەوە و ئەو ژوان و دوان و جێژوانەی لە بیر ناچێتەوە . ئێستا خۆی وەبیر دێنەوە ، ئەوێندا رێکە کە دەزگیرانەکەی بە بەر چاویدا بە لەنجە و لارتێدەپەڕێ بەڵام برستی دەربڕینی خۆشم دەوێی لە ناو گەروو و زاریدا پەنگی خواردۆتەوە ... دەزانێ کە ئاڵەکۆک شوانە وێڵەی خۆش دەوێ ، سەرەڕای ئەوەش بەفر خۆشی دەویست . دیسان بیر وخەیاڵ هەڵیانگرتەوە و بەرەو هەرێمی دوور دەستی خەیاڵی ئەوینی ناکامی برد خوازبێنی وەبیر هاتەوە چلەی گەورەو چکۆلە کەڕابوونەوە . زریان لە ماڵی ئاڵەکۆک سەری قسانی شکاند و گوتی: ئێمە لە لایەن کەسێکەوە هاتووین بۆ خوازبێنی کە حەوت جۆشی لە تەندوور دا شەق دەکا . ژن و مێردان لە پاڵ یەکدا رەق هەڵدێنێ گیان لەبەر وبێگیان وشک هەڵدێنێ و تەواوی دنیا لە چوارچێوەی سەهۆڵ دەگرێ . چلە وەڵامی دانەوە پاش راوێژ لە گەڵ ئاڵەکۆک هەواڵێتان پێ دەدەمەوە ....

ئەوا بەهارە و خاکەلێوەیە نەزریان دیارە و نە شنەبا ، نە پرووشە دیارە و نە رەشەبا ، بەفر هەروا چاوەڕوانە راسپاردەیەک بێ و مزگێنی بۆ بێنێ . هەروا لە داوێنی ئەشکەوتێک پاڵی داوەتەوە و چەند سەربازی چلوورە پاسەوانی ئەون . بەفر کە چاوی هەڵدێنێ دیمەنێک دەبینێ کە دەردی لێ گران دەکا . دەبینێ چلوورە دەگری گوێ هەڵدەخا زریان ئەوا دێ ....بەفر لە جێگای خۆی هەڵدەستێ و تۆزی لە سەر شان نیشتووی دەتەکێنێ و چلوورە ژێر دەبێتەوە . زریان دەورێک لێدەدا . ئەشکەوتەکە لە باوەشدەگرێ و دوایە بەرامبەری بەفر چۆک دادەدا و دەڵێ ؛ قوربان ئاڵەکۆک لە کوێستانی چاوەڕوانە . دەڵێ بێ و بمخوازێ . بەفر بارگەی تێک دەنێ و بەرەو کوێستان وەڕێ دەکەوێ . سەفەرەکەی مانگێک دەخایەنێ . کە دەگاتێ لە دەروای کانی یەک ئاڵەکۆک راوەستاوە و دەم و چاوی دەشوا و هاوڕێی شنەبای فێنکی بەیانی سەمایە دەکا و بە جوانی خۆی دەنازێ . هەر کە بەفری دەبێنێ بە شەرمەوە هێندێک سەری هەڵدێنێ و دەڵێ: بەفر ئەوا هاتی ؟ ماوەیەکە چاوەڕوانم .... هەر ئەوەندەی دەڵێ و دەست دەکا بە گریانێ . بەفر دەرد و کەسەر و پەژارەی خۆی لە بیر دەچێتەوە و دەڵێ: گیانەکەم چت بەسەر هاتووە ؟ ئاڵەکۆک کە سەری بە هەنیسکانەوە هەڵدەکەندرا نەیتوانی هیچ بڵێ . بەفر دیسان دووپاتی کردەوە ، ئەو جار ئاڵەکۆک ئاڵەکۆکی شەرمێون کوتی : شینی خوشکان بۆ برایان حەڵاڵە ، هەردووک برام مردن. ئەو جار تەنیا و تەنیا لە دەم ئەو کانیاوە ماومەوە . بەفر ئەو جار زەماوەندت لەگەڵ دەکەم . بەڵام بەفر بە دەنگێکی لەرزۆکەوە دەڵێ :

ئاڵەکۆکی پرچنە
جۆڕجۆڕەم کەوتە بنە
چ بکەم لەو ماڵ و ژنە

ئەوەندەی دەڵێ و دەچتە ناو گۆڕی تەنگ و تاریکی زەوی یەوە . ئاڵەکۆک هەروا چاوەڕوانە . ئەوە بەهارە و بەهاری نوێ و شینی بەفری دەگاتە گوێ.



... پاشماوەی سەرداری ...

بۆ جاری سێهەم لە ساڵی ٥٦٤ ی. ک " ١١٦٩ ی. ز" دا طلاح الدین بەپێچەوانەی ویستی خۆی و لەسەر داخوازی سوڵتان نورالدین لەگەڵ شێرکۆی مامی بەرەو میسر رۆیشتن . بە هاتنی لەشکری شام حاکمی قودس ناچار بە پاشەکشە بوو ، خەلیفە قەدر و حورمەتێکی زۆری لە شێرکۆ و طلاح الدین گرت . بەڵام شاوری وەزیر کە ئینسانێکی ناپاک و دەغەڵ و دەنبەوەبڕ بوو هەر لە فرسەت دەگەڕا تاکوو زەبری خۆی لە شێرکۆ بوەشێنێ . سەرەنجام لەسەر خواستی عازید ، شێرکۆ شاوری کوشت و بۆ خۆی لە جێگای دانیشت . بەم جۆرە ئەو خاینە کە دەیویست وڵاتی میسر بخاتە ژێر دەسەڵاتی خاچ پەرستەکانەوە لە نێو چوو. دوای ئەم کارەساتە زۆری پێ نەچوو کە شێرکۆیش کۆچی دوایی کرد و طلاح الدینی برازای کرا بەجێ نشینی

«درێژەی هەیە»



ئەحمەدی شەریف

بەرگوتێک لە خەرمانی گۆرانی کوردی

باختەران مەڵبەندێکی گەورەی کورد نشینی ئێرانە کە پێوانەی پتر لە ٢٤٥٠٠ کیلومیتری چوار گۆشەیە و لە باکوورەوە خاکی تێکەڵ بە خاکی ئوستانی کوردستان دەبێتەوە لە باشورەوە هاوخاکە لە گەڵ لوڕستان و ئیلام و لە رۆژئاواوە تێکەڵ دوڵ و چیا و رووبارەکانی کوردستانی عێراق دەبێتەوە و لە رۆژهەڵاتەوە هەتا نزیک هەمەدان درێژەی هەیە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەم هەرێمە بەگشتی کوردن بەڵام لە ناوچەی سونقوڕ و کولیایی دا هێندێک تورک دەژین کە رەنگە لە لای هەمەدان و قەزوێنەوە هێنرابن چونکە لە ئاخر و ئۆخری حوکوومەتی قاجارەکان و سەردەمی حەکمەڕەڤی و ملهوڕی رەزاخاندا کوردێکی زۆری ئەم ناوچەیە گوێزراونە ـ وە بۆ ناوچەی زەنگان ، قەزوێن، کەرەج ، تاران و دەماوەند و هەر ئێستاش هێندێک لە خێڵەکانی کوردی جەگەنی ، مافی ، کاکاوەند ،غەیاسوەند و جەلالوەند هەر لەم ناوچانە دەژین بە تایبەتی بە شێکی هەرە زۆری دانیشتوانی دێهاتی قاقازان، روودبار و بشاریاتی قەزوێن هەر لەو کوردا ـ نەن، هەروا لە دەور و بەری گێلان، مازەندەران و قومیش کوردێکی زۆر هەن کە هەر پاشماوەی دوورخراوەکانی دەورانی قاجار و رەزاخانن ، جا رەنگە کاتێ ئەو کوردانەیان لە کوردستانەوە گواستۆتەوە تورکیان لە جێگایان دانابن و وێدەچێ کە تورکەکانی ناوچەی کرماشان و سنە و تەنانەت نەغەدەی موکریانیش هەر دیاری ئەو ئاڵ و گۆڕانە بن .

ناوچەی باختەران لە بابەتی زمانەوە دوو شێوەی سەرەکی تێدا باوە.

١ ـ زاراوەی گۆرانی :

ئەم شێوەیەش بە چەند شێوەی بچووکی مەڵبەندی وەک کوردی کرماشانی لەکی و هەورامی دابەش دەبێ و تەنانەت هێندێ شێوەی بچووکتریش .

٢ ـ شیوەی سۆرانی :

خەڵکی ناوچە بەگشتی بەم شێوەیە دەڵێن جافی ، لە کەم شوێن بەم زارا ـ وەیە دەدوێن و تەنیا لە ناوچەکانی رەوانسەر ، جوانڕۆ، قەڵای جوانڕۆ و قشلاغ قسەی پێ دەکەن، یان باشتر بڵێم کە سنووری دەسەڵاتی ئەم زاراوەیە لە سنووری خێڵی کوردی سنجاوییەوە هەتا ناوچەی شمشیری پاوەوە لە قەڵخانییەوە هەتا ئەر رووباری سیروان ، واتە باریکە سنووری نێوان دولای کوردستان دەگرێتەوە. جا بە پێی شێوەی دوان و ئاخاوتنی ئەم ناوچانە گۆرانییەکا ـ نیشیان تۆفیر و جیاوازیان هەیە، بەڵام بە گشتی باون و لە رووی ئاهەنگ و شێوەوە دەتوانین گۆرانییەکانی ئەم ناوچەیە بە سێ چەشن بەش کەین :

١ ـ هۆرە

هۆرە کە بە هۆرەی جافی مەشهوورە لە ناو هەموو کوردەکانی ئەم مەڵبەندەدا باوەو تەنانەت ناوچەی قەڵەمڕەوی هۆرە هەموو هەرێمی لوڕستان و ئیلام و خانەقین و مەندەلی و بەشێ لە کوردستانی سنەش دەگرێتەوە، بە گۆرانی بێژی ئەم شێوە گۆرانییە دەڵێن هۆرەچڕ ، ئاهەنگ و سیلابەکانی هۆرە جۆرێکە کە دەتوانم بڵێم کوردێکی موکریان هەرگیز تێی ناگا مەگەر ماوەیەک لە ناویاندا مابێتەوە .

هۆره حاڵەتێکی ستایشی و پێدا هەڵگوتنی هەیە و رەنگە پاشماوەی ئاهەنگێکی کۆنی موغەکانی زەردەشت بێ کە ستایشی ئەهۆرا مەزدایان پێ دەکرد و تەنانەت دەگونجێ وشەی هۆره کورت کراوەی ئەهۆرا بێ !.

٢ ـ مۆر، یان سەر و مۆر

سەر و مۆر تایبەتی لاواندنەوە و شین گێرانە، رەنگە لە کاتی خۆیدا ژنانی کوردی ئەم هەرێمە شینیان پێ گێرا بێ.

مۆریش لەرووی ئاهەنگەوە وەک هۆره وایە بەڵام قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی لەهۆره کەمترە و لە ناوچەی کوردستانی سنە و تەنانەت لە هەورامان و دەور و بەریدا مۆرەچڕم نەدیوە، بەڵام لە لوڕستان و ئیلام و تەنانەت کوردە فەیلییەکانی ئەو دیوی سنووریش مۆرە چڕیان هەیە.

٣ ـ بەزم

بەزم و گۆرانی لە ناو ئەو کوردانەی ناوچەدا باوە کە پێیان دەڵێن جاف کە شێوەی قسە کردنیان زۆر لە سۆرانی نزیکە و جیاوازی یەکی ئەوتۆی نیە، هەر وەها هەورامی یەکان و گۆرانەکان و قەڵخانییەکانیش وشەی بەزم بۆ گۆرانییەکانیان بە کار دێنن بەڵام قەڵخانییەکان و خێڵی گۆران بە شیعر و گۆرانییە ئاینییەکانی خۆیان دەڵێن کەلام.

جگە لەم سێ چەشن و جۆرە گۆرانییە لە ناوچەکانی جۆر بە جۆری ئەم مەڵبەندەدا هەوا و ئاهەنگی تریش هەن کە پێم وایە هەر دەگەڕێنەوە سەر ئەم سێ شێوەیە وەک ئاهەنگی کرمانجی ناوچەی کەرەند، سیاچەمانە و حاجی مەریەمی هەورامان و سەحەرەی سەحنە و بیستوون.

ئەوەی راستی بێ تۆژینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەرئەم بابەتە گرنگەی فەرهەنگ و زانستی کۆمەڵ کارێکی زۆر بایەخدارە و دەبێ زۆر بە وردی کاری لەسەر بکرێ، هیوامولیە ئەم تاقە هەنگاوە، هەنگاوگەلی تری لە دوا بێ.

با ئەوەش بڵێم کە ئەم شیعرانەی گۆرانی هێندێکیان تایبەتی ناوچەی باختەرانن، بەڵام هێندێکیان لە ناوچەکانی تری کوردەوارییەوە بە هۆی فرستەندە رادیوییە کوردییەکانەوە لەم هەرێمەدا باو بوون و بە هێندیک تۆفیری شێوەوە هاتوونە سەر زاران چوون قاڵبی شێوەکانی گۆرانی ئەم مەڵبەندەوە هەر وەک هۆنراوەی گۆرانی ئێرەش نفووزی کردوە لە ناوچەکانیتری کوردەواریدا.


پیتی " ئ "	پیتی " ب "	پیتی " پ "
ئەگەر بە بێ تۆ خاو* خۆراکم بێ حاوێشە مێمان* دیدەی راسم بێ	باو* ئەرای* کەرەند* جێی نەونەمامان نە وێنەی* سەحنە* خۆشی بێ سامان	پراو* و بیستوون* هەر دوو برا بین* فەلەک کاری کرد لە یەک جیا بین
ئێشن* لەم خوارە خولخولەی رۆمە خوا خەم نەدا من خەمی تۆمە	بۆ تۆ باری خەم نێشتگە وە لێوم بوچ رەحمی ناکەی وە دڵەی پەشێوم؟	پام نالە رکاو* جوومە خوان زین ولنگەیەک بنکەم چ کەژ* بیستین
		پیتی " ت "
ئێشن لەو خوارە گوللە بارانە ئیجباری کوردە و لە کرماشانە	بە نووکی موژگان بیستوونم کەن چەرخی زەمانە شیرینی لێم سەن	تۆم سپاردە دەس هەناسەی سەردم وە جۆش و خرۆش دڵەی پڕ دەردم
ئاوەکەی ئەڵوەن* چون شەتاو لێڵەن چون هەوری بەهار لە گەشت وگێڵەن*	باوانت شێوی بۆ مەستی چاوت وە کۆسەی هەجیج* نەبردم ناوت	تا کەی وەک گوڵ هاونشین خاری؟ تا کەی لە یار دوور رەفیق ئەغیاری؟

* خاو = خەو
* ئیشن = دەڵێن
* ئەڵوەن=ناوی رووبارێکە لە نزیک قەسری شیرین.
* گەشت و گێڵ = هات و چۆ

* باو = وەرە
* ئەڕای = بۆ
* کەرەند = ناوی شارێکە
* وێنە = وەک

* سەحنە = ناوی شارێکە
* هەجیج = پیرێکە لە هەورامان.
* پراو = ناوی کێوێکە لە پشت جیای بیستوون.

* بیستوون = کیوێکە
* بین = بوون
* رکاو = رکاب
* کەژ = کێو



تەنیا دارێک بیم کەنێک* لەپـام بی*
گل گل* نازارەیل* دایم لەسـام* بـی
ئێستە پیر بیمە* بەڵگم* رزیـایـە*
گل گل نازارەیل لە لێم تـۆریـایـە

———

پیتی " خ "
خۆم و دەماوەند* شەرتێکـمان کـەردەن
ئەو تەم و من خەم تا وە رۆی مەردەن

———

خۆزگەم وە خۆتان جێگەتـان جـەمـە
هـەزاری چوو* مـن لـە لاتان کـەمـە

———

خوا مزانۆ* من وە پات چـوونـم*
سـەد کوورەی ئاگر هـا وە دەروونـم

———

خـالێ ها وە بـان گـۆنـای راسـەوە*
بـەرزنجە* تێرێ وە مـۆریـاسـەوە*

———

خـوای بانی سەر کـەریم خانی لـەک*
مـەعموورێ دەرکـا بمان کانۆیـەک*

———

پیتی " ج "
جـەم لە شیرازە و سورمە لە کـۆی تـوور
میل لە سولەیمانی ، کلدان لە مەغفـوور
ناردم بـۆت بێنن لـە وڵاتـی دوور

جـەوەڵ* جەوەڵ گـەل وەکـوورِی دیـمان
جـەوەڵ هەر مـاگن ئێمـە پیر بیمـان*

———

پیتی " چ "
چـوومە جەم* بیستوون غەم بدەم بـەربا د
دیـم بـە چاوی خـۆم رەنجەکەی فەرهـاد

———

چۆن شێویا لانەی دڵان پـرِ داخـان
جقجق* سیامال* کـۆرپەی لـەیلاخـان

———

چـاوت " قەدەم خێر*" دووربینی ئالمان
لـە قـەسر ئەیخەی ئەرِای کرماشـان

———

چـراغ تۆرِییەکەی شـەوەیلی* شـارم
تـۆ تەخسیر* نەیری خـۆم سیا چـارم

———

چەمەکەی* چـەقان* پردەکەی کـەوڵـۆس*
گشـتی وەقوروان خـاڵەکەی پیـرۆس*

چـاویلی مەستت بێ سورمە* رەشـن
هـەر وەک هـەسارە* رووناک و گـەشـن

———

چـاو رەشێ ، کاڵێ دیدە قـەترانـی
دەک مـاڵت بـرِمێ ماڵـم رمـانـی

———

پیتی " ز "
زولفان بـە وێنەی زولـفی نـازاران
چـنوور ئـاوێزان لە بـەر مەغاران

———

پیتی " ر "
رەیـحانە و رەیحانە ، خوشگل فراوانە
یە* دووسی* دیـرم* مـالییا لای بانە

———

رێگاکـەم دوورە وام وە هـەردەوە
ئـەترسم بمرم بـە ئەم دەردەوە

———

پیتی " د "
دوو جـەو* دیری چـو* پیـاڵەی چـینی
لە قەسرەوە* خـەی خانەقیـن* وینـی

———

دەم قەن* و لۆ* قەن گشـتی هـەر قەنە
قـەن فرۆش کـەلەی قـەنت وە چـەنە ؟

———

دەم گرد ، مـەم گرد گشت گیانت گـردەن
هیچ کەس وێنەی* من پەی* تۆ نـەمەردەن

———

داڵگە پیرەکەم تـەنیا مـن دارۆ
ئـەگەر مـن نەوم خـوا ئـاگر مارۆ*

———

پیتی " س "
سـکم* سپی کـرد قـامـەتم چـەمـی
ئـەویش لـە داخـی هـاو چـەشمان کـەمی

———

سـەرم چەرمگ* و ریـشم تـان* و پـۆ
تا کـەی بـنیشم وەسای قەولـی تـۆ

———

سـەروین کـەچ کـردی وە لای شـەماڵدا
ماڵـدار و بێ مـاڵ گشت تـەرکی مـاڵدا

* کەنێک = کانی یەک
* بی = بوو
* گل گل = دەستە دەستە
* نازارەیل = نازدارا (...)
* سا = سێبەر
* بیمە = بووم
* بەڵگم = بەرگم ، گەڵام
* رزیایە = رزا ،وەریوە.
* دەماوەند = کێوی دەماوەند .
* جوو= وەک

* مزانۆ= دەزانی
* چوونم = چۆنم
* راسەوە = راست
* بەرزەنجە و موریاس = دوو ناوچەن لە کوردستانی عێراق .
* کەریم خانی لەک = پێم وایە مەبەستی کەریم خانی زەندە .
* بمان کانۆ یەک = بمانکەنەوە یەک .

* جەوەڵ = جەحێڵ،جەوان .
* بیمان = بووین
* جەم = لا ، کن، نزیک .
* جق جق = دەستە ، دەستە .
* سیامال = رەشمـاڵ، خێوەتی ئێلاتی کورد .
* "قەدەم خەیر"= ناوی کیژێکی تێکۆشەری کوردی لورِ بووە .
* شەوەیلی = شەوانی
* تەخسیر = تاوان
* جەمەکەی = چۆم،رووبار .

* چەقان = رووبارێکە لە بەینی سەید سادق و پێنجوێن دا .
* کەوڵۆس = ناوی پردێکە لە سەر رووباری چەقان
* پیرۆس = پیرۆز
* سورمە = کل
* هەسارە = ئەستێرە
* یە = یەک
* دووسی = دوستێک
* دیرم = هەمە
* جەو = چاو

* جو = وەک
* قەسرەوە = مەبەست قەسر شیرینە .
* خانەقین = شاری خانەقین.
* قەن = قەند
* لۆ = لێو
* وێنەی = وێنە
* پەی = بۆ
* مارۆ = بباری
* سک = ردێن
* چەرمگ = سپی
* تان و پۆ=ماش و برنجی.

پیتی " ش "

شەرت بۆ لە داخت هەرگیز نەخەنم*
بەرگی ئازیەتی لە وەر نەکەنم

———

شەرت بۆ لە داخت هەریەی حاڵم بۆ
بەرگی ئازیەتی ساڵە و ساڵم بۆ

———

شەوان مخەفم بیرم وە لاتەن
دڵەی کۆس کەفتەم هەر وە تەماتەن

———

پیتی " ع "

عەشیرەت هۆ برایل تیر بارانم کەن
وێڵی باخ و بی نازارانم کەن

———

پیتی " ف "

فرە حەز ئەکەم بە لەنجە و لاری
دیوانەمی کرد چاوەیل خوماری
نە نیشتم تاوێک من وە کەناری

———

فەقیانە* چەرمگ* فرشتەی شەوی
شەوێ وەک ئیمشەو قەت هەڵ ناکەوێ

———

پیتی " ق "

قەسر و خانەقین بوونە بەخبەنان*
بوونە قاتڵ عام توولە نەمامان

———

کۆهەکەی بیستوون ئەڕام چو خاکە
ئەڕای دووری تۆ جەرگم چاک چاکە

———

کفتیە* وە بەرمان جەن کەش و جەن کو
مەگەر بای شەمال خەوەر با وە تو

———

پیتی " ک "

کەتیە* وە بەرمان جەن کەش و جەن کو
مەگەر بای شەمال خەوەر با وە تو

پیتی " گ "

گەردەن کەلەی قەن ، لوت* گوڵە باغی
چاوت قەدەم خێر وەشایی باغی

———

گەردن مرواری ، کەنیل وەک بلوور
خو من حاکم نیم رات کیشم وە زوور

———

گەرمی و گەرمیان ، ساردی دەشتی وڕ
هات هاتی عێلی گۆران و کەلوڕ

———

گل گل نازاران هاتن لە سەردا
شاگریان لە ماڵ جەسەی من بەردا

———

پیتی " ل "

لە پاڵ کێف بیستوون دڵ دایم شادە
چونکە یادگاری شیرین و فەرهادە

———

ماڵمان ماڵاوسی* ، چێخێکمان بەینە
بۆچ من نەمزانی بەم کەینە و بەینە

———

مەواجە* دوورەن ، دووری بێ مەیلەن
وە دووریت قەسەم دەروونم کەیلەن*

———

پیتی " ن "

ناڵەی دڵ فەرهاد دەرهات لە بیستوون
سەدای ئەو ناڵە منی کرد مەحزوون

———

نە شەو راحەتم ، نە رۆژ دڵ شادم
یادی خەیاڵی ناڕوێ لە یادم

پیتی " و "

وەتریقەی برنەو سنە چۆڵ ئەکەم
ئەی شەوڕە لە بان باڵای تۆ ئەکەم

———

پیتی " ه "

هەر ماڵێ گیسکێ ، خۆم تەنیا کۆرێ*
نەزری ئەڵڵا بێ ، یارم نەتۆرێ

پیتی " ی "

یاران ، هامسەران ، رەفیقان ، ئامان
زامانێ سەختم نیەسی دەرمان

.... پاشماوەی جووجە کەباب

ئەگەر راستتان دەوێ ئێستاش هەر- کاس بووم . بابێک منداڵەکەی دەردەکا دەستێک خانووبەرەی زیادی هەیەبیداتێ خودایە شوکر ، بابی خودالێخۆشبووی منیش کە لە سەرەمەرگیدا وەسیەتی کرد تەنیا سەعاتێکی هەبوو کە بەندەکەی زێو بوو . فەمووی ١٥ هەزار- تمەن قەرزدارم ئەوم بۆ بدەوە سەعاتەکەشم بە مامۆستای بەخشیوە کە هەموو رۆژێ ٢ سەعات قورئانم لەسەر قەبری بخوێنێ .... بە دەم ئەو فکرا- نەوە گەیشتمە بەر دووکانی کابرای مریشک فرۆش کۆپینەکانم دایە و هەشت مریشکم وەرگرت . هەوەڵ جار بوو شتی وام دەدی . ئەو مریشکانە دەتگوت هێلکەن و لە نایلۆنیان وەرگرتوون دووسێ جارم یەکیان سەروبن کرد بەڵام نەمزانی کوێی بە سەر کوێیەوە . هەتا کابرا بۆ خۆی لە فریام هات ووتی پاش وەی لەئاوی کوڵیوی بنێی سەهۆڵەکە دەتوێتەوە و ئەو جار بە کەیفی خۆت لێی بنێ. هەر کە مریشکم بردەوە منداڵ وە تلیتلی کەوتن . خێزانم هێنای پاکی کرد و لە کیسەکەی دەرهێنان و لە پیوازی گرتن . هەتا ئێواری

ل ٨٩

* نەخەنم = بێ نەکەنم
* فەقیانە = سۆرانی کراسی ژنان .
* چەرمگ = سپی
* بەخبەنان = سەهۆڵبەندان
* کەفتیە = کەوتوتە
* لوت = لیو
* ماڵاوسێ = جیران هاوسێ.
* مەواجە = مەڵێین
* کەیلەن = خەم بارن
* کۆر = شەک

ئێمە و خوێنەر

سوپاس بۆ خودای مەزن کە دەستی گرتین تا بە هاوکاری ئێوەی خۆشەویست ئەم گۆوارە رێک و پێک بکەین، بێگومان ئەگەر بە یارمەتی ئێوە نەبایە هەرگیز ئەم کارە بە ئێمە نەدەکرا ، ئێمە خۆ بە منەتبارتان دەزانین بەڵام ئێوەش نابێ لە خۆ بایی بن ، چونکە ئەوە ئەرکی هەموو کوردێکی پاک و چاکە کە هەر چەندەی لە دەستی بێ خزمەت بە زمان و فەرهەنگی کوردی بکا ،کەوا بوو ئێوە دوو کارتان وێکڕا ئەنجام داوە، هەم لە هانای ئێمە هاتوون و هەم خزمەتی کوردی بێ بەشتان کردوە ، خوای گەورە لە هەر دوو دنیا پاداشی چاکتان بداتەوە . بە پێویستمان زانی هێندیک شتتان عەرز بکەین .

۰۱ رەنگبێ زۆرتان لەو نووسینە بگەڕێن کە بۆتان ناردووین‌ونەیدۆزنەوە بەڵام ئەوە بەڵگە نیە بۆ ئەوەی کە نووسینەکەی ئێوە کز بووە. زۆر شتی باشمان بۆ هاتوون کە هەڵمان گرتوون بۆ ژمارەکانی داهاتوو .

۰۲ تا ئێستا زۆر لەوانەی دەستیان قەڵەم دەگرێ بێ ئەوەی شتێکیان بۆمان ناردبێ رایانگەیاندوە چاوەڕوانن بزانن یەکەم بەرهەمی ئێمە چۆن دەر دەچێ تاکوو لە داهاتوودا هاوکاریمان دەگەڵ بکەن ، بێ گومان زۆر لەوانەش کە پەیوەندی یان دەگەڵ نەگرتووین هەر ئەو چاوەڕوانی یەیان هەیە . گلەیان لێ ناکەین کە بۆچی بۆ دەرچوونی یەکەم بەرهەم یارمەتی یان نەداوین ، بەڵام داوایان لێ دەکەین بۆ باشتر بوونی گۆوارەکەمان لەمەودوا دڵسۆزانەتێبکۆشن و قۆڵی لێ هەڵماڵن .

۰۳ رەسم وایە کەسێک شت بۆ رۆژنامە و گۆوار دەنێرێ هەر لە دیویکی کاغەز دەنووسێ ، بە داخەوە بەشی هەرە زۆری ئێوە ئەو رەسمەتان لە پێش چاو نەبوەو ئێمەتان تووشی دەردی سەری زۆر کردوە بەڵام ، ئەو جار بە قوربانی چاوی ئێوە بێ ، ئەمما بۆ جارێکی دیکە دەبێ هەر لە دیوێکی کاغەز و بە خەتێکی رووناک و جوان شتمان بۆ بنووسن . تەنانەت ئەگەر بۆ خۆتان خەتتان خۆش نیە دەکرێ لە دۆستان یارمەتی وەربگرن ، هەموو کارێک لە پێشدا کەم و کووڕی تێدایە . دیارە گۆوارەکەی ئێمەش هەروایە . بەڵام بە هیواین ژمارە بە ژمارە بەرەو باشتر بوون بڕوا .

۰۴ دەستەی نووسەرانی گۆوار لە نێو ئەو شتانەیدا کە پێی گەیشتووە هەر مەتڵەبێکی بۆ هەر ژمارەیەک پێ باشتر بێ دیاری دەکا و بە ناوی خاوەنەکەی بڵاوی دەکاتەوە .

ئێمەش وەک دەستەی نووسەرانی هەر گۆوارێکی دیکە لەباری ئەدەبی و رێنووسەوە ئەگەر پێویست بێ دەسکاری نووسراوەکان دەکەین ، بەڵام نێوەرۆکی مەقالەکان ناگۆڕین . نووسەر بۆ خۆی بەرپرسی نێوەرۆکی مەقالەکەیەتی و هەر بۆ خۆیشی دەبێ وەڵامی رەخنەی خوێنەرانی بداتەوە .

۰۵ هێندێک لەو نووسراوانەی گەیشتوونە دەستمان بریتین لە بەیت و مەتەڵ و گۆرانی و شتی دیکەی فۆلکلۆری ناوچە جۆر بە جۆرەکان کە یا لەبەر لەهجەکان ، یا بە هۆی لە بەر چاو نەگرتنی ئوسوولی رێنووسی کوردی لە لایەن نووسەرەکانیانەوە بۆ کەلک لێ وەرگرتن نابن ، بۆ لەنێو چوونی ئەم کۆسپە پێشنیار دەکەین جگە لەوەی ئوسوولی رێنووسی کوردی بە تەواوی لە بەر چاو دەگرن ئەو جۆرە بابەتانە لە سەر شریت زەبت بکەن و دەگەڵ نووسراوەکە بۆمان بنێرن .

۰۶ هەر چەند ئەم گۆوارە بۆ یەکەم جار دەردەچێ و بەهیوا نەبووین پرسیاری وامان بگاتە دەست کە وەڵامی بدەینەوە بەڵام چەند پرسیارمان بۆ هاتوون کە نەدەکرا بێ وەڵامیان بهێڵینەوە . هیوا دارین بۆ ژمارەی داهاتوو ، هەم رەخنەی بەجێ لە ئێمە و لە نووسەرو شاعیرەکانی هاوکارمان بگرن و هەم پرسیارمان لێ بکەن. ئێمە لە رەخنەی بەجێ پێشوازی دەکەین ٥

کاک خالیدی بهرووز لە مەهابادەوە داوای وڵام دانەوەی ئەم سێ پرسیارەی لێ کردووین .


۰۱ بۆ نووسینی چیرۆکی کورت دەبێ چ لەبەر چاو بگرین ؟

۰۲ لەو هەل و مەرجەدا چ مەسایلێک دەبێ ببێتە سووژەی چیرۆک ؟

← ل ۸۹



تێبینی : لە پڕ کردنەوەی ئەم جەدوەلەدا هەموو ئوسوولی رێنووسی کوردی بە پێی رێنووسی هەڵبژێردراوی ئەم گۆوارە رەچاو کـــراوە جگە لەوەی نیشانەی(٧) دانەنراوە .واتا ئەگەر بۆ وێنە وشەی(شڕ ، گولْ،زۆر ،شێرو . .)ی تێدا بێ بە شکلێ(شر ،گول،زور ،شیرو . .)دەنووسرێ.



١ ـ صلاح الدینی ئەیـیووبـــی ســـەرداری موسڵمانی کورد بەرنگاریان بوو ـ لـبـاد. ٢ ـ ناوی شالوارێکی خاریجی‌یە ـ دۆست ـ هەر کەس لـە بڕی نەکاتەوە هیچ نازانێ ـ ژووریکی فرەوانە لە نێـو خانوودا . ٣ ـ پێتەختی تەببەت ـ داستانێکی‌دراماتیکی بە ناو بانگ لە ئەدەب و فولکلۆری کوردیدا .٤ـ بەڵــێ بە زمانی بێگانە ـ ئیملا ـ یەکێک لە کــەرستــە زۆر پێویستەکانی ساختمانی . ٥ ـ ژووری گـــــەورەی دەوڵەمەندان ـ مەلەی بکەی دەتەوێ ـ بەر. ٦ـ نەخـۆش دەیگرێ ـ هاتەران پاتەرانی نەخۆش و خەوالــــــوو ـ شارەزا و پسپۆڕ. ٧ ـ جوولەی توندی هەوا ـ پشووی پێدا دێ ـ بە نرخ. ٨ ـ دەریاچەیەک و شارێک لــــــە کوردستانی تورکیادا ـ کات و زار ـ شـــارێکی نزیـک بە تاران . ٩ ـ نە گیایە و نە دڕوو بەڵام وشــــتر دەیخوا ـ یاڵەوانی جیرۆکێکی فۆلکلۆریک ـ قووڵایــــی. ١٠ ـ شارێک و دەریاچەیەکی بە نـــاوبـــانگ لـــــە ئێراندا ـ جامەلووسکی و دوو ڕوویی ـ وارشــی دەوری جاک ـ یەکێک لە دەغڵەکان . ١١ ـ سەگی نەخۆش ـ کچ لە هێندێک شێوە زمانی کوردیدا ـ مانگێکی ساڵی قەمەری. ١٢ ـ پڕ ـ گەڵ وگای نێوچاواْن سپی ـ یا خوا ئی کەس‌گران نەبێ. ١٣ ـ رووت و رەجاڵ ـ کڕین بە زمانی فارسی . ١٤ـ بە گژ هەموو کەسدا دەچێ ـ بـــێ دەنگ ـ دەڵێن هەر رۆژێکی هەزار ساڵە ـ ئی راست‌بگری باشە. ١٥ـ برایەکی ئیمام رەزایە کە لە هەوراما ن نێژراوە. ئامرازێکی جۆلایی.

١ ـ یەکێک لە ئەسحابەکانی پێغەمبەر (د.خ) کە زۆر ئازا بووە. ٢ـ یەکێک لە سەرانی نازی کە هێشتا لە بــــەنــد دایە ـ یازدە ـ دژی باش ـ گە گرتنی ئەسپ . ٣ـ دوو برای زستانی ـ زەمیرێکە ـ ئاواتی دڵەو ناوێکە بۆ پیاو.٤ـ دەگـەڵ سوار نابنە ئاوەڵ ـ شاعیرێکی هەرە پایە بەرزی کورد ـ لە کەوشی دەدەن . ٥ ـ بەخشێکە لە شیمالی کوردستانی ئێراندا ـ میــــچ دەیکا و لە بۆڵەی زڕباب ناخۆشترە. ٦ـخوویەکی ناپەسەندە و بەڵای گیانی کۆمەڵە ـ سەرەکەی وا نەبا چێشتێکی خۆش بوو.٧ـ نـیوەی سارد ـ میوەیەکی پایزی ـ یەکێک لە سەرچاوە هەرە گرینگەکانی فۆلکلۆری کوردی ـ باقۆ. ٨ ـ پارچەیەکی گران بایی ـ ژمارەیـەکە ناگاتە دە ـ پێشگرێکە لە کوردیدا نیشانەی گەورەیی‌یە ـ " بیشە " ی تێکەڵ . ٩ـ ئێمە ـ مانگا بمرێ ئەویش دەبڕێ ـ ماڵـــــبـی قەرزداری لێ کەوتوو وا لێ دەکەن. ١٠ ـ ناوی کۆنی وڵاتی ئوتریش ـ ئیختیراعی گرینگی ئەدیسون ـ نێر نیە.١١ـ فەرماندەی ئەڵمانی لە شەڕی ئەفریقادا کە بە رێوی سەحرا ناوبانگی دەرکردبوو ـ حاڵەتی مار لە زستاندا ـ گراوی سیامەند.١٢ـ گوندێکی کوردستانە شوێنەواری سەردەمی مانیاکانی لی دۆزراوەتەوە ـ بناغە و ئەساس . ١٣ـ تەرم و جەندەک ـ ناوێک بۆ ژن ـ مۆرەی لێ تـــوند دەکرێ ١٤ ـ دنە ـ قام و گۆرانی بە لەهجەی شیمال ـ دورگەی عەرەب ١٥ـ مەکۆی شادی و غەم ـ شاعیر و عارفی مەزنی گۆران کە لە سەدەی هەژدەهەمدا ژیاوە و شیرین و خسرو یەکێک لە بەرهەمەکانیەتی .

دیاری

پەندی پێشینان

* گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە .
* ئەگەر لە کانییەک ئاوت خواردەوە بەردی تێ ماوێ .
* لە ئاوی خوڕ مەترسە لە ئاوی مەن بترسە .
* چ بچێنی ئەوە دەدرووییەوە .
* گول بێ درِوو نابێ .
* بە گولیان گوت : بۆ وا گەشی ؟ گوتی : باخەوانەکەم مەردە .
* بە با و بە بارانێ هەر لە تەمەنی بەفر کەم دەبێتەوە .
* ئەگەر گولێ نی درِوو مەبە .
* ئەوەی درِکان بچێنێ نابێ بە پێخواسی بڕوا .
* گەورە ئاو دەڕژێنێ ، گچکە پێی لێ دەخشێنێ .
* هەر دەوەنە دەبێ بە دار لەبنی دادەنیشێ فەقیر و هەژار .
* بە گولێکی بەهار نایە .
* گۆم هەتا قوولتر بێ مەلەی خۆشترە .
* لە بەهاری نەهاتوو لە کەوی نەگرتوو .
* لە سایەی چلە گەنمێک سەد چلە جۆ تێر ئاو دەبێ .
* ئاو بتبا لە پردی نامەرد مەپەڕەوە .
* هیچ گەنجێک بێ مار نیە ، هیچ گولێک بێ خار نیە .
* باران دەبارێ ئاشی دەگەڕێ ، باران نەبارێ جووتی دەگەڕێ .
* ئاقلێ سڤک بارێ گرانە .
* ئاقل تاجێ زێڕینە ، لێ سەرێ حەموو کەسانیە
* ئاڤ ل گۆلادا بمینە وێ گەنی ببە .
* ئەز لچیاتۆ لچیا ، لێ کێژ گۆلیکارا هەڕت گیا ؟
* ئەوێ هێشترا بکرت ،دڤێ سەردەرا خانیێی خوەبلند بکت .
* ئەگەر ئاخافتن زیڤ بە نەئاخافتن زێڕە .
* ئەوێ تلییا خوە بێخت گوهێ خوە ،دزانت کا وێ چی بێژت .
* ئەوی بلند بفڕت وێ ئزم بکەڤت .

مەتەڵۆک

بزانە چیە ئەڤ خۆش مەتەلۆک
بینە بیرا خو پڕگا تەمبەلۆک
ئەو جان ل بەرە خوزی سۆمەکار (۱)
هەمێشە دزی ناڤ گۆل و رووبار
قەت قەت نکارە ناڤ ئاڤێ دەرێ
گاڤا کو دەرهات دچە ناڤ فەرێ (۲)
بێ پێ و دەستە ، رووت و پێخاسە
گەڕا ئاڤێدا خو ڕا دلخازە
پەڕکێ وێ هەیە ، لێ قەت نافڕە
دەڤێ وێ هەیە چ جار ناقوڕە
خەرزا (۳) ددانێن ، هندک ژی دزێن
ب ئاڤە سێهکێ (۴) خۆش وە ددەبێهن
دچن نێچیرێ ، ب تۆڕ و چەنگال
دکن ناڤ شووشێ ل جەشنا سەر سال
ئەگەر نکاری هێژی بناسی
بێ تە نێکەم ئاڤێ، هەر وەکی ماسی

۱ - سومەکار= مەلەوان . ۲- فەر= دەفر ، ئامان. ۳ - خەرز= گەرای ماسی
۴ - ئاڤە سێهک = (سی)ی ماسی (آب شش)

تا سەری نەبڕی نایەتە گوفتار
تا خوێنی نەڕژێ نایەتە وتار
لەگەل ئەوەشدا بێهۆش و گیانە
بە دەس زاناوە قسەی رەوانە

کە هاتە دەر لە مەشکە
بکولێ شیرێژ و کەشکە
خۆشە بمێنێتەوە
وەک ئاو دەخورێتەوە
بەلام زۆر جاری وایە
دەستی دە دەستت دایە
نە دەخورێ و دەخورێتەوە
ئەو بێ دەڕازیتەوە
لە نێو ئەژمێر و پێوان
چواری لەتکە لە نێوان
بە فارسی بیخوێنەوە
نەهێنیم هەلێنەوە

قسەی خۆش

گوێ بەراز

قانیعی شاعیر زۆر رووت دەبێ ئوستانداری سلێمانی بۆ ئەوەی بزانێ ، تفەنگ ماوە یا نا رادەگەیەنێ هەر کەس گوێ بەرازێکم بۆ بێنێ پێنج دیناری دەدەمێ ، قانیع کە هیچ شک نابا تفەنگێکی رەشۆکی پەیدا دەکا و خۆ لە نێو مەرەزا دا مات دەدا . تا چەند بەراز دەکوژێ و گوێیەکانی بۆ ئوستاندار دەبا . ئوستاندار زۆر بەخێرهاتنی دەکا و دەلێ ماموستا گیان پێم نالێی ئەو بەرازانەت بە چی کوشتوون؟ قانیع دەست بەجێ لە دەهۆ دەگا و دەلێ : قوربان من مەلام بە زەکاتیان داومێ !

ئاو داشتنی هێمن

هێمنی شاعیر لەم سالانەدا جارێک لە جێگایەکی خوڕێن وشۆنە ئاو دەدێرێ . ئاوەکەی بۆ رانا وەستێ دەچێ لە کەندالێکدا خۆ مەلاس دەکا و کابرایەک هەرای لێ دەکا : هۆی ماموستا ئاوەکەت بەخۆڕایی دەڕوا . هێمن دەلێ:
- کوڕە خۆم لێ شاردۆتەوە پێی مەلێ .

دلی داکشاو

یەکێک لە وەزیرە دلڕەقەکانی ئینگلیسی بەردی مووسلدانی بوو ، بە بێڕنا ردشا ویان گوت .
گوتی :
- هیچ نیە دلی تۆزێک داکشاوەتە خوار !!

سپاسی خوشکە نازداری غەفووری ، کاک سمایلی قەززاق ، کاک سەلاحی عەرەبی و کاک ئازاد عیسا دەکەین کەلە دیارییەکانیان کەلکمان وەرگرتووە



تووتن

ئاخر تووتن زەمانێکی زۆر قاچاغ بوو، هەر کەس تووتنی بایە دەبوو تەحویلی دوخانیەی بدا. ڕۆژێک کابرایەک تایەک تووتن دێنێ و لە نزیکی سەددی مەهاباد لەو جێگایەی تاقەداری پێدەڵێن ڕاپۆرتی لێدەدەن و دەیگرن. پاش چەند ڕۆژان لێی دەپرسن و لەبەر خاتری ئەوەی کە یەکەم جاری بووە تووتنەکەی دەدەنەوە. ڕەئیسی دوخانیەی پێی – دەڵێ: کوڕە ئەوە ئاخر جارت بێ تازە ئیدی لەو دەور و بەرە نەتبینمەوە!!

ئەویش کە خودا خودای بوو رزگاری بێ دەڵێ: وەڵڵاهی قوربان شەرت بێ بە شەرتی پیاوان ئەتۆ ئەو چاکەیەم لەگەڵ بکەی هەتا رووحی قاسمی لەدنیادا زیندووە ئەگەر تەواوی کارمەندەکانی سەددێ بمرن ناچمە سەرە خۆتی.



کیسەڵ



خودا لێ خۆشبوو حەسەن نادر یەکێک لە پیاوە هەرە قسە خۆشەکانی شاری مهاباد بووە و سەرەڕای دەستکورتی و نەداری دڵێکی سامانداری بووە. ڕۆژێکی بۆی گێڕامەوە گوتی جارێکی ڕەمەزان بوو منیش زۆر وەڕەز بووم و ڕۆژیش زۆر درێژ بوون و نەدەبڕانەوە تەمەشام کرد لەو حاڵەدا کابرایەکی ڕووتەڵە هاتە لام و گوتی: کاکە ئەتۆ خەڵکی شاری و منیش زۆر دەستکورتم. پرسم بە چەند کەسان کردوە و ئەوانیش نیشانی تۆیان داومێ. جا یان ڕێگایەکم پێشان دە یان پووڵێکم بۆ کۆ کەوە منیش کە هیچم بە جەرگەوە نەبوو گوتم: برالە لە لای ئێوە کیسەڵ نیە؟ گوتی: چۆن نیە؟ گوتم: خەڵکی شار کیسەڵیان زۆر خۆش دەوێ ئەگەر بێتوو جەواڵێک کیسەڵ لەگەڵ خۆت بێنی چاک دەفرۆشرێ، بەڵام لە بیرت بێ هەموو بەقەت یەک بن.

بەڵێ کابرا پاش بیستنی ئەو قسەیە ڕۆیشت و گوتم: حەتمەن حاڵی بووە و تێگەیشتوە کە هیچم لێ هەڵناوەرێ. بەڵام زۆر بە سەر– سوڕمانەوە دیتم بەیانی کابرا گوێدرێژێکی پێیە و بارێکی کیسەڵ بە بەقە تەق لەبەر دوکانێ هەڵڕشتوە. چارەم بڕا و زانیم کە ئەو کابرایە زۆر نەدارە و لە کاڵتەکەم نەگەیوە و کیسەڵی هێناوە. هەستام چووم لەبەر دووکاندارەکان پاڕامەوە هەتا هەر یەکەی پێ و کیسەڵێک بکڕێ. هەم ئەوانم لە کۆڵ بێتەوە و هەم کابراش بە نەوایەک بگا. سەرتان نەیەشێنم. گوتی: بە هەر جیرەبایەیەک بوو کیسەڵمان فرۆشت و بە کابرام گوت: بڕۆ ئەوە پووڵت وەرگرت تازە نەتبینمەوە.

بەڵێ کابرا ڕۆیشت و ئەوجار کیسەڵەکانمان برد لە دەشتی بەرەڵڵا کرد و گوتم: ئۆخەی ئەوە نەمردم کارێکی باشم کرد و کەسێکم ڕازی کرد ئەوێ شەوێ بە خەیاڵی ئاسوودە لێی نوستم. بەیانی کە لە خەو هەستام و هاتمە دووکانێ تەمەشام کرد شەش حەوت بار کیسەڵ لەبەر دووکانێ ڕاوەستاوە و وایان زانیبوو بەڕاستی کیسەڵ فرۆشم.

شاهیدی

شاهیدیان بردە لای بازپورس

لێی پرسی:

– ئەو بەردەی مارف بە سەری سێمانیدا دا، چەند گەورە بوو؟

– چوزانم، زۆر گەورە بوو.

– مەسەلەن وەک سەری من دەبوو؟

– بەڵێ، بەڵام پتەوتر بوو!!

نەخۆشی ژنان

کابرایەک بۆ دەس نوێژ دەچوو
پیرێژنێکی دی لە ڕێدا
هەر چەند کە زۆریش تەنگاو بوو
ناچار هەروا کە رادەبرد
راش نەوەستا لەسەر وەڵام
هاتە پێش گوتی: ببوورە
دوکتۆر بەمنی ئەسپاردووە
هەر بێتوو کەسێک بدوێنم
کز دەبێ ڕووناکی چاوم
ژان لە سەرم بڕواتە دەر
جا مەبەستم دڵی تۆیە
ئەگەر کەسێک رووم تێ دەکا

کاری زۆر بە پەلەی هەبوو
ئەویش رادەبرد بە وێدا
چونکە پیرێژن ناسیاو بوو
سەبرێک سڵاوێکی لێ کرد
پیرێژن یەخەی گرت بەڵام
براکەم نەقلێ من دوورە
من تەرکی قسەم کردوە
بەرز دەبێ پلەی خوێنم
تێک دەچن دڵ و هەناوم
کۆخە ڕەشەم دەگاتە ئەر
من ئەو دەردەم لێیە بۆیە
وەک تۆ سڵاوم لێ دەکا

ناوێرم خولاسەی کەلام
بڵێم (وە علیک السلام)

سروە ٨٧

بەبۆنەی بۆردمانەکەی قەڵادزێ

دارا ـ م

شەوێکی بەهاری ڕەنگین و خەملیو، شارە گچکە، جوان وخونچیلانەکەی قەڵادزێ، لە باوەشی چیا سەربەرزەکانی ئاسۆس و قەندیلدا لە شیرین خەوی بەهاریدا بوو، راستە ئەم شارە کەمتر لە پەلاماری دوژمنانی کورد لە ئەماندا بووە و خەڵکی ئەم شارە کەمی ژیانی ئاسوودە و خۆش دیوە، بەڵام ئەوێ شەوێ کەس بیری نەکردەوە بەیانی چدەقەومێ؟

بەیان ئەنگووت، شار کەوتە جوولە و بزووتن. کرێکاری زەحمەتکێش ئامرازی کاری دەس دایە و بە دوای کاردا ڕۆیشت موەززەفەکان چوونەوە پشت میزەکانی دایرە. مامۆستاکان لە قوتابخانەکان بە دڵ و داو خەریکی بار هێنان و فێر کرنی منداڵ ومێرمنداڵەکان بوون بەو هیوایە بەرەیەکی خوێندەوار زانا و ئاگادار بۆ دوارۆژی کوردستان پێ بگەیەنن. دووکانداڕەکان دووکانیان کردبۆوە و کاڵای جۆربەجۆریان بۆ موشتەرییەکان دانابوو. کۆرپە نازدارەکان هێشتا لەخەوهەڵنەستابوون و بزەی شیرین و دڵگریان لەسەر لێو بوو هەر خوا دەزانێ خەونیان بەچییەوە دەبینی؟ ئەوان کوا دەیانزانی دوژمنێکی فاشیست و ملهوڕیان هەیە، کە رقی لە ئینسانیەت بەتایبەتی لەکوردە، ئەوان کوا دەیانزانی، کۆمەڵێک خوێنڕێژ، پیاو کوژ و دلڕەق هەن کە بەزەیان تەنانەت بە بزەی شیرینی ئەوان نایە. ئەوان بەعسی مەزنیخوازی جانەوەری خۆ پەرستیان کوا دەناسی؟

ڕۆژی چوارشەمۆ ١٩٧۴/۴/٢۴ بوو کە رنوو بەفرەکانی قەندیل بە تیشکی هەتاوی بەهاری دەبریسکانەوە و شنەی فێنکی ئاسۆس بۆن و بەرامەی گوڵو گیا بۆنخۆشەکانی بڵاو دەکردەوە، لە پڕ سێ فڕۆکە ئاسایشی شاریان شێواند هاڕەی خۆیان، گرمەی بۆمبیان، قرمەی شەستیریان کردیە ڕۆژی ڕەش. تەنیا لە مەودای ٣ دەقیقەدا، شاریان شڵەقاند، ژەهری رق و کینەیان باراند و دەیان ئینسانی بێگوناە و تاوانیان لە خوێن گەوزاند.

ئاگر و ئاسن لە باتی ڕێژنە بارانی بەهاری داباری، جەستەی شلک و چڕی دەیان منداڵ و لاو و پیریان ئەنجن ئەنجن و ریزاڵ ریزاڵ کرد. دووکەڵی خانووی سووتاو، بۆنی باروت، وچزەی لاشەی برژاوی خەڵکی بێتاوانی ئەمشارە هەتا هەتایە لە بیر ناچێتەوە.

بەڵێ تەنیا لە ماوەی ٣ دەقیقەدا دڵی پاکی پڕ لەهومێدی ١٣٢ کەس لە لێدان کەوت، گیانی پیرۆزی ١٣٢ ئینسان بەرەو نەمان چوو. چەند خێزانی گەورەی وەک ماڵی "ئەحمەدی حاجی سابیر" رەسووی مام ئەحمەد" قادری وەستا ئەحمەد" حەسەنی حاجی مەحموود" و .... بە جارێک بنەبڕ بوون. چەند ئافرەتی دووگیان بەخۆیان ومنداڵە دنیا نەدیتوەکانیانەوە لە ژێر دار و پەردوو وکونکرێتی خانوودا پلیشانەوە چەند لاوی دڵ بە دنیا خۆش و مایەی هیوای گەل بە هەزاران ئاواتی زێڕینەوە چوونە ژێر گڵ. چەند کیژی نازداری لەباری، شەرمین لاشەکانیشیان نەدۆزراوە.

کێ هەیە، قوباد و پێشڕەو و جەمال و شەونم و خەدیجە و ئەوانی دیکەی لەبیر بچێتەوە کە گوڵی سەر تۆپی شار بوون. کێیە کوڕی هۆمەرە کەڕی لەبیر بچێتەوە کە تەنیا بە دەنگی تەقینەوە دیوارێکی بەسەردا هات و راست نەبۆوە ئەدی چون ئەو دیمەنە سامناکەی ئەحمەد مریەم لەبیر دەچێتەوە کاتێک بەرێگادا دەڕۆیشت پارچە بۆمبێک سەری پەڕاند و دیتیان چەند هەنگاو بێسەر هەڵات؟

ئەدی ئەو دووسەد بریندارەی کە زۆریان دەست و لاقیان پەڕی یا شیت،و کەڕ و لاڵ بوون؟ پتر لە یازدە خانوو و بیست دووکان دەگەڵ خاک یەکسان کران.

بەڵێ تەنیا لە ماوەی ٣ دەقیقەدا روخساری شار گۆڕا، پێکەنین و شادی بوو بە شین و شەپۆڕ، ژیان خۆشی خۆی لە دەس دا، مەرگ، ترس و سام،باڵی بەسەر شاردل کێشا. لاشەو جەستەی کوژراو و بریندار لە شەقام و کۆڵان کەوتبوون. هی وامان دیتن بێ ئەوەی برینیان هێنا بێ دڵیان تۆقیبوو.

ئەوەیە ئاکاری نالەباری فاشیزم، لە بەعسی فاشیست جگە لە کوشت و بڕ و ماڵ وێرانی چاوە نۆڕی چ دەکرێ؟

بەڵام ژیان فێری کردووین کە مێژوو بەسەر کەسدا باز نادا. سەرەنجام بەشی هەموو دیکتاتۆرێک نەمان و لەنێوچوونە و جێگای هەر ملهوڕێک زبڵدانی مێژووە و ژیانی خۆش و دوا ڕۆژی رووناک و سەربڵندی هەر بۆ چەوساوانە.



هێمن

بەهاری زەرد

هەمیشە دەرد دەبینم ، دەرد دەبینم
درۆی دژمن ، دەهۆی نامەرد دەبینم
مەگەر زەردایی ناکەن چاوەکانم
کە رەنگی نەوبەهاری زەرد دەبینم
بە سۆزەی با کە سکلێ دڵ گەشاوە
دەروون پڕ سۆز و فرمێسکم خوناوە
لە دووی لەیلا بە واویلا و شیوەن
دەڕۆم و پۆلی شین گێڕم بە دواوە

* * * *

بزەی هاتێ گوتی : روونا کە ئاسۆم
وەرە جەللاد پەتت باوێژە ئەستۆم
ئەوە پەت نیە میداڵی ئیفتیخارە
کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم
ئەوەی بیست شاعیر و گریا بە زاری
ئەگەر چی بەسترا بوو لێو و زاری
گوتی : لەیلا هەمیشە پایەداری
لە ژێر خاکا لە پێش چاوان دیاری:
کە تۆ تۆرای لە چاوان وەک خەوی من
لە بسکت رەشترە مانگە شەوی من
بڕۆ مەجنوون بە لەیلای خۆت مەنازە
کە ناوبانگی پتر رۆیی ئەوی من

.... پاشماوەی ئێمە و خوێنەر

٣. لە بارەی نووسینی چیرۆکی سیاسی ، و عیشقی یەوە بە کورتی رێنوێنیمان بکەن .

هەر چەند بە جیاواز جوابمان دا بوّوە بەڵام چونکە ئەو پرسیارانە رەنگە بۆ زۆر کەسی دیکەش بێتە پێش لێرەشدا وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەینەوە .

برا گیان : چیرۆک نووس دەتوانێ لە دەور و بەری خۆی بۆ چیرۆکێکی ریئالیستی یا واقیعی ئیلهام وەربگرێ بەو مەرجە سووژەکەی لە شتی باشی کۆمەڵ وەرگرتبێ یا بە پێچەوانە شتی خراپ بکوتێ ، بەڵام :

بە زمانێکی ئارام و شیرین ،

بە بڕوای ئێمە کەم و کووڕی کۆمەڵ و زوڵم و زۆر ، و شتیوا چاکترین سووژەی نووسەرانی لاوە بۆ چیرۆک نووسین ، چیرۆکی سیاسی دەبێ ئینتیقاد لە دۆستان و هێرش بۆ دوژمنانی تێدا بێ و دۆست بە هەموو عەیبەوە نیشان بدرێ و رەخنەی بەجێ و دۆستانەی لێ بگیرێ و دوژمن دزێو نیشان بدرێ و خەڵک بۆ خەبات لە دژی ئەو هان بدرێ، چیرۆکی عیشقی دەبێ دوور لە قسەی هەرزە و بێ عیفەتی بێ و عیشقی پاک و ئینسانی نیشان بدا .

خوێنەرێک کە ویستوویەتی بە کاک هەباس ناوی بەرین نووسیبووی :

ـ پیاو چۆن دەبێ بە شاعیر و شیعرچیە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە تا ئێستا بە هەزاران نووسراوە نەدراوەتەوە ، بەڵام بە کورتی عەرزی دەکەین . شاعیر ئینسانێکی حەساسترە لە خەڵکی ئاسایی و دیتنی دەور و بەری خۆی هانی دەدا کە هەستی خۆی دەربڕێ. شیعری باش ئەوەیە جوانتر توانیبێتی هەستی شاعیر لە سەردەمی خوڵقانیدا نیشان بدا . بۆ نموونە ئێمە هەموومان دیومانە رۆژ چۆن ئاوا دەبێ ئەمما کێ وەک نالی توانیویەتی ئەم مەبەستە بخاتە چوار چێوەی شیعرەوە .

لەخەوفی تەلعەتت رۆژ هەر وەکوو شێت
بەروو زەردی هەڵات و کەوتە کێوان

کاکە گیان ! بە بڕوای ئێمە شیعر هەر بریتی نیە لە وەزن و قافیە تەنانەت ئەگەر زۆر جوانیش بێ ، بەڵکوو بریتی یە لە دەربڕینی هەستی ئینسانێک جا چ شاد بێ و چ خەمناک . نەزم هونەرێکی گەورەیە بەڵام دەگەڵ شیعر جیاوازی هەیە . بۆ ئەم مەبەستە پتر موتالا بکە .

.... پاشماوەی جووجە کەباب

ئێوارەێ دەستمان کرد بە برژاندنیان . منداڵە هاج و واجەکان دەتگوت برسی ساڵێ گرانین .ئەوسەر یان دەکرد دەیانگوت تەواو نەبوو لەوسەرێ دەگەڕانەوە و دەیانگوت: نەبرژی ! هەر ئەوەندەم زانی چرە دووکەڵ و بۆ چرووک لە ژووری گەڕا و منیش دەلاقەکەم کردەوە هەتا هێندێک بۆ چرووک وەدەر کەوێ بەڵام بریا وام نەکردبا !

منداڵە زاخۆران باخۆرانەکانی گەڕەکێ کە لەپێشدا بۆم باس کردبوون هەمووی هاتنە سەربانی و وێکڕا هاواریان دەکرد ئای بگەنێ ماڵە فلانەکەسی ئاوری گرت!! ئای سووتا!! تەمەشای دووکەڵ!! بەڵێ ویستم جەمێکی دەوڵەمەندانە رابوێرم بەڵام منداڵە وردکە لێیان کردم بە ژەهرەمار !! بە خۆشیتان دەوڵەت زیاد و ماڵ ئاوا ...

ئەدەبی فۆلکلۆری

گەلۆ *٧



ئەی گەلۆ .....
ئەوە دلّی منی رەبەنی غەریب و غەریبە مالّی کۆس کەوتە ،
چەندی لە ئێشە و چەندی لە ژانە و چەندی لە برینە برینە .
ئەمن دەلّێم قاسید ئەوان گولاّن چن ؟
چنوورن ، لاولاون ، پۆلە بیزانە ، شەنگە سپینە ؟
ئەمن سەد حەیف و دوو سەد موخابەنی لە دنیایەم دێتێ ،
بۆ وەی مەحبووبی جوانی جوان چاک ،
هەموو شەوێ لە حەدە حەدی نیوەشەوێدا
بە دەستێکە پڕ لە بازنە ،
بە قامکێکی پڕ لە ئەنگوستیلە ،
هەلّدەسێتەوە سەر لانکی گولێکی دەدودینە .
ئەی گەلۆ !!
ئەوە دلّی منی غەریبە مالّی کۆست کەوتە ،
چەندی لە ئێشە و چەندی لە ژانە و چەندی لە ئۆفە وچەنـدی
لە ماجەرایە ،
ئەوە شەڕێکە لە نێوان گولاّنی جوانی دەهەواری باسەفایە ،
شللێر دەلّێ بە هەلاّلێ ،
هەلاّل دەلّێ بە بەیبوونێ ،
بەیبوون دەلّێ بە گیا خاوێ ،
گیا خاو دەلّێ بە شەش پەڕێ ،
گولّینە با ئەمە شەرعی خۆمان بکەین .
بزانین لە نێو مەدا کێ لە هەمان جوانترە ،
لە سەر ئەوێ کاولە دونیایە .
ئەوە جەمعی گولاّن پۆل بەست دەبوون .
هەلاّلە دەلّێ بە گیا خاوێ ،
گیا خاو دەلّێ بە شللێرێ ،
شللێر دەلّێ بە شەش پەڕێ ،
شەش پەڕ دەلّێ بە بەیبوونێ ،
دوایە بە عام دەیان ناردە کن پۆپەلی شەنگەبیزایە .

جەمعی گولاّن پۆل بەست دەبوون ،
دەچوونە کن شەوبایە شەمالّی کە شەوگەڕە و دەگەڕێ
لە کوێستانی دە باسەفایە .
دەیان کوت شەمالّ ئەتۆ شەوگەڕی و دەگەڕێی ،
سەر لە کوێستانان دەدەی و لە گەلّ گولاّنت سارد و سەودایە ،
وەرە شەرعمان بکە ئەگەر شەرعمان بگۆڕی ،
پێناو دارمان بی لەسەر بەردی"صخرە اللە"یە .
وەرە سەیری بەژن و بالاّمان کە و بڕوانە ،
کێهەمان جوانین لەسەر ئەوێ کاولە دونیایە .
شەمالّ دەلّێ : گولّینە هەمووتان جوانن،
هەمووتان شۆخ و نازدارن ،
هەمووتان دلّتەڕ و لەبارن ،
بەلاّم ئەگەر دوو رۆژانیوو بارینی رەحمەتێ لێ نەدا ،
بەر دەدەنەوە سەری خەجالّەتێ ،
سیس دەبن لە بەر ئەوێ گەرمایە ،
بەلاّم سوورە گولّێک هەیە لە باغی شەددادی ،
ئەو سوورە گولّە پاییز و هاوینێ ،
زستان و بەهارێ ،
سالّ دەری دوازدە مانگە ،
بە شەو و بە رۆژ لە میجازێکی دایە ،
ئەگەر ئەویشتان بێتە گەلّێ ،
نابنەوە بە خالّێکی شیرین لەیلایە .
ئەی گەلۆ ..... !!
ئەو خەمی دەدلّم زۆرن ،
چەندی لە ئێشە و چەندی لە ژانە و چەندی لە ماجەرایـــە و
....چەندی لەوێ خەفەتێ ،
ئەمن سەد حەیف و دوو سەد موخابینی لە دنیایەم دێتێ ، ،
بۆ وێ شوخێ نازدارێ بە لێو بە بارێ ،
هەموو ئێواران بەر دەداتەوە سەری خەجالّەتێ ،
ئەمن دەلّێم بەوی شۆخێ نازدارێ کەلّەگەتێ ،
دەبا لێدەین جەفەنگێ بکەین سوحبەتێ ،
خودا گەلێک غەفوور و رەحیمە لە بۆ رۆژی ئاخرەتێ .
ئای گەلۆ .....

---

* کەس نازانێ کەنگێ تاغووتێکی زۆردار و بێدین کچە کوردێکی هەژاری دینداری بە دیل گرتوە و خۆشخوانێکی کوردی نەخوێندەوار و ساکار ئەم گەلۆیەی بۆ گوتوە ، بەلاّم دەوێرین بلّێین شاکارێکی کەم وێنەیە .
سروە ٩٠

بەناوی خوای مەزن

نەتیجەی موسابەقەی زانستی و ئەدەبی

ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەییووبی لە سەرەتای تێکۆشانی خۆی و بە بۆنەی سالڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی پڕشکۆی ئیسلامی ئێرانەوە، دەورەیەک موسابەقەی زانستی و ئەدەبی راگەیاند . هەر بەدوای بلاو بوونەوەی راگەیاندنەکەماندا زانایان و ئەدەبدۆستانی کورد نامە و نووسراوەیەکی زۆریان بۆ ئەم ناوەندە فەرهەنگی و ئەدەبی‌یە نارد، و لەو نامانەدا هەستی گەرم و پڕلە خۆشەویستی خۆیان دەربڕیبوو، و هانیان دابووین بە ورەیەکی بەرزترەوە ئەم رێگا سەختو دژوارە بپێوین و لە یەکەم هەنگاودا رانەوەستین .

هەر وەها بۆ بەشداری کردن لە موسابەقەشدا وتار و نووسینی زۆرمان پێ گەیشتو ئێمەش وێڕای سپاس و رێز داوایان لێ دەکەین پەیوەندیمان لەگەڵ نەپسێنن و وانەزانن کە بە راگەیاندنی نەتیجەی موسابەقە زەمینەیەک بۆ هاوکاری نەماوە، بەڵکوو بە پێچەوانە ئێستا کە بە هاوکاری ئەو بەڕێزانە توانیومانە لەپاش هەوڵێکی زۆر یەکەمین ژمارەی گۆواری " سروە" بلاو بکەینەوە بۆ درێژەدان بەم کارە و باشتر بوونی لە ژمارەکانی داهاتوودا نیازێکی زیاترمان بە هاوکاری و هاوهەنگاوی ئەوان و هەموو زانایان و ئەدەبدۆستانی کورد هەیە .

ئیمە هەر لە سەرەتای دەست پێ کردنی تێکۆشانی خۆمانەوە پالمان بە هێزی لەبن نەهاتووی یارمەتی خودا و هاوکاری ئێوەی خۆشەویستەوە دابوو، کە بەختەوەرانە تا ئێستا لە لوتفی خودا بێبەش نەبووین و خوشک و برا بەڕێزەکانیشمان بە هانامانەوە هاتوون.چ ئەو نامە پچووک بەلام بەنرخەی کە برا یا خوشکێکی لاو بۆی ناردووین و چ ئەو مەقالە و نووسراوە بەرز و پڕبایەخانەی کە لە لایەن مامۆستایانی شارەزا و بەئەزموونی کوردەوە بە دەستمان گەیشتوون هەر یەک لە جێگای خۆیاندا بوونە مایەی دلگەرمی و هەست بە بێکەسی نەکردن و شایی بەخۆ بوون و تەنانەت سەربەرزی ئێمە .

بەلام لەبارەی نەتیجەی موسابەقەکەدا ، دەستەی داوەران رۆژی ۶۴/۱/۱۴ لە دانیشتنێکدا بڕیاریدا:

۱ ـ ئەو وتار و نووسینانەی کە لە لایەن مامۆستایانی خاوەن ئەزموونەوە ناردراون بە جیاواز هەلسەنگێندرێن و وێڕای رێز گرتن لە خاوەنەکانیان بەرەبەرە لە ژمارەکانی گۆواری سروەدا چاپ بکرێن . دیارە ئەگەر لەم ژمارەدا چاپ نەکراbن بەلگە نیە کە خوا نەکردە وەپشت گوێ خرابن .

۲ ـ نووسراوە و وتارەکانی دیکەش بخرێنە بەر لێکۆلینەوە و بە لەبەر چاو گرتنی ئەم ئەسلە کە مەبەست لە دیاری کردنی بەرندە و دانی جایزە زیاتر لەوەی بەربەرەکانێ و رقەبەری نێوان چەند کەس بێ ، راکێشانی سەرنج و نەزەری زانایان و ئەدەبدۆستان بووە، و هەروەها لەبەر ئەوەی کە هەر نووسراوەیەک لەسەر بابەتێکی تایبەتی بوو کە لەگەل ئەوانی دیکە جیاواز بوووهەلسەنگاندنیان پێکەوە و هەلبژاردنی باشترینیان بۆ هیچ داوەرێکی ورد بین ئاسان نەبوو، بە قورعە ئەم پێنج کەسەی خوارەوە بە ناوی بەرندەی موسابەقە دیاری کران :

۱ ـ کاک عەزیزی ئالی ، لە مەهابادەوە .

۲ ـ = کەمالی رەشیدی پوور ، لە مەهابادەوە .

۳ ـ = لوقمانی مەتاعی ، لە سەقزەوە .

۴ ـ = سەلاحی عەرەبی ، لە مەهابادەوە .

۵ ـ برایەکی دانیشتووی ئورووپامان کە ویستوویەتی بەناوی (بێ رێز) بیناسێنین .

جایزەیەک بۆ ئەم پێنج کەسە و دیاری یەکیش بۆ هەموو بەشدارانی موسابەقە لەبەرچاو گیراوە کە بۆیان دەنێرین .

دیسان تکا دەکەین درێژە بە هاوکاریتان بدەن . تا بەیاری خوا گۆوارەکەمان زووتر و باشتر دەرچێ .

ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەییووبی

بەرە و بەهار

رحمن قاضی

بە تینی تاوێ دەتاوێ
بەفرە بۆتە هەڵمی ئاوێ
کەوی کەوتە بەر شالاوێ
فرمیسکی دەڕژی لە چاوێ
ئاور بەر بۆتە هەناوێ

جێژنی سەر ساڵە کوڕینە
رنوو خەریکی خزینە
دنیا بوە کۆلکەزێڕینە
باغی گوڵان بێپەرژینە
کاتی شادی و پێکەنینە

رازاوە دەشت و باغ بە گوڵ
بولبول دەچوە سەر پەلک وچڵ
لەبار و جوان و گورج و سڵ
هاتۆتە ژوانێ بووکی گوڵ
دەجریکێنێ بە دڵ بە کوڵ

وەنەوشە دای گرتووە شەرم
نێرگس مەستە چاوی نەرم
سوێسن دەڵێ تاج لە سەرم
بەیبوون دەڵێ تازەبەرم
بۆن خۆش وەک عەتری قەمسەرم

هەڵاڵە نواڵەی پڕ کردن
بۆنی خۆشی هۆشی بردن
ئەو رەنگ و بۆنە خوا کردن
تەبیعەت نەقاشی کردن
خودای گەورە خەلقی کردن

کوڕادە و کاردوو و بیزا
هاتوونە دەر لەبن خیزا
کارگی کەما بە چەن فیزا
هەڵدەستاوە لەکن بیزا
پێی دان بەهار کارتی ویزا

کەنگرە وێنەی دەبانی
هاتۆتە دەر لە کالانی
جەوهەر دەتکێ لە گوێیلنی
گورزی سامی لەسەر شانی
(لێم بۆتە روستەمی ثانی)

رێواس گوڵینگ و کاکۆڵی
دای پوشیوە باسک و قۆڵی
کۆڵوانەی کەوتە سەر کۆڵی
راژا رژا تۆز و خۆڵی
بۆتە جوانی خڕ و دوڵی

شلێری بەژن و باڵا جوان
مەحکووم کراوە بێ تاوان
نابێ تێر بڕوانێ چاوان
لەبن کێلی کیژ و لاوان
جەرگی سووتاوە لەتاوان

هاڕەی ئاوان لەئاوهەڵدێر
باڕەی بەرخ تووڕەی بلوێر
رێچکەی مەڕەزاو هاتە بیر
لەو جێگایە دەبارێ خێر
چەن جوان بێری دەکەن هاوێر

وارو زوزان

حسین مصلح ثلاآبادی (کوچەر)

رەشمال دانان ڤان کۆچەرا زۆزانا
عەیدە ئیرۆ بۆ بێری و شڤانا
دەنگێ زەنگولێ نیێری پێشکەری تێت
قەبقەبا کەڤ ل سەر بەرێ سەری تێت

سەرە شوڤان ل سەر گرێ پێش مالا
خۆش لێ ددەت بلوولێ بو هەڤالا
وەختێ بێرێ هات و بێری بوونە ڕیز
هات بۆ بێرێ پەز و دەرکەت ل پاڕیز

هاتن بێرێ گۆپال د دەست شوڤانا
پەز دانە بێر تەژی شیر ل گوهانا

ئەڤان دۆشی مهیا "رسەر" یا "تەبەش"
بزنا "کوێچ" و "بزنا "پۆش"وبزنا "قەش"
ئینان و تەشت و مەنجەلا کرن شیر
هەیوان لێدان داکۆ شیر ببە پەنیر

ئەڤ جار چوونە سەرکا روبارێ مەشکا
دالێ بگرن روون و شیرێژ و کەشکا
دەنگێ مەشکا خۆش کەتە ناڤ گەلیا
بێڕیوانا کەیفا دلێ کول لێدا

شوڤانا پەز هاڤژۆت بۆ پشتە ڕۆژێ
ڕۆژ بوو بلند گەلۆ وەختێ نوێژێ
پاش نوێژ و پاش فراوین خوارنێ
پەز راکرن دیسا بۆ چەراندنێ

خودیڤۆ چەند خۆشە دل و عەیشێ ڤان
چ جار ژ وان نەستینە پەز و حەیوان
گەلۆ هۆیە ژینا خودانێ پەزا
خودێ بلند نەکە دەستێ نەحەزا

بلا کەیفا بێری و شوڤانا خۆش بیت
بلا گورگێ نەیار ب غاردان بچیت
«کۆچەر» نەکەی خەلەت بچی بو ڤارا
بەر سەر بێرێ بچی وەکی خڕ جارا

دی رابیت ئاگر ژ تە وەکی سۆبێ
د ئەڤینێ نادەی مەم و زین نۆبێ

پەرستار





دنیا یەکی خۆش و ئاسایی ، منداڵ کایە دەکەن ، پیر جەفەنگان لێ دەدەن ، کیژ بە ناز رادەبرن ، کوڕە لاو چاو دادەگرن ، تازە ماڵ بیری داهاتوو دەکەن ، .... مەل لەسەر لکان دەکەن بازبازێن ، دەنگی مۆسیقا لە چەپەری کەپرێکی چۆلی بەهاری یەوە دێتە دەرێ ، شنەیەکی هێدی لک و پۆپی رووتی گەڵای داران دەبزوێنێ ، رووباری شار وەک مار بە هێمنی دەخوشێ و دەڕوا .

وارشی کەوی بەرەو قوبلەی (خەززایی) خۆی سوور کردۆتەوە ، شینکە سەری وەدەر ناوە ، لەلای رۆژهەڵاتی شار چیاکان رەشبەڵەک بوونەوە ، زەوی گەرم و بۆش بۆتەوە چلێ چلێ بۆ وێنە گەزیزە رواوە و مزگێنی بەهار دێنن هەست بە وەزینی بای وەعدە دەکرێ و لە سەر نیگاری بەعەزەمەتی ئاسمان هەوران شەقڵ و شوێن دەکا .

سمایلی قەزاز

لە نەکاو ، هەمووشت ، گاڵتە و گەپ ، دەست بزێوی ، زەین دان بە سروشت ، بیستنی مۆسیقا ، لە بیر چوونەوە تەنیا گیان رزگار کردن لە بیر بوو . چەند باڵداری بە سام زەوی و ئاسمانیان هێنایە لەرزین و دەنگی گوێکەرەیان بەسەر خەڵکدا مراند ، مژ سیغارێک پێچوو دووکەڵە شینکە و تەپوتۆز لە هەرد بەرەو حەوت تەبەقەی ئاسمان بڵیند بوون ، دەیان گیان و وڕحیان کێشان وەک لافاو وەپێش خۆیان دان و بردیانن .

هاتمەوە سەرخۆ چەند رۆژە بێ زمانم ، لە نەخۆشخانە راوێژکەرم ، پەرەستارێکە بە تەواوی هێزی ئەوین و تاسە و ئاواتیەوە دەربەست لە چارەسەرکردن وساڕێژی برینمدا یە وەک پەری شوخ و شەنگ لیباسێکی سپی و بێ پەڵەی دەبەردا-یە ، گەر لێم دوور دەکەوێتەوە دڵێی بەسەر تارە دەماری خوێنمدا هەنگاو دەنێی ....

****

رۆژێک بەو بەژنی دلڕفین و مامزانەی هات گوڵێکی سووری دامێ . لە بیر چوونەوە برینی لەشم ، لە شانی بێ گیان ، خانووی خاپوور ، وەتاغی کاولاش ، خزم و دوست تەنیا بیرم ئەو گوڵە سوورە بوو کە دایبوومێ.



تەوری جەور

هێمن

دژمنی کوردی نیە ئەفلەقی دلڕەق بە تەنێ
ریشەئی خەڵکی عێراقێ دەیەوەی هەڵبکەنێ

لە عێراق ناژی شتێکی بەری چاوی بگرێ
هەر بە تەورێ دەبڕێ زاڵمە نەخل و دەوەنێ

عەرەب و کورد و تورک ، ئەرمەنی و ئاشۆری
دەگرێ ، یا دەکوژێ ، وەک بوتێ سەجدەی نەبەنێ

زێڕی چی ؟ ئاسنی ژەنگاوی و تیژە سەددام
کۆنە ناسۆری ئەون ئێستە کە دێنن تەشەنێ

کوشتی سووتاندی و بردی لە جنووبی ئێران
وەک مەغوولێ کە لە خۆی رازی بکا ئەهریمەنێ

ئەوی ئەو کردی بە نامەردی دەگەڵ کوردستان
شەختە نەیکرد بە گوڵ و نەستەزەن و یاسەمەنێ

مووشەک و بۆمی لەدێ و شاری وڵاتی هەڵکرد
خەڵکی ئاوارە بوو بۆ دەشت و تەلان و دەمەنێ

گوللە داباری وەکوو تەرزە لەسەر پیر و جوان
تەرزە کوانێ بەزەیی دێ بە گوڵ وگیای چەمەنێ؟

وا بڵاو بۆتەوە جەیشی بە پەلاماری بەجێ
تازە کۆ بێتەوە دژوارە بە بێڵ وبە شەنێ

خۆی بە نێرۆن و بە چەنگیز و بە هیتلر زانی
نەیدەزانی دەدرێ مشتی گرانی لە چەنێ

دەستی بێگانە دنەی دابوو کە خۆی هەڵدێرێ
کە چی راچوو لە پەڕەی جەرگی پەلی دارەبەنێ

لەوەتی هەڵمەتی شێرانەی خەڵکی دیوە
خەوی تۆراوە ، بە شەو رادەپەڕێ ، رادەچەنێ

ماوەیەک مەستی مەیی بەرزە دەماخی بوو بەڵام
کاتی وەی هات کە خومار بێتەوە لووت دابژەنێ

ئەو کە نەیهات بەزەیی قەت بە هەژار و بێکەس
رۆژی تەنگانە ئەوان چۆن دەبێ دەستی نەکەنێ ؟

کەس نیە جەرگی بە کوچکێوە نەنابێ سەددام
چۆن دەبێ جەرگی ئەویش خەڵکی بە کوچکێوە نەنێ

چۆن دەبێ باکی نەبێ ئەولە (أَخْ)و (أُخْت)ی عەرەب
چۆن نەجاتی دێ لەدەس مامە رەش و پوورە نەنێ ؟


ئەو کەسەی هانی دەدا ئاگری شەڕ رۆشن کا
ناچتە هانای کە کەوت تێر و پڕیش .پێ دەکەنێ

تازە رزگاری لەدەس خەڵکی عێراق دژوارە
هێندە پێناچێ هەموو دەور وبەری لێ دەتەنێ

چی لەدەس نایە ئەگەر خەڵکی عێراق ئەمڕۆکە
راپەڕن ، یەک بگرن ، دەس دەنێ ، رامالی دەنێ

ئەمەیە ئاقیبەتی شوومی لەخۆ بایی بوون
چارەنووسی ئەمەیە دژمنی خەڵک و وەتەنێ





نرخی پانزده تومەن